# شەهرستانی داوای بڕینی 192 ملیۆن دۆلاری کوردستان دەکات

**تایبەت بە ڕووداو**

سەرچاوەیەک لە وەزارەتی نەوتی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە حوسێن شەهرستانی نووسراوێکی ئاراستەی وەزارەتی نەوتی عێراق کردووە، تێیدا داوا دەکات 192 ملیۆن دۆلار لە بودجەی هەرێمی کوردستان ببڕدرێ، بەهۆی فرۆشتنی نەوتی زاخۆ. محەممەد قەرەداخی سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانیش دەڵێ ئەوەیان بیستووە بەڵام بەرەسمی ئاگادار نەکراونەتەوە.

هەروەها بەرپرسانی کوردستان دەڵێن ئەو نەوتەی لەکوردستانەوە دەچێت نەوتی ڕەشی بێجییە کەحکومەتی عێراق مەمنونە لە عێراق نەمێنێ.



لاپەڕە3

# خانمانی یەکەم قوربانین یان سەرکردەی پشت پەردەن

**ڕووداو-هەولێر**

ڕۆژی 2008/9/23 ژمارەیەکی زۆر لەخانمانی یەکەمی وڵاتانی جیهان هاوشان لە گەڵ مێردە سەرۆکەکانیان و ژنە سەرۆکەکان بەشداریی کۆبوونەوەی ژمارە 63 ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانیان کرد لە نیویۆرک . ژنانی بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە جارێک لەنێوخۆیاندا و جارێکیش لەسەر داوەتی لۆرا بوشی خانمی یەکەمی ئەمریکا کۆبوونەوەو، لە چۆنیەتی کەمکردنەوەی مردنی 75%ی ژنانیان کۆڵییەوە کە بەهۆی منداڵبوونەوە دەمرن. (ڕووداو) لە ڕاپۆرتێکدا سەرەتای دەرکەوتنی دەستەواژەی خانمی یەکەم لەجیهاندا و ڕۆلیان لەکاروبارەکانی وڵاتەکانیاندا شرۆڤە دەکات.

لاپەڕە 8



# هەولێر دەیەوێ وەک دوبەی لێبێت

**تایبەت بە ڕووداو**

بەرپرسانی کوردستان و هەولێر چاویان بڕیوەتە پێشکەوتنی دوبەی و دەڵێن دەمانەوێ هەولێر بکەینە دوبەی. هەولێر لەم ساڵانەی دواییدا بەتایبەتیش دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و دانانی بوودجەی پەرەپێدان بۆ شارەکان پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوەو لەماوەی ساڵانی 2004- 2007 زیاتر لە 5000پرۆژەی جۆراو جۆر بە 4 ترلیۆن دینار تێدا جێبەجێکراون . پارێزگاری هەولێر دەڵێ ئەگەر پەیوەندی سیاسی لەگەڵ بەغدا سەقامگیربێ و سیاسەتێکی دروست و لامەرکەزی هەبێت بنەماکانی پێشکەوتنی هەولێر لە دوبەی بەهێزترن. ئەوە لەکاتێکدایە کە تێکڕای داهاتی ساڵانەی خێزانێک لە هەولێر 5736 دۆلارە و تێکڕای داهاتی تاکەکەس لە دوبەی 31 هەزار دۆلارە.

لاپەڕە 11




ژمارە (26)

یەک شەممە 2008/9/28

6ی ڕەزبەری 2708

(750) دینار

www.rudaw.net

Rûdaw ڕووداو

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت


## سەرۆکی فراکسیۆنی ئیئتیلاف لە پەرلەمانی عێراق:

# لەسەر جێبەجێنەبوونی ماددەی 140 دەبێ لێپرسینەوە لەگەڵ مام جەلالدا بکرێت نەک مالیکی

**ڕووداو- هەولێر**

سەرۆکی فراکسیۆنی ئیئتیلاف لە پەرلەمانی عێراق ڕەتیکردەوە کە جێبەجێنەبوونی ماددەی 140 لەئەستۆی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران بێت و ڕایگەیاند کە ئەوە دەسەڵاتی سەرۆک کۆمارە ئەو ماددەیە جێبەجێ بکات. جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستانیش ڕایگەیاند کە مالیکی بەرپرسی یەکەمی جێبەجێنەبوونی ماددەکەیە.

هادی عامری سەرۆکی لیستی ئیئتیلافی شیعە، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو)گوتی "ئەگەر بۆ دەستوور بگەڕێینەوە دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆک کۆمار بکرێت کە بەڕێز مام جەلالەو خۆشەویستی ئێمەیە، لەدەسەڵاتی سەرۆک وەزیراندا نییە ماددەی 140 جێبەجێ بکات".

هادی عامری، کە سەرۆکی ڕێکخراوی بەدریشەو یەکێکە لەسەرکردە دیارەکانی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق، کێشەی ئەم دواییەی خانەقینی بەکێشەیەکی دروستکراو لەقەڵەمداو بەشێکی بەرپرسیارێتیەکەشی خستە ئەستۆی کورد و "لێدوانی نابەرپرسانە"، ڕەتیشیکردەوە کە حکومەتی عێراق نیازی چوونە ناو خانەقینی هەبووبێت، چونکە وەک خۆی دەڵێت لەکاتی قەیرانەکەدا سەردانی شارەکەی کردووەو هیچ سوپایەکی نەبینیوە خۆی بۆ چوونە ناو خانەقین ئامادە کردبێت، هەر لەوبارەوە گوتی "حکومەتی عێراق هێندە هێزی زیادی نییە بیبات لەخانەقین دایبنێ".

ناوبراو کە سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریشە لە پەرلەمانی عێراق، بەرپرسیارێتی لەخۆنەگرتنی هێزی پێشمەرگە لەنێو سوپای عێراقدا دەخاتە ئەستۆی بەرپرسانی کورد کە بۆ کاراکردنی یاسای ژمارە 91ی تایبەت بە لەخۆگرتنی هێزە چەکدارەکانی نێو ئۆپۆزسیۆن هاوکارییان نەکردووە.

عامری لەبەشێکی ئەو هەڤپەیڤینەدا باس لەوەدەکات کە کورد لەخۆی بایی بووەو ئامۆژگاری دەکات "واز لەو لەخۆباییبوونە بهێنن". لەبارەی داواکارییەکانی کشانەوەی پێشمەرگەش لە کەرکووک و موسڵ، پێداگری دەکات کە دەبێت هاوپەیمانی کوردستان بەهەمان ئاستی جدیەتی ئیئتیلافەوە کار بۆ دەوڵەتی دامەزراوەیی بکات و چەک بەتەنیا لەدەستی دەوڵەتدا بمێنێتەوە. عامری ئەوەی بە "مەسەلەیەکی بنچینەیی" ناوبردو بەمافی حکومەتی بەغداشی زانی کە کۆنترۆڵی هەموو دەروازە سنوورییەکانی لەدەستدابێت بە دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستانیشەوە.

لەوەڵامی لێدوانەکانی عامریدا د.سەعدی بەرزنجی جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی هاوپەیمانیی کوردستان گوتی "مالیکی بەرپرسیاری یەکەمە لەجێبەجێکردنی ماددەی 140، چونکە لە کارنامەی حکومەتدا کە پێشکێشی پەرلەمانی کردو لەسەر بنەمای ئەو کارنامەیە پەرلەمان متمانەی بەخشییە حکومەتەکەی، لەبڕگە 22ی ئەو کارنامەیەدا هاتووە کە حکومەت بەرپرسە لەجێبەجێکردنی ماددەی 140 لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا، دەستنیشانی هەرسێ قۆناغی جێبەجێکردنەکەشی کردبوو، بۆیە جگە لەمالیکی کەسی دیکە بەرپرسی یەکەم نییە".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (9) بخوێنەوە**

# زڕباوکێک هەوڵی خنکاندنی منداڵێکی دەدات.. ل 13



(فۆتۆ: ڕووداو)

مالیک ئیسماعیل، 8 ساڵ، ئەحمەد ئیسماعیل، 11ساڵ، دوای ئەوەی لەلایەن زڕباوکە سەرخۆشەکەیانەوە ئەشکەنجە دەدرێن و هەوڵی خنکاندنیان دەدات، خۆیان ڕزگار دەکەن و شەو تا بەیانی لە دوکانێکی کەلاوەدا دەمێننەوە و بەیانیەکەی کەسێک دەیانباتە بنکەی پۆلیسی ناحیەی ڕزگاری سەر بە هەولێر

## ڕاوێژکاری پێشووی ئەردۆغان:

# تاڵەبانی و بارزانی سەردانی ئەنقەرە دەکەن

**ڕووداو- هەولێر**

ڕاوێژکارێکی پێشووی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان، ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەردانی هەولێر دەکات، بەڵام ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی گوتی "هیچ زانیارییەکی فەرمیمان لەوبارەوە پێنەگەیشتووە".

محەممەد مەتینەر کە لە ساڵانی 2004 - 2007 ڕاوێژکاری ئەردۆغان بووەو ئێستاش کەسێکی نزیکی نێوەندە سیاسییەکانی تورکیایە،لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) زانیاری دەربارەی وادەی سەردانەکە نەدا، بەڵام پێشبینی کرد ئەو سەردانە ئەنجامبدرێ و سەرۆک وەزیرانی تورکیا لەگەڵ هەریەک لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە هەولێر گفتوگۆ بکات.

ڕاوێژکارەکەی پێشووی ئەردۆغان لەگەڵ ئەوەی پێشنیار دەکات تورکیا کونسوڵخانە لە هەولێر بکاتەوە،ئەوەشی ڕەتکردەوە ئەو گفتوگۆیانە"بۆ چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی PKK "بن، چونکە ئێستا تورکیا مەسەلەی PKK لە حکومەتی هەرێمی کوردستان جیادەکاتەوەو، دوای یەکتر بینینی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت و داود ئۆغلۆی ڕاوێژکاری سیاسی ئەردۆغان، ئەو گفتوگۆیە لەنێوان هەردوولا دەستپێکردووە .هەروەها گوتیشی سەرۆک کۆماری تورکیا و سەرۆک وەزیرانیش لە ئەنقەرە پێشوازیی لە سەرۆک کۆماری عێراق و سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن. هەر لەبارەی ئەو سەردانە پێشبینیکراوەی ئەردۆغانەوە مەحموود محەممەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان گوتی "هیچ زانیارییەکی فەرمیمان نییە لەبارەی ئەو سەردانە". دەربارەی ئەو پەیوەندی و گفتوگۆیەش کە لەنێوان هەردوولا هاتووەتە ئاراوە، گوتی "تەنیا گفتوگۆیەکی ناڕاستەوخۆ هەیە، بەڵام پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و تورکیا وەک پێشوو نین و زۆر هێورتر و باشترە".

سەبارەت بە دژایەتی تورکیاش بۆ جێبەجێکردنی مادەی 140 و گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە ئەردۆغان و بەرپرسانی دیکەی تورک چەندین جار دووپاتیانکردووەتەوە دژی جێبەجێکردنی ئەو مادەیەن و تورکیا داوادەکات دەستوورێکی نوێ بۆ عێراق دابندرێ، محەممەد مەتینەر گوتی"ئەگەر تورکیا دژی گەڕانەوەی کەرکووک بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان، لەناوچەکەدا دەدۆڕێت".

**دەقی هەڤپەیڤینەکە لە لاپەڕە (5) بخوێنەوە**

# سفرەکانی دیناری عێراقی لادەدرێن

**ڕووداو-بەغدا**

بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە بانکی ناوەندیی عێراق گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی دراوی عێراق بگۆڕێت و سێ سفرەکەی لابدات و گوتیشی"بانکی ناوەندی دەسەڵاتی ئەو کارەی هەیە".

د.فازڵ نەبی، بریکاری وەزارەتی دارایی عێراق لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) ئاشکرای کرد کە"ساڵی ڕابردوو وەزارەتی دارایی عێراق پێشنیاری لابردنی سێ سفری پارەی عێراقی و چاپکردنەوەی دراوی نوێی پێشکێشی بانکی ناوەندی کرد، لەپێشنیارەکەی ئێمەدا بەرنامەڕێژی بۆ ئەوە کرابوو دۆلارێک بەرامبەر دینارێکی عێراقی بێت، بەڵام قبوڵیان نەکرد".

هەموو سیاسەتی دراوی عێراقی لەژێر دەسەڵاتی بانکی ناوەندیدایەو کەس بۆی نییە دەست لەکارەکانیاندا وەربدات، بریکاری وەزارەتی داراییش ئاماژە بەوە دەکات کە ئێستا بانکی ناوەندیی عێراق گەیشتووەتە ئەو باوەڕەی کە "سێ سفری پارەی عێراقی لابدات و پارەی نوێ چاپ بکەنەوە، واتە 1000دینار بکاتەوە 1دینار، بەڵام بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی درێژخایەن پێویستە".



# کۆسرەت ڕەسول 5 ملیۆن دۆلار لە مالیکی وەردەگرێت

**تایبەت بەڕووداو**

کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی جێگری یەکەمی سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدوا سەردانیدا بۆ بەغدا لەبارەی کێشەی قەرەتەپە، داوای بڕی 5 ملیۆن دۆلار و مووچەی 150 پاسەوانی لە نوری مالیکی کرد و سەرچاوەیەکیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند پێنج ملیۆنەکەی پێدراوەو"وابزانم بۆ دروستکردنی خانوو بۆ شەهیدان لە سلێمانی داواکرابوو".

بەپێی لێدوانی سەرچاوەیەک بۆ (ڕووداو)، کۆسرەت ڕەسوڵ عەلی کە مانگی ڕابردوو بۆ چارەسەرکردنی تەنگژەی قەرەتەپە سەرۆکایەتی شاندی کوردستانی کرد بۆ بەغدا، داوای لە نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق کردبوو، بۆ دروستکردنی خانووێک لەهەولێر یارمەتی بدات و 150 پاسەوانیشی بۆ دابمەزرێنێت و، چەند ڕۆژێک دوای سەردانەکە بڕی 5ملیۆن دۆلار لە بەغداوە حەواڵەی بانکی هەرێم کراوە.

(ڕووداو) لەوبارەوە پەیوەندی بە ئەدهەم کەریم دەروێش بەڕێوەبەری بانکی هەرێمەوە کرد، بەڵام بێئاگایی خۆی لەگەیشتنی ئەو بڕە پارەیە ڕاگەیاند، هەروەها سەرۆکی دیوانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و بەرپرسی ڕاگەیاندنی نووسینگەی تایبەتی کۆسرەت ڕەسوڵ بێئاگایی خۆیان لەوە ڕاگەیاند.

بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لەبەغداوە کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێت، گوتی "پێنج ملیۆنەکە ڕاستە "، هەروەها گوتیشی "ئەوەش بەئاشکرا بووەو نووسراوەکە چووەتە وەزارەتی دارایی".ئەو سەرچاوەیە هەروەها گوتیشی "پارەکە وابزانم بۆ دروستکردنی خانووە بۆ شەهیدان لەسلێمانی". دەربارەی دامەزراندنی پاسەوانەکانیش گوتی "ئەوەندەی ئاگادارم ئەوە هێشتا تەواو نەبووە".





## ژنی 27 زیندانی حوکمدراو

# مێردەکانیان ناچار دەکەن تەڵاقیان بدەن

**ڕووداو-هەولێر**

کامەران ڕەحمان، 33 ساڵ، حوکمی 25 ساڵ زیندانیکردنی بەسەردا سەپێندراوە، خێزانەکەی کامەران دوای 10 ساڵ چاوەڕوانیکردن داوای تەڵاقی لێکرد و ئەویش بەناچاری ڕازیبوو، کامەران گوتی "ئێستاش دڵم لەلایەتی و شەو نییە خەونی پێوە نەبینم".

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە، 333 زیندانی حوکمدراو لەبەندیخانەی چاکسازی گەورەی هەولێر (محەتە) هەن، کە 113 لەو زیندانیانە خێزاندارن و 17 کەسیان ژنەکانیان تەڵاقداوەو 10 کەسیش ژنەکانیان داوای تەڵاقیان لێدەکەن. بەڵام هەندێک لەزیندانییەکان ئامادەنین ژنەکانیان تەڵاق بدەن.

کامەران، کە بە 25 ساڵ حوکمدراوەو 14 ساڵە لە زیندانی محەتەدایە، ئاگاداری تەواوی ڕەوشی ناو زیندانە، بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند کە زیاتر لە 40 کەس لەزیندان بەناچاری ژنەکانیان تەڵاقداوەو زیاتر لە 25%ی زیندانەکان ژنەکانیان داوای تەڵاقیان لێدەکەن.

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح، توێژەری کۆمەڵایەتی، وێڕای ئەوەی دەستخۆشی لەو ژنانە دەکات کە داوای جیابوونەوە لەمێردە حوکمدراوەکانیان دەکەن گوتیشی "ژنێک چ مەجبورە مێردەکەی کەسێک بکوژێت و چەندین ساڵ حکوم بدرێت و چاوەڕوانی بکات، ئەی ئەو پیاوە چ مافێکی هەیە کە ژنەکەی 20 ساڵ ڕابگرێت".

بەپێی یاسا، هەر ژنێک دوای 3 ساڵ مێردەکەی لە زیندان بمێنێتەوە و حوکمەکەی لەوە درێژتربێ، دەتوانێ داوای تەلاق لە مێردەکەی بکات و ئەگەر مێردەکەشی ڕازینەبێ، دادگا دەتوانێ بڕیاری جیابوونەوەیان بدات بەبێ ڕەزامەندی مێردەکەی. بەڵام پارێزەر ژیان گەردی گوتی "ئەگەر ماوەی حوکمەکە لەسێ ساڵ کەمتر بوو، ژنەکە ناتوانێت بەهۆکاری زیندان داوای تەڵاق بکات مەگەر پاساوی دیکەی هەبێت".

تا ئێستا شوێنێکی تایبەت لەزینداندا نییە، بۆ ئەو حوکمدراوانەی خێزاندارن، تاوەکو ئەرکی هاوسەرێتی تێدا بەجێ بگەیێنن. دێدەوان محەممەد سۆفی، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورەی هەولێر ڕایگەیاند ئێستا لەتوانایاندا نییە ژووری تایبەت بەخێزان بکەنەوە، بەڵام دەڵێت "پرۆژەیەکمان هەیە بۆ دروستکردنی زیندانێکی گەورە، لەو پرۆژەیەدا شوێنی تایبەت بۆ ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە خێزاندارن".

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (13) بخوێنەوە**

## هەواڵ

### دوو قوتابی کچ لە کارێزێکدا دەخنکێن



رزگار کۆچەر-گوندی مورتکە

◆ رۆژی 2008/8/27 دوو کچە قوتابی بەناوەکانی ڕەیان سالار، پۆلی چواری بنەڕەتی، ژاکاو سەرحەد، پۆلی سێی بنەڕەتی، کە ئامۆزای یەکترن لەکاتی گەڕانەوەیان لەقوتابخانە بۆ ماڵەوە کەوتنە ناو کارێزی گوندی مورتکە و لەئەنجامدا گیانیان لەدەستدا. دوای تێپەڕبوونی یەک کاژێرو نیو بەسەر ڕووداوەکەدا تەرمەکانیان لەلایەن هاووڵاتییەکی گوندەکە لەنێو ئاوەکە دەرهێنران.

## داهاتی نەوت بەرێژەی 65% زیادی کردووە

# بودجەی ساڵی داهاتووی عێراق 79 ملیار دۆلارە

**ڕووداو- بەغدا**

رۆژی 2008/9/21 ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە کۆبوونەوەیەکدا گفتوگۆی لەبارەی بودجەی پێشنیازکراوی ساڵی 2009ی عێراق کرد کە دەگاتە 94 تریلیۆن دینار (78.8 ملیار دۆلار) ئەم بودجەیەش بە بەراورد بە بودجەی ئەمساڵ بەرێژەی 58% زیادی کردووە.

عەلی دەبـاغ گوتەبێژی حکومەتی عێراق لەبەیاننامەیەکدا لەوبارەوە رایگەیاند کە داهاتی نەوت بەرێژەی 65% زیادی کردووە کە ئەمەش دەکاتە رێژەی 93.6%ی کۆی داهاتەکانی خەزێنەی عێراق بۆ ساڵی داهاتوو.

لەو بەیاننامەیەدا کە بودجەی ساڵی نوێ بەوردی دەخاتەڕوو، راگەیێندراوە کە بودجەی تەشغیلی 72 تریلیۆن دیناری ئەو بودجەیە (نزیکەی 60 ملیار دۆلار) پێکدێنێ کە بە بەراورد بەساڵی رابردوو 63.6% زیادی کردووە، هەروەها بڕی 22 تریلیۆن دینار (18،6 ملیار دۆلار) بۆ بودجەی وەبەرهێنان تەرخانکراوە کە ئەویش بە بەراورد بەساڵی رابردوو 42.6% زیادی کردووە.

هەر لەو بودجە پێشنیازکراوەدا کۆی یارمەتی و دەستگیرۆیی و سوودە کۆمەڵایەتییەکانی کە حکومەت پێشکێشی دەکات بە 14،8 تریلیۆن دینار (نزیکەی 12 ملیار دۆلار) خەمڵێنراوە کە کۆبوونی خۆراک و پشتگیریی دارایی لە کۆمپانیا حکومییەکان و پەرەپێدانی کشتوکاڵ و تۆڕی پاراستنی خێزان و دابینکردنی سووتەمەنی و شتی دیکە لەخۆدەگرێ، لەم پارەیەش بڕی 5،3 ملیار دۆلار بەتەنیا بۆ کۆبوونی خۆراک تەرخانکراوە، هەروەها بڕی 6 تریلیۆن دیناری دیکە (نزیکەی 5 ملیار دۆلار) بۆ پرۆگرامی پەرەپێدانی هەرێم و پارێزگاکان تەرخانکراوە.

بەیاننامەکە ئەوەشی روونکردووەتەوە کە ئەم بودجەیە لەسەر بنەمای 80 دۆلار بۆ یەک بەرمیل نەوت و ناردنەدەرەوەی بڕی دوو ملیۆن بەرمیل نەوت لەرۆژێکدا دانراوە.

# داوا لە نەوشیروان مستەفا نەکراوە بگەڕێتەوە ناو یەکێتی

**ڕووداو-سلێمانی**

نووسینگەی تایبەتی نەوشیروان مستەفا هەمووی ئەو دەنگۆیانەی رەتکردەوە کە داوا لەنەوشیروان مستەفا کرابێت لەدوای گەڕانەوەی مام جەلال بگەڕێتەوە ناو یەکێتی.

هەفتەی رابردوو لەسێ وتاردا نەوشیروان مستەفا، ناکۆکی نێوان خۆیان وەک گرووپێکی رەخنەیی و ئەو کەسانەی بڵاوکردەوە کە داکۆکی لەدەسەڵات دەکەن و پاش بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەش زانیاری ئەوە بڵاوبووەوە کە لەلایەن مام جەلالەوە داوای گەڕانەوە لە نەوشیروان مستەفا کرابێ بۆ ناو یەکێتی و لەپاش گەڕانەوەشی بۆ عێراق لە سلێمانی بچێتە لای نەوشیروان و ئەم داوایەی لێبکات.

نووسینگەی تایبەتی نەوشیروان مستەفا، ئەوەی بە ناراست ناوبرد و بە (ڕووداو)ی راگەیاند "تائێستا هیچ داوایەک ئاراستەی کاک نەوشیروان نەکراوە بۆ گەڕانەوە بۆ ناویەکێتی و ئەو قسانەش کە دەکرێن دوورن لەراستییەوە".



# ئەندامێکی مەسیحی هەڕەشەی کشانەوە لە هاوپەیمانیی کوردستان دەکات

**ڕووداو- بەغدا**

ئەبلەحەدئەفرام ساوائەندامی مەسیحی نێو هاوپەیمانیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق، کوتلەکەی خۆی بەوە تۆمەتبار کرد کە لەیاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا مافی کەمینەکانی پشتگوێ خستووە، هەڕەشەشی کرد کە ئەگەر ئەو کێشەیە چارەسەر نەکرێت لە هاوپەیمانی کوردستان دەکشێتەوە.

رۆژی چوارشەممەی رابردوو پەرلەمانی عێراق بەزۆرینەی دەنگ یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی پەسەندکردو ئەو ماددەیەشی هەڵوەشاندەوە کە تایبەت بوو بەدیاریکردنی پشکێکی کورسییەکانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بۆ کەمینە ئاینی و نەتەوەییەکان.

ئەبلەحەد ئەفرام ساوا لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) کوتلەی هاوپەیمانیی کوردستانی بەوە تۆمەتبار کرد کە بەدەنگدان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیە مافی مەسیحییەکانی پێشێل کردووە، گوتیشی "ئەوەم لە هاوپەیمانی کوردستان چاوەڕوان نەدەکرد کە پێش دانیشتنەکە گوتیان پشتیوانی لەمافی مەسیحییەکان دەکەین و کەچی پێچەوانەکەی روویدا".

ئەگەرچی هەندێ لە رۆژنامەکان رایانگەیاندبوو کە ئەو ئەندامە مەسیحییە پاش دەنگدانەکە کشانەوەی خۆی لەهاوپەیمانیی کوردستان راگەیاندووە، بەڵام لەو لێدوانەدا بۆ (ڕووداو) رایگەیاند کە تائێستا بڕیاری نەداوەو هیچ یاداشتێکی فەرمی پێشکەش نەکردووە. گوتیشی "ئەگەر وا بڕوات هیچ پاساوێک بۆ مانەوەم لەنێو هاوپەیمانی کوردستاندا نامێنێ".

هەر لەوبارەوە د.فوئاد مەعسوم سەرۆکی کوتلەی هاوپەیمانیی کوردستان بە (ڕووداو)ی راگەیاند کە لەگەڵ ستیڤان دیمستۆرا نێردراوی تایبەتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عێراق قسەیان لەسەر ئەو کێشەیە کردووەو گوتی "دیمستۆرا پاش جەژن یاداشتێک پێشکەش بە پەرلەمانی عێراق دەکات، ئێمەش وەک هاوپەیمانی کوردستان پشتگیریی دەکەین بۆ ئەوەی ببێتە بڕگەیەکی یاسایی سەربەخۆ" هەروەها رایگەیاند کە دەنگدانی ئەندامانی هاوپەیمانیی کوردستان بۆ هەڵوەشاندنەوەی ماددەکە بەهۆی هەڵە تێگەیشتنی ئەندامان بووەو گوتیشی "ئەگەر دیمستۆراش پێشکێشی نەکات خۆمان بڕیارمانداوە وەک هاوپەیمانی کوردستانی یاداشتێک بدەینە پەرلەمان کە ئەو بڕگەیە زیادبکرێت".



## بەهۆی تووشبوونیان بە ئەنفلۆنزای باڵندە

# 59 هەزار مریشک لەناودەبرێن



**ڕووداو- دهۆک**

بەڕێوەبەری ڤێترینەری دهۆک رایگەیاند لەماوەی هەفتەی رابردوودا لەسنووری پارێزگای دهۆک 59 هەزار مریشکیان بەهۆی تووشبوون بە ئەنفلۆنزای باڵندە لەناو بردووە.

دکتۆر لوقمان تەیب، بەڕێوەبەری ڤێترینەری دهۆک بە (ڕووداو)ی راگەیاند "دوو هۆڵی بەخێوکردنی مریشک لەناوچەکانی سێمێل و دهۆک مریشکەکانیان تووشی نەخۆشی ئەنفلۆنزای باڵندە بوون و هەموویان لەناوبراون کە 59 هەزار مریشک بوون".

لەپارێزگای دهۆکدا 86 پرۆژەی بەخێوکردنی مریشک هەیە کە ساڵانە نزیکەی 7 ملیۆن تەن گۆشتی مریشک بەرهەمدەهێنن.

لەبارەی جۆری ڤایرۆسی ئەنفلۆنزاکەوە، بەڕێوەبەری ڤێترینەری دهۆک گوتی "لەجۆری H9 یەو مەترسییەکی ئەوتۆی نییە بۆسەر مرۆڤ"، هەروەها گوتیشی "ئەو مریشکانەش کەتووشبوون لە هەولێرو موسڵەوە بەشێوەی نایاسایی هێنرابوونە ناوچەی سێمێل و دهۆک و ئێستاش تارادەیەکی باش نەخۆشییەکەمان کۆنترۆڵ کردووە".

# داوای لەسەر کار لادانی وەزیری کارەبای عێراق دەکرێت

**ڕووداو- نیوزماتیک**

بەرپرسانی عێراق فشارێکی زۆریان خستووەتە سەر نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق تاوەکو وەحید کەریم، وەزیری کارەبا لەسەر کار لابدات، چونکە تا ئێستا نەیتوانیوە کێشەی کارەبا چارەسەر بکات.

ئیمان ئەسەدی، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق سەر بەلیستی ئیئتیلاف ئاشکرای کرد کە چەند بەرپرسێکی عێراقی داوایان لەمالیکی کردووە وەزیری کارەبا لەسەر کار لاببات بەر لەوەی ئەنجومەنی نوێنەران ئەو کارە بکات "چونکە 2 ساڵە نەیتوانیوە کێشەی کارەبا چارەسەر بکات".

ئەسەدی، لەسەر کار لابردنی وەزیری کارەبا بەکارێکی پێویست دەزانێ و گوتی "کێشەی بێ کارەبایی سەرجەم پارێزگاکانی گرتووەتەوە و لەهەندێکیاندا رۆژانە 20 کاژێر کارەبا نییە".

عێراق لەساڵی 2003وە گرفتی کەمیی کارەبای هەیە کە لەم کاتەدا پێویستی بە 9 هەزار مێگاوات کارەبا هەیە. هەرچەندە بەرپرسانی وەزارەت لەماوەی رابردوودا ئاماژەیان بەوەدا کە وەزارەتی کارەبا لەبەرهەمهێنانی کارەبا گەیشتووەتەوە ئاستی پێش رووخانی بەعس، بەڵام لەزۆربەی شارو شارۆچکەکانی عێراق بڕێکی کەم کارەبایان بۆ دەچێت.

زەینەب کنانی، ئەندامی لیژنەی کارو خزمەتگوزاری لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق رایگەیاند "کە کارەبای عێراق بەرێژەیەکی بەرچاو کەمبووەتەوە بۆ 5 هەزار مێگاوات، لەکاتێکدا هەڵێکی زۆر لەبەردەم وەزیری کارەبایە بۆ ئەوەی بارودۆخی کارەبا چاک بکات، ئەگەر نا ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر کاری لادەدات". هەروەها گوتیشی "ماوەی دوو ساڵە بودجەیەکی زۆر بۆ چاککردنی بواری کارەبا تەرخاندەکرێ، بەڵام دەبینین وەزیری کارەبا هەر داوای پارە دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ باری کارەبا بەرەو باشی بچێت".

وەک کنانی باسیکرد پاساوی وەزیری کارەبا بۆ باشنەبوونی بارودۆخی کارەبا لەعێراق، رەوشی ئەمنی و کەمی سووتەمەنییە بۆ وێستگەکانی کارەبا، بەڵام زەینەب گوتی "ئێستا رەوشی ئەمنی باش بووەو سووتەمەنیش لەدەرەوە بۆ وێستگەکانی کارەبا دێت، ئەی بۆچی کارەبا نییە؟".

ئێستا ناڕەزاییەکی زۆر لەنێو گەلی عێراقدایە بەهۆی پچڕانی تەزووی کارەبا، لەماوەی رابردوودا بەشێک لەدانیشتووانی شاری بەسرە بەهۆی نەبوونی کارەبا خۆپیشاندانێکیان سازداو داوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری کارەبایان کرد، هەروەها لەگۆڕەپانی فیردەوسی شاری بەغدا بەسەدان فەرمانبەری وەزارەتی کارەبا خۆپیشاندانیان کردو داوایانکرد وەزیری کارەبا دەست لەکاربکێشێتەوە.

جگە لە کەمی کارەبا، وەزارەتی ناوبراو تۆمەتبار دەکرێت بەدیار نەمانی 125 ملیۆن دۆلار لەکۆی ئەو هاوکارییانەی کە ئەمریکا پێشکەشی وەزارەتی کردووە.

یونادم کەنا، ئەندامی لیژنەی ئابووری لەئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، رایگەیاند "لەکۆی ئەو 600 ملیۆن دۆلارەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک یارمەتی و کۆمەک پێشکەشی وەزارەتی کارەبای عێراقی کردووە بۆ چاککردنی باری کارەبا، 125 ملیۆن دۆلار بەفیڕۆ دراوە".




خۆپیشاندانێکی کارمەندانی وەزارەتی کارەبا دژی وەزیری کارەبا (فۆتۆ:AFP)

## بەپێی راپرسییەکی رێکخراوی ASK

# 84%ی خەڵکی کوردستان سیستەمی دادوەری بەسەربەخۆ نازانن

**ڕووداو- هەولێر**

بەپێی راپرسییەکی رێکخراوی ASK دەربارەی سیستمی دادوەری لە کوردستان، 84.7%ی بەشداربووانی راپرسییەکە سیستەمی دادوەری بەسەربەخۆ نازانن و 86.2%ش پێیانوایە ئەنجوومەنی دادوەری هیچ کاریگەریەکی نەبووە بۆ دوورخستنەوەی دادگاکان لەدەستتێوەردان.

هەر بەپێی ئەنجامی راپرسییەکە 61.1% بەشداربووان لەکارەکانی ئەنجوومەنی دادوەری لەرووی کارگێری و دادوەرییەوە رازی نین و، 61.2% هۆکاری دواکەوتن و کەڵەکەبوونی کێشەو داواکان لەدادگا بۆ کەمتەرخەمی کاری دادگاو، 19.4% بۆ کەمی ژمارەی دادوەرەکانی دادگای تەمییز و 19.4%یش بۆ نەبوونی کادری پێویست و ئامێری پێویست دەگەڕێننەوە.

کۆمەڵەی ئەمەریکی بۆ کورد ASK رێکخراوێکی ناحکومییە و بارەگاکەی لەشاری هەولێرە، لەماوەی 9 مانگی رابردوودا پرۆژەیەکیان بۆ بەدواداچوونی کاروبارەکانی دەسەڵاتی دادوەری لەدادگاکانی شاری هەولێر ئەنجامداوە، کە بۆ سێ قۆناخ دابەش کراوە، هەر قۆناخێکیش 3 مانگی خایاندووە، بەدواداچوونەکانیش بۆ کاروباری دادگای تاوان، دادگای تەمیزو تانوولێگرتن کراوە.

هەر لەو بەدواداچوونەدا 150 فۆرمی راپرسی دابەشکراوەو 144 فۆرم گەڕێنراوەتەوە فۆرمەکانیش 11 پرسیاریان لەخۆگرتووەو بەسەر دادوەر، ئەندامانی داواکاری گشتی، پارێزەر، فەرمانبەرو کارمەندانی دەسەڵاتی دادوەری دابەشکراوە. ئەیاد خالید سدیق، یاریدەدەری پرۆگرامەکان لەرێکخراوی ASK لەبارەی ئامانجی پرۆژەکە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "ئامانج لەم پرۆژەیە بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەرییە لەکوردستان و بەرەو سەربەخۆیی بردنیەتی".

## لەسەر فرۆشتنی سیدی رووت و دەستبردن بۆ ژنان و سواڵکردن

# 120 کەس لەسلێمانی دەستگیر دەکرێن

**ڕووداو-سلێمانی**

لەسەر فرۆشتنی سیدی رووت و دەستبردن بۆ ژنان و سواڵکردن پۆلیسی سلێمانی 120 کەسی دەستگیر کرد.

عەقید هوشیارئەحمەد، بەرێوەبەری بەشی فریاکەوتنی پۆلیسی سلێمانی بە (ڕووداو) راگەیاند "پۆلیس تا ئێستا 120 کەسی لەسەر فرۆشتنی سیدی رووت و دەستبردن بۆ ژنان و سواڵکردن دەستگیر کردووە" روونیشیکردەوە، کە 20 لەوانە لەسەر دەستبردن بۆ ژنان و 12 یان لەسەر فرۆشتنی سیدی رووت و ئەوانی دیکەش لەسەر سواڵکردن دەستگیرکراون.

عەقید هۆشیار گوتیشی "70 پۆلیسمان بەجلی مەدەنی لەناو بازاڕو شوێنە گشتییەکان دابەشکردووە بۆ دەستگیر کردنی ئەو جۆرە کەسانە".

لیوا رزگار ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی سلێمانی وێڕای پشت راستکردنەوەی هەواڵەکە بە (ڕووداو)ی راگەیاند "ئەو کەسانە دوای دەستگیرکردنیان لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا دەکرێ و ئەگەر پێویست کرا رەوانەی دادگا دەکرێن، هەندێکیشیان بەکەفالەت ئازاد دەکرێن".

ساڵانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی بۆنە و جەژنەکان لەسلێمانی دیاردەی دەست بۆ بردن و کاری نایاسایی روو لەزیادبوون دەکات و چەندین کەس بەو هۆیەوە دەستگیر دەکرێن.

## (ڕووداو) هەفتەی داهاتوو دەرناچێ

بەبۆنەی جەژنی رەمەزانەوە، پیرۆزبایی لە موسڵمانان دەکەین و بە خوێنەرانمان رادەگەیێنین، (ڕووداو) هەفتەی داهاتوو بەهۆی پشووی جەژنەوە دەرناچێ.

ڕووداو

# راپۆرت



هوشیار زێباری :
کورد نابێ داوای سنووڕێکی دیاریکراو بکات

رووداو- الشرق الاوسط

◆ هۆشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق ڕایگەیاند کورد نابێ خۆی بکاتە دیلی چیاو داوای سنووڕێکی دیاریکراو بۆ هەرێمی کوردستان بکات، بەڵکو داواو خواستەکانی خۆی بۆ ئاستی هەموو عێراق بەرزبکاتەوە. زێباری لە دانیشتنێکیدا لەگەڵ نووسەری عەرەب مەئموون فندی ئەو قسانەی ئەوەشی بۆ گێڕایەوە کاتێک یەکەمجار دوای ڕووخانی ڕژێم وەک وەزیری دەرەوەی عێراق لەگەڵ کۆڵن پاوڵی وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا بە "هاوتا"ی خۆی ناوی بردووە، شاندی عێراقی پێکەنینیان هاتووە.

## کوردستان دەڵێت نەوتی ڕەشە، شەهرستانییش دەڵێت نەوتی خاوە

# وەزیری نەوت داوای بڕینی 192 ملیۆن دۆلار لەبودجەی کوردستان دەکات

**عەلی حەمەساڵح**
**رووداو- هەولێر**

بەبیانوی فرۆشتنی نەوتی خاو لەلایەن حکومەتی کوردستانەوە، لەسەر داوای وەزارەتی نەوتی عێراق، وەزارەتی دارایی عێراق بڕیاریداوە بڕی 192 ملیۆن دۆلار لەبودجەی گشتیی کوردستان ببڕێت، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانیش ڕایگەیاند "ئەو ژمارەیە زیادەڕەوی تێدا کراوە" و گوتیشی "ئەو نەوتەی لەڕێگەی سنوورەکانی کوردستانەوە دەچێتە دەرەوە نەوتی ڕەشی بێجییە و کوردستان نەوتی خاوی نەفرۆشتووە".

د.عەبدولهادی حەسانی، جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەوە تۆمەتبار دەکات کە بەشێوەی قاچاخ نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات و بەرمیلی بەکەمتر لە 50 دۆلار دەفرۆشێت، بەڵام بەرپرسانی حکومەتی کوردستان ئەو تۆمەتانە ڕەتدەکەنەوە.

لەماوەی رابردوودا چەند جارێک لەکەناڵە راگەیاندنەکاندا وا بڵاو کرایەوە کە حکومەتی کوردستان بەقاچاخ نەوت دەباتە دەرەوەو سەرۆکی حکومەتی کوردستانیش وێڕای ئەوەی ئەم هەواڵانەی بە "ناڕاست" ناوبرد ئاماژەی بەوەشدا کە ئەو نەوتەی ئێستا لەکوردستانەوە دەبرێتە دەرەوە تەنها نەوتی ڕەشی بێجییە.

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی کوردستان، ڕۆژی 2008/6/29 لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەڤانیدا ئەوەی خستەڕوو کە ئەو نەوتە ڕەشەی بێجی لەروانگەی ژینگەییەوە ترسناکە و لەخودی بازاڕی عێراقیشدا ڕێگە بەفرۆشتنی نادرێت و، ئەوانەی لە ڕێگەی کوردستانیشەوە دەیبەنە دەرەوە لەحکومەتی ناوەندییەوە نووسراویان بۆ کراوە و ڕێگەیان پێدراوە.

عەبدولموعتەسەم، جێگری وەزیری نەوت بۆ دابەشکردنی بەرهەم، لە هەڤپەیڤینێکیدا بە (رووداو)ی ڕاگەیاند کە وەزارەتەکەیان زۆر سوپاسگوزاری ئەو کەسانەیە کە ئەو نەوتە ڕەشە لەعێراق دەبەنە دەرەوەو دەیفرۆشن و ئامادەن هەموو ئاسانکارییەکیش بۆ ئەو کەسانە بکەن.

وەزارەتی دارایی عێراق بڕیاریداوە بڕی 192 ملیۆن دۆلار لە بودجەی کوردستان ببڕیت، لەبەر ئەوەی وەزارەتی نەوتی عێراق دەڵێ حکومەتی کوردستان نەوتی بیرە نەوتە تازە دۆزراوەکانی فرۆشتووە.

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەوەزارەتی نەوتی عێراقی ئەوەی بۆ (رووداو) ئاشکرا کرد و گوتی "وەزارەتی نەوت بەواژۆی حوسێن شەهرستانی وەزیری نەوتی عێراق، نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق ناردووە، تێیدا داوا دەکات 192 ملیۆن دۆلار لە بودجەی گشتی کوردستان ببڕن و ئەمەش ئاراستەی وەزارەتی دارایی کراوەو وەزارەتی داراییش یان ئەم پارەیە دەبڕێت، یاخود کوردستان دەبێت 192 ملیۆن دۆلار بداتە وەزارەتی دارایی عێراق".

بەپێی وتەی ئەو سەرچاوەیە، وەزارەتی نەوتی عێراق، بۆ دیاریکردنی ئەم بڕە پارەیە، پشتی بەماڵپەری کۆمپانیای DNO ی نەرویجی بەستووە کە لەکێڵگە نەوتییەکانی زاخۆدا کار دەکات "کۆمپانیای نەوتی DNO ی نەرویجی گوتوویەتی تائێستا بایی 192 ملیۆن دۆلار نەوتی خاوی فرۆشتووە".

محەممەدقەرەداخی، سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستانیش گوتی ئەوانیش ئەو زانیاریانەیان بیستووە، بەڵام بەنووسراوی فەرمی هیچیان بەدەست نەگەیشتووەو گوتی "ئەوان تائێستا بەنووسراوی فەرمی ئەم زانیاریانەیان پێنەداوین، ئەو بڕەی پارەیەی کە دیاریشیان کردووە، زیادەڕەوی تێدایە".

سکرتێری ئەنجوومەنی وەزیران ئەوە ڕەتناکاتەوە کە کورد نەوت دەفرۆشێت "هەموو داهاتەکانی کوردستانمان ناردووەتە بەغدا، لەچوارچێوەی ئەوەشدا نەوت، بڕێکی کەمی لێ بەرهەم دێت و ئەویش لەناوخۆدا بەکاردێت، دەفرۆشرێتە ئەو کۆمپانیایانەی شەقامەکان قیر دەکەن، هیچ هەناردەیەکمان نییە بۆ دەرەوەو بەغداش ئەمە باش دەزانێت".

بۆ بەدواداچوونی ئەو زانیارییانەی کە لەبارەی فرۆشتنی نەوتی قاچاخ لەکوردستاندا دەگوترا، کۆتایی مانگی تەممووزی ئەمساڵ لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق بۆ لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی سەردانی کوردستانیان کرد.

عەلی حەسەن بەلۆ، سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز لەپەرلەمانی عێراق بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "جگە لە د.عەبدولهادی حەسانی، جێگری سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز تەواوی ئەندامانی لیژنەکە هاتینە کوردستان و ڕاپۆرتێکی تێروتەسەلمان ئامادەکرد، د.عەبدولهادی حەسانی خۆی واژۆی لەسەر ڕاپۆرتەکە کرد، ئەو پروپاگەندانەی دەیکرد کە نەوت بەشێوەی قاچاخ دەنێردرێتە دەرەوە هیچی ڕاست نەبوو".

سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز، لەپەرلەمانی عێراق ئاماژەی بەوەدا کە نەوت بەو ڕێژە زۆرە بەرهەم ناهێنرێت تاوەکو بفرۆشرێتە دەرەوە، ئەوەشی کە بەرهەمدێت بڕێکی زۆر کەمەو هی ئەو بیرانەیە کە ئەزموونین "چونکە کاتێک بیرەکە تەواو دەبێت بڕێکی کەم نەوت دەردەکەوێت".

بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی کە لیژنەی نەوت و غازی پەرلەمانی عێراقی ئامادەیان کردووە، ئەو بڕە کەمەی نەوت کە لەسەرەتای کاری دەرهێنانی نەوت لەزاخۆدا دەردەهێنرێت، پێشووتر بەهەمان ئەندازە نەوت لەبیرە نەوتەکانی عێراقدا دەرهێنراوە، بەڵام ئەو بڕە کەمەی نەوت دەسووتێنرا، لەکوردستاندا لە بری ئەوەی بسووتێنرێت پاڵاوگەی بچووک هێنراوە بۆ ئەوەی لەناوخۆدا سوودی لێوەربگیرێت.

لەهەمان ڕاپۆرتدا ئاماژە بەو تانکەرانە کراوە کە لەسنوورەکانی کوردستانەوە نەوت دەبەنە دەرەوە، عەلی حەسەن بەلۆ دەڵێ "ئەو نەوتەی لەسنوری کوردستانەوە دەنێردرێتە دەرەوە 100% نەوتی ڕەشی بێجییە، چونکە ئێستا بێجی ڕۆژانە 240 هەزار بەرمیل نەوت دەپاڵێوێت و 120 هەزار بەرمیلی دەبێتە نەوتی ڕەش".

سەرۆکی لیژنەی نەوت و غاز ئاماژەی بەوەشدا کە "ئەو نەوتە ڕەشە لەنێو عێراقدا نافرۆشرێت، دەچێتە دەرەوەی عێراق لەڕێگای بەڵێندەرانەوە دەفرۆشرێت و لەژێر چاودێری حکومەتی ناوەندیدایە".



## بەهۆی ساختەکردنەوە

# کاری 9 کۆمپانیا رادەگیرێت

**رووداو-هەولێر**

بەهۆی بوونی بەڵگەنامەی ساختە لە دۆسیەکانیاندا بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆماری کۆمپانیاکان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموارکردن و وەستاندنی کاری 9 کۆمپانیا دەدات.

دوای ئەوەی پارێزەرێک بەناوی (س.ش.ر) زیاتر لە 36 پشتگیری تەزویر کراوی بانکی فیدراڵ بۆ هەموارکردن و تۆمارکردنی کۆمپانیاکان دەکات، دوای ئاشکرا بوونی کارەکە، بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان بڕیاری هەموارکردن و وەستاندنی کاری 9 کۆمپانیا دەدات و تا ئێستاش بەردەوامە لە لێکۆڵینەوە لەو کارە تەزویر کراوە و بەپێی قسەی سەرچاوەیەکیش ڕەنگە کۆمپانیای دیکەش هەبن ئەو پشتگیرییە تەزویرکراوەیان هێنابێ.

عەلی ئەحمەد گردەسۆری، ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای پارێزەرانی کوردستان لە لێدوانێکیدا بۆ (رووداو) پشتڕاستیکردەوە کە پارێزەرێکی سەندیکاکەیان زیاتر لە 36 پشتگیری بانکی تەزویر کردووە بۆ کۆمپانیاکان و گوتی "ئەو پارێزەرە کارەکەی بەهەماهەنگی لەگەڵ فەرمانبەرێکی بانکی فیدراڵ ئەنجامداوە".

بەپێی ڕێنمایی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان، هەر کۆمپانیایەک داوای هەموارکردنی پلەی کۆمپانیاکەی بکات، دەبێت پشتگیرییەکی بانکی بهێنێت کە سەرمایەی کۆمپانیاکە لە 200 ملیۆن دینار کەمتر نییە.

یەکێک لەو پشتگیرییە ساختەکارییانەی بانکی فیدراڵ کە ژمارە 426ی لەسەرەو لەرۆژی 2008/8/19 دەرچووەو ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کراوەو دانەیەکی دەست (رووداو) کەوتووە، تێیدا هاتووە "پشتگیری دەکەین کە کۆمپانیای (بەها) بۆ بەڵێندەرایەتی گشتی سنووردار سەرمایەی 600 ملیۆن دینارە لەحیسابی ژمارە 2994 وەک سەرمایەی کۆمپانیا و هێمای مامەڵە نەکردن دانراوە لەسەر حیسابەکەی تا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتییەکەتانەوە ئاگادار دەکرێینەوە".

عەلی ئەحمەدگردەسۆری ڕایگەیاند "ئەوپارێزەرە پشتگیری کۆمپانیاکانی کردووە کە گوایە سەرمایەکەیان لە 200 ملیۆن دینار زیاترە، تاوەکو پلەکانیان بەرز بکەنەوە، بەڵام هیچ بڕە پارەیەکیان لەبانک دانەناوە، سەرجەم پشتگیرییەکانیش تەزویرن".

هەر دوای ئاشکرا بوونی ساختەکارییەکە، بەپێی ئەو بەڵگەنامانەی دەست (رووداو) کەوتوون، بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان، 9 کۆمپانیای سزا داوە ئەویش بەراگرتنی کارەکانیان و هەموارنەکردنی پلەکانیان.

بەپێی نووسراوی ژمارە 6684 ی بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان کە لە رۆژی 2008/8/24 دەرچووە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی هەموارکردنی وەستاندنی کاری 7 کۆمپانیا دراوە کە بریتین لەکۆمپانیای (ئاوەر، هەنار، حەیات، سریستان، خۆشناو، بەها، تۆبزاوە).

هەروەها بە ئاماژەدان بەنووسراوی (754)ی بانکی فیدراڵ کە لەرۆژی 2008/8/24 دەرچووە، بەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕوانامەی هەردوو کۆمپانیای (بێرەو و گەویلان)ی دەرکردوە، ئەویش بەهۆی "هێنانی پشتگیری تەزویری بانک وەک بەڵگەنامەی تۆمار کردنی کۆمپانیاکان".

سەبارەت بەلێپرسینەوە لەگەڵ ئەو پارێزەرە، عەلی ئەحمەد گردەسۆری گوتی "ئێمە وەکو سەندیکا لیژنەی لەسەر پێکدەهێنین، ئەگەر تۆمەتەکەی بەسەردا ساخ بوویەوە، ئەوا ئیجرائاتی خۆمانی لەگەڵ دەکەین، ئیجرائاتەکەش لەوانەیە راگرتنی کاری ئەو پارێزەرە بێت بۆ ماوەیەک یان ناسنامەی سەندیکای لێوەردەگرینەوە".

(رووداو) پەیوەندی بەهەر یەک لەبەڕێوەبەرایەتی تۆماری کۆمپانیاکان و بانکی فیدراڵ کرد، بەڵام ئامادە نەبوون لێدوان لەو بارەیەوە بدەن.

# کورد پۆستی پارێزگار یان سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکی لەدەستدا

**رووداو-هەولێر**

بەهۆی نەرمی نواندنێکی زۆری لیستی هاوپەیمانی کوردستان، یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە لەلایەن نوێنەری ئەمینداری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەستکاریکرا، پەسەندکراو جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانیش دەڵێ لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆی نییە تەنازول لەمافی میللەتی کورد بکات.

دوای گفتوگۆیەکی زۆرو چەندین دانیشتن، ڕۆژی 2008/9/24 بەکۆی دەنگی 191 پەرلەمانتار یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان پەسەند کرا، بەپێی ئەو یاسایەش جگە لەکەرکووک و هەولێر و سلێمانی و دهۆک، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە هەر 14 پارێزگاکەی عێراق ئەنجامدەدرێ، بەڵام کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دەڵێ ناتوانن لەمساڵدا پێداویستییەکانی ئەو هەڵبژاردنە ئامادە بکەن.

خالید شوانی، ئەندامی پەرلەمانی عێراق، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "پەرلەمانی عێراق بەشێوەیەکی تەوافوقی دەنگی بۆ ئەو پرۆژەیەدا کە ستیڤان دیمستۆرای ڕێکخەری نەتەوەیەکگرتووەکان وەک شوێنگرەوەیەکی مادەی 24 پێشکەشی کردبوو".

چەندین لایەنی عێراقی بەتایبەت ئەوانەی کە بەگروپی 22 تەممووز ناسراون، دژی خاڵی چوارەمی پێشنیازەکەی ستیڤان دیمستورا بوون.

لەخاڵی چوارەمی پێشنیازەکەی ستیڤان دیمستۆرادا هاتووە کە حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری ئەو لیژنەیە دەکەن کە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کەرکووک دانراوە، کە لێژنەکە لەدوو نوێنەری هەریەک لەپێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکووک و ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک و نوێنەرێکی کریستیان پێکدێت.

ناوهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەخاڵی چوارەمی پێشنیازەکەی دیمستۆرادا بووە هۆی دڵگرانبوونی چەند لایەنێکی عەرەبی، دواتر بەو مەرجە خاڵەکە پەسەند کرا کە دەستەواژەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لابرێت. بەگوتەی ئەندامانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش، دەنگدانی کورد بەپرۆژە یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان حاڵەتێکی ناچاری بووە.

ئەحمەد ئەنوەر، ئەندامی پەرلەمانی عێراق لەسەر لیستی هاوپەیمانی کوردستان، بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "چەند لایەنێکی عێراقی وەک گروپی 22ی تەممووز و لیستی ئیتیلافی شیعە رازی نەبوون بەناوهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بۆیە ناوەکەی لەیاساکەدا نەهاتووە، چونکە ئەگەر ئەو دەستەواژەیە هەبووایە دەنگی نەدەهێنا".

وەک لەقسەکانی ئەحمەد ئەنوەردا دەردەکەوێت، هاوپەیمانی کوردستان بەناچاری یاساکەی پەسند کردووە، چونکە هەستی بەوە کرد، ئەو مادەیە وەکو چەکێک دژی کورد بەکاردەهێنرێت، بۆیە دەنگیان بۆ داوە. ئەحمەد ئەنوەر دەڵێ "لەو هاوکێشە سیاسیەدا لەو ڕێگایە باشترمان لەبەردەستدا نەبوو، هەر دواکەوتنێکی زیاتریش لەبەرژەوەندی ئێمەدا نەبوو، چونکە شەڕی بودجەو گرفتی دیکەمان لەپێشەو یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش ببووە هۆکاری ئاشکراکردنی دژایەتیکردنەکانی کورد، ڕەنگە چارەسەری باشتر هەبووبێت، بەڵام لەدانوستاندا ئەمە کرا".

سەرۆکی پەرلەمانی کورستان و جێگرەکەی بۆچوونی جیایان لەمەڕ پێشنیازەکەی دیمستۆرا هەیە، عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی ڕاگەیاند "سەرکردایەتی سیاسی کورد لەپرۆژەکەی دیمستۆرا ئاگادار کراوەتەوەو ڕازییە، بەڵام بەکەمتر لەوە هەرگیز رازی نابێت". بەڵام د.کەمال کەرکووکی، جێگری سەرۆکی پەرلەمان پێیوایە پێشنیازەکە لەبەرژەوەندی کورد دا نییە.

کەرکووکی، لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی 2008/9/23 لە پەرلەمانی کوردستان بەتایبەت لەسەر کێشەی کەرکووک، بەسترا ڕەخنەی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان گرت کە وەکو پێویست لەبەغدا پێداگیری ناکەن "هەمیشە ئەوانەی نادەستووری و نایاسایین پێداگیریان کردووەو هاتوونەتە لای کورد گوایە ئێمە کوڕی باشین و زۆر ڕۆشنبیر و پێشکەوتووین تەنازول بکەین قەینا".

بەپێی پێشنیازەکەی دیمستۆرا بۆ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کەرکووک، کەرکووک و ئەو قەزاو ناحیانەی بۆی دەگەڕێنەوە دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری و ئەمنی و وەزیفی تێدا دەکرێت، پۆستەکانی: سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا، پارێزگار و جێگرەکەی لەنێوان پێکهاتەکانی کەرکووک بەرێژەی وەک یەک دابەشدەکرێن و پێکهاتەی خاوەن زۆرینەش لە ئەنجوومەنی پارێزگا، سەرپشک دەکرێ لە هەڵبژاردنی یەکێک لە بەرزترین پۆستەکان : پارێزگار، جێگری پارێزگار و سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگا.

بەپێی پێشنیازەکەی دیمستۆرا کورد هەرچەند دەنگ لە کەرکووکدا بەدەستبهێنێ تەنیا بۆی هەیە یەکێک لەو پۆستانە وەربگرێت، ئەوەش واتە کەمتر لە ئێستا. بەڵام هەندێ لە چاودێران پێیانوایە چاوەڕواننەکرێ بێ ڕەزامەندی کورد بتوانرێ هەڵبژاردنێکی تازە لە کەرکووک بکرێ، کوردیش کاتێک رازیدەبێ کە مادەی 140 جێبەجێبکرێ.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک ئەم خاڵە بەشتێکی مەترسیدارنازانێت "ئەگەرسەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بدرێتە تورکمان زەرەرێکی وامان نەکردووە، چونکە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنی لە لیستی برایەتین و هیچمان بەسەردا ناسەپێنرێ، لەوانەیە بەڕێوبەری چەند فەرمانگەیەک کە کوردن لابدرێن، بەڵام ژمارەیەکی بەرچاوی کورد دادەمەزرێت، ئێستا 18%ی فەرمانبەرانی کەرکووک کوردن، ئەوکات دەبێتە 32% واتە ژمارەیەکی زۆر فەرمانبەرمان بۆ دادەمەزرێ، ئەوەش گرنگترە".

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان، ڕەخنەی زۆری لەم پێشنیازە گرت و ڕایگەیاند "دوایین پێشنیازی دیمستۆرا، دژ بەدەستوری عێراق و مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی مرۆڤەو هەر مادەی 24ەو عەبایەکی کراوەتە بەر، پێویستە دەنگ بەرزکەینەوەو بڵێین لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆت نییە لەسەر ئەو پێنشیازەی دیمستۆرا ڕێکبکەوی، چونکە ئەوە دژی دیموکراتییەتە".

د.کەمال کەرکووکی، لەدانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا لە 2008/9/23دا، گوتیشی "ڕێزم هەیە بۆ برادەرانی کورد لەپەرلەمانی عێراق، خەریکە بەرامبەر چوار کۆنە بەعسی و شۆڤێنی ڕۆژ بەرۆژ تەنازول دەکەن، بۆشیان نییە تەنازول لەمافی میللەتێک بکەن، کەرکووک مافی میللەتێکە".

بەپێی خاڵی دووەم لە مادەی 24ی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان، دەسەڵات و پۆستەکان بەڕێژەی 32% بەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی کەرکووک دابەشکرابوو، هەروەها 32%یش بۆ مەسیحییەکان بوو.

د.کەمال کەرکووکی، پێیوایە پێشنیازەکەی دیمستۆرا کەمتر لەمادەی 24ی بۆ کورد تێدایە" لەمادەی 24دا 32%مان بۆ هەریەک لەکورد و عەرەب و تورکمان ڕەتکردەوە، بەڵام ئێستا خراپتریان کردووە دەڵێن لیژنەیەک پێکدێت لە 7 کەس، 2 کەسیان بۆ هەریەک لەتورکمان، عەرەب و کورد و مەسیحییەک و بەمەش 32%ی کوردی کردووە بە 28".






## لیستی هاوپەیمانی کوردستان بۆی نییە تەنازول لەمافی میللەتێک بکات

د.کەمال کەرکووکی

## ڕاپۆرت

### کونسوڵی سوید لە ئیستەنبوڵ: با تورکیا لە سەربەخۆیی کوردستان نەترسێت



ڕووداو-ئاژانسەکان

◆ ئینگمار کارلسۆن کۆنسوڵی سوید لە ئیستەنبوڵ لە پەرتووکێکدا دەربارەی کوردستان دەڵێت "تاوەکو ئێستا ئەو سەرۆکە کوردەی کە بتوانێت هەموو کورد لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە پەیدانەبووە". داواش لەتورکیا دەکات دان بەسەربەخۆیی باشووری کوردستاندا بنێت و دەڵێت "بوونی دەوڵەتێکی کوردی فیدراڵ یان سەربەخۆ دەبێتە مایەی سەقامگیری لەباشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیاو دەبێت تورکیا لەوە نەترسێت".

# لادانی ئادابی گشتی لە یاسای ڕۆژنامەگەری بۆچوونی جیاوازی لێ دەکەوێتەوە

**ڕووداو-هەولێر**

د. نوری تاڵەباتی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ڕایگەیاند ئەگەر دادوەر لەکاتی بابەتێکی ڕۆژنامەنووسیدا کە پەیوەندی بەئادابی گشتییەوە هەبوو دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ یاسای سزادانی عێراق، بەڵام بەپێچەوانەوە سەردار هەرکی پەرلەمانتار دەڵێت "بەپێی ئەم یاسا نوێیە ڕۆژنامەنووس بەیاسای سزادانی عێراقی دادگایی ناکرێت"، سەندیکای ڕۆژنامەنووسانیش بیری لەم بڕگە نەکردووەتەوە.

ڕۆژی 2008/9/22 پەرلەمانی کوردستان یاسای کاری ڕۆژنامەگەری پەسەندکرد، ئەم یاسا پەسەندکراوەش جیاوازییەکی زۆری هەبوو لەگەڵ ئەو یاسایەی کە لە 2008/12/11دا پەسەندکراو پاشان لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانەوە گەڕێنداریەوە پەرلەمان.

لە خوێندنەوەی هەردوو ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیریدا، ئەو مادانەی داواکرابوون هەمواربکرێنەوە بریتیبوون لەمادەکانی 1،2،3،4،5،9 و 10.

ئەوەی زۆرترین گفتوگۆی لەسەرکرا ماددەی دووەمی پرۆژە یاساکەبوو، کە لەپێنج بڕگە پێکهاتووە، دوای وەرگرتنی ڕای هەردوو لیژنەی یاسایی و ڕۆشنبیری و گفتوگۆی پەرلەمانتاران سێ بڕگەی مادەکە هەموارکرا.

لەبڕگەی یەکەمدا لەلایەن لیژنەی ڕۆشنبیرییەوە داواکرابوو دەستەواژەی ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی لابدرێ و لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش داوایانکردبوو بمێنێتەوە، پاشان هەردوو پێشنیارەکە لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە خرایە دەنگدانەوەو بە49 بە32 دەنگ دەستەواژەی ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی لابرا.

لەبڕگەی دووەمی هەمان مادەشدا ئاسایشی هەرێم لادراو بڕگەی پێنجەمیش بەو شێوەیە دارێژرایەوە "بەهیچ شێوەیەک نابێت ڕۆژنامە قەدەخە بکرێت و دەستی بەسەردابگیرێت".

شارەزایانی بواری یاسایی ئاماژە بەوەدەدەن کە هەڵگرتنی دەستەواژەی ئادابی گشتی و سیستەمی گشتی دەبێتە هۆکارێک بۆ دەستگیرکردنی ڕۆژنامەنووسان.

د.نوری تاڵەبانی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هەڵگرتنی دەستەواژەی ئادابی گشتی لەیاسای کاری ڕۆژنامەوانیدا، لەلایەکەوە شتێکی باشە، بەڵام لەهەمانکاتدا لەبنەماکانی فیدراسیۆنی ڕۆژنامەگەری جیهانیدا ئاماژەی پێنەکراوەو لەبوونی قەزییەکەدا کەپەیوەندی بەئادابی گشتییەوە هەبێت دەبێت بۆ یاساکانی ئەو وڵاتە بگەڕێیتەوە".

لەسیستەمی یاسایی عێراقیشدا ئادابی گشتی هەیە، لەیاسای مەدەنی عێراقیدا کەلەساڵی 1950دا دانراوە دەڵێت: ناکرێت ڕێکەوتننامەیەک لەنێوان دوو کەس یان زیاتردا ببەسترێت ئەگەر پێچەوانەی ئادابی گشتی بێت، لەیاسای سزادانی عێراقیشدا کەهەمان یاسای سەردەمی ڕژێمی بەعسەو دەستکاری نەکراوەو دەستەواژەی ئادابی گشتی ماوەو حوکمی سزادانیشی بۆ دانراوە.

د. نوری تاڵەبانی، دەڵێت"ڕاستەوخۆ بەپێی پرۆژە یاسای کاری ڕۆژنامەوانییەکە دادوەر ناتوانێت ڕۆژنامەنووس زیندانی بکات، بەڵام ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ یاسای سزادانی عێراقی دەتوانێ ڕۆژنامەنووس زیندانی بکات و حوکمەکەش بەپێی بۆچونی دادەوەرەکە دەگۆڕدرێت".

د.نوری تاڵەبانی، یەکێک بوو لەو پەرلەمانتارانەی کە داکۆکی لەئازادی ڕۆژنامەگەری دەکرد، دەڵێت" لەگەڵ ئەوەدانیم یاساکە هەموار بکرێتەوەو ئادابی گشتی تێبخرێت، دەبێت ئێمە داوای دەستکاریکردنی ئەو یاسایانەی سزادانی عێراقی بکەین کە لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا دانراون".

مستەفا ساڵح کەریم، جێگری نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەسەرخواستی ڕۆژنامەنووسان پێداگیرمان لەوە کرد ئادابی گشتی لابدرێت، چونکە دەستەواژەیەکی لاستیکییەوە بۆشتی دیکە دەقۆزرێتەوە، وەک ئەنجومەنی سەندیکاش بیرمان لەو ڕوانگە یاساییە نەکردووەتەوە کە ڕۆژنامەنووس بەپێی یاسای سزادانی عێراقی دادگایی بکرێت".

مستەفا ساڵح کەریم، ئاماژەی بەوەشدا پاش ئەوەی دەڵێن گەڕانەوە هەیە بۆ یاسای سزادانی عێراقی، ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان کۆدەبێتەوە لەگەڵ یاساناساندا بۆ ئەوەی داڕشتنەوەیەک بکەن کە گۆڕانکاری لەو یاسایەدا بکات.

سەبارەت بەهاتنەدی خواستی ڕۆژنامەنووسان، مستەفا ساڵح کەریم، ئاماژەی بەوەدا کە تەواوی خواستەکانی ئەوان لەیاساکەدا نەهاتۆتە دی گووتشی "580 ی یاساکە بەپێی خواستی ئێمەیە".

سەردار هەرکی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و شارەزا لەبواری یاساییدا، ڕەتیکردەوە، کە ڕۆژنامەنووس بەپێی یاسایی سزادانی عێراقی دادگایی بکرێت، بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری دەکاتە پاڵپشتی قسەکانی کە دەڵێت "ڕۆژنامە ئازادەو هیچ چاودێرییەکی لەسەر ناکرێت و دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتییەک هەیە و چوارچێوەی ئادابی گشتی وسیستەمی گشتی بۆ دانانرێت".

ئەو پەرلەمانتارە، پێداگیری لەسەر ئەوە دەکات کە "ڕۆژنامەنووس بەهیچ شێوەیەک پەیوەست نییە بەئادابی گشتی و سیستەمی گشتییەوە، لەئەگەری قسەکردن لەسەر شتێک گوتیان ئەمە لەگەڵ ئادابی گشتیدا ناگونجێت مانای وانییە بگەڕێیتەوە بۆ یاسای سزادانی عێراقی، چونکە بەپێی یاسا نوێیەکە، ڕۆژنامەنووس پەیوەست نییە بەم چەمکانەوە".



### ڕۆژنامەنووس بەهیچ شێوەیەک پەیوەست نابێ بەسیستم و ئادابی گشتی

سەردار هەرکی



### ڕۆژنامەنووس بەپێی یاسای سزادانی عێراقی دادگایی دەکرێت

د. نوری تاڵەبانی

# مامۆستایانی سلێمانی تا 10/9 چاوەڕێ دەکەن

**ڕووداو-سلێمانی**

مامۆستایانی سلێمانی ڕایانگەیاند ئەگەر تاوەکو 2008/10/9 دەرماڵە بڕدراوەکەیان بۆ نەگەڕێتەوە مانگرتنی سەرتاسەری ڕادەگەیەنن و سکرتێری یەکێتی مامۆستایانیش دەڵێت ئەوان بۆیان نییە بڕیاری مانگرتن بدەن.

لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان، داوا لەمامۆستایان دەکات مانگرتن بشکێنن و، حکومەتیش لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ئەگەر تا 2008/10/9 داواکاری مامۆستایان جێبەجێنەکەن مانگرتنی سەرتاسەری لەسنوری پارێزگای سلێمانیدا ڕادەگەیێنن.

مامۆستایەکی مانگرتووکە نەیویست ناوی خۆی بڵێت ژمارەی قوتابخانە مانگرتووەکانی ناوشاری سلێمانی و دەوروبەری بە360قوتابخانە ئەژمار کردو گوتی "ئەگەر وەزیری پەروەردە سوور بێت لەسەر بڕیارو فرمانەکانی خۆی، تەواوی قوتابخانەکان لەیەک دوو ڕۆژی تردا دەوام ڕادەگرن"، ئەو مامۆستا مانگرتووە گوتیشی "ڕەنگە کار لەمانگرتنەوە سەر بکێشێت بۆ داوای دەست لەکارکێشانەوەی وەزیری پەروەردە، کەگوێ لەداوای کەس ناگرێت".

هاوکات لەگەڵ مانگرتنەکانی سلێمانیدا تائێستا مانگرتن سنوری پارێزگای هەولێری نەگرتووەتەوە، سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستانیش ئەم بڕیاری مانگرتنە بەشتێکی زیادە ناو دەبات.

شێخ عەفان نەقشبەندی، سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند "لەگەڵ حکومەت ڕێککەوتوین بۆ گەڕاندنەوەی دەرماڵەی مامۆستایان و هەردوو وەزیری دارایی هەرێمی کوردستان و وەزیری پەروەردە و ئێمەش واژوومان کردووە لەسەر ڕێکەوتنەکە و لە چەند ڕۆژی ئایندەشدا تەواوی ڕێکەوتنەکە بڵاودەکەینەوە".

شێخ عەفان، ئاماژەی بەبڕی زیادکردنەکە دەکات و دەڵێت"بەپێ ڕێکەوتنەکە پلەکانی 7 و8، 100 هەزار دیناریان بۆ خەرجدەکرێت و پلە 5 و6، 75 هەزار دیناریان بۆ خەرجدەکرێت، پلەکانی 4 و5 یش 50 هەزار دیناریان بۆ خەرجدەکرێت".

سەبارەت بەمانگرتنی مامۆستایان لە سنوری پارێزگای سلێمانی، سکرتێری یەکێتی مامۆستایان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "یەکێتی مامۆستایانی سلێمانی بۆی نییە بڵێت مانگرتنی سەرتاسەری ڕادەگەیەنین، ئەوە دەسەڵاتی مەکتەبی تەنفیزیی یەکێتی مامۆستایانە".

سکرتێری یەکێتی مامۆستایانی کوردستان، نادروستی بەیاننامەکەی لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان لەبارەی مانگرتنەوە دەخاتەروو دەڵێت" یەکێتی مامۆستایانی سلێمانیمان لەو بەیاننامەی دەریانکردووە ئاگادار کردووەتەوەو ئەوان بۆیان نییە کاتی مانگرتن دیاری بکەن و ئەگەر مانگرتنیش بکرێت دەبێت لەسەرتاسەری کوردستاندا بێت و ئێمەش بەهیچ شێوەیەک بەرنامەی مانگرتنی سەرتاسەریمان نییە".

لەبارەی پاشگەزبوونەوەیان لە بەیاننامەکە، سەرکەوت نوری، سکرتێری لقی سلێمانی یەکێتی مامۆستایان، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوە پەیوەندی بەلقی سلێمانییەوە هەیەو لە هیچ شتێکیش لە سکرتاریەتەوە ئاگادار نەکراومەتەوە لەبارەی هەڵەی بەیاننامەکەوە".

# لە دوای میانمار.. عێراق لە هەموو وڵاتانی جیهان گەندەڵترە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، هەریەک لە عێراق و میانمار لە ڕیزبەندی وڵاتە زۆر گەندەڵەکانی جیهاندا لەپاش سۆماڵ بە پلەی دووەم دێن.

ئەو ڕاپۆرتە کە هەفتەی ڕابردوو بڵاوکرایەوە، تایبەتە بەڕاددەی کەمبوون و زیادبوونی گەندەڵی لەساڵی 2008دا کە 180 دەوڵەتی لەخۆگرتووەو عێراق بە ئەنجامی 1،3 شانبەشانی دەوڵەتی عەسکەرتاریی میانمار (بۆرمای پێشوو) پلەدووی وڵاتە هەرە گەندەڵەکانی جیهانی گرتووە.

دەربارەی ڕێگەچارەکانی دەربازبوون لەو کارەساتە ئابوورییەش، ڕاپۆرتەکە سەبارەت بەعێراق وا ڕادەگەیێنێ کە گرنگترین هەنگاو بریتییە لە بنیاتنانی دامەزراوەکان لەسەر بنەمایەکی پتەو کە توانای کارکردنیان هەبێت، ڕێگەگرتن لە گەندەڵی و چەسپاندنی سەروەریی یاسا.

ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکە چەند ژمارەیەک وەک هێما بۆ پێوانەکردنی ئاستی گەندەڵی لە کەرتی گشتیدا پێشنیاز دەکات کە لە سفرەوە، واتە (زۆر گەندەڵ) بۆ ژمارە 10 (زۆر خاوێن) دەست پێدەکات. لەو ڕیزبەندییەدا سۆماڵ بە ڕێژەی (1،0) لەپلەی یەکەمدا دێت و بەدوای ئەودا هەریەک لە عێراق و میانمار بە ڕێژەی (1،3) و هایتی بەڕێژەی (1،4) دێن. لەڕیزی وڵاتە زۆر خاوێنەکانیشدا هەریەک لە سوێد، دانیمارک و نیوزیلەند بەڕێژەی (9.3) بەپلەی یەکەم دێن و دوای ئەوان سەنگافورە بەڕێژەی (9،2) لەپلەی دووەم دێت.

ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی کە بارەگاکەی لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیایەو ساڵانە ڕاپۆرتی لەسەر 180 وڵاتی جیهان هەیە، ئەم ڕاپۆرتە لەکاتێکدا بڵاودەکاتەوە کە هەندێک لە ڕاپۆرتەکان باس لەدیارنەمان و بەفیڕۆدانی ملیارەها دۆلاری کۆمەکە ئەمریکییەکان دەکەن.

هەر لەو چوارچێوەیەدا سەرۆکی پێشووی لێکۆڵەرانی لیژنەی نەزاهەی عێراقی، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر ئاشکرای کرد کە پتر لە 13 ملیار دۆلار لەو پارەیەی بۆ پرۆژەکانی بنیاتنانەوە ڕەوانەکراون یان دزراون یانیش بەفیڕۆدراون.

سەلام عەزووب لەبەردەم لیژنەیەکی تایبەتمەندی سەر بە کۆنگرێسی ئەمریکادا ڕایگەیاند کە نووسینگەی چاودێری دارایی عێراقی نەیتوانیوە چارەنووسی ئەو ملیارەها دۆلارە ئاشکرا بکات. عەزووب هەروەها ڕایگەیاند کە زۆربەی پرۆژەکان کاتێک خراونەتە بەر پێداچوونەوەی دارایی، دەرکەوتووە کە پرۆژەی زۆر پێویست نەبوون، زۆربەشیان هەر لەبنەماوە جێبەجێ نەکراون.

ئەو بەرپرسە عێراقییە لەبەردەم لیژنەکەدا باسی لەوەش کرد کە ڕاپۆرتێک لەوبارەوە پێشکەشی نوری مالیکی سەرۆک وەزیران و بەرپرسە باڵاکانی دیکەی عێراق کراوە، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بڵاونەکرایەوە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە بەرپرسانی عێراقی گرنگی بەلێکۆڵینەوە لەو مەسەلانە نادەن، گوتیشی "زۆربەی ئەندامانی لیژنەی لێکۆڵینەوە ترسیان لێ نیشتبوو، چونکە هەتا ئێستا 32 کەس لە هاوکارەکانمان کوژراون".

سەلام عەزووب سێیەمین بەرپرسی عێراقی بوو کە هەفتەی ڕابردوو لەبەردەم ئەو لیژنەیەی کۆنگرێسدا زانیارییەکانی خستەڕوو. ئەو دوو بەرپرسەی دیکە کە چوونە بەردەم لیژنەی ناوبراو یەکێکیان عەباس مەهدی بوو کە پێشتر پۆستێکی بەپلەی وەزیری هەبوو، بەڵام بەرپرسی سێیەم کە ڕەگەزنامەی ئەمریکی هەیەو ماوەی پێنج ساڵ وەک گەورە ڕاوێژکاری هەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوە لەناو عێراقدا کاری کردووە، بۆ پاراستنی ژیانی خۆی تەنیا لەڕێی ڤیدیۆوەو لەشوێنێکی نائاشکراوە قسەی کردو باسی لەوەکرد کە بەرپرسە عێراقییەکان لەگەڵ تیرۆریستانی سەر بەڕێکخراوی قاعیدە نەوتی پاڵاوگەی (بێجی)یان ڕەوانەی بازاڕی ڕەش کردووە.

سیناتۆر بایرن دورگان سەرۆکی لیژنەکەی کۆنگرێس پاش ئەو دانیشتنانە ڕایگەیاند کە پارەی باجدەرانی ئەمریکی بەشێوەیەکی زۆر خراپ بەکارهێنراوە، گوتیشی "ناکرێ وڵاتەکەمان لەوە زیاتر چاوپۆشی لەو مەسەلەیە بکات".



عەزووب کە ماوەی سێ ساڵ لەلیژنەی نەزاهە کاری کردووەو سەرپەرشتی نزیکەی 200 لێکۆڵەری کردووە، دەڵێت "من لەگەڵ گەندەڵی ئەزموونێکی ڕاستەوخۆ ژیاوم"، دواجاریش ناچاربوو بەرەو دەرەوەی وڵات ڕابکات چونکە هەڕەشەی کوشتنی لێکرا.

عەزووب لەبەردەم لیژنەکەدا بەتایبەتی لەسەر گەندەڵییەکانی وەزارەتی بەرگری عێراق ڕاوەستا کە چۆن شتومەک و پێداویستی خراپ و بێ کەڵکی سەربازییان بەنرخێکی بەرز کڕیوەو بەو هۆیەشەوە بڕی ملیارێک و 700 هەزار دۆلاریان دزیوە.

عەزووب لەبەشێکی قسەکانیدا باسی لە پرۆژە وەهمییەکانی وەزارەتی کارەبای عێراق کرد کە چۆن لە پارێزگای نەینەوا بڕی 24 ملیۆن دۆلار بۆ پرۆژەیەک تەرخان کراوەو دواتر دەرکەوتووە کە ئەو پرۆژەیە تەنیا لەسەر کاغەز هەیە. گوتیشی "بڕێک لەو پارانەی بۆ وەزارەتی بەرگری عێراق ڕەوانەکراون، حەواڵەی ڕێکخراوی قاعیدە کراون و لەبانکەکانی ئوردن و هەندێ وڵاتی دیکەی عەرەبی دانراون".

# مەلاکان 6000 ئیمزا دژی تێکەڵاوکردنی خوێندکارانی کچ و کوڕ کۆدەکەنەوە

**ڕووداو-سلێمانی**

مەلا عوزێر حافز، وتارخوێنی نێوداری شاری سلێمانی لەوتاری ڕۆژی هەینی 2008/9/19، بەوەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی گوت "ئەو کە لەبنەماڵەیەکی بەناوبانگی ئاینی وخواداناسەو باپیری مەلایەکی گەورەیە، چۆن دەبێت بڕیاری تێکەڵکردنی کوڕان و کچان بدات". مەلا عوزێر لەوبارەوە بۆ (ڕووداو) دواو گوتی"با ڕاپرسییەک بکرێت، ئەگەر 95%ی خەڵک دژی تێکەڵکردنی کوڕان و کچان نەبوون، با بڕیاری وەزارەت بێت".

بەبڕوای مەلا عوزێر، تێکەڵکردنی کوڕان و کچان لەخوێندنگەکاندا، کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە"زۆر بەڕاشکاوی ڕایدەگەیێنم، ئەو بڕیارە کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، زانست پێش ناکەوێت، دواییش هەر خۆمان و حکومەت و وەزارەتیش پێیەوە گیردەخۆین".

لەگەڵ کردنەوەی قوتابخانەکان بەسیستەمێکی تازەی ڕاگەیێندراوی پەروەردەیی، تێکەڵکردنی کوڕان و کچان زنجیرەیەک ناڕەزایی و توڕەبوونی مەلاکانی کوردستانی بەدواداهات بەتایبەتی لەناوچەی شارەزوور و سلێمانی. مەلاکان داوایان لە وەزارەتی پەروەردە کرد، بەو بڕیارەیدا بچێتەوە.

ئەو مامۆستایەی مزگەوتی حاجی حەسەنی عەلاف دەڵێت "لیژنەی فتوای یەکێتی زانایانی ئاینیش دەیەوێت بەبەیاننامەیەک هەڵوێستی خۆی ڕابگەیێنێت، چونکە ئەو بڕیارە لەگەڵ کلتورو دابونەریتی کوردی یەکناگرێتەوە".

بەپێی ڕای زۆر لە توێژەرانی پەروەردەیی، ئەو وڵاتانەی قوتابییەکانیان بە تێکەڵاوی دەخوێنن ئاستی فێربوونیان باشترە، هەروەها لەڕووی دەروونیشەوە ئارامترن و لەدوارۆژدا کەمتر تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبنەوە.

هەرچەندە لەدەرەوەی مزگەوت وا بڵاو کرایەوە کە مەلا عوزێر لەوتارەکەیدا هێرشی کردبێتە سەر وەزیری پەروەردە و باوکی لەبەر ئەوەش وەزیری پەروەردە نیازمەندی خۆی بۆ دانە دادگای مەلا عوزێر بە شێخ محەممەد شاکەلی وەزیری ئەوقاف ڕاگەیاندبوو، بەڵام مەلا عوزێر ئەوەی ڕەتکردەوەو گوتی "وتارەکەم لەچوار کەناڵ بڵاوکراوەتەوە، من بەناوی ڕۆحی موبارەکی باپیرییەوە، داوام لەوەزیری پەروەردە کردووەو تکام لێکردووە ئەم بڕیارە پیادە نەکات، من وەک دڵسۆزێک و ئامۆزایەکی وەزیری پەروەردە قسەم کردووە، باپیری ئەو کە مەلا محەممەدی گەلاڵەییە، زۆر لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە تێکەڵ بووە".

مەلا عوزێر باس لەقوتابخانە سەرەتاییەکان دەکات کە بەهۆی تێکەڵاوی قوتابیان، نامەی دڵداری بۆ یەکتر دەنووسن "باشە ئەوانە لەقۆناخی ئامادەیی چ دەکەن؟".

مەلا عوزێر، داواکەی خۆی بۆ جێبەجێنەکردنی ئەو بڕیارە بەنمونەیەکی وڵاتی مەکسیک دەبەستێتەوە کە وەک مەلا عوزێر دەڵێ لەوێ بڕیاردراوە، پاسی نێرو مێ لەیەک جیابکرێنەوەو دەڵێ" ئەوروپاش ئێستابیر لەجیاکردنەوەی کوران و کچان دەکاتەوە و ئەمانیش لێرە تازە بڕیاری تێکەڵکردنیان دەدەن".

لە مەکسیک و ئەوروپا، تێکەڵاویی قوتابیان لەو پەڕیدایە، تەنانەت ئازادی سێکسی نێوان کوڕان و کچان لەدوای تەمەنی 18 ساڵییەوە هیچ ڕێگرییەکی لەبەردەمدا نییە.

وتارخوێنی مزگەوتەکانی سەیدسادق 6 هەزار ئیمزایان بۆ جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لەشارەکەدا کۆکردووەتەوە، سالار مەحمود، مامۆستای ئامادەیی لە سەیدسادق هەڵمەتی مەلایانی ناوچەکەیان بەهەڵە دادەنێ و دەڵێ "سەید سادق بۆ خۆی قوتابخانەی کەمە، ئیتر چۆن کچان و کوڕان لەیەکتری جیا بکەینەوە". گوتیشی "هەق نییە مامۆستایانی ئاینی ئەو 6 هەزار ئیمزایە بۆ جیا کردنەوەی کوڕان و کچان بەکاربێنن، هەقوایە بەو ئیمزایانە بچنە لای وەزیرو بڵێن پەروەردە لەم وڵاتەی ئێمەدا وێرانە".

هەموو سیستەمە تازەکەی پەروەردە بەلای مامۆستا عوزێر حافز هەورامییەوە خراپ نییە، لەو ڕووەشەوە بڕیاری یەکپۆشی زۆر بەلاوە پەسەندە، بەڵام لەوەشدا ڕای خۆی هەیە و دەیەوێ بەو ڕایانەی بێتە نێو سیستەمی پەروەردەوە دەڵێ "بۆچی ئەو جۆرە جلەی بۆ یەکپۆشی داوای دەکەن، مۆرکێکی کوردەواری تێدا نەبێت؟ چونکە جلوبەرگی کوردەواری جلوبەرگێکی ئیسلامیانەو شەرعیشە". مەلا عوزێر دێتە سەر باسی زانکۆ و پەیمانگاکان دەڵێت "ئێستا زانکۆو پەیمانگاکان بوونەتە شوێنی نمایشی جلوبەرگ و هەر ڕۆژەو جلوبەرگێک لەبەر دەکەن".



### وەزیری پەروەردە لە بنەماڵەیەکی ئاینیە چۆن دەبێت بڕیاری تێکەڵاوکردنی کچ و کوڕ بدات

مەلا عوزێر



## سوریا باڤێ لۆرین دەستگیردەکات

**رووداو-قامشلۆ**

◆ سەرۆکی رێکخراوی داکۆکیکردن لەمافی مرۆڤ، کە رێکخراوێکی کوردانی رۆژئاوای کوردستانە رایگەیاند کە حکومەتی سووریا بەشار ئەمین عەلی (باڤێ لۆرین) ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی ئازادیی کورد لەسویای دەستگیرکرد، ئەمەش چوارەمین سیاسەتڤانی کوردە لەماوەی مانگێکدا لەلایەن سوریاوە دەستگیر دەگیرێت. رێکخراوەکە لەبەیاننامەیەکدا روونیکردووە کە باڤێ لۆرین رۆژی 2008/9/23 لەلایەن مەفرەزەیەکی لقی هەواڵگری سەربازی بە بێ بڕیاری دادگا

**محەممەد مەتینەر، کە لە ساڵی 2002 تاوەکو 2007 راوێژکاری رەجەب تەیب ئەردۆغانی سەرۆکی پارتی دادو گەشەپێدانAKP و سەرۆک وەزیرانی تورکیا بووە، ئێستاش وەک کارناس و رۆژنامەنووسێکی رۆژنامەی (بووگیون)ی تورکی زۆر نزیکی نێوەندە سیاسییەکانی تورکیایە.**

**لەکاتێکدا کە تورکیا لە ئامادەکاری درێژکردنەوەی ئۆپەراسینەکانی دەرەوەی سنووردایە، کە ئەویش بە وردی واتە مۆڵەت درێژکردنەوە بۆ سوپا بۆ هێرشکردنە ناو خاکی باشووری کوردستان، لەکاتێکدا چاودێران پێیانوایە ئەگەر پەرلەمانی تورکیا کەزۆرینەی لە ئەندامانی AKP پێکهاتووە، ئەو مۆڵەتە درێژبکاتەوە، دەنگی دەنگدەرانی کورد لە هەڵبژاردنەکانی ئاداری 2009 لەدەستدەدات و تووڕەیی کوردانی باشووری کوردستانیش بۆ خۆی دروستدەکاتەوە، بەتایبەتی کە باشوور واتێدەگات ئامانجێکی ئەو مۆڵەت درێژکردنەوەیە رێگرتنە لە جێبەجێکردنی مادەی 140 و پیلانێکە بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی کورد و دروستکردنی نائارامی لەو هەرێمە ئارامەدا. مەتینەر وەڵامی ئەو پرسیارانە و چەند پرسیارێکی دیکەی (رووداو)ی دایەوە:**

**هەڤپەیڤین: هێمن خۆشناو**



### راوێژکاری پێشووی ئەردۆغان:

# گفتوگۆکانی نێوان تورکیا و هەرێمی کوردستان پەیوەندییان بە مەسەلەی PKK وە نییە

**رووداو: ئێستا کە درێژکردنەوەی مۆڵەت و تەسکەرەی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور دراوەتە پەرلەمانی تورکیا، پێتان وانییە ئەو هەنگاوە دژی قسەکانی ئەردۆغانە کە دەیگووت، هەڵە بەرامبەر کورد کراوە، دەبێت کێشەی کورد چارەسەر بکرێت؟**

**مەتینەر:** نەخێر هیچ ناکۆکییەک لە ئارادا نییە، لەبەرئەوەی بەڕێز ئەردۆغان گوتویەتی هەبوونی کورد و ناسنامەی کورد لە تورکیا نکۆڵی لێکراوە، هەروەها دەڵێت سیاسەتێکی هەڵە بەرامبەر کورد پیادە کراوە. سەرۆک وەزیران بەو قسەیەی پێماندەڵێت نکۆڵی لە کورد کراوە، ئێمەش کۆتایی بەو نکۆڵیکردنە دێنین، دەڵێت ئێمە دان بەو هەڵەیە دادەنێین و کار بۆ راستکردنەوەی دەکەین. ئەم تەسکەرەیەش بۆ دژایەتی ئەو کوردانە نییە کە لە دەرەوەی سنووری تورکیا دەژین. بەداخەوە، لە بەر ئەوەی PKK بەردەوامە لەسەر شەڕی چەکداری مەسەلەی تەسکەرە هاتە ئاراوە. خۆزگە PKK کۆتایی بە شەڕی چەکداری بێنێت ئەوکات پێویستی تەسکەرە و شتی لەو بابەتەش گرنگی خۆی لە دەستدەدات.

**رووداو: بەپێی رای شرۆڤەکارانی تورکیا درێژکردنەوەی تەسکەرەی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور، جەماوەری AKP لە نێو کوردا کەمدەکاتەوە، لە کاتێکدا کە AKP دەیەوێت لە هەڵبژاردنە هەرێمییەکانی دواییدا دەنگی زیاتر بە دەستبێنێ وئەردۆغان دەڵێ دەبێ شارەوانی دیاربەکریش بەدەست بێنین. ئایا AKP بەوشێوەیە ناکەوێتە ناو هەڵەوە؟**

**مەتینەر:** نەخێر من لەوباوەڕە دانیم، شیمانەی ئەوە ناکەم کە بەهۆی تەسکەرەوە دەنگەکانی AKPلە کەمی بدەن، چونکە AKP دوژمنایەتی لەگەڵ ئیدارەی کوردستانی عێراق نییە، بە پێچەوانەوە هەوڵدەدات لەگەڵ ئیدارەی کوردستان لە چوارچێوەی برایەتی و دراوسێیەتیدا پەیوەندییەکانی بەرەو باشتر ببات، ئەمەش لەسەردەمی حکوومەتیAKP دا هاتووەتەدی، ئینشاڵڵا بەردەوامیش دەبێت. بۆ یەکەمجارە لە تورکیا دان بە هەبوونی کێشەی کورد دەنرێت و سەبارەت بەمەش بەرزترین دەنگ دەنگی AKP یە. تاوەکو ئەمڕۆ لە چوارچێوەی لێدوانە رەسمییەکاندا بۆ یەکەمجار سەرۆک وەزیران ئەردۆغان هەبوونی کێشەی کوردی لە دیاربەکر هێنایە زمان. جەختی لەسەر ئەوەش کرد کە کوردەکان هاووڵاتی تورکیان و لە چوارچێوەی چەمکی هاووڵاتیبوون مافەکانیان دابین دەکرێت. من لەو بڕوایەدانیم کە ژمارەی دەنگەکانی AKPلە نێو کورداندا کەمببنەوە، پێویستە کورد لەوە تێبگەن کە PKK هیچیتر داوای دەوڵەتی سەربەخۆ و فیدرالیزم ناکات، سەرەڕای ئەوەش درێژە بە شەڕی چەکداری دەدات، بەمەش زیان بە کورد دەگەیێنێت و دەرگا چارەسەری لەسەر کێشەی کورد دادەخات، هەروەها زیان بە ئیدارەی کوردی باکووری عێراق دەگەیێنێت و هەوڵدەدات تورکیا پەلکێشی ناو خاکی ئەوان بکات و ئەو دانوستاندنە ئەرێنییەی لە نێوان ئیدارەی کوردی و تورکیادا هەیە لەبار ببات. لە ناوەوەی تورکیاش ئاستەنگ لەبەردەم کرانەوەی دەرگای چارەسەری دادەنێت. بۆیەش بە PKK دەڵێم ئێوە بەم کردەوانەتان سوود بە کورد ناگەیێنن بە پێچەوانەوە زیانی پێدەگەیێنن.

### ئەگەرPKK کۆتایی بە شەڕی چەکداری بێنێت ئەوکات پێویستی بە تەسکەرە نامێنێت

**رووداو: لە دوای دەسبەکاربوونی باشبوغ وەکو سەرۆک ئەرکانی سوپای تورکیا، لەیەکەم هەنگاویدا سەردانی باکووری کوردستانی کرد و تەوقەی لەگەڵ هاووڵاتیان کرد و لە گەڵ رێکخراوە مەدەنییەکان دانیشت، ئەمەش بە هەنگاوێکی باش لەلایەن خەڵکەوە هەڵسەنگێندرا، بەرای چاودێران درێژکردنەوەی مۆڵەتی تەسکەرە و ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنوور زیان بەو ستراتیژی خۆ نزیککردنەوەی سوپا لە خەڵک دەگەیێنێ؟**

**مەتینەر:** ئێمە دژی هەر ئۆپەراسیۆنێکین کە لە دژی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێ، بەڵام کاتێک هێزە چەکدارەکانی PKK لە دەرەوەی سنوورەوە دزە دەکەنە ناو خاکی تورکیا، بە ناچاری پێویست دەبێت ئۆپەراسیۆنی دەرەوەی سنووریش ئەنجامبدرێ. ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش لە شوێنی ئێمە بێ چی دەکا؟ ئەگەر لە دژی حکوومەتی باکووری عێراق لەناو خاکی تورکیا رێکخراوێک بێت دەستدرێژی و هێرشبکاتە سەر هاووڵاتیان و سوپاکەی چی دەکات؟ دەمەوێت ئەوە بڵێم کە بەردەوامی PKK لەسەر شەڕی چەکداری زیان بە کورد و دانوستانەکانی حکوومەتی کوردستان لەگەڵ تورکیا دەگەیێنێت، هەروەها لەناو تورکیا کۆتایی بەو هەوڵانە دێنێت کە بۆ چارەسەری کێشەی کورد لە ئارادان. پێویستە ئەو تەسکەرەیە وەکو هەوڵێکی دوژمنکارانە دانەنرێت، بەڵکو پێویستە وەکو تاکە رێگای بنرخێنرێت بۆ بەرەنگاربوونەوەی تورکیا لەگەڵ PKK، واتە جگە لەوە هیچ رێگایەکی دیکە نییە تورکیا بیگرێتە بەر. ئیدارەی باکووری عێراق لە شوێنی حکوومەتی تورکیا بێ چۆن رەفتار دەکات؟ ئەگەر وەڵامی ئەو پرسیارەتان دایەوە ئەوکات دەتوانن واتا بدەنە ئەو هەڵوێستەی حکوومەتی AKP.

**رووداو: PKK پرۆژەیەکی حەوت خاڵی بۆ گفتوگۆکردن و چەکدانان پێشکەش کرد و چەند جار ئاگربەستی یەکلایەنەی راگەیاند، بۆچی تورکیا واز لەچارەسەری سەربازی ناهێنێ بە گفتوگۆ ئەو شەڕ و کێشەیە نابڕێنێتەوە؟**

**مەتینەر:** PKK ئاگربەستی یەکلایەنەی رانەگەیاندووە، بەڵکو مەرجی بۆ ئاگربەست داناوە، ئاگربەستەکانی PKK هەموویان مەرجداربوون.

**رووداو: دەگوترێ دوای دەرکردنی بڕیاری درێژکردنەوەی مۆڵەتی ئۆپەراسیۆنەکانی دەرەوەی سنوور، رەجەب تایب ئەردۆغان سەردانی هەولێر دەکات یاخود پێش ئاداری داهاتوو بۆ بەدەستهێنانەوەی هاوسۆزی کورد؟**

**مەتینەر:** نەخێر، باوەڕ ناکەم ئەم سەردانە بۆ ئەوە بێت، سەرۆک وەزیرانی تورکیا وەک برا تەماشای بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی دەکات، ئەم سەردانە بۆ پتەوکردنی پەیوەندی برایانەیە، پێموایە سەرۆک وەزیران لەلایەن هەردوو بەڕێزەوە پێشوازی لێدەکرێت و هەردوو بەڕێزیش لە ئەنقەرەی پایتەخت لەلایەن بەڕێز سەرۆک کۆمار و سەرۆک وەزیرانی تورکیا پێشوازیان لێدەکرێ. ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بە مەسەلەی تەسکەرە و PKK وە نییە، بەڵکو بۆ پتەوکردنی چەمکەکانی دراوسێیەتی و برایەتییە، بەڕێز سەرۆک وەزیران بۆ گۆڕینی ئەنجامە سیاسییەکان ئەو سەردانە ئەنجام نادات.

> **ئەگەر تورکیا بڕیاری گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان قبوڵ نەکات، تورکیا لە ناوچەکەدا دەدۆڕێت**

**رووداو: زانیاری تەواوت هەیە کە ئەردۆغان سەردانی هەولێر دەکات؟**

**مەتینەر:** لەو باوەڕەدام ئەو سەردانە ئەنجامدەدرێت و گفتوگۆ لەگەڵ هەردوو بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات. ئەم گفتوگۆیانە زۆر واتادار و بەسوود دەبن، ئەوە تێڕوانینی منە.

**رووداو:زانیاریت هەیە کەی ئەو سەردانەی ئەنجامدەدات؟**

**مەتینەر:** زانیاریم لەسەر وادەی سەردانەکە نییە، پێویستە ئەوە لە بەرپرسان بپرسن.

**رووداو: هەستناکەی ماوەی پێنج ساڵە، واتە دوای رووخانی رژێمی سەدام هەرێمی کوردستان هیچ هەڵوێستێکی ئەرێنی لە تورکیا نەبینیووە، بە تایبەتیش کە ئەحمەد داود ئۆغلۆ، راوێژکاری ئەردۆغان بۆ سیاسەتی دەرەوە بەمدوابییەش دووپاتیکردەوە کە تورکیا نەیهێشت ماددەی 140 دەستوورکە پەیوەستە بەکێشەی کەرکووکەوە جێبەجێبکرێت؟**

**مەتینەر:** دەبێت کێشەی کەرکووک لەسەر بنەمایەکی راست چارەسەر بکرێت، پێویستە کەرکووک بە حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە ببەسترێتەوە، لەناوەخۆشیدا دەبێ ئیدارەیەکی فیدرالی هەبێت. ئەگەر تورکیا لە سیاسەتی خۆیدا دژی گەڕانەوەی کەرکووک بێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان هەڵە دەکات، واتە کەرکووک بە تەنیا شاری کورد نییە و بەتەنیا شاری تورکمان و عەرەبانیش نییە، کەرکووک شاری هەموو ئەو کەسانەیە کە لە کوردستان دەژین، واتە لەسەر بنەمای کوردستانی عێراق و هاوڵاتیبوونی کوردستان کێشەکە یەکلایی بکرێتەوە، ئەوە بۆچوونی منە. پێویستە هەرچی زووە کێشەی کەرکووک چارەسەر بکرێت، ئەگەر لە ریفراندۆمی کەرکووک بڕیاری گەڕانەوەی سەر حکوومەتی کوردستان بدرێت، بە تێڕوانینی من بڕیارێکی راست دەبێت، پێویستە ئەوکات تورکیا رێز لەو بڕیارە بگرێت و پەسەندیشی بکات، بە هەمان شێوە بۆ ئەوەی کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان پێویستە حکوومەتی کوردستان راست رەفتار بکات. لەکاتێکدا ئەگەر تورکیا نارازیبێت لە بڕیاری گەڕانەوەی کەرکووک ئەوکات تورکیا لە هەرێمەکە دەدۆڕێت و لەناوخۆشدا ناخۆشیەکانی لەگەڵ کوردا بەردەوام دەبێ.

**رووداو: ئاماژەت بە بوونی گفتوگۆ لەنێوان بەرپرسانی هەرێمی کوردستان و تورکیا کرد،پێتوایە پێشکەوتنی پەیوەندی نێوان هەردوو لا گەیشتووەتە چ ئاستێک؟**

**مەتینەر:** لە ماوەی رابردوودا بە هیچ شێوەیەک حکوومەتی تورکیا دانی بە حکوومەتی باکووری عێراق دا نەدەنا، بە هیچ شێوەیەک نەدەکەوتە ناو گفتوگۆ لەگەڵ حکوومەتی باکووری عێراق. یەکەم هەنگاو ئەوەبوو کە حکومەتی تورکیا دانی بە حکوومەتی باکووری عێراق دانا، لەکاتی سەردانی راوێژکاری سەرۆک وەزیران داود ئەحمەد ئۆغلۆ بۆ عێراق چاوی بە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی کەوت، ئەمەش دەرگای گفتوگۆی کردەوە. ئەمەش ئەو واتایەی گەیاند: ئەگەر تاوەکو ئێستا دانمان بە ئێوە دانەدەنا، ئەوە لەمەولا دەتانناسین، لە هەموو ئاستێکدا ئامادەین گفتوگۆتان لەگەڵ بکەین. ئۆغلۆ ئەو پەیامەی لەگەڵ خۆی بەجێهێشت. هەروەها لە کۆشکی سەرۆکایەتی کۆماری چانکایا پێشوازی لە بەڕێز جەلال تاڵەبانی کرا، لەو سەردانەشدا پەیامی ئەنقەرە بە هەمان شێوە بوو. دیسان دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی MGK، ئەو پەیامەی دا. ئەمەش دەروازەکانی لەبەردەم گفتوگۆ کردەوە، هیواخوازم ئەو گفتوگۆیانە بەرفراوان ببن و بگەنە ئاستێکی ستراتیژی.

**رووداو: واتە بڕیاری گفتوگۆ کردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێم لەلایەن دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی تورکیاوە دراوە؟**

### گیول و ئەردۆغان پێشوازی لە تاڵەبانی و بارزانی دەکەن

**مەتینەر:** بەڵێ بڕیاری داوە، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ بە بەردەوامی هەنگاوی بەرچاو نەهاوێژراون. پێشنیار دەکەم بۆ حکوومەتی ئەردۆغان کە قونسوڵخانەی تورکیا لە هەولێر بکاتەوە، واتە پێویستە هەندێک هەنگاو لەبارەیەوە بنرێن. وای بۆ دەچم ئێستا کێشەی PKK جیاواز لە مەسەلەی پەیوەندییەکان حکوومەتی کوردستان تەماشا دەکرێ، واتە گفتوگۆکان پەیوەندییان بە مەسەلەی PKK وە نییە، گفتوگۆیەک نییە بۆ چۆنیەتی رووبەڕووبونەوەی PKK، و پێشنیار دەکەم بۆ حکومەتی تورکیا گفتوگۆیەکان بگەینێتە ئاستێکی زۆر بەرفراوان و ستراتیژی.

# خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بەتەمای ئۆپۆزسیۆن نییە



## بەبێ پاڵپشتی دەرەکی مەحاڵە گۆڕانکاری لە ئێران روو بدات

**جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی**

**رووداو-هەولێر**

سەرەڕای ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران رووبەڕووی گوشارێکی دەرەکی توند بووەتەوە، بەڵام ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، تاوەکو ئێستا لەسەر شێوازی رووخانی رژێم هاوڕانین لەگەڵا ئەوەشدا هاووڵاتیان پێیانوایە ئۆپۆزسیۆن بەو پەرش و بڵاوییەی ئێستای توانای بەرەنگاربوونەوەو رووخانی رژێمی نییە.

هاوار بازیان، 27 ساڵ، گەنجێکی رۆژهەڵاتی کوردستانە و لەباشووری کوردستان دادەنیشێ، پێیوایە هیچ کاتێک ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی وەکو ئەمڕۆ بێ متمانە نەبووە لای خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان "نە خەڵکی ئێران و نە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان، چاویان لەئۆپۆزسیۆن نییە بۆ ئەوەی بتوانێت گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسی ئێران دروست بکات".

لەماوەی رابردوودا هەر گۆڕانکارییەک لەسیستەمی سیاسی ئێراندا روویدا بێت ئەم گۆڕانکارییە بەتواناو لێهاتوویی ئۆپۆزسیۆن بەدیهاتووە. نمونەی هەرە بەر چاویش رووخانی رژێمی شا بوو.

حوسێن یەزدان پەنا، جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان پێیوایە کە پێوەرەکانی ئەمڕۆ و ئەوکات جیاوازن"لەسەردەمێکی وەکو ئێستا دا مەحاڵە هیچ گۆڕانکارییەکی گەورە لەهیچ شوێنێکی جیهان بەبێ پشتیوانی نێودەوڵەتی بەدیبێیت".

تاوەکو ئێستا ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بەگشتی و کورد بەتایبەتی، لەمەڕ چۆنیەتی رووخانی رژێم هاوڕا نین، هەندێکیان پێیانوایە دەبێت بۆ رووخانی رژێم پشت بەئۆپۆزسیۆن وخەڵک ببەسترێت، بۆچوونی دووەمیش دەڵێت لەو هەلومەرجەی ئێستا مەحاڵە بەبێ پشتیوانی دەرەکی بتوانرێت گۆڕانکاری لەئێراندا بکرێ.

مستەفا مەعروفی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لەو بارەیەوە دەڵێت ئێمە چاوەڕوانی هێرشێکی دەرەکی بۆ سەر ئێران ناکەین "چونکە هەر هێزێکی دەرەکی ئەگەر هێرش بکاتە سەرئێران بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی دەیکات".

جێگری سەرۆکی پارتی ئازادی کوردستان کە، حیزبەکەی یەکێکە لەو حیزبانەی لەناوکۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدڕالدایە، پێیوایە کە ئۆپۆزسیۆنی ئێران و پشتیوانی دەرەکی تەواوکەری یەکترن" بەبێ هەبوونی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لەسەرتاسەری ئێران و ئیرادەیەکی بەهێزی کوردی لەرۆژهەڵاتی کوردستان و پشتیوانی دەرەکی هیچ هەوڵێک بۆ رووخانی ئەو رژێمە سەرناگرێت".

هەندێک لایەن و رێکخراوی کۆمۆنیستی نێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی، لەگەڵ پاڵشتیکردنی هێزی دەرەکی نین بۆ گۆڕینی دەسەڵاتی ئێران، بەشێکیشان هەرچەندە لەگەڵ پاڵپشتی دەرەکیدا نین، بەڵام دەیانەوێت سوود لەهێرشی دەرەکی بۆ سەر ئێران وەربگرن. کۆمەڵەش، کەحیزبێکی کوردستانییە و ئێستا بەسەر چوار حیزب دا بەناوی کۆمەڵە دابەشبووە، لەورووەشەوە دابەشبوون.

مستەفا مەعروفی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو باوەڕە دایە کە هێزە دەرەکییەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیان ئەم هێرشە ئەنجامدەدەن و لەکاتی ئەنجامدانیشیدا پرس بەئۆپۆزسیۆن ناکەن "بەڵام ئەگەر کارێکی بەمشێوەیە هاتە پێش دەبێت بیقۆزینەوەو پێشوەختیش ئامادەکاری بۆ بکەین".

سەبارەت بەو بزووتنەوە کۆمۆنیستیانەی نارەزایی دەردەبڕن بەرامبەر هەر هێرشێکی دەرەکی بۆ سەر ئێران، حوسێن یەزدانپەنا، ئەوانە بەکەسانی "نا واقیعی" ناو دەبات و دەڵێت "ئەوانە جێگایان خۆشە، لە دەرەوە پاڵیان داوەتەوە، لە بۆرژوازی و ئیمپریالیزم کەڵک وەردەگرن، برسی نین، چەکی پاسدارانیان لەسەر پشت نییە، کوڕیان ناکوژرێت".

ئۆپۆزسیۆنی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دێت زیاتر بەرەو دابەشبوون و لاوازی دەچێت، حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەتەمەنترین حیزبی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە، لەماوەی رابردوودا دووچاری دووبەرەکی هات و بوو بەدوو بەشەوە، ئۆپۆزسیۆنی کوردی بەو دوو بەرەکی و دوو لەتبوونە، متمانەی خەڵکی پێ کەمبووەتەوە.

شەهلە جاف، 22 ساڵ، کە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانە پێیوایە ئۆپۆزسیۆن بەو بارەی ئێستای مەحاڵە بتوانێت متمانەی خەڵک بەدەست بێنێت "ئەو پەرش و بڵاوییەی ئێستای، ئۆپۆزسیۆن هیچ کاریگەریەکی لەسەر هێنانەدی گۆڕانکاری نابێت لەئێرانداو، خەڵک متمانەی پێناکات".

یەزدانپەناش پێیوایە، هۆکاری سەرەکی لاوازی ئۆپۆزسیۆنی ئێران نەبوونی یەکگرتووییە "لەم ساڵانەی دواییدا کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵمان پێکهێنا، سێ حیزبی کوردی و حیزبی عەرەب و بەلوچ ئازەرییەکانیشی تێدایە، بەڵام بەداخەوە هیچ رێکخراوێکی تێدانییە کە نوێنەرایەتی فارسەکان بکات".

## تاراوگە

### نەرویج مافێ پەنابەریێ نادەتە کوردان



کاژین بەرواری - نەرویج

پەنابەر بەردەوام ل وەلاتێ نەرویج زێدە دبن،تەنێ ئەڤ سالە نێزیکی 2000 هزار عێراقی گەهشتینە ڤی وەلاتی کو تەمەنێ پتریا وان دناڤبەرا 18-25 سالیێ دایە. هەر یەک ژ وان ژی دورێن پازدە هزار دۆلاران ل رێکا هاتنی خەرجکریە،ژ بەر زۆربوونا ژمارەیا وان و نەبوونا جهی د کەمپان دا، حکومەتا نەرویجی چادرگەه ژ پەنابەران را دانان. ئەڤ ژی یەکەمین جارە تشتێ هوسا ل نەرویج چێدبیت. ژ بلی ڤێ ژی چاودێریا رەوشا پەنابەران ژی کێم بوویە. دانا مافێ پەنابەریێ ژ کوردان را ژی ل نەرویج گەلەک ب زەحمەت کەتییە، چونکی دبێژن هەرێما کوردستانێ یا ئارامە و چ کێشە لێ نینن.

# "دەمەوێ درێژە بەو کارە بدەم کە باوکم نەیتوانی تەواوی بکات"

**دەیانا تەیلۆر**

لۆرین سلێمان بە هەستێکی پڕ لە سۆزو حەماسەتەوە کتێبەکانی زانکۆی تووند لە ئامێز گرتبوون. ئەو کچە قژ رەشە تەمەن 18 ساڵییە وەکو هەر گەنجێکی تازە پێگەیشتووی دیکەی بەریتانی زۆر خۆشحاڵ بوو کە دەستی بە کۆرسێکی دیکەی خوێندن کردووە. ئەو دەڵێت "ئەوە خەونێکم بوو هاتەدی، ناتوانم بڕوا بکەم کە بەڕاستی خەریکە دەچمە زانکۆ بۆ خوێندنی ئەو بابەتەی کە لە دڵی خۆم دامنابوو".

بەڵام لەکاتێکدا لۆرین هەمان ئەو هەستی پێشبینیکردنەی هەبوو وەکو هەر قوتابیەکی دیکە، رێگای ئەو بۆ زانکۆ زۆر جیاواز نەبوو. تەنها چوار ساڵ لەمەوبەر، بەحاڵ بە ئینگلیزی قسەی دەکرد. وەکو کچێکی کوردی 13 ساڵان، ئەو هەمیشە بەهیوای چوونە قوتابخانە بووە. لۆرین لەگەڵ خێزانەکەی لە نۆڤێمبەری ساڵی 2002 لە چنگ رژێمی سوریا رایانکردووەتە وڵاتی بەریتانیا. لەشاری بێرمینگهام وەکو سەرەتا شوێنێکی حەوانەوەیان پێدراوە، بەڵام بە لۆرینیان گوتووە نابێ بچێتە قوتابخانە لەبەرئەوەی هێشتا هەندێک کاروباری یاسایی ماڵەکەیان تەواو نەبووە.

لۆرین لە بەر کوردبوون، لەسوریا رێگەی پێنەدراوە وەکو منداڵە دراوسێ عەرەبەکانی بچێتە قوتابخانە. ئەو خەوی بەوە بینیوە مافی خوێندنی هەبێت لەوکاتەی دەگەنە بەریتانیا، بەڵام دوای گەیشتنیشی هێشتا ئەو مافەی نەبوو.

لۆرین، لەگەڵ دایک و باوک و شەش خوشک و برای دیکەی ئەزموونێکی تاڵییان هەبوو لە جیاکاری و پەراوێزخستن لە وڵاتی خۆیاندا. دایکو باوکی لۆرین چالاکڤانی بواری مافی مرۆڤ بوون لە پارتی یەکێتی دیموکراتی کورددا، کە لە پێناو دابینکردنی مافەکانی کوردو مافی هاووڵاتیبوون لە سوریا خەبات دەکات. لەئەنجامی خەباتکردنیاندا باوکی لۆرین دەخرێتە زیندانەوە، ئەوکاتە لۆرین تەمەنی چوار ساڵان دەبێت و واش باوەڕ دەکرا کە باوکی هەر لەزینداندا کوژرابێت.

دایکیشی ماوەی پێنج ساڵ دەخرێتە زیندان و ئەشکەنجە دەدرێت. دوای دانی پارەیەکی زۆر بە بەرپرسانی حکومەتی سوریا، لەلایەن دایکی لۆرین، ئازادی دەکەن. بەڵام ناچار دەکرێت دۆکیومێنتێک ئیمزا بکات کە رێگە بە حکومەتی سوریا دەدات هەر ئەندامێکی ئەو خێزانە دەسگیر بکات کە دەستی هەبێت لە چالاکییەکانی مافی مرۆڤ لەبارەی کوردەوە. دوای ئازادبوونی، بڕە پارەیەک دەدەنە قاچاخچییەک تاکو لە سوریا دەربازیان بکات و بیانگەیێنێتە وڵاتێکی ئارام.

ئەو خێزانە ماوەی چەند مانگێک لە خاکی ئەوروپا ئارامیان گرت و لەو ماڵ بۆ ئەو ماڵ خۆیان حەشاردا. لەو کاتەی لە ئیستەنبوڵ خەریکی سواربوونی لۆریەک دەبن، پۆلیسی تورکیا دەگاتە ئەوێ و برایەکی لۆرین فریای ئەوە ناکەوێت خۆی بگەیێنێتە ناو لۆریەکە، بەو شێوەیە لە خێزانەکەیان جیادەبێتەوە. لۆرین بە خەمناکییەوە دەڵێت "ئێمە هیوای ئەوە دەخوازین پۆلیس نەیگرتبێت و بۆ خۆی ژیانێکی لە تورکیا دروست کردبێت".

لە بەریتانیا، لەو ئەپارتمانەی ئەوان وەریانگرتبوو تەلەڤزیۆن هەبوو، بەڵام تاکە بەرنامە کە بۆ لۆرین مانای هەبوو بەرنامەی (تەلەتیبیس Teletubbies) بوو کە بەرنامەیەکی منداڵانە، لەبەرئەوەی زمانێکی سادەی بەکاردەهێنا. بەهۆی سەیرکردنی بەرنامەکە بەشێوەیەکی بەردەوام، لۆرین خۆی فێری سەرەتاکانی زمانی ئینگلیزی کرد.

لە تەمموزی 2003، ئەو خێزانە چوونە شاری پۆرتسماوس و لەکۆتاییدا حەزی لۆرین بۆ چوونە قوتابخانە لە سێپتەمبەری ئەوساڵەدا هاتەدی. ئینگلیزییەکەی باشتربوو، هەرچەندە کاتێک بۆ یەکەمجار چووە قوتابخانە تەمەنی نزیکەی 14 ساڵان بوو، زۆر بەخێرایی بووە یەکێک لە زیرەکترین قوتابییەکان و بە یەکێک لەو قوتابیانەش دانرا کە بەهرەمەندەو شایەنی خەڵاتەو دەستنیشانکرا بۆ پێشکەشکردنی باسێک لەبارەی ئەو ساڵەی خوێندنی لە ئەنجوومەنی قوتابخانە.

لۆرین دەڵێت "من زۆر بە پەرۆش بووم بۆ فێربوون، دواجار دەرفەتم هەبوو بچمە قوتابخانە، دەمەوێ تا دەکرێت خۆم ماندوو بکەم تاکو ئینگلیزییەکەم زۆر باش بێت، بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکە یارمەتیدام تاکو بتوانم لەگەڵ قوتابیانی دیکە پەیوەندی بکەم".

لۆرین تاکە پەنابەر بوو لەو قوتابخانەیەو قوتابیەکانی دیکە هەموویان ئینگلیزبوون و، لەو خێزانانە بوون کە دژی پەنابەران بوون کە بە BNP ناسراون، بەڵام بە قسەی بەڕێوەبەرەکە لۆرین زۆر چالاک بوو. لۆرین دەڵێت "هەندێک لە قوتابییەکان قسەیان لەگەڵ نەدەکردم، تەنها بەلامدا تێدەپەڕین و بە خراپی سەیریان دەکردم، من بە قوتابییەکانم نەدەگوت من پەنابەرم لەبەرئەوەی دەمویست خۆم لەگەڵیان بگونجێنم و کەسێکی ئاسایی بم".



لۆرین سلێمان، ئەو کچە کوردەی لە سوریا لەبەر کورد بوون لە خوێندن بێبەش بوو لە بەریتانیاش تووشی کێشە بوو

بەڵام رۆژێک ژمارەیەک لەو قوتابیانەی دژی پەنابەران و سەر بە BNPبوون رەخنە لە لۆرین و کچێکی دیکەی باشووری ئەفریکا دەگرن لە قوتابخانە. کچە ئەفریکاییەکە تازە لە قوتابخانە گەڕابووەوە و قۆڵی بە لەفاف بەسترابووەوە دوای ئەوەی بە رووداوێک وای بەسەرهاتبوو. یەکێک لە قوتابییەکان گوتی "بۆچی هاتیە ئێرە پارەی ئێمە ببەیت و نەخۆشخانەی ئێمە بەکاربێنی؟"، لۆرین دەڵێت "ئەو کچە رووی قسەکانی لە هەردووکمان بوو، من زۆر تورە بووم و گوتم: تۆ باسی چی دەکەی؟ ئێمە نەهاتووین پارەی ئێوە ببەین، هاتووینە ئێرە لەبەرئەوەی ژیانمان لە مەترسیدابوو".

لە نۆڤێمبەری 2004، کارەسات روویدا. خێزانەکەی لۆرین لەبەرەبەیاندا دەسگیرکران و بردرانە سەنتەری لێسەندنەوەی پەنابەرێتی Tinsley House، لە نزیک فڕۆکەخانەی Gatwick. لۆرین پەیوەندی بە هاوپۆل و مامۆستاکانی کرد و لێیان پاڕایەوە شتێک بکەن بۆ راگرتنی ئەو کارە.

قوتابخانەکە بە گەرمی بەدەنگیەوە هات و لەوانەی هونەردا چەند پۆستەرێکیان دروستکرد کەلەسەریان نووسرابوو (ئازادی بۆ لۆرین — Free Lorin) و میدیای ناوچەکەشیان بانگکرد. خۆشبەختانە دوای هەفتەیەک لۆرین و خێزانەکەی ئازادکران. کاتێک بە خۆشییەکی زۆرەوە گەڕایەوە بۆ قوتابخانەکەی، گۆڕانێکی زۆر روویدابوو. "زۆر لەو قوتابیانەی سەر بە BNP بوون و منیان پشتگوێخستبوو و بە خراپیی سەیریان دەکردم، دەهاتنە لام و پێیان دەگوتم: لێرە دەتپارێزین، دڵنیابە ناهێڵین رەوانەت بکەنەوە، خەم مەخۆ. ئێمە نەماندەزانی پەنابەران دەتوانن وەکو تۆ کاریگەر بن. دوای ئازادکردنم لەگەڵ ژمارەیەکی زیاتر لە قوتابیان بوومە دۆست".

لۆرین دەڵێت "مامۆستاکان لە وانەکانیان باسی ئەوەیان دەکرد کە هەندێک لە قوتابیان تووشی شۆک وسەرسوڕمان بوون کە دەکرێ پەنابەرانیش بێتاوان بن". هەروەها دەڵێت "تەنانەت هەندێک لەوانەش کە سۆزیان بۆ BNP هەبوو ئەوانیش حەزیان دەکرد یارمەتیم بدەن، یەکێک لە قوتابیە کچەکان پێیگوتم کە ئامادەبووە بچێتە لای سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا بۆ ئەوەی دڵنیا بێت ناگەڕێندرێتەوە، بەڕاستی ئەوە منی هەژاند".

لۆرین هەروەها دەڵێت "کاتێک ئێمە دەست بەسەر بووین بەشێوەیەکی خراپ مامەڵەمان لەگەڵدا دەکرا، بەڵام نەماندەتوانی هیچ بکەین. من دەزانم ئەو وڵاتە وەکو سوریا نییە، لێرە یاسا هەیە بۆ پاراستنی خەڵک، بڕیارمداوە ئەگەر بتوانم ببمە پارێزەری مافەکانی مرۆڤ و دەتوانم کاری باش بکەم. هەستم دەکرد خەونێکی مەحاڵە. کچێکی 14 ساڵانی وەکو من بە زۆری سواری فڕۆکە بکرێت و رەوانەی سوریا بکرێتەوە".

دێریک تریمەری مامۆستای لۆرین دەڵێت ئەو ئامۆژگاری قوتابیانی سەر بە BNP کردووە بۆ ئەوەی هەڵمەتێک بۆ لۆرین ئەنجامبدەن. ئەو مامۆستایە دەڵێت "هەندێک لە قوتابیە گەورەکانمان، ئەوانەی کە بیرکردنەوەیان لەبارەی رەگەزپەرستیەوە کەمێک توند بوو پێویستیان بە ئامۆژگاری بوو، چونکە لەیەکتر نزیککردنەوەی هەستی ئەوان و ئەوەی بەسەر لۆرین هاتبوو کارێکی ئاسان نەبوو".

دوای ئازادکردنیان لە دەستبەسەری، خێزانی لۆرین مۆڵەتێکی کاتییان پێدرا بۆ مانەوەیان لە بەریتانیاو لۆرینیش بەردەوام بوو لە خوێندن. لەمانگی ئابدا، لۆرین لە خۆشیەکی بێوێنەدا لە ئاستی A سەرکەوتنی بەدەستهێنا و لە دوای ئەوەش دەچێتە زانکۆ بۆ خوێندنی یاسا و مافەکانی مرۆڤ.

"لە سوریا، ئێمە وەکو کورد، لە هاووڵاتی ئاسایی کەمتر سەیر دەکراین، بەڵام پێویستە هیچ جیاوازییەک نەبێت لە نێوان کوردێک و عەرەبێک و ئینگلیزێک، پێویستە هەموو کەسێک مافی ئازادی هەبێت. ئەگەر باوکم، کە لەپێناو مافەکانی مرۆڤ زۆر خەباتی کردووە، ئێستا من ببینێت، هیوادارم شانازیم پێوەبکات، من دەمەوێ کارێک جێبەجێبکەم کە باوکم نەیتوانی تەواوی بکات".

**لە رۆژنامەی Independent بەریتانیەوە – 2008/9/14**

# "نامەوێ چیتر لەتە کورد بم"

"کە منداڵ بووم وامدەزانی تەنیا خەڵکی سلێمانی کوردن، بەڵام لە هۆڵەندا بینیم کە هەولێری و ئامەدی و عەفرینی هەموو هێندەی یەک کوردن"

**رووداو- هۆڵەندا**

ئەو کە تەمەنی چواردە ساڵ دەبێت کوردستان بە جێدێڵێ و لەگەڵ ماڵباتەکەیدا لە هۆڵەندا دەگیرسێنەوە. ئێستا کە دوای زۆرتر لە دەساڵ سەیری بیرەوەرییەکانی منداڵیی دەکات کۆمەڵێک شتی بیردێتەوە: خوێندنی قۆناخی سەرەتایی بە زمانی عارەبی، شەڕی براکوژی و بەربەستە کولتورییەکان کە رێیان لە وەدیهاتنی خەونەکانی دەگرت.

ژیر رەشان، کە ئێستا وەک پزیشک و رۆژنامەڤانێکی کوردی هۆڵەندینووس بووەتە ناوێکی دیار لە جڤاکی هۆڵەندیدا بۆ (رووداو) باسی ژیانی گەنجی کوردی ئەوروپانشین دەکات و دەڵێ" ئێمە نەوەیەکی ونبووین".

ژیر، کە بەپێی هەندێ پەرتووکی مێژوویی نێو کوڕی کاوەی ئاسنگەری خولقێنەری داستانی نەورۆزە، ئەویش دەیەوێ لە پێکەوە بەستنەوەی گەنجانی هەموو پارچەکان شۆڕشێک بەرپابکات.

ژیر سەرەڕای پزیشکێتی،هاوکات سەرنووسەری گۆڤارێکی پزیشکیی ئەکادیمییە و لە لایەکی تریشەوە یەکێکە لە هەڵسوڕێنەرانی ماڵپەڕی هەواڵگەیێنی ئازادی، کە هەواڵ و دەنگوباس بە هۆڵەندی لەسەر کوردستان بڵاودەکاتەوە. ئەو دوای زیاتر لە 10ساڵ ژیان لە تاراوگە، لە جیاوازی نێوان گەنجێکی کوردی ئەوروپانشین و یەکێکی کوردستاننشین ورد دەبێتەوە و دەڵێت" جیاوازییەکە ئەوەیە کە لەبەرئەوەی لە کوردستاندا بە بەراورد لە گەڵ ئەوروپا ئازادی نییە، نەک تەنیا گەنج بەڵکو هەموو کۆمەڵگا توانای هەڵبژاردنی نییە، واتە هاووڵاتیی کوردستانی سەرپشک نییە لەوەی چی بە دڵبێت بیکات و چیشی نەویست نەیکات". بە بڕاوی ژیر ئەوە وا لە گەنجی کورد دەکات کە فێر نەبێت سەربەست بیر بکاتەوە" ئازادیی هەڵبژاردن وات لێدەکا بیر بکەیتەوە، کە ئەوەت نەبێ زووتریش هەڵە دەکەی".

### کورد و ئەوروپایی بوون قورسە

ژیر باسی تەمەنی حەڤدە سالیی خۆیدەکا و دەڵێت" لەوکاتدا زۆروەکو هۆڵەندییەک رەفتارم دەکرد، هاوڕێی کوردم کەمبوون، هەر گوێم لە مۆزیکی هۆڵەندی دەگرت، بەڵام کە ئێستا بیر لەو کات دەکەمەوە هەستپێدەکەم کە هەڵە بووم، چونکە کورد بوون و بیرەوەرییەکانی کوردستانم بەشێکن لە دیرۆکی من و ناتوانم دەستیان لێبەردەم".

ئەو پێیوایە کە بۆ کەسێک کە بیەوێ بە چەلەنگی بەشداری لە کۆمەڵگایەکی ئەوروپیدا بکات، هاوکات کورد و ئەوروپایی بوون کارێکی ئاسان نییە، چونکە" کاتێک کوردێک لە ئامەد ماندەگرێت بۆ ئەوەی مافی ئاخافتن بە زمانی خۆی پێبدرێ من هەستدەکەم کە سەد لەسەد کوردم، بەڵام کە جەژنی لە دایکبوونی شاژنی هۆڵەندا دەگێڕدرێت خۆم تا سەر ئێسقان پێ هۆڵەندییە". ئەو پێیوایە کە راگرتنی پارسەنگ لە نێوان کورد مانەوە و بوون بە ئەوروپایی کارێکی سەختە، چونکە مرۆڤ لە هەردوولا زۆر شت فێر دەبێ و پەیڕەویی لێدەکا" بۆ نموونە من لە هۆڵەندا فێری رێزگرتنی مرۆڤ بووم بە هەموو کێماسییەکانییەوە، بەڵام لە کوردستانیش زۆر شتی جوانیتر فێر بووم".

### سەددامە تازەکان

لە ئەوروپا بەگشتی گەنجی کورد بەبەراورد لەگەڵ ژمارەی زۆریان، کەم دیارن لەنێو بوارە جیاجیکانی ژیان و پێکەوتنەکانی ئەوروپادا،ژیر ئەوە بۆ شێوازی پەروەردەی دایکوباوکان و نەبوونی هەستی هاریکاری و قایلبوون بە کاری چکۆلە دەگەڕێنێتەوە" ئەوەی من دەربارەی هەندێ دایکوباوکی کورد لە ئەوروپا دەیزانم، ئەوانە زۆرتر لە سەددام حوسێن دەچن! قسە قسەی خۆیانە و سەر لە زارۆکەکانیان دەشێوێنن، زارۆکی سەرلێشێواویش ناتوانێ ئامادەیی هەبێت لە کۆمەڵگادا و خزمەتی گەلەکەی بکات". ئەو باسی ئەوە دەکات کە تەنیا لە هۆڵەندا نزیکەی 150 رێکخراوی کوردی هەن، بەڵام هەستی هاریکاری لە نێوانیاندا زۆر لاوازە" هەر کەسە و دەیەوێت بۆ خۆی کار بکات. کە یە کێکیش بەردێکی بۆ گەلەکەی لە شوێنێکەوە گواستەوە بۆ شوێنێکی دی ئیتر هەتا هەتایە منەت دەکا و نایبرێتەوە". لێ لەوەش گرنگتر بە بڕوای ژیر ئەوەیە کە کورد لە ئەوروپا مێژوویەکی زۆر دوور و درێژی نییە و ئەو نەوەیەی کە ئێستا لێرەیە نەوەیەکی ونبووە، چونکە کەس نییە بەرچاوڕوونی بۆ بکات و خۆی دەبێ هەموو شتێک بدۆزیتەوە و بیکات. هەروەها ئەو واشیدەبینێت کە"هۆی سەرکەوتنی گەلانی ئەوروپی ئەوەیە کە سەختکۆشن و هەرچەندە کاری مەزنیش دەکەن، بەڵام نە منەت دەکەن و نە پێیشی قایل دەبن".



**150**

**رێکخراوی کوردی لەهۆڵەندا هەن،**
**بەڵام هەستی هاریکاری لە نێوانیاندا زۆر لاوازە**

### ئێمە لەتە کوردین

ژیر لە هەوڵی فێربوونی شێوەزاری کرمانجیدایە، چونکە وەک خۆی دەڵێ: هەر کوردێک بە هەردوو شێوەزارە سەرەکییەکە بە رەوانی نەتوانێ بئاخڤێ، لەتە کوردە!

ئەو دەڵێت" کە منداڵ بووم وامدەزانی تەنیا خەڵکی سلێمانی کوردن، بەڵام لە هۆڵەندا بینیم کە هەولێری و ئامەدی و عەفرینی هەموو هێندەی یەک کوردن". ژیر ئەوە لە مامەڵەی هۆڵەندییەکان لەگەڵ کورد فێربووە کە هیچ جیاوازی لە نێوان گەنجێکی وەک ئەوی باشوور و یەکێکی خەڵکی باکووردا ناکەن " تەنانەت کە تورکەکانیش دێن ئاهەنگەکانی نەورۆزمان لێتێکدەن ناپرسن ئێوە کوردی کام بەشی کوردستانن، بۆ وان گرنگ ئەوەیە کە کوردین!". ژیر پێیوایە کە ئەمە بۆ خۆی داننانی تورکان و هەموو دنیایە بەو راستییەدا کە چارەنووسی هەموو کوردان یەکە.

### شەرەف لای ژاپۆنییەکان شتێکی دیکەیە

ژیر، ماوەی شەش مانگ بۆ لێکۆلینەوەیەکی پزیشکیی لە ژاپۆن ژیاوە، لەوێ دنیایەکی تازە دەبینێت. ئەوەی لەوێ سەرنجی وی رادەکێشێ ئەوەیە کە "گەورەترین شەرەف لای ژاپۆنییەکان سەختکۆشییە. ئەوان زۆر باوەڕیان بەوەیە کە مرۆڤی بە شەرەف دەبێت زۆر کاربکات، هەروەها دەبێ منەتیش نەکات بۆ ئەو کارەی کە دەیکا!". ژیر زۆر سەرسام بووە بە خۆشەویستیی ژاپۆنییەکان بۆ خاکەکەیان و نموونەی ناکازاکی دێنێتەوە" لە ناکازاکی سەرم سووڕمابوو لەو هەموو باڵەخانە مەزن و جوانکارییانەی کە لە ناویدا کرابوون، لەوێ زەوی شارەکە بە بەرزایی سێ مەتر خۆڵی تازەی تێکرابوو بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بکرێ ژیانی تێدا بەردەوام بێت، بەڵام لە شوێنێکیدا چەند باڵەخانەیەکی رووخاوم بینین کە دیاربوو پاشماوەی هێرشە ئەتۆمییەکە بوون. پرسیم ئەوانە بۆ نۆژەننەکراونەتەوە؟ وەڵامیاندامەوە: چونکە دەمانەوێ بە هەموو دنیای پیشانبدەین کە لە کاتێکدا دوژمن باڵەخانەکانمان بە ناپاڵم دەرووخێنێ و دەیەوێ ژیانمان بوەستێنێ، ئێمە لە تەنیشتیدا باڵەخانەی مەزنتر و جوانتر سازدەکەین و هەر دەژین! من لەوێ هەستمکرد کە کورد چەندە بۆ سارێژکردنی برینی هەڵەبجە پێویستیی بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەوان هەیە".

### زارۆکەکانی ئامەد چاوەڕێمبن

ماوەیەک لەمەوپێش ژیر رەشان، وەک سەرپەرشتیاری پرۆژەیەکی پزیشکیی هۆڵەندی بۆ هاوکاریکردنی پەنابەرانی فەلەستینیی نیشتەجێی لوبنان کاریکردووە. بەم زووانەش دەیەوێ بۆ ماوەی شەش مانگ بڕواتە شاری ئامەدی باکووری کوردستان و لەوێ هەم خزمەتی پیر و زارۆکەکان بکات و هەمیش شێوەزاری کرمانجی چاکتر فێر بێت، چونکە وەک خۆی دەڵێت" نامەوێ چیتر لەتە کورد بم!".



# خانەقاو تەعجیل و عەرەب چاوەڕێی تێکدانن

## جێگری پارێزگاری هەولێر "بەمزووانە هەرسێ گەڕەکەکە تێکدەدرێن"


کۆلانێکی گەڕەکی خانەقا
(فۆتۆ: رووداو)

**رەوا عەبدوڵڵا**
**رووداو-هەولێر**

مانگێک بەر لەئێستا ژوورێکی خانووەکەی محەمەد عەزیزی 67 ساڵ، بەهۆی کۆنییەوە رووخـا، دوای ئـەو رووداوە خێزانەکـەی محەمەد لەترسی رووخانی ژوورەکانی دیکە لەحەوشەی خانووەکەیان دەخەون. محەمەد دانیشتووی گەڕەکی خانەقایە، کە یەکێکە لەو سـێ گەڕەکانەی (عەرەب، تەعجیل و خانەقا) ماوەی 3 سـاڵە حکومەت بڕیاری تێکدانی داوە، بەڵام تا ئێسـتا بڕیارەکەی جێبەجێ نەکردووەو رێگەش بەهاووڵاتییانی ئـەو سـێ گەڕەکە نـادات دەسـتکاری خانووەکانیان بکەن.

محەمـەد دەڵێت "چەنـد جارێک وەک خەڵکـی گـەڕەک ئـاگاداری پارێـزگاری هەولێرمان کردووە کە خانووەکانمان مەترسی رووخانـی هەیە، لێبگەڕێـن خانووەکانمان چاک بکەینەوە،بـەڵام رێگەیان پێ نەداین، پێیانگوتیـن ئەگـەر خانووەکانتان رووخا چۆڵی بکەن".

بەپێی ئامارێکی رێکخراوی هاپیتات، کە بەهـاوکاری پارێزگای هەولێر ئامادە کراوە، ژمارەی ئەو خانووانەی لەهەولێر مەترسـی رووخانیـان لێدەکرێ، بـە 16461 خانوو مەزەنـدە دەکرێ، کە دەکاتـە 13.01%ی سەرجەم خانووەکانی هەولێر.

زیاتر لەسـێ سـاڵە بڕیـاری تێکدان و گواستنەوەی دانیشتوانی هەرسێ گەڕەکی خانەقـاو تەعجیـل و عـەرەب دراوە، بەڵام تائێسـتا بڕیارەکـە نەکەوتۆتە واری جێبەجێکردنەوە، جێگری پارێزگاری هەولێر رایگەیاند بەو نزیکانـە بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێ.

دواکەوتنی بڕیارەکە بووەتە هۆی وەستانی بەشێکی زۆری پرۆژە خزمەتگوزارییەکان لەو گەڕەکانە، بەتایبەتیـش گەڕەکی خانەقا، کە بەیەکێک لەکۆنترین گەڕەکەکانی شاری هەولێـر دادەنرێ، ئەمـەش بۆتە جێگای نارەزایی دانیشتوانی گەڕەکەکان.

هاووڵاتییان بە تەواوی ئومێد بڕاو بوونە، لەوباوەڕەدا نین، بڕیارەکە بەمزووانە جێبەجێ بکرێ، محەممەد جەلال قادر، 35 ساڵ، کە دانیشتووی گەڕەکی خانەقایەو پێشمەرگەیە، بێ هیوای خۆی لەتێکدانـی خانووەکان و قەرەبۆکردنەوەیان نیشاندا گوتی "دڵنیا نین تا چەند ساڵێک دیکە ئەو گەڕەکە بەوێرانی دەمێنێتـەوە، زۆربـەی خەڵکەکەی چینی هەژارن، دەیانەوێت بەرووخانی خانووەکانمان ناچار بین گەڕەکەکە جێبهێڵین".

ئەو سـێ گەڕەکە، سـێ گەڕەکی هەرە کۆنی شـاری هەولێرن، دەکەونە سەنتەری شـاری هەولێرو دەوروبەری قەڵای هەولێر، بەپێی ئامارێکی پارێـزگای هەولێر، 1600 خێزان لەو سێ گەڕەکەدا دەژین.

ئەو گەڕەکانە بەهۆی کۆنی خانووەکانیان بەشێکی زۆریان مەترسی رووخانی لێدەکرێت، بەپێی ماسـتەرپلانی تازەی شاری هەولێر کە لەلایـەن کۆمپانیای (دار الهندسـە)ی لوبنانییەوە دانراوە، دەبێ ئەو سێ گەڕەکە تێکبدرێن. بەوتەی بەرپرسانیش ئامانج لەو بڕیارە بۆ دەرکەوتنی سیمای جوانتری قەڵای هەولێرو سەوزکردنی دەوروبەری قەڵاکەیە.

بەهـۆی دەرچوونی بڕیـاری تێکدانی گەڕەکەکانیش وەک دانیشـتوانیان باسـی لێوەدەکەن لەماوەی ئەم سـێ سـاڵە هیچ خزمەتگوزاریەکی بەرچاو بۆ گەڕەکەکانیان ئەنجام نەدراوە.

نەجیە قادر، 72 ساڵ، دانیشتووی گەرەکی خانەقـا، ئاماژەی بەکەمـی خزمەتگوزاری لـە گەڕەکەکەیان داو گوتی "ماوەی سـێ ساڵە گەڕەکەکەمان پشـتگوێخراوەو هیچ خزمەتگوزاریەکمان بـۆ جێبەجی نەکراوە ئەوەتا بەهۆی کۆنی تۆڕی ئاوی گەڕەکەکە، ئاوی پیس و خاوێن تێکەڵاو بووە، دەبێ بۆ چێشتلێنان ئاو لە شوێنی دیکە بهێنین".

گەڕەکی خانەقا بەهۆی کۆنی و تەسکی رێگاکانـی زۆربـەی کۆڵانەکانی هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی نیە بۆیە وەک خەڵکی گەڕەکەکە باسی لێوە دەکەن کاتێک یەکێکیان نەخۆش دەبێ، بە عەرەبانە دەیگەیەننە سەر شەقامی سەرەکی.

حەمەد پیرداود، 65 سـاڵ، ماوەی سێ مانگ دەبێت بەهۆی نەخۆشییەک قاچەکانی لەکارکەوتوون ئەو ئێستا خۆی و 4 خێزانی دیکـە لەخانووێکـی کۆنـدا دەژین گوتی "بەهۆی تەسکی کۆڵانەکان و نەبوونی رێگای ئۆتۆمبیل بۆ هێنانەوەی هەر شتێک دەبێت پەنا بۆ بەکارهێنانی عارەبانە ببەین، تەنانەت ئەگەر خانووەکانیشـمان بەسەر دابروخێت یان ئاگری تێبەربێت نەرێگای شۆفل هەیە بۆ دەرهێنانی تەرمەکانمان، نەئۆتۆمبێلێکی ئاگر کوژێنەوە دەگاتە ماڵەکانمان".

بەهـۆی ئـەوەی زۆربـەی خانووەکانی گەڕەکی خانەقا لەخشتی سوورکراو و خۆڵ دروستکراون و بەشێکیشیان رووخاون، پڕن لەزیندەوەری زیانبەخشی وەک مارو دووپشک و مێروولە.

ئاوڕینگ فەیسـەڵ، 25 سـاڵ لەیەکێک لەخانووەکانـی گەڕەکی خانەقـا دەژی و خاوەنی سێ منالە سـەبارەت بەمەترسی ئەم زیندەوەرانە گوتی "زۆربەی خانووەکان بەهۆی کۆنی چەند ژوورێکیان رووخاوە بۆیە لەژێر خانووە رووخاوەکان چەندین زیندەوەری وەک مار و دووپشـک و مێرولەی تێدایە کە زیانیان هەیە بۆ سـەر ژیانی منداڵەکانمان شەوانە ناوێرین بەئارامی بخەوین".

بەهۆی ئەو ماستەر پلانی تازەی دانراوە بۆ گۆرانکاری لەنەخشەی بنەرەتی شاری هەولێر، جگە لەو سێ گەڕەکە چەند فەرمانگەیەکی حکومەت وەک بینای پارێزگای هەولێر و فەرمانگەی تاپۆ، پۆستەو گەیاندنی هەولێر و دادگاش تێکدەدرێن.

تاهیـر عەبدوڵڵا جێگـری پارێزگاری هەولێر جەخت لەسـەر ئـەوە دەکاتەوە کەئـەوان دوای دیراسـەیەکی زۆر لەگەڵ کۆمپانیایەکـی لوبنانـی و وەزارەتـی شـارەوانی گەیشـتوونەتە ئەو بڕیارەی دەبێت "بۆ جوانتر کردنی سـیمای شارو دەرکەوتنـی جوانتری قـەڵای هەولێر و بەرفراوانکردنـی پانتایی سـەوزو، دوور خستنەوەی ئەو جەنجاڵییەی دەوروبەری قەڵای گرتۆتەوە هەر سێ گەڕەکی خانەقا و تەعجیل وعەرەب لابەرن".

جێگری پارێـزگاری هەولێـر ئەوەی رەتکردەوە کە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان بەتەواوەتی لەم گەڕەکانە وەسـتێنراون و گوتیشی "بەشێوەیەکی کاتی ئەو پرۆژانەی کەزۆر پێویسـتن جێبەجێکـراون، بەڵام هەڵکەوتەی شوێنی گەڕەکەکان و تەسکی کۆڵانەکانیان بەشێوەیەکە ناتوانین وەک پێویست خزمەتگوزاریان پێبگەیەنین".

سـەبارەت بەکاتـی جێبەجێکردنـی بڕیارەکەوچۆنیەتـی قەرەبووکردنـەوەی دانیشـتوانی گەڕەکەکان، تاهیر عەبدوڵڵا گوتی"قەرەبووی خەڵکـە دەکەینەوە بەپێدانـی پارچە زەوییەک و بڕێک پارە، شوێنیشمان بۆ دیاریکردوون، بەڵام هەندێ کاری کارگێری و دارایی ماوە، لەماوەیەکی نزیکدا بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێت".

# نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون تازە دەسگیراندارەکانی نیگەران کردووە

**ئازیز مەحمود**
**رووداو-سلێمانی**

بۆ سارا محەممەد، 27 ساڵ، دەستکەوتنی تەنها ژوورێک لەشـارەکەیدا زەحمەتە، ئەو زیاتـر لە یـەک مانگە ژیانی هاوسـەرێتی پێکهێناوە، بەڵام تا ئەو کاتەی تاقە ژوورێکی دەسـتدەکەوێت ناچارە لە ماڵـی باوکیدا بمێنێتەوە.

سـارا، کـە مامۆسـتای یەکێـک لـە خوێندنگەکانی شاری سلێمانییە، نیگەرانە لەوەی کە حکومەت تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە شوێنێکی نیشـتەجێبوونی بۆ دابین بکات. سـارا دەڵێ" گەنجـان ناهەقیان نییە وڵات جێدەهێڵن، ئەوەتا سادەترین مافی خۆت، کە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونە حکومەت هەر بیریشی لێ ناکاتەوە کار ئاسانییەک بۆ گەنجان ناکات".

لەکاتێکدا سەدان یەکەی نیشتەجێبوون دروستکراون، بەڵام هێشتا زۆربەی دانیشـتوانی کوردسـتان کێشەی نیشـتەجێبوونیان هەیە، نەبوونی شوێنی نیشـتەجێبوونیش تەنگـی بـەو گەنجانە هەڵچینوە کە تازە بوونەتە دەسـتگیراندار و وێڵی پەیداکردنی پەیداکردنی خانوون بۆ پێکهێنانی خێزان.

لەبەرئـەوەی خانـوو و شـوقە تـازە دروسـتکراوەکان نرخیـان زۆر گرانە، ئەو گەنجانەی تازە ژن دێنن و ئەو کەمدەرامەتە شارنشینانەی کە زۆربەیان کرێچین ناتوانن ئەو شوقە و خانووانە بکڕن.

سـارا لەگەڵ هاوسـەرەکەیدا بەردەوام لەگەڕانـدان بەشـوێن خانوویەکدا"ئـەو خانووانـەی هـەن کرێیـان زۆرە لەتوانای ئێمەدا نییـە، بۆیە لەگەڵ هاوسـەرەکەم ناچارین چـاوەڕێ بکەین تا خانوویەکمان دەستدەکەوێت".

یاسای دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون کـە لە لایـەن پەرلەمانەوە پەسـەند کرا، نەبووەتە جێی دڵخۆشـی ئـەو گەنجانەی تازە ژیانی هاوسەرێتی پێکدەهێنن، کێشەی نیشتەجێبوون هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

دانـا عەلـی، 24 سـاڵ، یەکێکـە لەو گەنجانەی رەشبینە بەرامبەر ئایندەی خۆی لە وڵاتەکەی، بۆیە لە هەوڵی رۆیشتندایە بۆ یەکێک لەوڵاتانی ئەوروپا. ئەو دەڵێ"پێویستە حکومەت بەڕاسـتی ئاوڕ لەتوێژی گەنجان بداتەوەو کار ئاسانیان بۆ بکات لەدابینکردنی شوێنی نیشـتەجێبوون لەکاتی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتیدا".

دەستنەکەوتنی شوێنی نیشتەجێبوون و بەرزی نرخی کرێی خانوو، گەنجانی نیگەران کردووە تا رادەی تورەبوونیان لە دەسەڵات. بە بڕوای ئەوان کێشەکە کاریگەری کردووەتە سـەر ئـەوەی گەنج نەتوانێ بیـر لەژیانی هاوسەرێتی بکاتەوە.

لـە وڵاتانـی رۆژئـاوای ئەوروپـا، هەر گەنجێک، بە کچ و کوڕەوە تەمەنی گەیشتە 18 مافی ئەوەی هەیە داوا لە حکومەت بکات شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دابین بکات، بەڵام لە کوردسـتان و زۆر وڵاتی دیکەی جیهان کێشەی نیشتەجێبوون یەکێکە لە کۆسپەکانی بەردەم گەنجان بۆ پێکەوەنانی خێزان.

دانا پێیوایە لەو وڵاتەدا گەنج بەهۆی بێ بەشـبوونی لە پێداویستییە بنچینەییەکان، وای لێهاتووە مافی ئەوەی نەماوە بیر لەژیانی هاوسـەری بکاتەوە، ئەو خۆیشـی یەکێکە لەوانەی پەشیمان بووەتەوە لە دروستکردنی ژیانی هاوسەری" چونکە دەزانم چ کێشەیەک چاوەڕێمان دەکات، دەزانم تاقە ژوورێکیشمان دەست ناکەوێت تێیدا بژین".

بەپێی ئامارەکانی دادگا رێژەی جیابوونەوە روو لەزیادبوونـە، بەپێی ئامـاری دادگای باری کەسێتی سـلێمانی لەساڵی 2007دا 2063 حاڵـەتی لێکجیابوونەوە تۆمار کراوە، هەروەها لەسـاڵی 2006دا 1955 حاڵـەتی لێکجیابوونەوە تۆمار کراوە.

مستەفا ئیمان عەبدوڵڵا، بەڕێوبەری ئیداری دادگای باری کەسێتی لەسلێمانی، جەختی لەسەر زۆربوونی حاڵەتەکانی جیابوونەوەی ژن و پیاوان کردەوەو، هۆکاری سەرەکیشی بەپێی ئەو کەیسانەی هاتوونەتە بەردەستی ئەوان بەهۆی نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون بووە"چەندەها حاڵەتمان لایە لەبەر نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون جیابوونەتەوە".

لەگەڵ ئەوەی سەدان یەکەی نیشتەجێبوونی تازە دروسـتکراون، بەڵام بەهـۆی بەرزی نرخەکانیان سەدان خێزانیش هێشتا رۆژانە رووبەرووی گرفتی نیشتەجێبوون دەبنەوە.

شنۆ مەحمود، 30 ساڵ، لە خانوویەکی کرێدا دەژی و خاوەنی دوو منداڵە باسی لەوە کرد کە چەندین جار خاوەنی خانووەکە داوای چۆڵکردنی خانووەکەی لێکردوون بەبیانوی بەکرێیەکـی زیاتر دەیداتـە یەکێکی دیکە "دەڵێ ئێوەش یان کرێم بۆ زیاد بکەن یاخود بڕۆنە دەرەوە".

پرۆژەی یاسای کرێی موڵک و خانووبەرە زیاتـر لـە یـەک سـاڵە لـە پەرلەمانە، خوێندنەوەی یەکەمی بۆکراوەو لیژنەیەکیش بـۆ بەداداچوونـی مەیدانـی پێکهێندرا لە ئەنـدام پەرلەمانەکان، بەڵام دوای ئەو ماوە زۆرە پەرلەمان خـۆی لێ بێدەنگ کردووە. ئەندامێکـی پەرلەمانـی کوردسـتان، کە نەیویست نێوی بڵاوبکرێتەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "زۆر لە ئەندامانی پەرلەمان خاوەن خانوو و دوکانن بۆیە کارەکە بە هێواشی و کەمتەرخەمی بەڕێوەدەچێ".

شنۆ مەحمود، کە بەخۆی و منداڵەکانی لەبەر هەڕەشەی دەرکردندایە دەڵێ "حکومەت ئاگای لەخەڵکی هەژار نییە، ئەو خانووانەی دروسـت دەکرێت، نرخیـان بەدەیان هەزار دۆلارە، خەڵکی هەژار سـودی لێ نابینێت جگـە لەدەوڵەمەند و دەسترۆیشـتووەکان نەبێت".

### مەرجەکانی پێشینەی خانووبەرە

حکومەتـی کوردسـتان بڕیاریـداوە دەسـتبکات بە دانی قەرزی خانووبەرە بە هاووڵاتیـان کە بڕی 10 ملیـۆن دۆلاری بۆ تەرخانکراوە، بەپێی لێدوانی بایز تاڵەبانی، وەزیـری هەرێـم بۆ کاروبـاری دارایی هەر هاووڵاتییەک کـە مەرجەکان بیگرێتەوە 10 ملیۆن دیناری پێدەدرێ و بە ماوەی 15 ساڵ لێی وەردەگیرێتەوە . مەرجەکانیش ئەوانەن: خێزانداربێت و لە 2 منداڵ کەمتری نەبێت، هیچ یەکەیەکی نیشتەجێبوون بەناوی خۆی و منداڵێکی خوار تەمەن 18 ساڵ نەبێت.

هێرش موحەڕەم سـەرۆکی دەسـتەی وەبەرهێنانـی هەرێمـی کوردسـتان بـە (رووداو)ی راگەیاند هەر گەنجێک کە تەمەنی لە 30 ساڵ کەمتر بێ و گەورە کچە تەمەن زیاتر لە 45 سـاڵەکان، وارسی شەهیدان و ئەنفالکراوان و خەڵکی قەزاو ناحیەکان ئەگەر خانووێک لەو کۆمەڵگایانەی نیشتەجێبوون بکڕێ کە لەلایەن کۆمپانیا وەبەرهێنەکانەوە دروسـتدەکرێن، حکومـەت 40%ی نرخی خانووەکەی بەقـەرز بۆ دەدات، بەمەرجێک نرخەکەی لە 50 هەزار دۆلار زیاتر نەبێت.

بەرای پسـپۆرانی بواری ئابـووری، ئەو یەکە نیشتەجێیانەی ئێستا دروستدەکرێن، دەتوانن گرفتی نیشـتەجێبوون چارەسەر بکەن، بە مەرجێک نرخەکانیان گونجاو بێت، لەهەمانکاتدا گلەیی لە حکومەت دەکەن کە پشـت بە لێکۆلینەوەی مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی پسـپۆر نابەستێت بۆ چارەسەر کردنی کێشەی نیشتەجێبوون.

د.محەممەد رەئوف پسـپۆڕی ئابوری و مامۆستا لەزانکۆی سـلێمانی، گوتی "ئەو یەکانەی نیشتەجێبوون کە دروست دەکرێن هەنگاوی باشـن بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشـتەجێبوون بەمەرجێـک نرخەکەیـان گونجاوبـێ بۆ هاووڵاتیـان، چونکە هەموو کـەس ناتوانێ سـوودمەند بێـت لێیان، بەتایبەت ئەوانەی خاوەن داهاتی نەگۆڕن و دەرامەتیان کەمە".

بەپێی ئامارێکـی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لەمافی کرێنشـینان، زیاتر لـە 45 هەزار خێزانی کرێنشـین لەشاری سلێمانیدا هەن و نزیکـەی 25 هـەزار خێزان لـە خانووی سەربەخۆی کرێنشیندا دەژین و نزیکەی 20 هەزاری دیکەش لەگەڵ ماڵێکی دیکەدا لەیەک خانوودا دەژین.

بەپێـی ئامارەکـە لەسـاڵی 2003 دا 119528 خێزان لەشاری سلێمانیدا دەژیان کە تەنیا 68199 یان خاوەن خانووی خۆیان بوون، بەڵام لەسـاڵی 2004-2005 لە کۆی 131033 خێزانی نیشتەجێی سلێمانی، تەنیا 70520 خێزان خاوەن خانووی خۆیان بوون. بەپێی ئەو ئامارەش نزیکەی 40 -50%ی ئەو خێزانانە کرێچی بوون.

بـەرای د.محەممـەد رەئـوف، گرفتی نیشتەجێبوون هۆکارێکە وا لەگەنجان دەکات بیر لەژنهێنان و شووکردن نەکەنەوە، چونکە دەزانـێ دوای هاوسـەرگیری رووبـەرووی کێشەی نیشتەجێبوون دەبێتەوە.

ئەو دروستبوونی کێشەی نیشتەجێبوونی گەڕاندەوە بۆ دوای رووخانی رژێمی سەدام، لەوکاتەی ژمارەیەکی زۆری خەڵکی روویان لەشاری سلێمانی کرد و، ژمارەیەکی دیکەش لە لادێکانەوە هاتوونەتە ناو شـارەکانەوە، ئەویش بەهـۆی نەبوونـی خزمەتگوزاری لەلادێکانیاندا.

ئەو کۆچەی گوندنشـینانیش بۆ شـار، وایکردووە شـار بەشـێوەیەکی هەڕەمەکی و ناتەندروسـت گەورە ببێت و حکومەتیش لەبەرامبەر ئـەو فراوانبوونەدا بێ پلانە، د. محەممەد رەئوف"بەهۆی ئـەو بێ پلانییە کێشەی نیشتەجێبوون رۆژ بە رۆژ بەرەو زیاد بوون دەچێت".



گرافیک و زانیاری: رووداو

# خانمانی یەکەم قوربانیانی مێردن یان سەرکردەی پشتی پەردەن



سەرکردەو خانمە یەکەمەکانی دەوڵەتانی بەشدار لە کۆبوونەوەی 63 کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان (فۆتۆ: AFP)

**رووداو-هەولێر**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کۆتایی هاتنی ماوەی سەرۆکایەتی جۆرج بوش، لەنێو میدیای ڕۆژئاوا بەتایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا جارێکی دیکە ئەو قسەو باسانە بەگەرمی هاتوونەتەوە بەرباس کە گوایە لۆرا بوشی خانمی یەکەمی ئەمریکا چاوەڕێی تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی مێردەکەیەتی بۆئەوەی بەیەکجاری لێی جیاببێتەوە. ڕۆژنامە میللییەکانی ئەمریکا باس لەوە دەکەن کە بوش و لۆرا دەمێکە گەیشتوونەتە ئەو بڕیارە، بەڵام دوایانخستووە بۆ دوای تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتی کە دەبێت لۆرا شوێن و پێگەی سەرۆکی بەهێزترین وڵاتی جیهان لەبەرچاو بگرێت.

ڕەنگە تێگەیشتن لە پاساوەکانی داوای جیابوونەوەی خانمی یەکەمی ئەمریکا ئاسان بێت، بەڵام ئەوەی کە هۆکارەکە کۆندۆلیزا رایسی وەزیری دەرەوە بێت وەک ئەوەی ڕۆژنامە میللییەکانی ئەوروپاو ئەمریکا دەڵێن گوایە پەیوەندییەکی تایبەتی لەنێوان بوش و کۆندی دا هەیە، ئەوە جێی سەرنجە.

دەنگۆی ئەم پەیوەندییەی نێوان بوش و کۆندی و ساردوسڕیی نێوان بوش و لۆرا وەک ئەوەی ڕۆژنامە ئەمریکییەکان دەڵێن لە هەفتەیەکدا تەنیا چەند وشەیەک ئاڵوگۆڕ دەکەن، ڕاست بن یان نا، ڕێگر نابێت لەوەی جارێکی دیکە تیشک بخاتەوە سەر ڕۆڵ و کاریگەریی خانمانی یەکەم لەسەر ناوەندەکانی بڕیارو ئەوانەی لەو ناوەندانەدان.

مارک ماکینۆن ڕاوێژکاری ڕۆژنامەوانیی پێشووی جۆرج بوش لەبارەی کۆندۆلیزا رایسەوە دەڵێت "خانمێکی ڕاستەقینەیەو کۆمارییەکی موخلیسە، وەزیرێکی تەواو بەتوانایەو لەنێو کۆمارییەکاندا هیچ ئافرەتێک شان لەشانی کۆندی نادات".

لەم کێبڕکێیەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیدا لە ئەمریکا، ئەوەی تایبەت بێت بەئافرەتان هەندێک شتی بێ پێشینە لەمێژووی ئەمریکادا بینران و دەبینرێن، لەلایەک هیلاری کلینتۆنمان بینی کە لە ڕکابەریکردن لەگەڵ ئۆباما کشایەوەو ئەگەر پشتیوانیی دیموکراتەکانی هەبووایە دەبووە یەکەمین ئافرەت لەمێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا بگاتە پۆستی سەرۆکایەتی و بیل کلینتۆنی مێردیشی کە پێشتر وەکو سەرۆک پێینایە کۆشکی سپییەوە، دەبووە یەکەمین پیاو بەهۆی ژنەکەیەوە بچێتەوە کۆشکی سپی.

لەسەر ئاستی هەردوو ڕکابەری ئێستاش بۆ پۆستی سەرۆکایەتی ئەمریکا، ئەمریکییەکان سەبارەت بەخانمی یەکەمی داهاتووی وڵاتەکەیان لەبەردەم دوو ئەگەردان کە هەردووکیان لەمێژووی کۆشکی سپیدا بێ پێشینەن، چونکە یان ئافرەتێکی ڕەشپێست دەبێت ئەگەر ئۆباما سەرکەوت، یان خانمی یەکەم دایکی حەوت منداڵ دەبێت ئەگەر جۆن مەککین سەرکەوت.

میشال ئۆباما تەمەن 44 ساڵ و، سیندی مەککین تەمەن 54 ساڵ، ئەگەرچی خێزانی دوو پاڵێوراوی دیموکراتی و کۆماریی ڕکابەرن، بەڵام لەچەند خاڵێکی هاوبەشدا یەکدەگرنەوە کە ڕەنگە دیارترینیان، بەگوێرەی ڕۆژنامەکانی ئەمریکا ئەوەبێت کە هەردووکیان دژی سیاسەتی توندو ڕەقی وڵاتەکەیانن و هەردووکیان هەوڵیانداوە مێردەکانیان لەبیرۆکەی خۆپاڵاوتن پەشیمان بکەنەوە.

کاتێک باس دێتە سەر خانمی یەکەم، یان هاوسەری سەرۆکەکان و ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر سەنتەری بڕیار، دەبێت لەسەر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئیستێکی درێژ بکەی، هۆکارەکەش ئەوەیە کە بەکورتی ئەوان داهێنەری سیفەتی خانمی یەکەمن و ئەوان یەکەمین کەسن کە پێگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر تایبەتیان داوەتە خانمی یەکەم، لەکاتێکدا هاوشانەکانی ئەوان لەوڵاتانی دیکەی دنیادا تەنیا "ژنی سەرۆک"ن، ئەمریکییەکان بەشێوەیەکی تەواو جیاواز مامەڵە لەگەڵ خانمی یەکەمدا دەکەن.

لەمێژووی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا (مارسا)ی خێزانی جۆرج واشنتن کە ساڵی 1759 ژیانی هاوسەرییان پێکەوەنا، ئەوکات جۆرج واشنتن وەکو ژەنەراڵێکی سوپا سەرکردایەتی شەڕی سەربەخۆیی دەکرد دژی داگیرکەری بەریتانی و لەگەڵ دیاریکردنیدا بەیەکەمین سەرۆکی وڵات، (مارسا)ش بووە خانمی یەکەم، بەڵام ئەمە تەنیا لەڕووی تیۆرییەوە ئەگەرنا ئەم سیفەتە تا نزیکەی 100 ساڵ دواتریش نە دەستەواژەکە بەکارهێنراوەو نە شتێکی فەرمی بووە.

ناولێنانی خانمی یەکەم بۆ سەردەمی سەرۆک هیز دەگەڕێتەوەو لووسی خێزانی یەکەمین ئافرەتە کە بەفەرمی ناوی خانمی یەکەمی لێنرابێت، لەوکاتەوە خانمی یەکەم لای ئەمریکییەکان شوێن و پێگەیەکی تایبەت و ئەرک و کاری تایبەت بەخۆی هەیە.

ڕۆبێرت واتسن مامۆستای زانکۆی فلۆریدا ئەتلانتیک و پسپۆڕ لەکاروباری خانمانی یەکەمی ئەمریکا کە کتێبێکیشی لەسەر لۆرا بوش نووسیوە، لەبارەی گرنگیی ئەو خانمانە ئاماژە بەچوار خاڵ دەکات: یەکەم، کاتێک پیاوەکەی پۆستی سەرۆکایەتی وەردەگرێت بەرپرسیارێتی ئەمیش زۆر گەورە دەبێت، پیاوەکەی لەیەک کاتدا سەرۆکی دەوڵەت و سەرۆکی حکومەتیشە، تەنانەت جۆرج واشنتن بەهۆی کەمیی کات و بودجەی تایبەتەوە پشتی بە مارسای خێزانی دەبەست لەجیاتی ئەو بەشداریی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

دووەم، بەرپرسیارێتی سەرۆک گەورەیە، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن گرنگییەکی تایبەتیان هەیە، لەو ڕووەوە پاڵێوراو هێندەی حیزب گرنگەو هەڵمەتەکان مۆرکێکی تاکەکەسییان وەرگرتووەو تەرکیزێکی زۆر دەکرێتە سەر خێزانی پاڵێوراو، ئەمەش واتە گرنگیدانێکی زیاتر بە ژن .

سێیەم، ئەمریکییەکان وەک سیمبول تەماشای سەرۆک دەکەن، خێزانەکەی دەبێتە سیمبول بۆ خێزانەکانیان، بۆیە سەرۆک لە دڵ و دەروونی هاووڵاتیانیدا وەک باوک و باپیرە وایە.

چوارەم، لەساڵی 1901ەوە کە باڵی ڕۆژهەڵاتی کۆشکی سپی کراوەتەوە، پۆستی خانمی یەکەم بووەتە پۆستێکی فەرمی، نووسینگەو کارمەندو پرۆگرامی تایبەت بەخۆی هەیەو کارەکانی تەواو لەکاری مێردەکەی جیاوازن.

واتسن ئەرکەکانی خانمی یەکەم بەمشێوەیە ڕیز دەکات: یەکەم، ژنێکە کە ئەمریکییەکان بەچاوی ڕێزەوە تەماشای دەکەن، چونکە بەڕاستی خانمی یەکەمە. دووەم، دەبێت بەشێوەیەکی زۆرباش منداڵەکانی پەروەردە بکات، چونکە ئەوان پێشڕەوی منداڵانی دیکەن. سێیەم، دەبێت چالاکڤانێکی کۆمەڵایەتی بێت بەتایبەتی لەبواری پەروەردەو تەندروستی. چوارەم، ئەستێرەیەکی گەشاوەیەو میدیاکان چاودێریی دەکەن. پێنجەم کە سەرۆکی وڵاتێک دێت وەک پێشوازیکاری میوان تیشکی زیاتر دەکەوێتە سەر هەڵسوکەوت و جلوبەرگی. شەشەم، دیپلۆماتکارە کاتێک لەگەڵ مێردەکەی سەردانی وڵاتان دەکات. حەوتەم، بەڕێوەبەری کۆشکی سپییە، هەشتەم، لەکاری حیزبیدا چالاکەو بەردەوام پشتیوانی بۆ مێردەکەی کۆدەکاتەوە. نۆیەم، ڕاوێژکاری مێردەکەیەتی، بەڵام بەشێوەیەکی نافەرمی، واتە پاش دەوام. دەیەم، دەبێتە سیمبوڵی مێردەکەی و هەڵگری ناوبانگی ئەو لەپاش کۆچکردنی.

ئەوەی جێگای سەرنجە، خانمی یەکەمی ئەمریکا لەبەرامبەر ئەم هەموو ئەرکە دژوارەشدا هیچ مووچەیەکی نییە.

کەواتە خانمی یەکەم داهێنانێکی تەواو ئەمریکییەو لەهیچ وڵاتێکی دیکەدا بەوشێوەیە ڕەفتار لەگەڵ خێزانی سەرۆک ناکرێت، بەڵام جیهانگیری وەک گرنگترین ئامرازی سەپاندنی شێوەژیانی ئەمریکی بەسەر جیهاندا، خەریکە ئەم کەلتوورە بۆ شوێنانی دیکەی جیهانیش دەگوازێتەوەو لەهەندێ وڵاتدا خێزانی سەرۆکەکان بەهۆی ئەو کارانەی دەیکەن خەریکی کێشکردنی ڕۆشنایی ڕاگەیاندنن بۆ سەر خۆیان.

لەگەڵ ئەوەدا کە وتارەی سەرکردەکانی جیهان دژ بە تیرۆر و هەژاری کەشێکی پڕ لە ڕەشبینی و جیدییان دابووە کۆبوونەوەی 63ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە ڕۆژی 2008/9/23 لە نیویۆرک دەستی پێکرد، بەڵام ئامادەبوونی ژنە سەرۆکەکان، ژنانی سەرۆکەکان (خانمانی یەکەم) و ژنانی بە جلوبەرگی جوانەوە جوانییەکی لە نیو ئەو توندییەدا دروستکردبوو، بەتایبەتیش کارلا برۆنی قەد باڵای خانمی یەکەمی فەرەنسا وکریستینا فێرناندزی سەرۆکی ئەرژەنتین و سەرۆکی فلیپین گلۆریا ئەریۆ و وندی خێزانی ڕۆژنامەنووسی نێودار ڕۆبەرت مەردۆخ. ژنانیش پێکەوە کۆبوونەوەو گفتوگۆیان لە سەر ئەوەکر چۆن تاوەکو ساڵی 2015 ڕێژەی 75%ی مردنی ئەو ژنانە کەمبکەنەوە لە کاتی منداڵبووندا دەمرن .

هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، وەک خانمی یەکەمی عێراق، هاوشان لەگەڵ مام جەلالی سەرۆک کۆماری عێراقدا بەشداریی کۆبوونەوەی 63ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد لە نیویۆرک . لەو کۆبوونەوەیەدا خانمە یەکەمەکانی جیهان وێنەی یادگارییان پێکەوە گرت و لۆرا بوشی، خانمی یەکەمی ئەمریکاش کۆبوونەوەیەکی بۆ خانمە یەکەمە بەشدارەکانی کۆبوونەوە ساڵانەیەی نەتەوەیەکگرتووەکان سازکرد، تێیدا هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد باسی هۆیەکانی بوونی نەخوێندەواری لە کوردستان و عێراق کرد.

لەجیهانی عەرەبیدا ڕەنگە دیارترین شاژن، یان خانمی یەکەم، سۆزان موبارەکی خێزانی حوسنی موبارەکی سەرۆک کۆماری میسرو شاژن ڕانیا عەبدوڵڵای خێزانی شا عەبدوڵڵای دووەمی پادشای ئوردن بن کە بەشێوەیەکی چڕوپڕ بەشداریی چالاکییە کۆمەڵایەتی و خێرخوازییەکان دەکەن. ساڵی 2004 لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی باڵای ڕێکخراوی ئافرەتانی عەرەبدا کە ڕانیا عەبدوڵڵای شاژنی ئوردن سەرۆکایەتی دەکردو لە بەیروت بەڕێوەچوو، ئیقبال دۆغانی سەرۆکی ئەنجوومەنەکە گوتی "لەوەتای پیاوان گەیشتوونەتە دەسەڵات، مرۆڤایەتی جەنگی زۆری لەمێژووی خۆیدا بینیوە، با لێگەڕێن ئێمەش بەشداریی دەسەڵات بکەین، لەوانەیە بتوانین لە هێنانەدی جیهانێکی باشتردا یارمەتیدەر بین".

ڕەنگە ئیقبال دۆغان لەبیری کردبێت کە جەنگی نێوان بەریتانیاو ئەرژەنتین لەسەر دوورگەکانی فۆکلاند لەسەردەمی مارگرێت تاتچەری سەرۆک وەزیرانی پێشووتری بەریتانیادا ڕوویدا، بەڵام بەهەرحاڵ هێنانە ئارای قسەوباسی لەوجۆرە لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە جموجوڵێک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زیاتر بۆ ژنانی نزیک لە سەنتەری بڕیار دەستی پێکردووە.

هەرچەندە لۆرا بوش تاکە خانمی یەکەمی ئەمریکا نییە بەرەورووی خیانەتی هاوسەری دەبێتەوە (ئەگەر چیرۆکی بوش و کۆندی ڕاست بێت) و پێش ئەویش هیلاری کلینتۆن بەهۆی مۆنیکا لوینسکییەوە بەرەورووی هەمان کێشە بووەوە، بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە خانمی یەکەمی ئەمریکا خاوەنی ڕۆڵێکی ڕاستەقینەیە، هیلاری کلینتۆن بەو هەوڵە زۆرەی بۆ گەیشتنە کۆشکی سپی دای، سەلماندی کە ئەو لەسەردەمی سەرۆکایەتی مێردەکەشیدا تەنیا ژنی سەرۆک نەبووە. ئەوە ئاڵمای خێزانی کۆڵن پاوەڵ بوو کە نەیهێشت مێردەکەی خۆی بۆ پۆستی سەرۆکایەتی کاندید بکات و بەو هۆیەشەوە جۆرج بوش بووە تاکە پاڵێوراوی کۆمارییەکان لەساڵی 2000دا. لە فەرەنساش کە ئێستا خێزانی سارکۆزی زۆرترین ڕۆشنایی ڕاگەیاندنی بۆخۆی کێش کردووە، دانیال میتێران پاش مردنی فرانسوا میتێرانی مێردی کتێبێکی چاپکرد و لەوێدا ئاشکرای دەکات کە لەسەردەمی دەسەڵاتی مێردەکەیدا چ ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە.

سەبارەت سیسیلیای خێزانی سارکۆزیش، ڕەنگە سەرنجڕاکێشترین شت بۆ فەرەنسییەکان سەردانی لەناکاوی بووبێت بۆ لیبیاو چاوپێکەوتنی لەگەڵ موعەممەر قەزافی لەساڵی ڕابردوودا. سیسیلیا کە پێشتر نمایشکاری جلوبەرگ بووە، پێیخۆش نییە بە خانمی یەکەم ناوی ببەن و پێشتر ڕایگەیاندووە کە ئەو نازناوە پەستی دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەستی وەردایە یەکێک لە ئاڵۆزترین کێشەکان، کێشەی نێوان وڵاتانی ئەوروپاو لیبیا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدانی پەرستارە بولگارییەکان و تێیدا سەرکەوت.

خێزانی سەرۆکی فەرەنسا کە دەستووری فەرەنسی هیچ ڕۆڵێکی بۆ دەستنیشان نەکردووە، بەو سەردانە پرسیارو گومانی زۆری لای فەرەنسییەکان وروژاند تا ئەو ڕادەیەی کە یەکێک لەڕۆژنامە میللییەکانی فەرەنسا پێشبینی کردبوو بەبۆنەی جەژنی نیشتمانییەوە لە 14ی تەمموزدا لە تەلەفزیۆنەوە وتارێک پێشکێش بکات.

# بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک و ئەگەری بەرپابوونی راپەڕینێکی جیهانی

**رووداو- BBC**

لەگەڵ چەندبارەبوونەوەی بانگەوازی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی پێویستیی گرتنەبەری ڕێوشوێنی خێرا بۆ بەرەنگاربوونەوەی قەیرانێکی چاوەڕوانکراوی خۆراک لەجیهاندا، هەندێک وا چاوەڕوان دەکەن کە زۆرینەی دانیشتوانی سەر گۆی زەوی ناچاربن نەریتەکانی خواردنیان بگۆڕن، وێڕای مەترسیی سەرهەڵدانی برسێتی، بەڵام ئەو بڕە خۆراکەی بەرهەم دێت کەمبوونەوەی بەخۆوە نەبینیوە هێندەی کە نرخی خۆراک ڕووی لە هەڵکشان کردووە، ئەوەشی جێگای سەرنجە ئەم بەرزبوونەوەی نرخە بەقازانجی جوتیاران خۆیان نییە، بەڵکو قازانجەکە دەڕواتە گیرفانی کۆمپانیا گەورەکان و بازرگانە جیهانییەکانی دانەوێڵەو بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان.

هەندێ لەو گوشارانەی دەکەونە سەر بازاڕەکانی خۆراک لەجیهاندا پەیوەندییان بەو گۆڕانەوە هەیە کە لە کەشوهەوادا ڕوویداوە، بۆنموونە ئەو وشکەساڵییەی بەرەوڕووی بەرووبوومی دانەوێڵەی ئوستورالی و مەغریبی بووەوە، یان ئەو زوقم و سەهۆڵبەندانەی کە زیانێکی زۆری بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی سوریاو ئوردن گەیاند لە زستانی ڕابردوودا.

کۆدەنگییەک لەسەر ئەوە هەیە کە ئەو گۆڕانە پەیوەندیی بەو زیانانەوە هەیە کە مرۆڤ بەژینگەی گەیاندووە، لەمەشدا وڵاتانی پیشەسازیی بەرپرسیارێتی یەکەمیان دەکەوێتە ئەستۆ. ئەوەشی زیاتر ئەم قەیرانە دەکاتە قەیرانی دەوڵەمەندی و هەژاری ئەوەیە کە دەوڵەتە پیشەسازییەکان لەهەوڵی ئەوەدان لە بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان ئەڵتەناتیڤێک بۆ سووتەمەنیی تەقلیدی بدۆزنەوە، ئەمەش کاریگەریی خراپ لەسەر بازاڕی خۆراک دادەنێ، چونکە بۆنموونە وڵاتانی ئەمریکای لاتین ناچارن بۆ ئۆتومبێلە ئەمریکی و ئەوروپییەکان بڕێکی زۆر لەو دانەوێڵەیەی بەرهەمی دێنن بگۆڕن بە غازی ئیسانۆل کە لە بەنزین هەرزانتر ڕادەوەستێ، ئەمەش پاڵ بە وڵاتە کشتوکاڵییەکانی باشووری گۆی زەوییەوە دەنێت لەجیاتی فرۆشتنی دانەوێڵە ڕوو بکەنە بەرهەمهێنانی سووتەمەنی کشتوکاڵی بەبێ ئەوەی بیر لە دەرئەنجامەکانی ئەم هەنگاوە بکەنەوە، ئەمە سەرباری وێرانکردنی بەردەوامی دارستانەکان کە بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان ساڵانە 130 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لە دارستانە ئیستیوائیەکان لەناودەبرێن، کەچی لەبەرامبەردا لەنێوان ساڵانی 1990-2005 تەنیا بە 30 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە لەدارستانی دەستکرد قەرەبوو کراوەتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوەکان، ئەم زیادبوونی داخوازییە لەسەر خۆراک مانای ئەوەیە کە تا ساڵی 2030 وڵاتانی تازەگەشەکردوو جگە لە زەوییە کشتوکاڵییەکانی ئێستا پێویستیان بە 120 ملیۆن هێکتار زەوی کشتوکاڵیی دیکە دەبێت بۆئەوەی بتوانن خۆراکی پێویست بۆ دانیشتوانیان دابین بکەن. ئەو لێکۆڵینەوانە وا مەزەندە دەکەن کە ئەو دەوڵەتانەی کێشەی کەمیی خۆراکیان هەیەو داهاتیان سنووردارە، دەبێت ئەمساڵ 28 ملیار دۆلار بەلانیکەمەوە بۆ کڕینی دانەوێڵە تەرخان بکەن، واتە ڕێک دووهێندەی ئەوەی لەساڵی 2002دا بۆ کڕینی دانەوێڵە تەرخان کراوە.

مەسەلەیەکی دیکە کە بەشداریی ڕاستەوخۆی لە گرانبوونی نرخی خۆراکدا کردووە ئەوەیە کە هەندێک لەو دەوڵەتانەی خۆراک و بەرووبوومی کشتوکاڵی هەناردەی بازاڕەکانی جیهان دەکەن، دەستیان کردووە بەدانانی قەیدوبەند لەسەر هەناردەکانیان، ڕووسیا ساڵی ڕابردوو ئەم سیاسەتەی گرتەبەرو بەدوای ئەویشدا تایلاندو ئەرجەنتین و هیندستان هەمان هەنگاویان نا. ئێستا ئەم دەوڵەتانە بۆ هێشتنەوەی بەرووبوومەکان لەبازاڕی نێوخۆداو ڕێگەگرتن لە بەرزبوونەوەی نرخ، باجێکی زۆر دەخەنە سەر هەناردەکانی خۆراک، تەنانەت هەندێک لەو دەوڵەتانەی بەناردنەدەرەوەی سامانی ئاژەڵ و بەرووبوومەکانی بەناوبانگن دەستیان کردووە بە بیرکردنەوە لە دروستکردنی تەکەتولێکی هاوشێوەی ڕێکخراوی ئۆپێک بۆئەوەی کۆنترۆڵی نرخەکانی بازاڕی جیهان بکەن.

کێشەی بەرزبوونەوەی نرخی خۆراک بەرادەیەک گەورەبووە کە ئەمینداری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کۆنگرەی بازرگانی و پەرەپێداندا لە ئێکرای پایتەختی غانا بەشێکی وتەکانی خۆی بۆ ئەو قەیرانە تەرخان کرد.

دەرخستەکانی بانکی نێودەوڵەتی وا پێشان دەدەن کە نرخی خۆراک لەماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا 83% زیادی کردووە.

یان زیگلەر بڕیاردەری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ خۆراک ئەم قەیرانە جیهانییەی خۆراک کە بووەتە مایەی هەڕەشە بۆسەر بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی جیهان بە "کۆمەڵکوژیی بێدەنگ" ناودەبات و بەرزبوونەوەی نرخی سووتەمەنیش بەدیارترین بەرپرسیاری ئەو قەیرانە دەزانێت.

زیگلەر ڕاپەڕینێکی جیهانی بەهۆی برسێتییەوە بەدوور نازانێت. ڕاپەڕینێک هاوشێوەی شۆڕشی فەرەنسا.

**داوا لەسەرۆکی هەرێم دەکەم ئەگەر رێژەی کورد بەدروستی 2.5% یە لە وەزارەتی بەرگری عێراق ئاگادارمان بکاتەوە بۆ ئەوەی بە دوایدا بچین**

**هادی عامری، لەسەردەمی رژێمی سەددام دا، لەناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا، وەک فەرماندەیەکی سەربازیی ئەنجوومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامیی عێراق لەگەڵ ژمارەیەک لەچەکدارانیان ماوەیەک لەگەڵ پێشمەرگە بووە، دواتر بووەتە فەرماندەی فەیلەقی بەدر. هادی عامری،وەک سەرکردەیەکی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامیی عێراق بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم، بە خاوەن پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئێران ناسراوە، دوای نەخۆشکەوتنی عەبدولعەزیز حەکیم، ئەو بووەتە سەرۆکی فراکسیۆنی ئیئتیلافی شیعە کە گەورەترین فراکسیۆنی پەرلەمانی عێراقە، جگە لەوەی کە سەرۆکی لیژنەی ئەمن و بەرگریشە لە پەرلەمانی عێراق.**

**عامری لەسەر کێشەکانی ئێستای نێوان بەغداو هەولێر و کێشە هەڵواسراوەکانی دیکە، وەڵامی پرسیارەکانی (رووداو) ی دایەوە:**

**رووداو-بەغدا**



## هادی عامری سەرۆکی فراکسیۆنی ئیئتیلافی شیعە لە پەرلەمانی عێراق:

# دەبێ کورد واز لەو لەخۆباییبوونە بێنێت

**رووداو: پەیوەندی ئێستای نێوان هاوپەیمانی کوردستان و ئیئتیلافی یەکگرتوو چۆن دەبینی؟**

**هادی عامری:** ئێمە هاوپەیمانیی ستراتیژی بەکارێکی زۆر پێویست دەزانین و ئەو هاوپەیمانێتییەی ئێستا لەنێوان هەردوولا هەیە بووە هۆی دروستکردنی ئەم حکومەتەو هەر ئەوبوو کە ئەم پرۆسە سیاسییەی بنیات نا، درێژەدان بەو حکومەت و پرۆسەی سیاسییە بەندە بەم هاوپەیمانێتییە ستراتیژییە، بۆیەش مانەوەی بەپێویست دەزانین و هەست بە گرنگییەکەی دەکەین و نامانەوێ لەژێر گوشاری هیچ بارودۆخێکدا قوربانی بەم هاوپەیمانێتییە بدەین. راستە هەندێجار لەنێو پەرلەماندا رای

## کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکانی کوردستان دەبێت لەدەستی حکومەتی فیدراڵدا بن

جیاوازمان دەربارەی هەندێ مەسەلە هەیە، بەڵام ئەم جیاوازی و ناکۆکییە مانای ئەوە نییە هەموو شتێک کۆتایی هات و گەیشتووینەتە کۆتایی رێگا.

**رووداو: هەست ناکەن ساردییەک لەنێوان نوری مالیکی سەرۆک وەزیران و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دروستبووە؟**

**هادی عامری:** نا بەپێچەوانەوە من پێموایە پەیوەندیی نێوان مالیکی و سەرکردایەتی کورد پەیوەندییەکی زۆرباشە و شتێک بەناوی کێشە لە پەیوەندییە تایبەتییەکاندا نییە. لەڕاستیدا لەسەر ئاستی شەخسی پەیوەندییەکان زۆر باشن. بەڵێ هەندێ کێشە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمدا هەن، کێشەی راستەقینەن، بەڵام کێشەی خودی مالیکی نین، وەزارەتی ناوخۆ لە مەسەلەی گومرگ و زیندانەکان و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و دەروازە سنوورییەکاندا کێشەی هەیە، وەزارەتی دارایی لەگەڵ هەرێم کێشەی هەیە لەسەر مەسەلەی داهاتەکانی گومرگ و بابەتی دیکە. بەکورتی کێشەی زۆر هەیە، بەڵام ئەمە شتێکی ئاساییەو پەیوەندی بە دروستکردنەوەی عێراقی نوێوە هەیە، نەک کێشەیەکی تایبەتی بێت لەنێوان مالیکی و حکومەتی هەرێمی کوردستان یان نێوان مالیکی و سەرۆکی هەرێم، بەڵکو کێشەی هونەرین لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێم و چارەسەری ئەم کێشانەش بە گەڕانەوە بۆ دەستوورو یاسا دەبێت کە دەسەڵاتە حەسرییەکانی ناوەندو دەسەڵاتی هاوبەشی نێوان ناوەندو هەرێمەکانی دیاری کردووە. هەموو ئەو کێشانەش دەبێ بە گفتوگۆ چارەسەر بکرێن.

**رووداو: عەلی غێدان فەرماندەی هێزە وشکانیەکان لەم رۆژانەدا چووە خانەقین و گوتی بارودۆخی خانەقین زۆر ئارامەو پێویستی بە سوپای عێراق نییە، ئێستا ئێوە چۆن دەڕواننە قەیرانەکەی خانەقین؟**

**هادی عامری:** کێشەی خانەقین کێشەیەکی دروستکراوە، بەرپرسیارێتی ئەو کێشەیەش بەشێکی دەکەوێتە سەرشانی برایانی کوردو بەشێکی دیکەی بۆ لێدوانی نا بەرپرسانە دەگەڕێتەوە. حکومەتی عێراق هیچ نیازێکی نەبووە بچێتە ناو خانەقینەوە، لەوکاتەی برایانی کورد دەیانگوت سوپا خۆی ئامادە کردووە بچێتە ناو خانەقینەوە، من خۆم چوومە خانەقین و تەماشای بارودۆخەکەم کردو هیچ سوپایەکم نەبینی خۆی ئامادەکردبێت بچێتە خانەقینەوە، هیچ سوپایەکیش نەبوو بکشێتەوە، کاتێک خۆپیشاندانیان سازکرد و گوتیان ئەوە سوپا کشایەوە. واتە بە کورتی ئەو کێشەیە دروستکرا، حکومەتی عێراق سوپای نییەو هێندە هێزی زیادەی نییە بیبات لەخانەقین دایبنێ، جگە لەوەش ئەو سوپایە تەنیا رەوانەی شوێنە گەرمەکان دەکرێ، بۆیە پێموایە کێشەی خانەقین هەرچۆنێک بێت دەبێت چارەسەر بکرێت و لەوە زیاتر ئاڵۆز نەکرێت، بەڕاستی دەزگاکانی راگەیاندنیش رۆڵیان هەبوو لە گەورەکردنی ئەو کێشەیە، هەندێک لێدوانی نابەرپرسیارانەش بوونە هۆی ئەوەی هێندەی دیکە ئاڵۆزی بکەن.

**رووداو: بەڵام هەندێک دەڵێن کوتلەی ئیئتیلاف دەیەوێت دەست بەسەر خانەقیندا بگرێ بۆ ئەوەی دەروازەی مونزیرییە لەگەڵ ئێران کۆنترۆڵ بکات، هەروەها دەڵێن ئێوە لەگەڵ سوننەش رێککەوتوون بۆئەوەی جەلەولاش بخرێتە ژێردەستی بەرەی تەوافوق؟**

**هادی عامری:** پێش هەرشتێک ئێمە باوەڕمان بەدەستوور هەیە، باوەڕمان بەوەیە هەندێ ناوچە هەن تا رۆژی 2003/3/19 سنووری هەرێمی کوردستانیان پێکهێناوە. بەپێی برگە (ئەلیف) لەماددەی 53ی دەستوور ئەم ناوچانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوەدەبرێن. هەروەها هەندێ ناوچەی دیکەش هەن کە بەناوچەکانی جێی ململانێ ناودەبرێن، ئیدارەی ئەم ناوچانە ئێستا لەژێر سەرپەرشتی حکومەتە لۆکاڵەکاندایە، حکومەتی فیدراڵیش بەپێی ئەو دەسەڵاتانەی دەستوور بۆی دیاریکردووە مافی ئەوەی هەیە کاروباریان بەڕێوەببات، ئیدی ئەوەی لەبارەی ئیئتیلافەوە دەگوترێ بەدڵنیاییەوە دوورە لەڕاستی. ئەو دەروازە سنوورییەو هەموو دەروازەکانی دیکەش پەیوەستن بە حکومەتی فیدراڵەوە، ئیدی ئەو دەروازەیە لەخانەقین بێت یان لە هەرێمی کوردستان یاخود لە بەسرە، بۆیە کاتێک حکومەتی فیدراڵ دەڵێت دەروازە سنوورییەکان کۆنترۆڵ دەکەم ئەوە ئەرکی خۆیەتی، تەنانەت لەهەرێمی کوردستانیش کۆنترۆڵی دەروازە سنوورییەکان دەبێت لەدەستی حکومەتی فیدراڵدا بێت. بۆیە نە ئێمە نیازی کۆنترۆڵکردنی خانەقینمان هەیەو نە تەوافوقیش نیازی جەلەولای هەیە، ئەمە پروپاگەندەیەو ئێمە پێداگری لەسەر حکومەتێکی یەکێتی نیشتمانی دەکەین، ئیئتیلاف و هاوپەیمانیی کوردستان و بەرەی تەوافوق هەموومان بەشدارین لە بنیاتنانی ئەو حکومەتەداو ئەو دابەشکارییە دوورە لەڕاستی.

**رووداو: کوردو تەنانەت ئەمریکییەکانیش دەڵێن لەوەتای بارودۆخی ئەمنیی عێراق بەرەو هێوربوونەوە چووە مالیکی بەشێوەیەکی لووتبەرزانە رەفتار دەکات، ئێوە لەبارەوە چی دەڵێن؟**

**هادی عامری:** ئەو بۆچوونانە لەجێی خۆیان نین و من بەڕاشکاوانە دەمەوێ ئامۆژگارییەکی پێچەوانە بخەمەڕوو، وەک یەکێک لە رۆژنامەوانە کوردەکانیش گوتی دەبێت کورد واز لەو لەخۆباییبوونە بێنن. دەبێت هەموومان و نوری مالیکیش لەخۆمان بایی نەبین، چارەسەرەکە ئەمەیە، لەخۆباییبوون و لووتبەرزی چارەسەری هیچ شتێک ناکات، ئێمە ئەو لووتبەرزییەمان نییەو دەستوور دەسەڵاتەکانی سەرۆک وەزیرانی دیاریکردووەو بەپێی ئەو دەستوورە کەس ناتوانێ رەفتاری لووتبەرزانە بکات.

**رووداو: بەڵام کورد گلەیی ئەوە لە ئیئتیلاف دەکات کە لەم کێشانەی بەم دواییە رووویاندا وەک هاوپەیمانێکی کورد رەفتاری نەکرد؟**

**هادی عامری:** برایانی هاوپەیمانیی کوردستان خۆشەویستی ئێمەن، ئێمە بەوپەڕی پێداگرییەوە سوورین لەسەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ برایانی کورد و کەس لەئێمە نایەوێ زیان بەو پەیوەندییە ستراتیژییە بگەیێنێ لەگەڵ کورد، بەڵام خۆی سروشتی کاری پەرلەمانی وایە کە هەندێجار ناکۆکی دروست دەبێت، جاری وا هەیە لەنێو یەک کوتلەدا رای جیاواز هەیە، هەندێ شت خۆیان بابەتی ناکۆکین، بەڵام بمانەوێ لەهەموو شتێکدا یەک بیروبۆچوونمان هەبێت ئەوە راست نییە، ئێوە رای خۆتان هەیەو ئێمەش رای خۆمان هەیە، خۆ زۆرجار لەنێو کوتلەی هاوپەیمانی یان لەنێو ئیئتیلافدا چەندین بۆچوون پەیدادەبن، بۆیە پێموایە کاتێک لەسەر یەکێک لە بابەتەکان بۆچوونمان جیاواز دەبێت، پێویست ناکات بەشێوەیەکی دیکەی لێکبدەینەوە، بەڵکو دەبێت بێین گفتوگۆی ئەو مەسەلانە بکەین و لەسەر شتێک رێکبکەوین کە بەرژەوەندی هەموو عێراقی تێدایە، بەرژەوەندی عێراق دەبێت بخرێتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکانی دیکە، نەک کە لەشتێکدا جیاوازبووین بڵێین هەموو شتێک تەواو.

**رووداو: مالیکی لە کۆبوونەوەیەکدا لەگەڵ بەڕێوەبەری کەناڵە ئاسمانییەکانی عێراق باسی ناوچەکانی جێی ململانێی کردو گوتی نابێت حکومەتی هەرێمی کوردستان دەست لەناوچەکانی خوار هێڵی 36 وەربدات، ئەوە لەکاتێکدا کە هێزی پێشمەرگە لەوکاتەی حکومەتی عێراق زۆر لاواز بوو نەیهێشت پارێزگاکانی وەک موسڵ و کەرکووک و دیالە بکەونە ژێردەستی قاعیدە، تۆ دەڵێی کێشەی خانەقین دروستکراوە، بەڵام ئەم لێدوانە دەریدەخات کە سبەی هەمان کێشە لە کەرکوک و موسڵیش دووبارە دەبێتەوە؟**

**هادی عامری:** من پێمخۆشە راشکاوانەو بەشێوەیەکی برایانە قسە بکەم، ئێمە هەموومان بە هاوپەیمانی کوردستان و کوتلەی ئیئتیلافەوە دەبێت کار بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی دامەزراوەیی بکەین، دەبێت یاسا بکەینە سەروەر و چەک بەتەنیا لەدەستی دەوڵەتدا بێت، ئێمە لەناوچەکانی خۆماندا بەجددی کارمان بۆ ئەمە کردووەو دەبێت لەناوچەکانی ئێوەشدا بەهەمان

## بەسەر سەرم پێشمەرگە کاری زۆری کردووە، بەڵام چەک تەنیا دەبێ لەدەست دەوڵەتدا بێت و دەبێ ئەوە وەدیبهێندرێت

ئاستی جددیەت بین. مەسەلەی سەروەریی یاساو هێشتنەوەی چەک بەتەنیا لەدەستی دەوڵەتدا شتێکە دەبێت بەدیبهێندرێت، بەڵێ پێشمەرگە کاری زۆریان کردووەو ئەمە لەسەر سەرم، بەڵام هێزی بەدریش کاری زۆری کرد، ئێستا مادام بەدر رۆڵێکی زۆری بینیوە لێگەڕێین بەچەکداری لەسەر شەقامەکان بمێنێتەوەو بەشێک نەبێت لەهێزە چەکدارەکان، پێشمەرگەش بەهەمان شێوە، ئەمە شتێکە بەدڵنیاییەوە لەبەرژەوەندی کەس نییە، بۆیە ئێمە پێداگری دەکەین و دەبێت هاوپەیمانی کوردستانیش بەهەمان جددیەت کار بۆ بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی بکات و چەک بەتەنیا لەدەستی دەوڵەتدا بهێڵینەوە، ئەمە بەلای ئێمەوە مەسەلەیەکی بنچینەییە. خاڵی دووەم سەبارەت بە ناوچەکانی جێی ململانێ، ماددەی 140 بۆئەوە دانرا کە ئەو کێشەیە چارەسەر بکات و ماددەکە هێشتا جێبەجێنەبووە، باشە چۆن ئیدارەی ئەم ناوچانە بکرێ، ئایا ئیدارەی لەدەستی حکومەتی فیدراڵ دەبێت یان حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستوورو ئەو یاسایانەی ئێستا کاریان پێدەکرێت ئەمە روون دەکەنەوە، ئەم ناوچانە لەلایەن حکومەتە لۆکاڵەکانەوە بەڕێوەدەبرێن، لەزۆربەی ئەو ناوچانەشدا ئیدارە بەدەست کوردەوەیە، ئێمە دەڵێین ئیدارەی ئەم ناوچانە بەدەست حکومەتە لۆکاڵەکانەوە دەبێت و حکومەتی فیدراڵیش بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتەی دەستوور پێیداوە مافی ئەوەی هەیە تەدەخول لەکاروباری ئەم ناوچانە بکات. خاڵی سێیەم ئەوەیە کە ئەگەر کێشەیەک لەم ناوچانەدا سەری هەڵدا ئەوە لەنێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمدا بەدیالۆگ چارەسەر دەکرێت، ئەم چارەسەرە بەبڕوای من چارەسەرێکی دەستوورییەو پشت بەیاسا دەبەستێ و کارئاسانی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەکات، هەرکاتێک ئەم ناوچانەی جێی ململانێ بەپێی ماددەی 140 بوونە بەشێک لەهەرێمی کوردستان ئێمە رێزی یاساو دەستوور دەگرین.

**رووداو: ئێوە وەک ئەندامانی پەرلەمان کاتێک ماوەی جێبەجێکردنی ماددەی 140 لەوادەی دیاریکراوی خۆی تێپەڕی بۆچی سەرۆک وەزیرانتان نەهێنایە ناو پەرلەمان و لێپرسینەوەی لەگەڵ بکەن کە بۆچی ماددەیەکی دەستووریی جێبەجێ نەکرد؟**

**هادی عامری:** ئەگەر بۆ دەستوور بگەڕێینەوە دەبێت لێپرسینەوە لەگەڵ سەرۆک کۆمار بکرێت کە بەڕێز مام جەلالەو خۆشەویستی ئێمەیە، ئەوە لەدەسەڵاتی سەرۆک وەزیراندا نییە ماددەی 140 جێبەجێ بکات، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتی بەڕێز سەرۆک کۆمارە ئەو ماددەیە جێبەجێ بکات، بۆیە ئەگەر لێپێچینەوەو لێپرسینەوە هەبێت لەگەڵ سەرۆک وەزیران ناکرێت چونکە ئەو بەرپرس نییە لەجێبەجێکردنی ماددەی 140، بەڵکو سەرۆکایەتی کۆمار لێی بەرپرسە.

**رووداو: لەکاتێکدا تائێستا کێشەی چارەنووسی پێشمەرگە بەهەڵواسراوی ماوەتەوە هەرچی هێزی بەدر هەیە کرایە بەشێک لەسوپای عێراق، تۆ بەوپێیەی سەرۆکی لیژنەی ئاسایش و بەرگریت لە پەرلەمان، دەربارەی ئەوە دەڵێی چی؟**

**هادی عامری:** پێموایە ئەو کێشەیە دەبێت چارەسەر بکرێت، مەسەلەی لەخۆگرتنی هێزە چەکدارەکانی نێو ئۆپۆزسیۆن وەک بەدرو پێشمەرگە، هەروەها هەندێ میلیشیای دیکە کە ئێستا هەن، ئەوە یاسایەکی تایبەت هەیە، کە ئەویش یاسای ژمارە 91 ە کە دەبێت کارا بکرێ . بەدر هەتا ئێستاش هەمووی نەخراوەتە سەر سوپا، هەتا ئێستاش ئەوە کێشەیەکی راستەقینەی منە، بەداخەوە بەتەنیا خۆیشم لە گۆڕەپانەکەدام و تەنانەت برایانی کوردیش هاوکارییان نەکردم بۆ کاراکردنی یاسای ژمارە 91. ئێمە لەگەڵ کوردین بابێن پێکەوە کاربکەین بۆ جێبەجێکردنی ئەو یاسایە، ئێمە لەگەڵ ئەوەین هەرچی خاوەن مافە بەمافی خۆی بگات، پێشمەرگەو موجاهیدانی بەدرو هەموو ئەوانەی خەباتی چەکدارییان دژی رژێمی پێشوو کردووە دەبێت بەمافی خۆیان بگەن و زوڵمیان لێنەکەین، ئەوانە مافیان بەسەر هەموومانەوە هەیەو نابێت مافیان بخورێت. داوادەکەم کورد دەنگیان بخەنە پاڵ دەنگی من بۆ جێبەجێکردنی یاساکە. بەڵام بەداخەوە چەندین جار داوام کردووە تاکە دەنگ بووم و کەس پشتیوانیی نەکردم.

**رووداو: پێتان وانییە رێژەی 2.5%ی کورد لەنێو سوپا و وەزارەتی بەرگری عێراقدا زۆر کەمە وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش ماوەیەک لەمەوبەر گوتی؟**

**هادی عامری:** لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڵام پێموایە ئەو ژمارانە زۆر ورد نین، لەوانەیە ئەو قسەیە لەسەر شوێنێکی دیاریکراو کرابێت، ئەو ژمارانەی لەلای منن بەجۆرێکی دیکەن، ئەگەر باسی کورد لە شوێنە هەستیارەکاندا بکەین، بۆنموونە لە وەزارەتی بەرگری لە سەرۆکی ئەرکانەوە بۆ هەواڵگری، بۆ ئیدارە، بۆ سەرکردایەتی هێزی تایبەت، بۆ سەرکردایەتی هێزی ئاسمانی و زۆر شوێنی دیکەی گرنگی سەر بە وەزارەتی بەرگری هەموو بەدەست برایانی کوردەوەن. سەرکردایەتی هەرسێ فیرقەی 2 و 3 و 4 ئێستا بەدەست کوردەوەن. وا خەریکە دوو فیرقەی دیکەش دروست دەکرێن کە ئەوانیش بەدەست کوردەوە دەبن، بۆیە پێموایە ئەو ژمارانە زۆر ورد نین. داوام لەبەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەوەیەو تەمەنا دەکەم ئەگەر رێژەکە بەوجۆرەیە ئاگادارمان بکەنەوە زۆر سوپاسیان دەکەین و زۆر بەجددی بەدوایدا دەچین، چونکە ئێمە دەمانەوێ هەموو پێکهاتەکان بەشێوەیەکی راستەقینە بەشداریی لە بنیاتنانی وڵاتدا بکەن.

**رووداو: هەندێ راگەیێندراوی فەرمی لەلایەن حکومەتەوە دەرچوون و لە تەلەفزیۆنەکانەوە پەخش دەکرێن، ئێران بەوە تۆمەتبار دەکەن کە دەست لەکاروباری عێراق وەردەدات و یارمەتی گرووپە تیرۆریستەکان دەدات، ئایا بەڕاستی هیچ بەڵگەیەک لەسەر ئەوە هەیە؟**

**هادی ئەلعامری:** پێموایە ئەو لێدوانانە زۆر نابەرپرسیارانەن و یارمەتیدەر نین بۆ دروستکردنی پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتیش کۆماری ئیسلامیی ئێران. ئێمە زیاد لەجارێک دووپاتمان کردووەتەوە کە ئەگەر بەڕاستی دەستتێوەردانی لەوجۆرە هەیە وەرن بەڵگەمان بدەنێ بۆئەوەی شاندێکی عێراقی بنێرین و بڵێین ئەوە بەڵگەکانی ئێمەن. بەڵام ئەوە قسەی هەندێ حیزب و لایەنە و پێموایە کارێکی زۆر نابەرپرسیارانەیە.

**رووداو: بەڵام ئەوانە ریکلام و لێدوانی حکومەتن ؟**

**هادی عامری:** هیچ راگەیێندراوێکی فەرمی نییە، من جارێک بە مۆفەق روبەیعیم گوت کە قسەی کردبوو گوتم کوا بەڵگەکەت هیچ بەڵگەیەکی نەدامێ. ئەو لێدوانانە نابەرپرسیارانەن.

## کێشەی خانەقین کێشەیەکی دروستکراوە و بەشێکی بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە سەرشانی برایانی کوردو لێدوانی نا بەرپرسانە

**رووداو: چۆن دەڕواننە دواکەوتنی گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی یاسای نەوت و غاز لە پەرلەمان؟**

**هادی عامری:** دەرنەچوونی ئەو یاسایە هەتا ئێستا هەڵەیەکی ستراتیژییە و زیان بە عێراق دەگەیێنێ و، هەموومان پێکەوە لەو هەڵەیە بەرپرسیارین. هەندێک لایەن هەن دەیانەوێ کەرتی پیشەسازی نەوت پەکی بکەوێت بۆ ئەوەی وڵات داهاتی زۆری نەبێت و نەتوانین گەشەی پێبدەین.

**رووداو: چۆن لە گرێبەستەکانی نەوتی حکومەتی کوردستان و هەڵوێستی وەزیری نەوتی عێراق دەڕوانی، لەکاتێکدا سەرۆکی حکومەتی هەرێم چەندین جار گوتوویەتی کە ئامادەیە گرێبەستەکان بخاتە بەردەستی حکومەتی فیدراڵ و چەندین جاریش رایگەیاندووە کە کورد تەنیا 17%ی ئەو داهاتە دەبات کە لەئەنجامی فرۆشتنی ئەو بیرە نەوتانەوە دەست دەکەوێت؟**

**هادی عامری:** ئێمە دەبێت بەپێی یاسا کاربکەین و خۆمان لە ئیجتیهاد بە دووربگرین، لەگەڵ رێزی زۆرم بۆ هەڵوێستی برایانی کورد لەسەر ئەو مەسەلەیە، بەڵام پێموایە هەڵوێستێکی نادروستە، زۆر بەڕاشکاوانە دەڵێم داهات شتێکی مەرکەزییە، گرێبەستی نەوت دەبێت رێککەوتنی لەسەر بکرێت، پێویستە خۆمان لەو شتانە بەدووربگرین کە دەستوور پەکدەخەن. پێموایە مۆرکردنی ئەو گرێبەستانە بەوشێوەیە کارێکی نادروستەو هیوادارم لەوبارەوە بگەینە تەوافوق . دەبێت وەزارەتەکانی دارایی و دەرەوەو بەرگری تەنیا لەدەستی حکومەتی فیدراڵدا بن و پێویستە هەرچی زووترە کۆتایی بەوکێشەیە بێنین.

**رووداو: ئێستا حیزبی دەعوەی مالیکی لە پارێزگاکانی باشوور خەریکی دروستکردنی ئەنجوومەنی پشتیوانییەو، دەگوترێ ئەوە هەوڵێکە لەلایەن مالیکییەوە بۆ پەراوێزخستنی ئەنجوومەنی باڵای ئیسلامی و لایینەکانی دیکەی ئیئتیلاف، رای ئێوە چییە؟**

**هادی عامری:** ئێمە وای نابینین و پێداگری دەکەین لەسەر درێژەدان بە پەیوەندی بەتین لەگەڵ برایانی حیزبی دەعوە کە هاوپەیمانی ستراتیژی ئێمەن و یەکێکن لەپێکهاتە سەرەکییەکانی ئیئتیلاف، هەروەها پەرۆشی سەرکەوتنی سەرۆک وەزیران و حکومەتی سەرۆک وەزیرانین، پێمان وانییە سەرۆک وەزیران ئەو ئەنجوومەنە بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی دروست بکات، بەڵام لەڕووی یاساییەوە لێی دەکۆڵینەوە بزانین تاچەند ئەوە کارێکی یاساییەو ئایا دروستکردنی ئەو ئەنجوومەنانە کاری حکومەتی فیدراڵە یان کاری پارێزگاکان خۆیان. گفتوگۆیەکی یاسایی ئەو مەسەلەیە دەکەین دوور لە لێکدانەوەی حیزبی. هەڵوێستی ئێمە ئەوەیە کە ئەوە کارێکی نادەستووری و نایاساییە، چونکە نازانین کامە کاری حکومەتی فیدراڵەو کامە کاری ئەنجوومەنی پارێزگاکانە، ئەمەش گفتوگۆیەکی تەکنیکی دوور لەناکۆکی حیزبییەو هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ خودی سەرۆک وەزیران نییە.



شیعە گەورەترین هێزی سیاسی و گەلێری عێراق (فۆتۆ: AFP)



## خەتای ئومێد باڵەبان

ڕووداو- هەولێر

◆ سەرچاوەیەکی نزیک لەگۆرانیبێژ ئومێد باڵەبان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئومێد باڵەبان،بە پشتیوانی دەزگای ئاراس ئێستا خەریکی ئامادەکاری کۆتایی بڵاوکردنەوەی گۆرانییەکە بە ناوی (خەتا) کە تێکستەکەی لەلایەن ئەکرەم ئەمین و دابەشکردنی موزیکیشی لەلایەن محەممەد یاسین بۆ دانراوە.ئەو گۆرانییەی ئومێد باڵەبان لەهەردوو ستۆدیۆی مێلۆدی لەشاری هەولێرو ستۆدیۆی دەنگ ورەنگی شاری دهۆک تۆمارکراوەو لەماوەیەکی نزیکدا بڵاودەکرێتەوە و دەکرێتە کلیپیش.




نازدار:

# ئەز نەک هەر جوانم بەڵکو دەنگیشم خۆشە



سیروان حەجی بەرکۆ
sirwan@amude.com

ڕووداو- ئەڵمانیا

دوای بڵاوکردنەوەی یەکەمین ئەلبوومی خۆی بەنێوی (هەی دنیایێ) لە باشووری کوردستان، گۆرانیبێژی جوان، نازدار گەڕاوە ئەڵمانیا. پاش ئەو قەرەباڵغییەی لە کوردستان بۆی هاتە سازکردن، نازدار ئیدی دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی خۆی و دەچێتە قوتابخانە، کە ئەمساڵ لە دوایین پۆلی ئامادەییدا دەخوێنێ. ئاواتە خوازیشە دوای ئەمساڵ بتوانێ کۆمەڵناسی لە زانکۆ بخوێنێ.

نازدار، تەمەن 20 ساڵ، کە لەدایکبووی ناوچەی جزیرەی باکووری کوردستانە و چەند ساڵە بەهۆی چالاکی سیاسی باوکیانەوە ئاوارەی ئەڵمانیا بوونە و لە شاری بیلەفیلدی هەرێمی نۆردراین-ویستفالەن دەژین. لەوشارەدا باسی دوایین ئەزموونی خۆی لە کوردستان بۆ (ڕووداو) کرد.

هەرچەندە ئەو لەسەردانەکەیدا بۆ کوردستان زۆر دڵخۆش بووەو هەموو شتێک بە ڕێکوپێکی بۆ تەواوبیوو، بەڵام ڕەوشی کچ و ژنان لە کوردستان ئەوی ئەوی زۆر خەمبار کرد. نازدار گوتی لە کوردستان دوای ئەوەی لەسەر شاشەی تەلەفزیۆنەکان دەرکەوتووە تەماشاکاران دڵخۆشی خۆیان نیشانداوە کە کچێکی کوردی هێندە شارەزایە لەکاری هونەری خۆیدا.

هەرچەندە ئەوە نازداری زۆر دڵخۆشکردووە، بەڵام لە هەمانکاتدا لەخۆی پرسیوە: "ئەی بۆچی ئەو کەسانە ڕێ لە پێشکەوتنی کچەکانی خۆیان دەگرن؟"، نازدار بەپێویستی دەبینێ کە کچانی کوردستانیش ئیدی بتوانن لە هەموو بوارەکانی ژیاندا خۆیان بسەپێنن بێ ئەوەی لەلای خێزانەکانیانەوە کۆسپیان بۆ دروستبکرێ.

نازدار ئاماژە بە چەوساندنەوە و بچووککردنەوەی ژنانی کورد دەدات لەلایەن پیاوەکانەوە و خۆی وەک نمونەیەک دەبینێ بۆ بە توانایی کچانی کورد بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی زۆر گەورە "ئەز وەک نیشانەیەک بۆ مرۆڤان تەماشای گۆرانی گوتن دەکەم، کە ژنی کوردیش دەتوانێ سترانبێژی بکات و شەرم نییە، بەلکو بۆ ئەو مایەی سەربڵندییە".

هەرچەندە نازدار زۆر جوان بێ، جوانییەکەشی لە کوردستان تارادەیەک بۆی هاوکار بووبێ، بەڵام نازدار زۆر بە توندی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە جوانییەکەی هۆی سەرەکی سەرکەوتنی ئەو بووبێ و دەڵێ "مرۆڤ هەمیشە نازانێ کە خەڵکی بەرامبەری چی لێدەخوازن، بەتایبەتیش کە ژن بیت، بەڵام بە تەجرەبەی ساڵانم و پشتیوانی خێزانەکەی مرۆڤ دەتوانێ کەسایەتییەکی بەهێز بۆ خۆی دروست بکات، کە بتپارێزێ، من دەنگم هەیە و سترانم تۆمارکردن، کەس ناتوانێ من تەنیا جوانم، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەنگیشم هەیە و دەنگم خۆشە".

# گەنجەکان بەگوتنی حەیران پیرەکان تووڕە دەکەن





دڵپاک زرار
dilpakasaad@yahoo.com

ڕووداو- هەولێر

مەسعود عوسمان، کاسبکارەو یەکێکبوو لەبەشدارانی خولی فێربوونی حەیران لەبنکەی مەقامی هەولێر،ئەو دەیەوێت دوای تەواو بوونی خولەکە خۆی لەبواری حەیرانبێژی تاقیبکاتەوە، بەڵام ترسی لەوە هەیە بەو هۆیەوە بکەوێتە بەر توانجی پیرەکان "چونکە ئەوان دەڵێن گەنج ناتوانێت حەیران بڵێت".

مەسعود، بەئاواتی ئەوە بەشداری خولەکەی کردووە کە بتوانێت بەرهەمی تایبەت بەخۆی هەبێت و لەو ماوەیەدا شتێک لە ئەدەبیات و هونەری حەیرانبێژی فێربێت"زۆر سودم لە بابەتە کردەییەکان وەرگرتووەو دەمەوێت ببمە حەیرانبێژێکی لێزان".

خولی فێربوونی حەیران کە بەسەرپەرشتی چەند مامۆستای پسپۆڕ لەبنکەی مەقام لەهەولێر بۆ هەوادارانی بواری حەیران کرایەوە، 10 قوتابی بەشداریان تێدا کرد و ماوەی 6 هەفتەی خایاند، 3 هەفتە بۆ بواری تیۆری و 3 هەفتەش بۆ بواری پراکتیکی، بابەتی خولەکەش تایبەت بوو بە ئەدەبیاتی حەیران و دەنگ و مۆسیقا.

نایف شێخانی، بەڕێوەبەری بنکەکە ئاماژەی بەوەکرد کە بۆ زیاتر ناساندنی حەیران بڕیاریاندا خولەکە هەرچەندە ماوەکەشی کەمە بکەنەوە، بۆ بەردەوامبوونی حەیران و دروستکردنی حەیرانبێژی گەنجی لێزان.

بەپێی هەندێ لێکۆڵینەوە، سەرچاوەی حەیران دەشتی هەولێرە، بەزۆریش پێیانوایە لە وشەی (حیرەی) عەرەبیەوە وەرگیراوە. بەڵام حەیرانناس پیرداود مەخموری دەڵێت بەقسەی خوالێخۆشبوو سەلام نەبی ڕانیەیی، نووسەری بواری فۆلکلۆر لەوشەی (هەی ڕان) هاتووە، بەمشێوەیە نموونە بۆ ڕاستی قسەکانی دەهێنێتەوە"کاتی خۆی شوانێک بریندار بووە لەبەر خۆیەوە قسەی کردووەو گوتوویەتی هەیران هەیران".

هۆمەری دزەییش، لەکتێبەکەیدا بەناوی (حەیران) بوونی زۆری حەیرانبێژان لەدەشتی هەولێرو بەهێزتربوونی حەیرانەکانی لە ناوچەکانی دیکە بەبەڵگە دادەنێت بۆ خاوەندارێتی دەشتی هەولێر بۆ حەیران. پیرداود مەخموریش ئەمە پشتڕاست دەکاتەوە و دەڵێت "حەیران بەشێوە زاری دەشتی هەولێر نەگوترێت حەیران نییە، بەڵکو نموونەیەکی شێویندراوی حەیرانە".

بەپێی زانیاری شارەزایانی بواری حەیران، حەیران شیعرێکی ئازاد، یان پەخشانە شیعرە، خاوەنی کێش و سەروایە، مەرجە حەیرانبێژ لە کاتی گوتنی حەیران ئەوانە ڕەچاو بکات. لەبارەی کێشەوە بۆ نموونە ئەگەر دێری یەکەم 7برگەیی بێت، پێویستە دێری دووەم 14 برگەیی و دێری سێیەم 21 برگەیی بێت تا کۆتایی، لەبارەی سەرواشەوە دەبێت کۆتایی هەموو بەشەکانی بەندی حەیرانەکە یەک سەروا بێ، ئەگەر نا بە ناتەواو دادەنرێت.

هۆمەری دزەیی حەیرانی دەشتی هەولێر بە فۆرمی (سۆناتا)ی میوزیکی کلاسیک دەچوێنێت، کە ئەمیش وەک حەیران لەسێ بەش پێکهاتووە (نمایشکردن، پەرەسەندن، گەڕانەوە بۆ نمایش)، بەڵام زۆر لەموزیکژەن و حەیرانبێژەکان بەپێی توانایی خۆیان بەشیان بۆ زیاد کردووە.

هونەرمەند سەید ئەحمەد ڕواندزی دەڵێت "تۆنی دەنگی حەیرانبێژ دیاری دەکات حەیرانبێژ چ جۆرە حەیرانێک بڵێت، بەدەنگێکی کز کە ئەمە بۆ کۆڕو کۆبوونەوە و شوێنی داخراوە، یان بەدەنگی بەرز کە ئەمەش لەشوێنی کراوە دەگوترێت، جا دەشت بێ یان چیا وا باشتریشە بەندەکانی حەیران هەموو بەیەکەوە بگوترێت نەک بەجیا". سەید ئەحمەد گوتیشی"دەتوانرێت حەیران لەگەل ئۆرکێستراش بگۆترێت". ئەوەی زۆر لەحەیرانبێژ و لاوکبێژەکان تووڕە دەکات، گۆرانیبێژە گەنجەکانن کە بەر لەدەستپێکردن یان کۆتایی گۆرانی، حەیران دەڵێن و ئەمە بە نەگونجاو دادەنێن و دەڵێن حەیرانبێژ تەنها ئەرکی گوتنی حەیرانە نەک گۆرانی و بەستە.

بۆ یارمەتیدانی قوتابیەکانیش ئەو بەڕێوەبەرە بۆ (ڕووداو) گوتی"هەر قوتابیەک بەردەوام بێت ئێمە بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە یارمەتی دەدەین ئەمەش ئامانجی سەرەکی ئێمەیە".

پیرداود مەخمووری، ئاماژە بەوە دەکات کە حەیران لەخۆشی و ناخۆشیشدا دەگوترێت و بەرهەمی ژنە "چونکە حەیران سۆزەو ژنیش لەپیاو سۆزی زیاترە، بەڵام ژن لەبەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی زۆر بەکەمی حەیرانی چڕیوە، لەپرسەکان نەبێ، کە ئەو پشکی شێری بەرکەوتووە پیاو هیچی نەگوتووە". لەبارەی بابەتەکانی حەیرانیش بەڕای حەیرانناسان بابەتی سەرەکی خۆشەویستییە، بەڵام لەناو بابەتەکە لایەنی ئاینی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سوارچاکی و پێداهەڵگوتن بە بەژن و باڵای ژن دەردەکەوێت بەبێ ئەوەی کەس پێی عەیب بێ.

شارەزایان دەڵێن حەیران هەمیشە لەنوێبوونەوەدایە و پیر نابێت بۆیە هەموو کاتێک دەتوانرێت بابەتی سەردەم بکرێتە دەقی حەیران، ئەمەش زیاتر بۆ تەمەنی گەنجە، بەڵام کەسانی بەتەمەن زیاتر گوێی لێدەگرن و زۆربەی جارەکانیش ڕۆژانی گەنجی خۆیان بەبیر دێتەوەو فرمێسک لەچاویان دێتە خوارێ. زارا محەمەدی، گۆرانیبێژ، تاکە بەشداربووی ئافرەت بوو لەخولەکەدا و خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، دەڵێت"لەم خولەدا بەشێوەیەکی زانستی فێری حەیران بووم". ئەو لەبەر ئەوەی خولیایەکی زۆری هەیە بۆ فێربوونی حەیران، زۆرتر خۆی ماندوو دەکات و دەیەوێت ببێتە حەیرانبێژێکی لێزان، دەڵێت "لەگەڵ فەخری حەیرانبێژ حەیرانێکم بەزاراوەی خۆمان تۆمارکردووە".



دوو لاوکبێژی باکووری کوردستان (فۆتۆ: DIHA)

ئەنوەر قەرەداخی:

# بە جوملە ئاوازەکانم دەدزن

نەوزاد مەحمود
ڕووداو-سلێمانی

شێرکۆ بێکەس بە ئەنوەر قەرەداخی دەڵێ "سەر دەق شکێن". ناساندنی قەرەداخی، بێمانایە، چونکە ئەو هونەرمەندێکی ناسراوە، ساڵی1946 لەهەڵەبجە لەدایکبووەو لەحوجرەی فەقێیانەوە قەڵەمی ناسیوە . لەساڵی 1961 لەقوتابخانەی مامۆستایان، بەسەرپەرشتی مامۆستا ولیەم یوحەننا دەستی بەکاری موزیک کردووە و لەساڵی 1973 دوای ئەوەی پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە دەکات، تیپی مۆسیقای شۆڕش لەشاخ دادەمەزرێنێت، دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕشیش لەماڵی خۆی ئاوازی مارشی یەکێتی داناوە.

چەندین خول و یانەو تیپی مۆسیقی دامەزراندووەو سەرپەرشتی کردوون، کە یەکێکیان ئۆرکسترای ژێداری سلێمانی و گرووپی کیژانی سلێمانییە.

ئەنوەر قەرەداخی، جیاوازە لەوانەی فۆلکلۆرو مۆرکی نەتەوەییان لەمۆسیقادا بەلاوە گرنگ نییە، چونکە بەلای ئەوەوە "مۆسیقا بەر لەوەی جیهانی بێت نەتەوەییە"، ڕەخنەش لە تەلەفزیۆنەکان دەگرێت کە ڕەچاوی ئەو خاڵە ناکەن "تەلەفزیۆنەکان خوا سەلامەتیان بکات، لەداخی یەکتری کلیپ بۆ ئەو جۆرە هونەرمەندانە دەکەن و ئەوەی لەو ناوەشدا ماڵ وێران دەبێت، هونەری کوردییە".

لەناو هونەرمەندە کۆنەکانیشدا، هیچکامیان وەک کەریم کابان بەلای قەرەداخییەوە جددیەت و گوێڕایەڵی تێدا نەبووە "هەرگیز نەمبینیوە دەقیقەیەک لەکاتی خۆی دوا بکەوێت، زۆر گوێڕایەڵی مۆزیک و هونەرو هاوڕێکانییەتی".

شاری سلێمانی، پتر لە هەموو شارەکانی دیکە بزووتنەوەی هونەری تێدا بەهێزبووە، ئەو چالاکبوونە ژنانی شارەکەشی گرتووەتەوە، ئێستا دوو تیپی دیاری کچان لە سلێمانی هەن : تیپی کۆڕاڵی تەوار، تیپی کیژانی سلێمانی.

ئەنوەر قەرەداخی توانای گرووپەکەی خۆی کە کیژانی سلێمانییە بەکەمتر لەکۆڕاڵی تەوار نازانێ، بۆیە گلەیی لەحکومەت دەکات کە گرنگی زیاتر بەکۆڕاڵ دەدات و ئەو بایەخە بە تیپی کیژان نادرێ لەلایەن حکومەتەوە.

ئەو پێشکەوتنە مۆزیکییەی کە قەرەداخی باس لە بوونی دەکات لە کوردستاندا، لە ڕووی زانستییەوە بە پڕ لە کەموکوڕی دەیبینێ" بەداخەوە لەڕووی زانستییەوە گرفتمان هەیە، چونکە پەیمانگای هونەرەجوانەکان و کۆلێژی هونەریش، ئێستاش خاوەنی هەمان ئەو پرۆگرام و میتۆدانەن، کە کاتی خۆی ئێمە لەوێ خوێندوومانە، لەکاتێکدا دونیاکە زۆر گۆڕاوەو دونیایەک مۆدێلی مۆسیقی هاتوونەتە ئاراوە و ئێمە هەر نایانناسین".

ئیرەجی کەریمیان تارژەنی بەنێوبانگی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەهەڤپەیڤنێکدا لەگەڵ (ڕووداو)دا گوتبووی "لەکوردستان شتێک بەناوی موزیکەوە نییەو ئەوەی من بیستوومە، تەنها درۆی موزیکە". ئەنوەر قەرەداخی، لەکاتێکدا گەشبینە بەئاستی موزیک، بەشێک لەقسەکانی کەریمیان دووپات دەکاتەوەو هۆکاری ئەو درۆموزیکیشە بۆ "ناپرۆفیشناڵی و تێکەڵبوون" دەگێڕێتەوە "تائێستاش لێرە زۆربەی ژەنیارەکان بەماندووبوونی خۆیان دروست دەبن، لایەنە زانستییەکەشی کە ئەرکی حکومەتە، نییە".

بەڵام لەهەمانکاتدا گلەیی لەموزیکژەنانیش دەکات، کە زۆریان ستایل و تۆنەکانی موزیک ناناسێت و هەریەکەیان ئەندامی چەند تیپێکی جۆراو جۆرە بۆیەش پسپۆڕی وەرناگرن " ژەنیار هەیە لەهەموو تیپەکان ئەندامەو هەموو ئامێرێک دەژەنێت، کە ئەوەش ناهێڵێت تایبەتمەندیو پسپۆڕی دروست ببێت".

کۆڕاڵی تەوار،کە ئەمساڵ لە فیستیڤاڵی مۆسیقای نەتەوەکان لە نەمسا بەسەرپەرشتی د.عەبدوڵڵا جەمال سەگرمە، پلەی دووەمی بەدەستهێناو داوەتکردنی



**بردنە دەرەوەی کیژانی سلێمانی زۆر سەختە**

تیپە مۆسیقاییەکانی کوردستان لەلایەن وڵاتانی ئەوروپاوە بەلای قەرەداخییەوە بەڵگەن کە هەموو قسەکانی کەریمیان لەو بارەوە لەجێگەی خۆیدا نین"لەکوردستان توانای موزیکی جوان هەیەو لەئەوروپاش لەزۆربەی ڤیستڤاڵەکان بەشدارییان کردووە، بەڵام دەکرێت بگوترێت ئەو توانایانە، بوونێکی سیستماتیکی نین و کاری زیاتریان دەوێت".

تیپی کیژانی سلێمانی لەمانگی تشرینی یەکەمی2003 لەلایەن ئەنوەر قەرەداخی دامەزرێندراوەو ئێستاش بەخۆی سەرپەرشتی دەکات. ئەو تیپە لە 32 کچ پێکهاتووە کە قوتابی پەیمانگاو مامۆستاو کارمەندی حکومەتن و تەنانەت کەیبانوی ماڵیشیان تێدایە.

زۆربەی ئەندامانی تیپی کۆڕاڵی تەوار لەو باوەڕەدان، کە کۆمیکۆ کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەپێشتخستنی کۆڕاڵ. ئەنوەر قەرەداخی ڕەتیدەکاتەوە، کەئەو وەک کۆمیکۆ نەیتوانیبێت کێژان پێشبخات "کۆڕاڵ تەنها تیپێکی دەنگییە و ئێمەش گروپێکی ڕۆژهەڵاتین و جیاوازین لەیەکتری".

وەک قەرەداخی ئاماژەی پێدا ئەوانیش داوەتنامەیان لەدەرەوە بۆ هاتووە، بەڵام نەچوون، ئەوەشی بۆ دوو هۆکار گەڕاندەوە "وەک تەوار ئاسانکاری و دەستگیرۆیی گرووپی کیژان نەکراوە بۆ چوونە دەرەوەو، هاوکات بردنە دەرەوەی کیژانی سلێمانی زۆر سەختە".

ئەنوەر قەرەداخی، لەبەر سەختی سەرپەرشتی کچانی تیپەکەی دەڵێ تا ێستا نەیتوانیوە چەند داوەتنامەیەک قبوڵ بکەن" لەدەرەوە بەتەنیا ناتوانم ئیدارەی 30 کچ بکەم، بۆیە نەمانتوانیوە داوەتنامەکان قبوڵ بکەین و بچینە دەرەوە".

ئێستا لەسلێمانی، کورو کچان، بەشێوەیەک بەربڵاو ئامێری مۆسیقیان کڕیوەو دەیانەوێت لەڕێگەی ئەو سەنتەرو بنکە ئەهلییەکانەوە خۆیان فێری موزیک بکەن.هەندێک کەس ئەو سەنتەرو بنکانە بەمایەی ئاڵۆزی و هەندێکیش بە باش دەیانبینن. قەرەداخی دەڵێت" دەکرێت بەپارە خول بکەنەوە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە وەزارەتی ڕۆشنبیری تائێستا بۆخۆی نازانێت چەند سەنتەری لەو شێوەیە هەیەو چەندیان خولی مۆزیک دەکەنەوە، بەڕاستی نابێت هەرکەسەو بۆخۆی خولی موزیک بکاتەوە".

لەبۆنە نەتەوەیی و ڕۆژگارە ناخۆش و تەنگانەکانی کوردستاندا، تەلەفزیۆنی کوردسات ئەو سروودە نەتەوەییانە پەخش دەکات کەئەنوەر قەرەداخی لەگەڵ کۆمەڵێک قوتابی پەیمانگای هونەرەجوانەکان بەشێوەیەکی مۆدێرن بۆی بەرهەمهێناون، قەرەداخی لەبارەی ئەو سرودانە دەڵێت " ئەوان خۆیان داوایانکردو دەست پێشخەر بوون لەو بوارەدا، کاک د. بەرهەم ساڵحیش زۆر هاوکاری کردین بۆ تۆمارکردنیان لەسەر سیدی و دابەشکردنیان بە سەر قوتابخانەکاندا".

قەرەداخی دەڵێ ئەگەر تەلەڤزیۆنەکانی دیکە داوایەکی لەو جۆرەیان لێبکەن "ئامادەین".

قەرەداخیش وەک زۆربەی هونەرمەندانی کوردستان دادو بێدادییەتی لە دەست ئاواز دزەکان "نازانم بچمە کوێ شکات لەوانە بکەم، کەئاوازەکانم دەدزن، هەندێک کەس بە جوملە ئاوازی منیان دزیوە، چونکە هیچ دەزگاو یاسایەکی تایبەت بەپاراستنی مافی هونەری هونەرمەندان لەکوردستان نییە ".

قەرەداخی دەڵێ ئەو ئاواز دزینە لەساڵانی هەشتاکان و حەفتاکاندا نەبوو، "چونکە ئەو کات هونەرمەندان ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو نەدەپرژانە سەر دزیکردن".

بۆ نەبوونی یاسایەک بۆ پاراستنی مافی هونەرییش پەرلەمانی کوردستانی بە"کەمتەرخەم" دانا و گوتی" داوامان لە پەرلەمانی کوردستان کرد یاسایەک لەو بارەوە دەربکات، بەڵام دیارە پەرلەمان، دوایین شت کە خۆی پێوەخەریک دەکات، هونەرە".

ماڵی قەرەداخی تەواو لەستۆدیۆیەکی هونەری دەچێت و بەردەوام هونەرمەندان هاموشۆی دەکەن، ئەو لەو ڕووەوە خۆی بە قەرزاری ژنەکەی دەزانێت، کە ڕازیبووە ماڵەکەی ببێتە ستۆدیۆیەکی گەورە "ماڵەکە خۆی بووەتە ستۆدیۆ و هیچ شتێک بەقەدەر مۆزیک نابیستن".

ئەنوەر قەرەداخی، تایبەتمەندی هەمان ئەو باوکانەی هەیە کەحەزیان لەوەیە کوڕەکانیان لەخۆیان باشتربن، ئەو هاوکێشەکە دەگۆڕێت بۆ قوتابییەکانی " شانازی بەو قوتابیانەمەوە دەکەم، کە لەخۆم بەتواناترن، بەڵام لەناو قوتابییەکانیشمدا، هەندێکیان بە وەفا و هەندێکیشان بێ وەفا دەرچوون".



## کۆریای باشوورنەوت لەقوشتەپەو سەنگاو دەردەهێنێ

ڕووداو- هەولێر

◆ بەپێی گرێبەستێک کە لەنێوان حکومەتی کوردستان و کۆمپانیای نیشتیمانی نەوتی کۆریا KNOC، کۆمپانیای ناوبراو نەوت لەکێڵگەی نەوتییەکانی قوشتەپەو سەنگاو دەردەهێنێ، هەروەها بە پێی گرێبەستەکە ئەو کۆمپانیاییە بڕی 600 ملیۆن دۆلار هاوکاری کوردستان دەکات بۆ بنیاتنانی وێستگەی کارەباو چاککردنی ئاوەڕۆ. سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"سەرەتا KNOC کار لەکێڵگەی نەوتی قوشتەپە و سەنگاو دەکات". بە پێی ڕێککەوتنی واژۆکراو لەقۆناخەکانی کۆتاییدا بەهای پرۆژەکەی کۆمپانیای نەوتی KNOC دەگاتە 1.5بلیۆن دۆلار.

# هەولێر دەیەوێ وەک دوبەی بێت



قەڵای هەولێر، کۆنترین شاری جیهان کە تا ئێستا ژیانی تێدا بەردەوامە (فۆتۆ: ڕووداو)

**ڕووداو-هەولێر**

شاری هەولێر جیاوازتر لەشارەکانی دیکەی کوردستان لەماوەیەکی کەمدا لەڕووی ئاواکاری و پرۆژەی خزمەتگوزاری پێشڤەچوونێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، بەرپرسانی کوردستان و شارەکەش چاویان بڕیوەتە پێشکەوتنی دوبەی و دەڵێن "هەولێر دەکەینە دوبەی".

هەولێر زیاتر، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و تەرخانکرانی بودجەیەکی تایبەت بۆ پارێزگاکانی بەنێوی پرۆژەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لەساڵی 2006 وە گەشەی کرد. پارێزگای هەولێر لەو ساڵدا 72 ملیار دیناری بۆ تەرخانکرا، ساڵی 2007یش 144 ملیار دینارو، هەروەها ئەمساڵیش 182 ملیاری دیناری بۆ تەرخانکراوە. پارێزگای هەولێر لە دوو ساڵی ڕابردوودا لە سەر ئاستی هەموو پارێزگاکانی عێراق یەکەمبووە لە خەرجکردنی ئەو بودجەیەدا.

جگە لە باخپێدانی تایبەتی سەرۆکی حکومەتی کوردستان بە هەولێر وەک پایتەخت و پرۆژەی وەزارەتەکان، ئەو پرۆژانەی لەلایەن (تیمی ئاوەدانکردنەوەی هەرێمی باکوور RRT ) ئەنجامدراون کە لە تیپی زەیتوون و قونسولخانەی ئەمریکا پێکهاتووە.

بەپێی ئامارێکی پارێزگای هەولێر لە ماوەی نێوان 2004- 2007 زیاتر لە 5000 پرۆژەی جۆراوجۆر بە زیاتر لە 4 ترلیۆن دینار لە هەولێر جێبەجێکراون. بەپێی ئامارێکی دیکەش کە لەلایەن پارێزگای هەولێرەوە بڵاوکراوەتەوە لەساڵی 2004-2007، کۆی ئەو پرۆژانەی لەسەر بودجەی حکومەتی کوردستان و تیپی زەیتونی کۆریا و حکومەتی ئەمریکا ئەنجامدراون بریتین لە 2674 پرۆژە بەبڕی 2 تریلیۆن و 559 ملیار و 730 ملیۆن دینار.

نەوزاد هادی، پارێزگاری هەولێر لەبارەی چاو بڕینی هەولێر لە پێشکەوتنی دوبەی بۆ (ڕووداو) دواو گوتی دوبەی کە لەنێو حەوت میرنشین و ناوچەکەدا وەک شارێک کە لە بیابانێکی سەر ئاو هەڵکەوتووە، ئەزموونەکەی بەگشتی جێی سەرنجە "مەبەست لەوەی کە هەولێر وەک دوبەی لێبکرێ تەنیا بواری ئاوەدانکردنەوە ناگرێتەوە، بەڵکو سیستمی بەڕێوەبردنیشە، کە لەدوبەی سیستمی بەڕێوەبردن سیستمێکی لامەرکەزییە". نەوزاد ئەو سیستەمە بە بچینەیەکی پێشکەوتن دادەنێ بۆ پارێزگاکانی کوردستانیش، لەو بوارەشدا پێیوایە دەرچوونی یاسای ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان کە ئێستا لە پەرلەمانی کوردستانە دەکرێ ببێتە بنچینەیەکی ئەو سیستەمە.

پارێزگاری هەولێر دەڵێ"بەرنامەی حکومەت بەرەو لامەرکەزییەتە، بەڵام بەدڵنیاییەوە حکومەتیش لەکۆمەڵە خەڵکێک پێکهاتووە، عەقڵیەتی ئەو خەڵکەی ناو حکومەتیش کار دەکاتە سەر جێبەجێکردنی بەرنامەکە، چونکە لامەرکەزییەت لەلای ئێمە شتێکی تازەیە".

دوبەی کە ئێستا ڕێژەی گەشەکردنی 13%یە لەکاتێکدایە ئەو ڕێژەیە لە چین 9یە لە ئەمریکاش 3 یە، ساڵی ڕابردوو پلانێکی ستراتیژی خۆی تاوەکو ساڵی 2015 ڕاگەیاند. بەگوێرەی ئەو پلانە دەبێ تا ساڵی 2015 داهاتی ساڵانەی دوبەی بگاتە 108 ملیار دۆلار، بەڵام لەهەولێر ئەمساڵ پلانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر دانراوە ئەویش بۆ ماوەی 5 ساڵە. لەپلانی ستراتیژی دوبەیدا چاککردن و پەرەپێدانی بوارەکانی: گەشەی ئابووری، زیادکردنی بەرهەمهێنان، باشکردنی توانا مرۆییەکان، پێشخستنی زانستی و کردنی دوبەی بە مەڵبەندێکی زانستی و تەکنەلۆژی جیهان، بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران، باشکردنی پلاندانانی ئابوری، نوێکردنەوەی سیستەمی ئیدارەکانی حکومەت، پێشخستنی یاساکان، پێشخستنی سیستەمی پەروەردە، گرەنتی کردنی مانەوەی هێزی کرێکاری بیانی شارەزا و پاراستنی ناسنامەی نیشتمانی.

بەڵام بەپێی پلانی پێنج ساڵی هەولێر، کە تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە، زیاتر تیشکخراوەتە سەر مەسەلەی بازرگانی و بازاڕی ئازاد و زیادکردنی وەبەرهێنان.

نەوزاد باسی یەکێک لە سەردانەکانی دەکات بۆ دوبەی و شارەوانی دوبە بەنمونە دەهێنێتەوە، کە ئەو شارەوانییە ڕۆژانە 1800 مامەڵەی هاووڵاتییان ڕادەپەڕێنێ، بەبێ ئەوەی هیچ گرفتێکیان بۆ دروستببێ، بەبۆچوونی نەوزاد هادی ئەوەش لەئەنجامی "گرفت دروستنەکردن و نەبوونی ڕۆتینە، بۆیە دەبینین دوبەی خەریکە هەموو پارەی ناوچەکە ڕادەکێشێت".

بەپێی ئەو پلانە ستراتیژییەی حکومەتی ئیمارات بۆ شاری دوبەی دایناوە، نوێکردنەوەی کەرتی حکومییە، کە هێشتا لێی ڕازی نین، ئەوە لەکاتێکدایە کە سیتەمی کارگێڕی عێراق بە کوردستانیشەوە پڕی ڕۆتینکارییە.

نەوزاد هادی پێیوایە بەراورد کردنی هەولێر بە دوبەیی و دانانی پلانێکی هاوشێوەی دوبەی بۆ هەولێر ئێستا کارێکی زەحمەتە "ئەوان وڵاتێکی سەربەخۆن، وەکو ئێمە نین، ئەو گرفتانەی ئێمە هەمانن لەلای ئەوان چارەسەر کراون، لێرە کێشە سیاسییەکان کاریگەرییان زۆرە لەسەر ئاینده،ئایندەی مادەی 140، پەیوەندی نێوان کوردستان و بەغدا تا ئێستا دیار نییە بەچ ئاراستەیەکدا دەڕوات، ئەوانە هەموو هۆکارن بۆ چۆنیەتی دانانی پلان".

سەرەڕای مانەوەی پرسە سیاسییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر بەهەڵپەسێردراوی، بەڵام نەوزاد هادی ئاماژە بەوە دەدات کە ئەوان دەستەوەستان بەدیار چارەسەری ئەوگرفتانە دانەنیشتوون، بەڵکو لەماوەی هەشت مانگدا ڕووپێوێکی مەیدانی بواری نیشتەجێبوون و داهاتی خەڵکیان بەهاوکاری ڕێکخراوی هاپیتاتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان کردووە، پلانە پێنج ساڵییەکەشیان لەسەر بنچینەی ئەو ڕووپێوە داناوە، هەروەها ماستەر پلانی هەولێریش لەلایەن کۆمپانیایەکی شارەزاوە دانراوە، کە بەتەواوی سیمای هەولێر دەگۆڕیت.

نەوزاد هادی گوتی "بەپێی ئەو ڕووپێوە، دەستنیشانکراوە بۆ نمونە لەهەولێر چەند خانوو هەیە، چەند کەس خانووی هەیە و چەندیان کرێنشینن، ساڵانە چەند خانوومان پێویستە، هەروەها داهاتی خەڵک و ڕێژەی خەڵکی هەژار، مامناوەندی و دەوڵەمەندیش دیاریکراوە".



شوقەکانی نازسیتی لە هەولێر

> **هەولێر**
>
> شاری هەولێر، دەکەوێتە دەشتێکی بەپیت، چوار دەروە دراوە بەشاری کەرکووک لەباشوور، سلێمانی لەڕۆژهەڵات، موسڵ لەڕۆژئاوا، وەک پارێزگاش هاوسنوورە لەگەڵ سنوورە نێودەوڵەتییەکانی تورکیا و ئێران لەباکوور، هەولێر دەکەوێتە سەر هێڵی پانی 36.11 پلە و هێڵی درێژی 43.3 پلە لەڕۆژهەڵات. ڕووبەرەکەی 14 هەزار کلیۆمەتر دووجایە.

بەپێی ئەو ئامارە ڕووپێوییە، ژمارەی دانیشتووانی ناوشاری هەولێر 795733 کەس دیاریکراوەو ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانیش لەساڵێکدا بە 3.21% دانراوە.

پارێزگاری هەولێر ئاماژەی بەپرۆژەی ئاوی قورس (ئاوەڕۆ)ی هەولێر دەدا، کە کۆمپانیای (ڤۆیسینگ) پلانی بۆ داناوە، تاوەکو ژمارەی دانیشتووانی هەولێر ببێتە 2 ملیۆن و 250 هەزار کەسیش پرۆژەکە بەکەڵکی هەولێر بێت، بڕی تێچوونەکەیشی 680 ملیۆنە. بەڵام هەروەکو پارێزگاری هەولێر دەڵێ دوبەی لەساڵی 1989 پرۆژەی ئاوەڕییە ئایندەییەکەی تەواوکردووە.

وەک تێبینی دەکرێت، لەماوەی ڕابردوودا لەشاری هەولێر جموجۆڵێکی گەورەی وەبەرهێنان هەیە، کە هەروەک هێرش موحەرەمی سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنانی هەرێمی کوردستان دەڵێ سەرمایەی وەبەرهێنان لە هەولێر دەگاتە (12ملیار دۆلار).

بەهۆی بوونی کێشەی نیشتەجێبوونەوە، پارێزگاری هەولێر گوتی زۆربەی پرۆژەکانی وەبەرهێنەکان لەبواری نیشتەجێکردندان، بەڵام بەهۆی بەرزی نرخی ئەو خانوو و شوقانە بەبەراورد لەگەڵ داهاتی خەڵکی بەگشتی، ئەو پرۆژانە سوودێکی ئەوتۆیان بۆ کرێنشین و خاوەن داهات دیاریکراوەکانیان نەبووە.

بەڕای نەوزاد هادی یەکێک لەو شتانەی کە سەرنجی وەبەرهێنەر ڕادەکێشێ، پێشکەوتنی شارە بەگوێرەی پلان، ئەو دەڵێت "لەبەر ئەوەی هەولێر بە پلان گەشە دەکات، بۆیە وەبەرهێن ڕووی تێدەکەن، وەبەرهێن بەردەوام بەدوای قازانجدا دەگەڕێت، ناچێتە شوێنێک وەبەرهێنان بکات، ئەگەر ئەو شوێنە هیچ پلانێکی نەبێت".

پارێزگاری هەولێر جگە لەکۆمپانیای داماک کە گرێبەستی گەورەترین پرۆژە بەبڕی 6 ملیار دۆلار لە هەولێر لەگەڵ حکومەتی کوردستان مۆرکردووە، چەند پرۆژەیەکی دیکەی وەبەرهێنان بەنموونە دێنێتەوە وەکو کارگەی شیشی ئاسن و کارگەی پیپسی "لەهەولێر ئێستا کارگەیەکی شیشمان هەیە کە لە هەموو عێراق نییە، نزیکەی 60-70 ملیۆن دۆلاری لێخەرجکراوە، مانگانە 10 هەزار تەن بەرهەمی هەیە". ئەو کارگەیە کە لەلایەن کۆمپانیای ئەربیل ستیلەوە دامەزراوە، وەک سەبری ئۆزەلی بەڕێوەبەری کارگەکە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە ڕۆژانە تەماشای نرخی شیش لەنێو تورکیا دەکەین و بە 100 دۆلار لێرە هەرزانتری تورکیا دەیفرۆشین".

کارگەی پیپسی هەولێر کە بریکاری کارگەی پیپسی جیهانییە، یەکێکە لەپرۆژە وەبەرهێنەرەکان، کە بەپێی قسەی پارێزگاری هەولێر لە یەک کاژێردا 72 هەزار قوتوو بەرهەم دێنێ و بە کوردیش لەسەری نووسراوە.

پلانی ستراتیژی دوبەی، باسی ئەوە دەکات پێویستە بایەخ بەهێنانی کرێکاری شارەزا بدرێ و ڕابهێندرێن و بکرێنە سامانێکی مرۆیی پێشکەوتوو کە توانای کار و بەرهەمیان زۆر بێت، هەروەها باس لەوە دەکات کە پێداویستی گرەنتیکردنی مانەوەی ئەو کرێکارە شارەزایانە دابین بکرێ.

لەساڵی 2005 لەدوبەی 848 هەزار کرێکاری بیانی هەبووە، بەڵام بۆ ساڵی 2015 پێویستی بە 1 ملیۆن و 730 هەزار کرێکارە، تاوەکو داهاتەکەی بگاتە 108 ملیار دۆلار.

لەکوردستاندا نەک کرێکاری دەسترەنگین و زانا هاوردە نەکراون و بەڵکو کۆمپانیای زۆر خراپیش کاریان دراوەتێ و زۆربەی ئەو کرێکارانەی هێنراون، کرێکاری خزمەتگوزارین و زۆربەیان کاری پاککردنەوە ئەنجامدەدەن. زۆر لەو کرێکارانەی لە دوبەی کاریان دەست نەکەوتووە بەهۆی نەشارەزایی هێنراونەتە هەولێر.

پارێزگاری هەولێر وای دەبینێت لەو ڕووەوە جیاوازییەکەی زۆر لەنێوان هەولێر و دوبەیدا هەیە "لەدوبەی 800-900 هەزار کەس خەڵکی خۆیانە، زیاتر لە 4 ملیۆن و نیو کەسی بیانی تێدایە، تەنانەت پۆلیسی سەر جادەش بیانییە، بەڵام لێرە دەستی کاری خۆمانمان هەبووە".

ئەو پێیوایە گۆڕانی باری ئابووری خەڵکی کوردستان هۆکارێکی سەرەکی بووە بۆ هاتنی کرێکارانی بیانی بۆ کوردستان "ئەوانەی هاتوون ئیشی ناو ماڵ دەکەن، چونکە ئێستا خەڵکی خۆمان ئامادەنییە ئەو کارانە بکات، پێشتر نانکەری ماڵان هەبوون، بەڵام ئێستا ئامادەنین ئەو کارە بکەن".

بەپێی ڕووپێوە هاوبەشەکەی ڕێکخراوی هاپیتات و پارێزگای هەولێر، تێکڕای داهاتی ساڵانەی لە هەولێر خێزان 5736دۆلارە، بەپێی ڕێژە باوەکان ڕێژەی هەژاری (-40% 30)ە، بەڵام ئەو ڕێژەیە لە هەولێر بەپێی ئەو ئامارە دەگاتە 58.9%. هەروەها ڕێژەی خێزانە مامناوەندییەکانی هەولێر 29.2%یە بە (-420 1075 دۆلار مانگانە) و 11% ئاستی داهاتیان زۆرباشە کە داهاتی مانگانەیان لە 1075 دۆلار بەسەرەوەیە.

تێکڕای داهاتی ساڵانەی ئێستای تاکەکەس لە دوبەی زۆر لەداهاتی خەڵکی سەنگافورە و هۆنگ کۆنگ زیاترەو، بریتییە لە 31،140 دۆلار، بەپێی ئەو پلانە ستراتیژییە تاوەکو ساڵی 2015 دەبێ بگاتە 44 هەزار دۆلار.

هەروەک پارێزگاری هەولێر گوتی، لەپلانی پێنج ساڵی هەولێردا باسی ئەو ڕادەیەی کە پێویستە لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا داهاتی تاکەکەسی پێبگات دیاری نەکراوە.

هەر چەندە نەوزاد هادی ئاماژە بەوە دەدا، کە ئەوان وەکو دوبەی ئەو لێکۆلینەوە وردەیان نەکردووە، بەڵام ئەگەر بەراوردی ئێستای هەولێر بەڕابردوو بکرێ، دەردەکەوێت ئاستی داهاتی تاکەکەس زۆر بەرز بووەتەوە، بۆ ئەمەش زیادبوونی ژمارەی خانوو و ئۆتۆمبێل و کۆمپانیاکان بەنمونە دەهێنێتەوە "لە 2003 لە هەولێر 35 هەزار ئۆتۆمبێل هەبوو، بەڵام ئێستا زیاتر 230 هەزار ئۆتۆمبێل لەهەولێر هەیە، پێش نەوەتەکان تەنیا 150 کارگە لەهەولێر هەبوون، ئێستا 9 هەزار کارگەی مۆڵەتپێدراو لەهەولێر هەن". هەروەها دەڵێ "ئەگەر ڕووپێوێکی بازار بکەین،باڵەخانەکان بژمێرین هەموو هی خەڵکی خۆمانە، ئەوانە پێشتر لە بارودۆخێکدا بوونە، ئێستا وەزعێکی دیکەیان هەیە".

یەکێک لەو خاڵانەی کە لەپلانە ستراتیژییەکەی دوبەی تیشکی خراوەتە سەر جێبەجێکردنی پرۆژەکانە لەکاتی خۆی، بەڵام لەکوردستان پرۆژەکان نەک لەکاتی خۆی تەواو نابن، بەڵکو زۆر دوا دەکەون. هەرچەندە هەولێر بەبەراورد لەگەڵ شارەکانی دیکە زۆر باشتریشە لەو ڕووەوە. بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە ڕێژەی ئەنجامدانی پرۆژەکانی پەرەپێدانی پارێزگای هەولێر لەساڵی 2007دا 95%بووەو ڕێژەی ئەنجامدانی پرۆژە ستراتیژییەکانیش گەیشتە 70%.

پارێزگاری هەولێر، کە لە شەوێکی ڕەمەزان دا لە دیوانی پارێزگا بۆ (ڕووداو) دەدوا، دانی بەوە دانا کە پرۆژە هەیە لەکاتی خۆی تەواو نابێت، لەهەمانکاتیشدا دەڵێت "بەراوردی ئێرەو دوبەی ناکرێت، چونکە ئەوان تەجروبەیان هەیە، پلانی ئایندەیان هەیە، بۆ نمونە 43 ملیۆن دارخورمایان چاندووە، بۆ گرەنتیکردنی ئایندەی منداڵەکانیان، ئەوەش وەکو گەنجینەیەک بۆ ئەو کاتەی نەوت نامێنێ".

بەڕای نەوزاد هادی، دوبەی خاوەنی چەندین بنەمای بەهێزی ئابوورییە، وەکو پێگەی جوگرافی و بوونی بەندەری ئاوی، سەقامگیری باری وڵات، بوونی نەوت لەناوچەکەدا و تێکەڵبوونی بەجیهانی ڕۆژئاوا، بەڵام لەهەمانکاتیشدا دەڵێت کوردستان بنەمای ئابووری بەهێزتری هەیە لەدوبەی، وەکو بوونی زەوی کشتوکاڵی و ئاو و نەوت "دەتوانین شتی زۆر گەورەتر لەدوبەی بکەین، بەڵام ئەوە پێویستی بە سەقامگیری و کات و سیاسەتێکی ڕاستە".

نەوزاد هادی دەڵێ ئەگەر تەکنەلۆژیا و پلانی پێشکەوتووی کشتوکاڵی لە هەولێر بخرێتە گەڕ "دەتوانین سەلەی خواردەمەنی هەموو عێراق دابین بکەین".

سەرمایەی سەرمایەدارانی ئێران لەدوبەی سەرمایەکی زۆر بەرچاوە،دراوسێبوونی کوردستان و ئێران ئەو شانسە دەداتە کوردستان کە بە دۆخێکی سەرنج ڕاکێش وکراوە بۆ وەبەرهێنان سەرمایەی سەرمایەدارانی ئێران بکێشێتە کوردستانیش. بەڵام تائێستا هەرێمی کوردستان بازاڕی ساخکردنەوەی کاڵا ئێرانییەکان بووە، نەک شوێنی کێشکردنی سەرمایەی ئێرانی. نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لە دواسەردانیدا بۆ ئێران لەگەڵ 300 کۆمپانیا و سەرمایەداری ئێران کۆبووەوە بۆ ڕەواندنەوەی مەترسییەکانیان لە هاتنیان بۆ هەرێمی کوردستان.

نەوزاد هادی ئاماژەی بەوەدا کە ئەوانیش چاویان بڕیوەتە ئێران و هەوڵی ڕاکێشانی سەرمایەی ئێرانیشیانداوە بۆ کوردستان و ئێرانیش هەوڵدەدات سوود لەکوردستان وەربگرێت، گەشبینیشە کە دوای ئەو ڕێککەوتنامەی هاوکاری کە لەگەڵ دکتۆر قوربانی ئوستانداری ورمێ مۆری کرد و دوای ئەوەی دەروازەی حاجی ئۆمەران کرایە دەروازەیەکی ڕەسمی"پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئێران زیاتر لەڕێگەی ژووری بازرگانی هەولێرو ورمێییە، ئەویش بەحوکمی ئەوەی دووپارێزگای سەرسنوورین، ئێستا ڕێککەوتن کراوە بۆ کردنەوەی پێشەنگایەکی بەردەوامی کەلوپەلی ئێرانی لەهەولێر".

لەدوبەی بواری پەروەردە، یەکێکە لە بوارە هەرە لەپێشەکان بۆ بایەخپێدان، هەر چەندە لەهەولێریش هەنگاو بۆ پێشخستنی ئەو بوارە نراوە ئەویش بەکردنەوەی چەند قوتابخانەیەک بەسیستەمی ڕۆژئاوایی، بەڵام بەگشتی سیستەمی پەروەردە گلەیی زۆری لەسەرە، نەوزاد هادیش دان بەوە دادەنێ و باس لە گرفتی کەمی قوتابخانە دەکات.

یەکێک لەوکەرتانەی دوبەی هێناوەتە پێش چاوی جیهان ڕاگەیاندنە، بەتایبەتیش دوای دامەزراندنی شاری ئەلیکترۆنی و میدیایی، ئێستا زۆر لە کەناڵە ناوچەییەکان بارەگایان دەگوازنەوە دوبەی و جیهانییەکانیش پێگەی لێدادەنێن و وەرزشکاران و هونەرمەندانیش پرۆژەی وەبەرهێنانی لێدەکەنەوە. ئەوە لە هەولێر تا ئێستا نییە، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەو کەناڵانەی لە بەغدا قەدەخەکران لە هەولێر ئازادن و ئاسانکاریشیان بۆ دەکرێ.

> **دوبەی**
>
> دیارترین میرنشینی، میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەبییە، دەکەوێتە سەر کەنداو و ڕووبەری میرنشینی دوبەی 3885 کیلۆمەترە، کەنداوی خور دوبەی شاری دوبەی دەکاتە دوو پارچە و ناوچەی جەبەل عەلی گرنگترین ناوچەی بازرگانیەتی و پیشەسازیەتی. ژمارەی هاووڵاتیانی 1 ملیۆن و 68 هەزار کەسە(26% نێر، 74% مێ)، لە سێ مانگی ئەمساڵدا 881 هەزار و 482 کەس بەڕێگەی ئاسمانی چوونەتە دوبەی و 3 ملیۆن 782 هەزارکەسیش لە فرۆکەخانەی دوبەیەوە سەفەریان کردووە، 59 هەزار و 375 کەس بەڕێگەی دەریا چوونەتە دوبەی و782 هەزار و 680کەسیش لێیەوە ڕۆیشتوون، جگە لە موتێلەکان، 281 هوتێلی گەورەی لێیە کە 27هەزار و 438 ژووریان تێدایە، لەسێ مانگی ئەمساڵدا ژمارەی میوانەکانی ئەو هوتێلانە گەیشتە پێنج ملیۆن و 527 هەزار کەس.



بورجی عەرەب و جمیرا لە دوبەی



## لاڤە خۆی سووتاند

هێمن مامەند
ڕووداونێت- هەولێر

کچێکی تەمەن 25 ساڵ، بەنێوی لاڤە دانیشتووی گەڕەکی باداوەی هەولێر، هەفتەی ڕابردوو بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاگری لە خۆی بەرداو دوای شەو و ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. سەرچاوەیەک لە نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەهۆی زۆری ڕێژەی سووتانی لاڤە دوای شەوو ڕۆژێک مانەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، گیانی لەدەستدا".



# ژنێکی 20 ساڵی بە 21 ساڵ حوکم دەدرێ

## "من بە یەک قسەی مێردەکەم ئازاد دەکرێم"



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

ڕووداو- سلێمانی

ساتەکانی بەندیخانە بۆ (س.ا)ی تەمەن 20 ساڵ، زۆر بەقورسی تێدەپەڕن. لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەوەی مێردەکەی پلانی بۆ کوشتنی ئەو کوڕە داناوە کە چەند جارێک ڕێگەی بە (س) دەگرت و داوای لێدەکرد واز لەمێردەکەی بێنێت و شوو بەو بکات.

(س) دانیشتووی یەکێک لەقەزاکانی کوردستانە، ئەوکاتەی دەستگیر دەکرێ، خوێندکاری پەیمانگای مامۆستایان بوو.

ئەو دوای خۆشەویستی ژیانی هاوسەری پێکدەهێنێ، بەڵام دوای شووکردنەکەی، کوڕێک بەردەوام ڕێگەی پێدەگرێت و داوای پەیوەندی خۆشەویستی لێدەکات.

(س) یەکێکە لەژنە زیندانییەکانی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی، ئێستا لەگەڵ مێردەکەی تاوانبار کراون بە کوشتنی کوڕێک و ماوەی دوو مانگە دۆسییەکەیان لەدادگا یەکلایی بووەتەوەو سزای 21 ساڵ زیندانیکردنیان بەسەردا سەپێنراوە.

بەپێی ئەو ئامارەی دەست (ڕووداو) کەوتووە چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی 21 ژنی بەندکراوی تێدایە، کە 14 لەبەندکراوەکان ماددە یاساییەکانیان قورسە ( واتە تاوانی کوشتنە) کە بەپێی مادەی 405 و 406 سزا دراون، 7 یشیان ماددە یاساییەکانیان سووکە. کە تاوانەکەیان دزییە و بەپێی مادە 444 دەستگیر کراون.

(س) بێزار دەبێت لە تەشقەلەکانی ئەو کوڕە، تا دواجار ناچار دەبێ ئەو باسە لای مێردەکەی بدرکێنێ، مێردەکەیشی بڕیار دەدات کۆتایی بە ژیانی ئەو ڕێگرەی ژنەکەی بێنێت.

(س) دەڵێت "مێردەکەم زۆر خۆشدەویست، هیچم لێ نەدەشاردەوە بۆیە پێمگوت کەسێک ڕێگەم لێدەگرێت، نەمزانی مێردەکەم ئەوەم بەسەر دێنێت".

بەپێی قسەی (س.ا) ئەو کوڕە چەند جارێک لەگەڵ مێردەکەی بەشەڕ هاتووە و داوای لێکردووە دەستەبەرداری ئەو بێت "چونکە ئەو کوڕە دەیویست من بێنێت". ئەو ژنە دەگێڕێتەوە کە ئەو کوڕە و مێردەکەی چەند جار لەبەرچاوی ئەو بەشەڕهاتوون " شکاتیشمان لێکرد، بەڵام چونکە کوڕەکە خۆی پۆلیس بوو هیچیان لەگەڵ نەدەکرد".

هەڵسوکەوتی ئەو کوڕە گومانێکی زۆر لەلای مێردی (س) دروستدەکات تا دەگاتە ڕادەی دڵپیسی، هەروەک (س) دەڵێت "هاوسەرەکەم کە دەچووە دەرەوە دەبوایە من بچوومایەتەوە ماڵی باوکم یان دەرگای لەسەر دادەخستم تا دەگەڕایەوە".

ئەو ژنە ئێستا لە نێو زیندان دا کە دەبێ تەمەنی گەنجی خۆی تێدا تەواو بکات، دەڵێ"دڵپیسی مێردەکەم، منی خستە زیندان".

مێردەکەی (س) تەنیا بەگومانکردن ناوەستێت، بەڵکو لەگەڵ خزمێکیدا پلان بۆ کوشتنی ئەو کوڕە دادەنێت کە ڕێگەی بەژنەکەی دەگرت و شەڕیشی بەو دەفرۆشت.

(س) باسی لەچۆنیەتی پلانی کوشتنی کوڕەکە کردو گوتی "مێردەکەم پارەیەکی زۆری دابووە کچە مامێکی خۆی، بۆ ئەوەی پەیوەندی خۆشەویستی لەگەڵ ئەو کوڕە دابنێت و دواتر بەفرت و فیڵ بیباتە شوێنێک، بۆ ئەوەی بیکوژن".

وەک (س) گێڕایەوە، مێردەکەی بەر لەجێبەجێکردنی پلانەکەی گەڕاوەتەوە ماڵەوە، هەڕەشەی لێکردووە ئەگەر لەگەڵی نەچێتە دەرەوە هەڕەشەی دەرگا لەسەر داخستنی لێدەکات، یان ڕەوانەی ماڵی باوکی دەکاتەوە بۆیە ئەویش بەناچاری لەگەڵی دەڕوات.

(س) گوتی "لە ڕێگایەکی چۆڵ لایداو منی لەناو ئۆتۆمبێلەکە بەجێهێشت، گوتی کەمێک ئیشم هەیە ئێستا دێمەوە، زۆری نەبرد دەنگی گوللەیەک هات و گەڕایەوە گوتی کوشتم، من لەشوێنی خۆم حەپەسام، نەمزانی مێردەکەم لەگەڵ ئەو کچەدا پلانیان بۆ کوشتنی ئەو کوڕە دانابوو".

دوای ئەو ڕووداوە (س) لەگەڵ مێردەکەی دەستگیر دەکرێ، بەڵام (س) وەک خۆی گوتی بەبێ ئەوەی ئاگاداری تاوانەکە بێ و دەستی تێدا هەبووبێ، دادگا سزایەکی قورسی بەسەردا سەپاند.

ئەو ژنە 20 ساڵییە دەڵێ هەرچەندە کچە مامی مێردەکەی، یەکێک بووە لەبەشدارانی پلانی کوشتنەکە، بەڵام لە ڕۆژی جێبەجێکردنی پلانەکەدا تەلەفۆن بۆ مێردی کە ناتوانێت بێتە شوێنی دیاریکراو "ئەگەر مێردەکەم لەدادگا باسی ئامۆزاکەی بکردایە من دەستگیر نەدەکرام".

(س) کە ئێستا بە 21 ساڵ زیندانیکردن حوکمدراوەو تەنیا سکالاکردنێک بەسە بۆ ئەوەی لەزیندان دەربچێت، بەڵام هەڕەشەی مێردەکەی و خۆشەویستی بۆ مێردەکەی ڕێگەی پێنادات "خۆشەویستی مێردەکەم نایەڵێ شکات بکەم، چونکە دەزانم، ئەگەر شکاتی لێبکەم وازم لێدەهێنێ".

ئەو ژنە بەهەناسە هەڵکێشانەوە باسی مێردەکەی کرد و گوتی "مێردەکەم دڵی زۆر لێم پیس بوو، دڵپیسییەکەی گەیشتە ڕادەیەک 21 ساڵ حوکم بدرێم". گوتیشی "بە یەک قسەی مێردەکەم ئازاد دەکرێم، ئەگەر بڵێت ئامۆزاکەی دەستی لەکوشتنی ئەو کوڕەدا هەبووە".

ئەو تەنها دایکی لەژیاندا ماوەو، هەموو کات لەدایکی و کەسوکاری دەکاتەوە، بەڵام بەپێی گوتەی خۆی باری داراییان باش نییە بۆیە ناتوانن زوو زوو بێنە سەردانی.

بەپێی بەرنامەکانی چاکسازی مانگانە مامۆستایانی ئاینی و دکتۆری دەروونی سەردانی زیندانیان دەکەن و ڕێنماییان دەکەن.

گوڵزار ئەبوبەکر، توێژەری دەروونی و لێپرسراوی بەشی ژنان، لەبەڕێوبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵان، باسی لەوەکرد کە ئەو بەرنامانە بۆ ئەوە دانراون، تاوەکو ئەو کەسانە لەدوای چوونە دەرەوەیان لەزیندان وەک کەسێکی تەندروست و باش بچنەوە ناو کۆمەڵگە.

# ژنگواستنەوە لە مانگی ڕەمەزان دا مشتومڕ دەنێتەوە

ڕووداو- نیوزماتیک

ڕەوشی نیمچە جیگیری ئاسایش لە تکریتدا، 175 کم باکووری بەغدا، هەندێ دیاردەی نێو ژیانی خەڵکی بووژاندووەتەوە کە لە دوایین چوار ساڵی ڕابردوودا پاشەکشەیان کردبوو. لە پاش فتار و بەربانگ ڕۆژووداران سەردانی بردەران و خزمانیان دەکەن و، بەر لە هاتنی قەرەباڵغیی ڕۆژانی جەژن، بە بازاڕدا دەسووڕێنەوە، هەروەها گەمە بەناوبانگەکانی ڕەمەزانیش دەکەن. ئەوەی مایەی سەرنجە لەم ڕۆژگارەدا هەندێ لە هاووڵاتیان لە مانگی ڕەمەزان دا دەستیانکردووە بە ژن گواستنەوە، ئەم کارەش لە ئاستی میللی و ئایینیشدا مشتومڕی زۆری ناوەتەوە.

دایکی زاری،42 ساڵە و خەڵکی بێجییە، دەڵێ"ڕێوڕەسم و ئاهەنگی ژن هێنان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا هەر لە کۆنەوە لە ناوچەی ئێمەدا باو بووە، هیچ ڕێگرییەکیش لەوەدا نییە کە زەماوەند لەو مانگەدا بگێڕدرێت، ڕەنگە هەندێ کەس وا لە ڕۆژوو بڕوانن، کە بووک و زاوا ماندوو دەکات، پاشان دەرفەتی چێژ وەرگرتن لە خۆشترین ڕۆژانی ژیانیان لە مانگی هەنگویندا کەم دەکاتەوە".

بەڵام دایکی زاری پێ باشە تەنیا کەسوکارە نزیکەکان بەشداریی زەماوەندەکانی بووک گواستنەوەی مانگی ڕەمەزان دا نەکەن، بۆ سووککردنی باری شانی بووک و زاوا.

ئیسرا هاشم، 30 ساڵ، وایدەبینێ کە"ڕۆحی ڕەمەزانی هەست و بۆچوونەکان لە یەک نزیک دەکاتە و، کەشی خۆشی لە نێوان ژن و مێرد دا دروستدەکات".

جێگری سەرۆکی دەستەی زانایانی ئیسلام لە تکریت شێخ یەحیا عەتاویش پێیوایە هیچ ڕێگرییەک نییە بووک گواستنەوە لە مانگی ڕەمەزان دا بکرێ"لە نێوانی ژن هێنان و ڕۆژوو گرتندا هیچ ناکۆکییەک نییە، حوکمی شەرعیش دەربارەی زەماوەند لە مانگی ڕەمەزاندا، ئەوەیە کە هیچ ڕێگرییەک لەوەدا نییە". بەڵام گوتی دەبێ ڕۆژووگر لە شتە وروژێنەرەکان دووربکەوێتەوە.

دایکی محەممەد،45 ساڵ، خەڵکی تکریت، ئاماژە بەوە دەکات کە" ئەو گۆرانی و هەڵپەڕکێیەی لە زەماوەند و شاییدا دەکرێت لەگەڵ پەیوەست بوونی کەسەکە بە حوکمەکانی ئەو مانگە ناکۆکە، سەرباری ئەوەی زۆربەی هۆڵەکانی شایی دادەخرێن، بۆیە زۆربەی خەڵکی لەم مانگە پیرۆزەدا شایی ناکەن، تا بەرەو ڕووی ئەو گرفتانە نەبنەوە".

چالاکڤانی بواری کۆمەڵگای مەدەنیش، نازلین محەممەدیش هوشداری ئەوەیدا ئەگەر کوڕان و کچان لە مانگی ڕەمەزان دا زەماوەند بگێڕن ڕووبەڕووی چەندین گرفت دەبنەوە. ئەو هوشدارییەکەی ڕووندەکاتەوەو دەڵێ "هەندێ لەو گرفتانەی کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە ئەوەیە کە لەم مانگەدا خۆیان فەرامۆش دەکەن و دەست بە خۆیاندا ناهێنن، بەوەی کە ئەم مانگە مانگی ڕۆژوو گرتنە، لە کاتێکدا دەبێ هەموو ژنێک بەپێی توانا بایەخ بە خۆی بدات و بە شێوەیەکی لایەق و جوان و سەرنج ڕاکێش خۆی پیشانبدات، وەک ئەوەی بەر لە فتار سووکە ماکیاجێکی دەموچاوی بکات، بەشێوەیەک ئەو لە خۆی ڕازی بێت و مێردەکەشی لێی ڕازی بێت".

ئەو چالاکڤانەی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی هەروەها دەڵێ "پێویستە هەردوو لا لە ڕووی هەست و سۆز و واتاوە یەکدی تێر بکەن، ئەمەش لە هەموو شتێ گرنگترە".



# ژنان ڕستن و چنینی کوردەواری لە فەوتان دەپارێزن

لەنجە عەبدوڵلا
ڕووداو- هەولێر

کاتێک دەچیتە ناو مۆزەخانەکە، چەند ژنێکت بەرچاو دەکەون، کە سەرقاڵی دروستکردنی جاجم، چنینی مافور و فەرش و ڕستنی موو و چەند کارێکی دیکەن، کارکردنی ئەو ئافرەتانە لەچوارچێوەی پرۆژەی داهاتی خۆیی ئافرەتانداندایە، کە لەلایەن خاوەنی مۆزەی ڕستن و چنینی کوردەواری بەهاوکاری ڕێکخراوی RRTی ئەمریکی بەڕێوە دەبرێت.

حەفسەت، کە ئافرەتێکی تەمەن 69 ساڵە، لەنێو مۆزەخانەکەدا خەریکی چنینینی کلێتە (کڵاو)ێکی کوردەواری بوو، وەک خۆی باسیکرد ئەو لەسەردەمێکی زووەوە فێرە کاری چنینین بووە، بەڵام ماوەی 30 ساڵ بوو بەهۆی نەخۆشی لەو کارە دابڕابوو.

حەفسەت یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە لەچوارچێوەی پرۆژەی داهاتی خۆیی ئافرەتان کار دەکات. لەبەر ئەوەی ئەو وەکو وەستاو ڕاهێنەر لەپرۆژەکەدا کار دەکات داهاتی مانگانەی دەگاتە نزیکەی 400 دۆلاری ئەمریکی.

قاسم مستەفا، کە بە لۆلان سیپان ناسراوە، ئەنترۆپۆلۆژی لەبەشی کلتوری زانکۆی سانت کلاودی ئەمریکی خوێندووەو چەند ساڵ لە ئەوروپا و ئەمریکا خەریکی بەدواداچوونی نەخش و نیگاری کوردی بووە لە نێو لێکۆڵینەوەو مۆزەخانەکاندا، لەساڵی 2004 گەڕاوەتەوە کوردستان و هەر لەو ساڵەدا مۆزەخانەیەکی بەناوی مۆزەخانەی ڕستن و چنینی کوردەواری لەقەڵای هەولێر کردووەتەوە.

حەزی لۆلان تەنیا بەکۆکردنەوە و لێکۆڵینەوە لەبواری ڕستن و چنینی کوردەواری کۆتایی نایێت "ماوەی 15 ساڵە چەندین لێکۆڵینەوەم لەسەر ژیان و ناسنامەی هۆزەکانی کوردو گرنگی چنراوی کوردەواری کردووە و، نزیکەی 3 هەزار پارچەی بەنرخ لە بەڕە و مافوری کوردەواریم کۆ کردووەتەوە".

لۆلان، هەمیشە کاری بۆ بووژاندنەوەی کەلەپوور و ڕستن و چنینی کوردەواری کردووە، بۆیە دواتر بۆ پاراستنی هونەری دەستی ڕستن و چنینی کوردەواری، پرۆژەیەک بەناوی (پرۆژەی داهاتی خۆیی ئافرەتان) پێشکێشی تیمی ئاوەدانکردنەوەی باکووری عێراق RRT ی کرد، کە تیمێکە لە کۆری و ئەمریکییەکان پێکهاتووەو کونسوڵی ئەمریکا لە هەولێر سەرپەرشتی دەکات.

لۆلان سیپان وەک خۆی باسیکرد، ماوەی دوو ساڵە ئەو پرۆژەی لەلا گەڵاڵە بووە و پێشکێشی چەندین لایەنی کردووە، بەڵام کەس وەڵامی نەداوەتەوە، تاوەکو دواجار RRT خەرجی ئەو پرۆژەیەی، بۆ ماوەی 6 مانگ گرتە ئەستۆی خۆی "ڕێکخراوەکە بڕی 98 هەزار دۆلاری بۆ پرۆژەکە تەرخانکردووە".

لۆلان سیپان، کەبەشی فرۆشتنیشی لە مۆزەخانەکەدا هەیە، سەبارەت بەردەوامبوونی پرۆژەکە دوای ئەو 6 مانگە گوتی "ئێمە حەز دەکەین پرۆژەکە دوای ئەو 6 مانگە بەردەوام بێت، هەر بۆیەش پەیوەندیمان بەلایەنی پەیوەندیدار بەتایبەتیش پارێزگاری هەولێر کردووە، بۆ ئەوەی هاوکاری پرۆژەکە بکەن".

سەبارەت بەداهاتی ئەو چنراوانەی دەیفرۆشنیش گوتی "لەوانەیە داهاتەکەی کەرستەی خاوی پێ بکڕین بۆ ئەوەی پرۆژەکە درێژە پێبدەین، یان دەیدەینە ئافرەتەکان".

ئازاد ئیبراهیم، بەڕێوەبەری کارگێڕی پرۆژەکە ڕوونیکردەوە سێ پیاو بەشداریان تێدا کردووە، کە 6 لەو ئافرەتانە بە تەمەنن و پیشەکە دەزانن، ئەوانی دیکە فێر دەکەن.

سەبارەت بەو کەسانەی لەپرۆژەکەدا کار دەکەن، بەڕێوەبەری کارگێری پرۆژەکە گوتی "ئەولەوییەت دراوە بەو کەسانەی کەمدەرامەتن و هەورەها ئەو ئافرەتە بەتەمەنانەی کە پیشەکە دەزانن، ئەوانە دوای ئەوەی گەنجەکان فێر دەکەن، واز لەپرۆژەکە دێنن". لەبارەی هەقدەستی ئەو ئافرەتانەش گوتی "بەگوێرەی ئیشەکەیان پارەیان دەدرێتێ، هەقدەستەکەشیان لەنێوان 250 تاوەکو 400 دۆلار دایە".



پرۆژەی داهاتی خۆیی، یەکێکە لەو پرۆژە گرنگانەی کە زۆربەی ڕێکخراوە بیانییەکان گرنگییەکی تایبەتی پێدەدەن و ئامانج لەو پرۆژەیەش هاوکاریکردنی ئافرەتانە لەڕووی داراییەوە بۆ ئەوەی بتوانن پشت بەخۆیان ببەستن.

شادان ئەکرەم، 24 ساڵ، ماوەی دوو ساڵە مێردەکەی کۆچی دوایی کردووە، یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە بەشداری ئەو پرۆژەیەی کردووە بۆ ئەوەی فێری هونەری ڕستن و چنین ببێت "پێشتر هیچ کارێکم نەکردووە یەکەمجارە ئەو کارە دەکەم، کارەکەم زۆر پێخۆشە، چونکە جگە لەوەی داهاتێکی بۆ من تێدایە، ئێستا زۆر بەجوانی فێری چنینی مافوور بووم".

هەندێک لەئافرەتانی بەشداربووی پرۆژەکەی لۆلان شارەزاییەکی تەواویان لەڕستن و چنیندا هەیە، بۆیە ئەوانە وەکو مامۆستایەک و ڕاهێنەرێک لەپرۆژەکەدا کار دەکەن.

زارا قادر، 56 ساڵ، کە دانیشتووی گەڕەکی بادوای شاری هەولێرە، وەک خۆی باسیکرد مامۆستای دروستکردنی جاجمە و ئەو کارەش لەمێردەکەی فێر بووە، هەروەها باوکیشی وەستای دروستکردنی ڕانک و چۆغە بووە.

زارا زۆر خۆشحاڵە بەکارکردن لەو پرۆژەیەدا " بەڵام پارەکەی کەمە، بۆیە ناچارین لەماڵەوەش جار جار ئیش بکەین".

# کۆمەڵایەتی



## یەک ملیۆن پەککەوتە لەعێراق دەبنە سواڵکەر

ڕووداو-الحیاة

■ پاتریسا حەبۆ، سەرۆکی کۆمەڵەی لاوانی کەمئەندام دەڵێ "بە گوێرەی ئاماری ئێمە ژمارەی کەمئەندامان گەیشتووەتە یەک ملیۆن و 270 هەزار کەس لەعێراق، کە زۆربەیان بە هۆی شەڕ و تەقینەوەوە ئەندامێکی لەشییان لەدەستداوە". هەروەها بە پێی ئامارەکان زۆربەی ئەو کەمئەندامانە بەهۆی ناسەقامگیری بارودۆخ و دابیننەکردنی ژیانیان لەلایەن حکومەتەوە بوونەتە سواڵکەر.

# "زڕ باوکەکەم پەڕۆیەکی خستە ناو دەمم و پەتێکیشی لەمل کردم ویستی بمخنکێنێت"



ئەحمەد ئیسماعیل، تەمەن 11 ساڵ، شوێنەواری ئەشکەنجەدانی زڕباوکەکەی بەسەر هەموو لاشەکەیەوە دیارە (فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕزگار کۆچەر**
**ڕووداو-ناحیەی ڕزگاری**

هێشتا ئەو پەتەی لە مل نەکرد بووەوە کە زڕ باوکەکەی بە نیاز بوو پێی بخنکێنێت، بەڵام بەر لەوەی زڕ باوکەکەی بەخنکانی ئەو ئۆخەی بکات، ئەحمەد خۆی ڕزگار دەکات.

جەستەی ئەحمەد جگە لەشوێنی سورهەڵگەڕاوی قامچییەکانی زڕباوکەکەی هیچی دیکەی لەسەر نەدەبینرا، جگە لەوەش شوێنەواری جۆگەلەی خوێن بەسەر گوێچکەی چەپییەوە هەر مابوو، هەروەها چاوی ڕاستەشی لەئەنجامی ئەو ئەشکەنجەدان و لێدانە وەحشیانە بەتەواوی هەڵئاوسابوو.

ئەحمەد ئیسماعیل، تەمەنی 11 ساڵە، دوای ئەوەی باوکی دەمرێت، مامێکی بەناوی (ر) دایکی مارە دەکاتەوە، بەڵام مامەکەی لەجیاتی ئەوەی سۆزی باوکایەتی بۆ قەرەبوو بکاتەوە، بە پێچەوانەوە زۆر خراپ دەبێت لەگەڵی و بەردەوام ئەشکەنجەی دەدات.

شەوی 23 لەسەر 2008/8/24 ئەحمەد، لەگەڵ برا تەمەن 8 ساڵییەکەی بەناوی مالیک، لەلایەن زڕ باوکەکەیانەوە ئەشکەنجەیەکی زۆر دەدرێن، هەر بۆیە بەو شەوە لەماڵەوە ڕادەکەن و تا بەیانی خۆیان لە دوکانێکی کەلاوە لەناحیەی ڕزگاری خۆیان دەشارنەوە.

ئەحمەد کە شوێنەواری ئەشکەنجەدانی باوکی زۆر بەئاشکرایی بەسەر جەستەیەوە دەبینرا، لەکاتی قسەکردندا، ترس و تارمایی قامچییەکانی باوکی لەچاوەکانیدا بەدیدەکران. ئەحمەد لەبارەی ئەوە شەوەوە بە دڵپاکییەکی منداڵانەوە گوتی "ئەو شەوە باوکم زۆری خواردبووەوە، بەکێبڵ کەوتە لێدانی من و برا بچووکەکەم"، ئەحمەد شێوازی ئەشکەنجەدانی ئەو شەوەی خۆی و برا هەشت ساڵییەکەی باسکرد و گوتی "پەتێکی لەمل کردم و پەڕۆیەکی خستە ناو دەمم ویستی بمخنکێنێ، بەڵام لەگەڵ براکەم لەبەر دەستی ڕامانکرد و تا بەیانی خۆمان لەنێو دوکانێکی کەلاوەدا شاردەوە، بەیانی کەسێک ئێمەی هێنایە لای پۆلیس".

ئەحمەد تاقە قوربانی دەستی زڕ دایک و باوک نییە، بەڵکو هەر لەماوەی ئەمساڵدا چەندین حاڵەتی ئەشکەنجەدانی منداڵ لەلایەن زڕ دایک و باوکییانەوە تۆمارکراون.

لەنێوەڕاستی مانگی شوباتی ئەمساڵ، منداڵێکی تەمەن 5 ساڵان بەنێوی ئەیوب قادر، دوای ئەوەی چەندینجار لەلایەن زڕدایکی وباوکی ئەشکەنجەدرا و گیانی کون کون کرابوو بە شیشی سوورکراوەو لەسەر بان بەسترابووەوە، دواجار بەرگەی ئەو هەموو ئەشکەنجەیەی نەگرت و گیانی لەدەستدا.

دوای دوو مانگ بەسەر ڕووداوەکەی ئەیوب (ڕووداو) بەسەر هاتی کچێکی تەمەن 17 ساڵانی بەناوی (ش) ئاشکرا کرد، کە بۆ ماوەی 4 ساڵ لەلایەن باوک و زڕ دایکەکەیەوە ئەشکەنجە درابوو دواجاریش قژو برۆیان تاشیبوو.

هەروەها (................) باوکێک لە سلێمانی بەهۆی گریانی کوڕە تەمەن (.........) بۆکسێکی لە کوڕەکەیدا و کوشتی.

وەک ئەحمەد باسیکرد، ئیسماعیلی باوکی لەڕووداوێکدا کوژراوە، دوای کوژرانی باوکی، دایکی لەلایەن مامەکەی مارە کراوەتەوە، ئێستا خۆی و برایەکی و دوو خوشکەکەی لەماڵی مامی لە ناحیەی ڕزگاری سەر بە شاری هەولێر دەژین. ئەحمەد دەڵێ "مامم زۆر لەگەڵمان خراپە، بەردەوام لێماندەدات".

بەپێی قسەی ئەحمەد ئەوان مانگانە 200 هەزار دینار وەکو شەهیدانەی باوکیان وەردەگرن، بەڵام مامەکەیان پارەکە بۆ خۆی گلدەداتەوە "تەنانەت لەو 200 هەزار دینارە، 250 بیەکیشمان ناداتێ بۆ قوتابخانە".

مقەدەمی پۆلیس ئەزوەر خالید دزەیی، بەڕێوەبەری پۆلیسی خەبات، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "باوکی ئەو منداڵانەمان دەستگیر کردووەو پەراوی ڕووداوەکەشمان ئامادەکردووە بۆ ئەوەی ڕەوانەی لای دادوەر بکرێت و لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت تا جارێکی دیکە ڕووداوی وا دووبارە نەبێتەوە".

سەبارەت بەچارەنووسی منداڵەکانیش موقەدەم ئەزوەر گوتی "ئێستا منداڵەکانمان ڕەوانەی نەخۆشخانە کردوون تاوەکو چارەسەری پێویستیان بۆ بکرێت".

(ر)ی زڕباوکی ئەحمەد کە ئێستا لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کراوە لەبارەی ئەشکەنجەدانی منداڵەکانی بۆ (ڕووداو) گوتی "منداڵەکان زۆر خراپن بۆیە لێیاندەدەم، زۆربەی شەوان دەچنە دەرەوە تاوەکو درەنگانی شەو ناگەڕێنەوە ماڵەوە".

# تەلاق بەرۆکی حوکمدراوان دەگرێت

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

کامەران ڕەحمان، 33 ساڵ، 14ساڵە زیندانییە، حوکمەکەی لەسزای لەسێدارەدان کەمکراوەتەوە بۆ 25 ساڵ زیندانیکردن، هەرچەندە دوای کەوتنەی زیندانی، ژنەکەی زیاتر لە 10 ساڵ چاوەڕوانی کرد، بەڵام دواجار پێش چوار ساڵ داوای تەڵاقی لێکرد و لێی جیابووەوە، کامەرانیش بەناچاری ڕازیبوو،بەڵام دوای چوار ساڵ جیابوونەوە هێشتا دەڵێت "ئێستاش دڵم لەلایەتی و شەو نییە خەونی پێوە نەبینم".

بەندیخانەی چاکسازی گەورەی هەولێر (محەتە)، ئێستا سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتییە و بەپێی ئاماری بەندیخانەکە 333 زیندانی حکومدراوی تێدایە، 113لەو زیندانیانە خێزاندارن، 17 کەسیان ژنەکانیان تەڵاقداوەو 10 کەسیش ژنەکانیان داوای تەڵاقیان لێدەکەن، بەڵام هێشتا لەیەکتر جیانەبوونەتەوە.

بەهۆی ئەو ماوە زۆرەی کامەران لەزیندان بووە، بەتەواوی ئاگاداری ڕەوشی بەندیخانەکەیەو باس لەوە دەکات کە زیاتر لە40 کەس لەزیندان ژنی تەڵاقداوە و هەفتە نییە کەسانێک نەیێن باس لەکێشەی ماڵەوەیان نەکەن .ئەو دەڵێ زیاتر لە %25ی زیندانیکراوەکان ژنەکانیان داوای تەڵاقیان لێدەکەن"هیچ زیندانییەک نییە ساڵێک زیاتر لەزیندان بێت و لەگەڵ خێزانەکەی کێشەی بۆ دروست نەبووبێت، بەڵام نهێنی خۆیان بۆ ڕاگەیاندن باس ناکەن".

کامەران، لەنێو زیندانی محەتەدا، نیگای بڕیوەتە ئەو شیشە ئاسنینانەی کە دەبێ 11ساڵی دیکەش لە پشتیانەوە دانیشێ، بیر لەو ساڵانەی تەمەنی دەکاتەوەو بەهێمنی دەڵێ "خێزانەکەم 10ساڵ چاوەڕێی کردم، ئەمەش ئەوپەڕی وەفادارییە، هەتا دەمرم سوپاسی دەکەم"، بەڵام ئێستاش زۆر خەمی پەرتەوازەبوونی سێ منداڵەکەی و تەلاق وەرگرتنی ژنەکەی دەخوات " ئێستاش دڵم هەر لەلای هاوسەرەکەمە، شەو نییە خەونی پێوە نەبینم، دوای تەڵاقەکە سێ منداڵەکەم پەرتەوازە بوون، هەر ڕۆژێک باسی منداڵ و هاوسەرە پێشووەکەم دەکرێت یان وێنەیان دەبینم مردنێکە بۆ من".

ئەڤین ئیبراهیم فەتاح، توێژەری کۆمەڵایەتی، پێیوایە ئەو کەسانەی شتێکی نایاساییان کردووە، وەک دزی و کوشتن، ئەوانە تاوانبارن و توانای کۆمەڵایەتییان کەمترە " ئەو کەسانە بەر لەوەی بچنە زیندان لەگەڵ ژنەکەی باش نەبووە، ڕەنگە قسەی خۆشی لەگەڵا ژنەکەی لێدان بووبێت، کە پیاوەکە دەکەوێتە زیندان، خێزانەکەی هەر پێداویستی جەستەیی و ئابووری دەوێت، کە پیاوەکەش پێی دابین ناکرێ، ژنەکەش داوای تەڵاق دەکات".

ئەو توێژەرە کۆمەڵایەتییە دەستخۆشی لەو ژنانە دەکات کە داوای تەڵاق لە مێردە زیندانیکراوەکانیان دەکەن و دەڵێ " ئەوە تەحەددداکردنی کۆمەڵگایە، ژنێک ئێستا چ مەجبورە مێردەکەی کەسێک بکوژێت و چەندین ساڵ حکوم بدرێت و چاوەڕوانی بکات، ئەو پیاوە بە چ حەقێک دەبێ ژنەکەی 20 ساڵ ڕابگرێت". ئەو دەڵێ هەرچەند ئازادی زیاتر بێ ئەوەندە زیاتر خێزان لێک هەڵدەوەشێتەوە.

بەشێک لەو زیندانیانە وێڕای ئەوەی ژنەکانیان داوای تەڵاقدانیان لێدەکەن، بەڵام ئەوان ئامادە نین دەستبەردانی ژنەکانیان بن، ژنەکانیشیان پاساو بەوە دەهێننەوە کە ناتوانن بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ چاوەڕێی مێردەکانیان بن.

نەوزاد ئەبوزێد، 21 ساڵأ، ئێستا کەوتووەتە بەر کێشەی تەلاقدانی ژنەکەی. نەوزاد کێشەی جیابوونەوەی هەیە لەگەڵ ژنەکەی، ئەو 18ساڵە حوکمدراوەو یەک ساڵی تێپەڕاندووەو هێشتا 17 ساڵی ماوە لە زیندان دا. ئەو21 ڕۆژ بەر لەوەی بگیرێت ژنی هێنابوو، لەو ساڵەی کە لە زیندان بووە خێزانەکەی دووجار داوای تەڵاقی لێکردووە، بەڵام ئەو ئامادە نییە تەڵاقی بدات"دایک و باوکی وای لێدەکەن کە داوای جیابوونەوە بکات، دەڵێن حوکمەکەی زۆرەو کچەکەی ئێمە گەنجە ناکرێت ئەوەندە ساڵە چاوەڕوان بێت، ژنەکە خۆیشی ناتوانێت17 ساڵ چاوەڕوانی من بکات".

نەوزاد ئەوبوزێدیش دانی بەوە دانا کە زۆربەی ئەو کەسانەی حوکمدراون ژنەکانیان داوای جیابوونەوەیان لێدەکەن.

نەوزاد هەرچەندە ئەوە بە مافی خێزانەکەی دەزانێت کە داوای جیابوونەوەی لێبکات، بەڵام ڕازی نییە ئاوا بە ئاسانی دەستبەرداری ژنەکەی بێت و تەڵاقیبدات و دەڵێ "من هەربەهیوام بڕیارێکی لێبووردنمان بۆ دەربچێ و بچمەوە لای هاوسەرەکەم".

بەپێی یاسا هەر پیاوێک لەسێ ساڵ زیاتر حکوم بدرێت ژنەکانیان بۆیان هەیە لە ڕێگەی دادگاوە، داوای جیابوونەوە بکەن. شەریعەتی ئیسلامیش ئەو مافەی بە ژنەکە داوە داوای جیابوونەوە بکات. ئەگەر پیاوەکەش ئامادە نەبێ و ڕازینەبێ لەسەر تەلاقدانی ژنەکەی، ئەوا دادگا خۆی دەتوانێ بڕیار دەربکات بە جیابوونەوەی ژنەکە لە مێردەکە، جا پیاوەکە پێی خۆش بێت یان نا.

پارێزەر ژیان گەردی، چەندین داواکاری ژنانی لەو جۆرەی چووەتە لا، کە پیاوەکەی لەزیندان بووە وژنەکە داوای تەلاقی لێکردووەو پاشان لەیەکتری جیابوونەتەوە"بەڵام ئەگەر لەسێ ساڵ کەمتر بوو ناتوانێت بەهۆکاری زیندان داوای تەڵاق بکات، مەگەر هۆکاری دیکە لەنێوانیان هەبێت".

بەگوێرەی قسەی یونس محەممەد، بەرپرسی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی گەورەی هەولێر، تا ئێستا هیچ زیندانییەک بەشێوەیەکی فەرمی لەدادگا، هاوسەرەکانیان داوای تەڵاقی لێنەکردوون"هەر بەشێوەیەکی عەشایەری تەڵاقیانداوە، دوو حاڵەتمان بردە دادگا، بەڵام هەردووکیان سوور بوون لەسەر ئەوەی تەڵاقیان نەدەن ".

یەکێک لەهۆکارەکانی جیابوونەوەی ئەوان لەیەکتری، نەبوونی شوێنی تایبەتە بۆ ئەو زیندانیەنە حوکمدراوانەی هاوسەردارن تا بتوانن کرداری جووتبوون ئەنجامبدەن. لەوڵاتە ڕۆژئاواییەکان ژووری تایبەت بۆ ئەو مەبەستە دابینکراوە .هەرچەندە پێش دووساڵ بەڕێوەبەری پێشووی زیندانی محەتە نیازی خۆیانی بۆ دروستکردنی ئەو شوێنە تایبەتانە ڕاگەیاند، بەڵام تا ئێستا دروستنەکراون و بەگشتی زیندانەکانی کوردستان پڕن لە کەموکوڕی، تەنانەت پەرلەمانی کوردستانیش ڕەخنەی لە زیندانەکانی کوردستان گرتووە.

توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان جگە لەوەی پەیوەندی سێکسی نێوان ژن و مێرد بەهۆکارێکی پێکەوە مانەوە دادەنێن، بەڵام ئەوەی بەلایانەوە گرنگە ئەو ڕەوشتانەیە کە پیاوەکە پێشتر بەر لەوەی بچێتە زیندان بەرانبەر بە هاوسەرەکەی هەیبووە.

دێدەوان محەممەد سۆفی، بەڕێوەبەری چاکسازی گەورەی هەولێر ئەوەی خستەڕوو کە ئێستا لەتوانایاندا نییە ژووری تایبەت بەخێزان بکەنەوە، بەڵام دەڵێت "پڕۆژەیەکمان هەیە بۆ دروستکردنی زیندانێکی گەورە، لەو پڕۆژەیەدا شوێنی تایبەت بۆ ئەو کەسانە دەکرێتەوە کە خێزاندارن".

لەگەڵ ئەو ئازارانەی کامەران ڕەحمان، باسی دەکات کەچی هەر پێیوایە باشترین چارەسەر لێکجیابوونەوە بوو "ئەگەر شوێن بۆ خێزانەکان دابنرێت تارادەیەک چارەسەری کێشە سێکسیەکان دەکات، بەڵام کێشەکە هەر تەنیا سێکس نییە، بەڵکو ژن پێویستی بەسۆزو خۆشەویستی و لایەنی داراییشە".

عەلی کەریم، سەرۆکی ئەنستیتوتی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ، پێیوایە ئەگەر ڕێگە بە زیندانییەکان نەدرێت هەموو مافە کۆمەڵایەتییەکانی دەستەبەر بکات " ئەوە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە، بەتایبەتی ئەوانەی حوکمەکانیان دەچێتە سەرووی ساڵێکەوە، چونکە ڕێزگرتن لەماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەهەر کۆمەڵگایەکدا پەیوەستە بە ڕادەی مافی زیندانی و گیراوەکان".

### ئامار و بنەما یاساییەکان

زانیاری و گرافیک: ڕووداو



زیندانییەک:
ئێستاش دڵم لەلای خێزانە تەڵاقدراوەکەمە و شەو نییە خەوی پێوە نەبینم



چالاکڤانێکی مافی مرۆڤ:
نەبوونی مافی کۆمەڵایەتی حوکمدراوان پێشێلکردنی مافی مرۆڤە





بەڕێوەبەری زیندان:
لەبینایەی تازەدا شوێنی پێکەوە کۆبوونەوەی ژن و مێردە حوکمدراوەکانمان دەبێ



توێژەرێکی کۆمەڵایەتی:
دەستخۆشی لەو ژنانە دەکەم کە داوای تەلاق لە مێردە زیندانیکراوەکانیان دەکەن



زیندانییەک:
زیاتر لە 40 زیندانی ژنەکانی خۆیان تەڵاقداوە

لەکۆی 113 حوکمدراوی زیندانی محەتە 17 حوکمدراو ژنەکانیان تەلاقداوە

11حوکمدراوی دیکە لەو 113 خێزاندارانە ژنەکانیان ئێستا داوای تەلاقدانیان لێدەکەن

بەپێی یاسا هەموو ژنێک دوای سێ ساڵ زیندانیبوونی مێردەکەی دەتوانێ داوای تەلاقی لێبکات

هەر زیندانییەک دوای سێ ساڵ زیندانیبوون ئامادە نەبێت ژنەکەی تەلاقبدات دادگا بەبێ ڕەزامەندی ئەو بڕیاری جیابوونەوەیان دەدات



ئەو دوو وێنە کە لە نەخۆشخانەی لەدایکبوونی هەولێر گیراون، منداڵێک بە یەک لاق لە دایکبووە و ئەویتریش ریخۆڵەکانی لەدەرەوەن

# ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵی شێواو لەکوردستان لەزیادبووندایە

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو-هەولێر**

خەدیجە مستەفا،25 ساڵ، لەنەخۆشخانەی راپەڕینی منداڵان لەشاری هەولێر، بەدیار منداڵە تەمەن 22 ڕۆژییەکەی دانیشتبوو، کە سێ ڕۆژ بوو نەشتەرگەری بۆ کرابوو. منداڵەکەی خەدیجە هەر لە زگماکدا ریخۆڵەی گیراوەو (کۆم)یشی نییە، بۆیە ناتوانێت پیسایی بکات. ئەوەی جێگەی دڵگرانی خەدیجە بوو ئەو هەڵانە بوو کە دکتۆرەکان بەرانبەر بەمنداڵەکەی کردبوویان "دەیانگوت چەندین نەخۆشی هەیە و تەنیا 20% ئەگەری ژیانی هەیە، کەچی واش دەرنەچوو".

کاتێک دکتۆرەکان ناتەواوی کۆرپەکەی رادەگەیێنن،خەدیجە دەست بە گریان دەکات و لەدکتۆرەکان دەپارێتەوە منداڵەکەی بدەنەوە"دەمویست منداڵەکەم ببەمە نەخۆشخانەیەکی دیکە چارەسەری بکەم، بەڵام دکتۆرەکەی هەر دەیگووت من دەزانم یان تۆ، تا دواجار دکتۆرێک فریام کەوت و مزگێنی دامێ کە منداڵەکەم نامرێت".

لەدایکبوونی منداڵی شێواو لەکوردستاندا لەزیادبووندایە و بەشێک لەخێزانەکانیش بەر لەوەی منداڵە شێواوەکەیان ببێت لەباری دەبەن،پزیشکانیش هۆکاری دروستبوونی منداڵان بە شێواوی دەگەڕێننەوە بۆ پیسبوونی ژینگە و نەخۆشییەکانی دایکان.

بەپێی ئاماری بەڕێوبەرایەتی نەخۆشخانەی لەدایکبوون و ئافرەتان لەهەولێر، کە دراوەتە (ڕووداو) لەماوەی 2 ساڵ و 8 مانگی رابردوودا 34 منداڵی ناتەواو لەکاتی لەدایکبوون گیانیان لەدەستداوە، بەڵام بەپێی ئاماری فەرمانگەی تەندروستی هەولێر، تەنیا لەماوەی 6 مانگی رابردوودا 32 منداڵی شێواو لەسنووری پارێزگای هەولێر لەدایکبوونە.

دکتۆرە فەزیلە کەمەرخان ئیسماعیل، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی ئافرەتان و لەدایکبوون ئەوەی خستەڕوو کە ناتەواوییە زگماکییەکان دەبنە هۆی مردنی زۆر کۆرپەو لەبارچوونیان یاخود ئەگەرژیان تەمەنێکی پڕلەگیروگرفتیان دەبێت و دەبنە ئەرک بەسەر خێزانەوە "بۆیە ئەگەر هەندێک لەو ناتەواویانە بەر لە لەدایکبوون زانران دایک دەتوانیت لەباری بچوێنیت، ئەوە لەرووی یاساو شەرعیشەوە رێگەی پێدراوە".

بەڵام مەلا مەغدید کەریم، پێشنوێژو وتارخوێنی مزگەوتی حاجی بەکر لەهەولێر، دەڵێ هەر منداڵێک تەمەنی بگاتە 120 ڕۆژ لەسکی دایکیدا شەریعەتی ئیسلام رێگەی لەباربردنی نادات "جا ئەو منداڵە شێواو بێت یان تەواو، بەڵام ئەگەر مانەوەی منداڵەکە لەسکی دایکیدا مەترسی هەبوو بۆ سەر گیانی دایکەکەی ئەوا ئاساییە لەبار ببرێت".بەهۆی ناتەواوی کرۆمۆسۆمەکانەوە 8%ی منداڵانی جیهان بە ناتەواوی دروستدەبن و 50%یان لەسکی دایکیاندا دەمرن و ئەوانی دیکەش لەکاتی لەدایکبوون یان دوای لەدایکبوون دەمرن، تەنیا 1%یان دەژین.

ڕۆژانە ئافرەتی سکپڕ سەردانی نۆرینگەی دکتۆرە فەزیلە دەکەن،ئەو پسپۆڕەی لەدایکبوون و منداڵان دەڵێ "لە 20 ئافرەت یەکێکیان منداڵەکەی ناتەواوە، کە بزانین منداڵەکەی بەشێواوی لەدایکدەبێت و ناژیت، پێیدەڵێین پێویستە لەباری ببەی".

دکتۆر فەرمان حەمەدەمین زەندی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی منداڵان ئەوەی خستەڕوو کە ناتەواوی شێواز و ڕێژەی زۆرن و ئەوانەی کۆئەندامی لەشیان شێواوە"دەبێ زوو جۆرەکەی دەستنیشان بکرێت و بۆ ئەوەی بەزوویی چارەسەر بکرێت بەتایبەتی ئەوانەی پێویستیان بەنەشتەرگەری هەیە، بۆ نمونە منداڵ هەیە لەدایکدەبێت هەردوو کونە لوتی گیراوە، ئەگەر زوو چارەنەکرێت تووشی هەناسە سواری دەبێت".

بەگوێرەی قسەی ئەو دکتۆرانەی بۆ (ڕووداو) لەوبارەوە دوان، هۆکاری لەدایکبوونی منداڵی ناتەواو بۆ ناتەواوی و گۆڕان لەکرۆمۆسۆمەکان و هۆکاری دەرەکی وەک پیسبوونی ژینگەو نەخۆشییەکانی دایک دەگەڕێتەوە.

دکتۆر فەرمان دەڵێت هەموو نەخۆشییە زگماکییەکان پەیوەندییان بەهێلکەوسپێرمەوە هەیە لەکاتی یەکگرتنندا "لەکاتی دروستبوون و گەشەکردنی گرفتێک پەیدادەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی جۆرەها کێشە وەک ئەو منالانەی کە دووسەریان هەیە یان پێیەکانیان پێکەوە دەنووسێن".

دکتۆرە فەزیلە دەڵێ ژمارەی کرۆمۆسۆمەکانی هەر خانەیەک 46 دانەیە، هەر زیادبوون و کەمبوونێک یان گۆڕانی شێوەی ئەو کرۆمۆسۆمانە ناتەواوی کۆرپەلەکەی لێدەکەوێتەوەو چارەسەر ناکرێت.

دکتۆرە فەزیلە باسی لەجۆرە پرۆتینێک کرد بەناوی" ئەلفا فیتۆ پرۆتین" ئەگەر ئەو پرۆتینە لەڕێژەی سروشتی زیاتر بوو ئەوا کۆرپەکە دەمارە بۆڕی ناتەواوی دەبێت و لەئەنجامدا دەبێتە هۆی شێواوی لەوانە "هەیە قەپاخی سەری نییە، یان پشتیان کراوەتەوە، ریخۆڵەیان لەدەرەوەی لاشەیانە، ئەوانە بەجۆرە حەبێک چارەسەر دەکرێن و زۆر پێویستە دایکە سکپڕەکان بەکارییبهێنن، لەبەر ئەوەی حەبەکە ڕێژەی ئەو نەخۆشییە زکماکییانە کەم دەکاتەوە".

پزیشکەکان چەند نەخۆشییەکی دایکیش بەهۆکاری لەدایکبوونی منداڵی ناتەواو دادەنێن وەک نەخۆشی سورێژەی ئەڵمانی، شەکرە، پەستانی خوێن و کەمخوێنی یان بەکارهێنانی جۆرەها دەرمان و تیشک (ئەشیعە) لەکاتی سکپڕیدا یان جگەرەکێشانی دایک.بەڵام ئەو ناتەواویانەی بەوهۆیانەوە دروستدەبن چارەسەریان هەیە.

بەڕای دکتۆرە فەزیلە ئەو ئافرەتانەی دوای تەمەنی 35ساڵی یەکەم منداڵییان دەبێت، یان سێ منداڵی بەبێ زانینی هۆکارەکان لەبارچووبێت لەبار چووبێت، پێویستە لەکاتی سکپڕیدا پشکنینیان بۆ بکرێت "بۆ ئەوەی ئەگەر منداڵەکانیان ئەو نەخۆشیانەیان هەبوو لەبار بچووێندرێن".

سوبحی عەبدوڵڵا،41 ساڵ، باسی لەژنێکی خزمیان دەکرد کە منداڵێکی شێوە ناتەواوی بووە، دایکەکەی بەهۆیەوە گیانی لەدەستداوە "منداڵەکە گوێیەکانی درێژبوون، پێستەکەی بەڵەک بوو وەکو پێستی پڵینک، دواتر منداڵەکەش مرد".

بەشێک لەو منداڵانەی بەناتەواوی لەدایکدەبن، دەتوانرێت بەهۆی نەشتەرگەرییەوە چارەسەر بکرێن، بەتایبەتی بەو منداڵانەی کە بەشێکی پێستیان کراوەتەوەو ئەندامەکانی ناوەوەیان لەدەرەوەیە. دکتۆر مەهدی عەزیز حەمەمارف، قوتابی دکتۆرا لەنەشتەرگەری منداڵان، ئاماژەی بەچەند حاڵەتێکدا کە نەشتەرگەریان بۆ ئەنجامداون، بەتایبەتی ئەو منداڵانەی ریخۆڵەیان بەدەرەوە بووە"ڕێژەیەکی زۆری منداڵمان هەیە ناتەواوی شێوازەکانیان لەکۆئەندامی هەرسە بۆ نمونە نەبوونی بۆڕی خواردن، مانگانە چەند حاڵەتێکی لەو جۆرەمان بۆدێن و چارەسەریان دەکەین".

ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵی شێواو بەردەوام لەزیادبوونە پزیشکانیش دەڵێن تا ئێستا نەتوانراوە رێگە لەزۆربەی ئەو نەخۆشییانە بگیردرێت کە دەبنە هۆی لەدایکبوونی منداڵی ناتەواو. دکتۆر فەرمان گوتی "ئەمرۆ دەستنیشانکردنی نەخۆشی ئاسانترە لەبەر ئەوە ڕێژەیان زیاتر ئاشکرا بووە".

دکتۆر مەهدی ئەو شەڕە درێژخایەنانەی ژینگەی عێراقیان تێکداوە بەهۆکاری سەرەکی زیادبوونی ناتەواوی منداڵان دانا لە کوردستان و عێراق" چونکە چەکی کیمیایی تێدا بەکار هاتووە، ئەو ڕێژەیە لەداهاتوویشدا زیاتر دەکات".

# شەش هۆکاری سەقەت لەدایکبوونی منداڵان



**سەنا بتلیسی**
**ئەڵمانیا**

شارەزایانی بواری پزیشکیی منداڵ وشیاری ئەوە دەدەن کە کۆمەڵێک هۆکاری سەرەکی هەن دەبنە مایەی سەقەت لە دایکبوونی منداڵ.سەرەکیترین و مەترسیدارترینیشیان شەش هۆکار . زانینی ئەو شەش هۆکارانەش بۆ دایکان زۆر گرنگە، کە ئەمانەن :

-بەرزبوونەوەی لەرادەبەدەری پلەی گەرمی لەشی ئافرەت.
-میکیاژکردنی زۆر و بەکارهێنانی لە رادەبەدەری دەرمانەکانی جوانکاری.
-لە نزیکەوە دەستدانە سەگ و پشیلە.
-پەستی و قەیرانی دەروونی.
-خواردنەوە و خواردنە کات بەسەرچووەکان و خراپ بووەکان.
-جگەرە کێشان.

ئەو شەش هۆکارانەش گرنگن کە رەنگە بوونی یەکێکیشیان بەس بێت بۆ سەقەت لەدایکبوونی منداڵ . بێگومان کاریگەری ئەم هۆکارانەش بە گوێرەی قۆناخەکانی سکپڕی دەگۆڕێت.

بە گوێرەی دوا لیکۆلینەوەکان کە لەم بارەوە ئەنجامدراون، دیار دەبێت کە بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی ئافرەتی سکپڕ لە رۆژانی یەکەمی سکپڕیدا رەنگە ببێتە هۆی تیکچوونێک لە رووالەتی دەرەوەی منداڵ و ڕێ لەگەشەی خانەکانی مێشکی منداڵ بگرێت. کە ئەمەش دەبێتە هۆی تیکچوونی هۆش و لەدەستدانی ژیری منداڵەکە.

دەستوەردان و لە نزیکەوە تێکەڵاوبوونی ئافرەتی سکپڕ لەگەڵ سەگ و پشیلە مەترسییەکەی لەوەدایە کە ئەم گیانلەبەرانە هەڵگری میکرۆبی نەخۆشی جۆراو جۆرن . زۆر کەس هەن نازانن بەشی دەرەوەی لەشی سەگ یان پشیلە گویزەرەوەی زۆر نەخۆشین و دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی نەخۆشی . بە گوێرەی لیکۆلینەوەیەک کە لە بەریتانیا ئەنجامدراوە، ئیسپات بووە لەبەر بەریەککەوتنی دایکانی سکپڕ بە سەگ و پشیلە، ساڵانە نزیکەی 500 منداڵ بەسەقەتی لە دایکدەبن لە بەریتانیا.

بە گوێرەی لێکۆلینوەیەکی دیکە کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجامدراوە، مەترسی سەقەتبوونی ئەو منداڵانەی دایکانیان زۆر میکیاژ بەکار دەهێنن 1.25 زیاترە لەو منداڵانەی کە دایکانیان کەمتر ماکیاژ بەکار دەهێنن . هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ماددە کیمیاییانەی بۆ ماکیاژ بەکاردەهێنرێن ڕێژەیەکی زۆر لە ماددەی ژەهراوی وەکو چینکۆ،قورقوشم و مەرکۆر کە ماددەی ژەهراویان تێدایە . ئەم ماددە ژەهراویانە لەرێگەی پیستی ئافرەتی سکپڕەوە بە سووری خوێندا دەگەنە ناو لەشی کۆرپەڵەو کاریگەری خراپ لە گەشەی ئەو منداڵە دەکات.

قەیران و فشاری دەروونی زیاد لە لای ئافرەتی سکپڕ لە هەموو قۆناخەکان کاردانەوەی نەرێنی بۆ شێوەو ژیانی منداڵەکە بەکاریگەرییە، بەڵام لە سێ مانگی یەکەمی سکپڕیدا ئەم کاریگەریەکەی زۆر مەترسیدارە بۆ سەر کۆرپەڵە و ناڕەحەتی دەروونی ئافرەت لەم ماوەیەدا دەبێتە هۆی تیکچوونی شێوەی دەموچاوی منداڵ، بە زۆری ئەو منداڵانەی کە لێوو دەمیان شێوەی لێوی کەروێشک وەردەگرن، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆکارە. هەرچی خواردنی کۆن و بەسەرچووە بەهۆی ئەو ماددە رزیوانەی ناو خۆراک لە خوێنی دایکەوە بۆ کۆرپە دەگوازرێنەوەو کاریگەری خراپ لە کرۆمۆسۆمەکانی ئەو کۆرپەڵە دەکات.

زیانەکانی جگەرە کێشان بۆ هەموو کەس ئاشکران، بەڵام کاریگەرییە نەرێنییەکانی بۆ سەر کۆرپەڵەکانی ناو سکی دایک زۆر زیاترن. لێکۆلینەوەکان ئاشکرایان کردووە کە جگەرەکێشانی دایک شێوەی لەشی منداڵ تێکدەدەن. بەپێی لێکۆڵینەوەکان ئەگەر دایکێکی سکپڕ لە ماوەی سکپڕیدا رۆژانە 10جگەرە بکێشێت ئەگەری سەقەتبوونی منداڵەکە 29% زیاد دەکات و، جگەرە کێشان دەبیتە هۆی کەمبوونی بەشەکانی لەشی منداڵ، وەک کەمبوونی پەنجە یان لەدەستدانی بەشێک لە دەموچاوی . بە گوێرەی لیکۆلینەوەیەک کە لە نێوان ساڵی2001 -2002 لەلایەن گۆڤاری نەشتەرگەری جوانکاری ویلاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ە لەسەر 7 منداڵ ئەنجامدراوەو لە ژمارەی کانوونی دووەمدا بڵاوکراوەتەوە، دەرکەوت کە لەم ژمارەیە نزیکەی 5171 ئافرەتی سکپڕ سەرەڕای ئەوەی گرفتیان نەبووە تا لەدایکبوونی منداڵ، بەڵام دوای لەدایکبوون بینراوە مندالەکانیان سەقەتن . سەقەتییەکانیش بە زۆری فیزیکی و لاشەیی بوونە. بەپێی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆلینەوەیە دەرکەوت ئەو ئافرەتە سکپڕەی رۆژێ نیو پاکەت جگەرە دەکێشێت مەترسی سەقەتبوونی منداڵەکەی 29%زیاد دەکات. ئەنجام هەرچۆنیک بێت ئامۆژگاری ئەوەیە کە نابیت لە کاتی سکپڕیدا بە هیچ شێوەیەک دایک جگەرە بکێشێت.

zagros2004@hotmail.de

# تۆزو خۆڵی بیابانی عەرەب و ئەفریقیا هەناسەی کورد تەنگ دەکات

## 3046 کەس لەهەولێر نەخۆشی هەناسەسوارییان هەیە

**زیاد ئیسماعیل**
**ڕووداو-هەولێر،سلێمانی**

بۆ حەمەد حوسێنی 57 ساڵ، ناخۆشترین رۆژ ئەو رۆژانەن کە گەردەلول و تۆزوخۆڵی بیابانەکانی باشووری عێراق بەرەو کوردستان هەڵدەکات، چونکە ئەو نەخۆشی رەبووی هەیە، لەبەر کەمی کارەبا ناتوانێت لەژوورەوە بحەوێتەوەو منداڵەکانیشی رێگەی پێنادەن بێتە دەرەوە.

حەمەد، کە لەنێو باخچە بچووکەکەی ماڵەکەی لەسەر کورسییەک دانیشتبوو گوتی "ئەو رۆژانەی خۆڵبارین بێت منداڵەکانم رێگەم پێنادەن بێمەدەرەوە، چونکە نەخۆشی رەبۆم هەیە، ناشتوانم لەژوورەوە بحەوێمەوە، چونکە زۆربەی کات کارەبا نییە". ئەوەش وایکردووە کە حەمەد و منداڵەکانی ئەو رۆژانە هەر لە دەمەقاڵێدا بێت .

بەهۆی ئەو وشکە ساڵییەی رووی لەکوردستان و عێراق کردووە، ئەمساڵ زۆرترین حاڵەتی خۆڵبارین روویداوە، بەڵام بەهۆی نەبوونی ئامێری دیاریکردنی خۆڵبارین، بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی هەولێر نازانێت لەمساڵدا چەندجار و چەند خۆڵ باریوە.

لەکاتی خۆڵبارین نەخۆشخانەکانی کوردستان جمەیان دێت لەو کەسانەی نەخۆشی تەنگەنەفەسی و رەبوویان هەیە، ئامارەکانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێریش دەریدەخەن، ئەمساڵ بەهۆی خۆڵبارینەوە ژمارەیەکی زۆر لەتووشبوانی ئەو نەخۆشییە روویان لەنەخۆشخانەکە کردووە.

بیابانی عەرەب و بیابانەکانی باشووری عێراق کە هەمیشە بایەکی خۆڵاویان هەبووە، ئەمساڵ ئەوبایە خۆڵاوییەیان زۆر بەهێزتر و ماوە درێژتر بووە، زۆریش درێژتربووەتەوە بۆ سەر شارەکانی دیکەی عێراق و کوردستان، تەنانەت زۆرجارشارەکانی باکووری کوردستانیش نقومی خۆڵەکەیان دەکەن، لەشارەکانی عێراقیش زۆر لە پۆلیسەکانی هاتووچۆ کە ناچارن هەر لەدەرەوە بن، دەمامکی سپی دەخەنە سەر دەم و لوتیان.

محەممەد شەمسەدین، 45ساڵ، دایشتووی شاری هەولێر، لەو رۆژانەدا کە خۆڵی بیابانەکانی عەرەب بەری ئاسمانی شارەکانی کوردستان دەگرێت ئەو تەواو گرفتار دەبێت "ئەو رۆژانەی خۆڵبارینە من زەندەقم دەچێت، چونکە نەخۆشی رەبووم هەیە، بۆیە توند دەمامکی خۆم دەدەم و دەچمەوە ماڵ".

خۆڵبارین ئەوکاتە روودەدات کە پاڵەپەستۆی نزمی با لەناوچەیەکەوە بەرەو ناوچەیەکی دیکە هەڵبکات، ئەو خۆڵەی لەسەر زەوی هەیە بەهۆێ پاڵەپەستۆکەوە لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەگوزارێتەوە.

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەی هەولێر، ڕۆژانە پێشبینی دەزگاکەیان بۆ کەشوهەوا لەرێگەی ماڵپەڕی تایبەتییەکەیان بڵاو دەکاتەوە، بەڵام بەپێی قسەی رەشید رەسوڵ، بەڕێوەبەری کەشناسی هەولێر، تاوەکو ئێستا ئامێرێکی پێشکەوتوویان نییە بۆ پێوانەکانی خۆڵبارین "هیچ ئامێرێکمان نییە بۆ دیاریکردنی کات و ماوەو ڕێژەی خۆڵبارین، تەنیا دەتوانین بۆ ماوەی 24 کاژێر پێشبینی بکەین، کە ئایا خۆڵبارینەکە کەی روودەدات و بەرەو کوێ دەچێت".

بەپێی قسەی رەشید ئەمساڵ زۆرترین دیاردەی خۆڵبارین روویداوە، ئەویش لەئەنجامی وشکە ساڵی بووە "ئەو ناوچانەی کە دووچاری وشکەساڵی دەبنەوە چینێکی تەنک لەسەر زەوییەکەیان دروست دەبێت، ئەو چینە لەگەڵ هەڵکردنی هەر بایەک بەرەو ئاسمان دەچێت و بە ئاراستەی بایەکە دەڕوات".

هەر یەک لەخاکی دوورگەی عەرەبی و باکووری ئەفریقیا دوو ناوچەی دیارن کە ئەو چینە تەنکەیان تێدا دروستبووە، ئەو چینە تەنکەش پێیدەگوترێت بەبیابانیبوون. زۆربەی جاریش لەو ناوچانەدا بایەکە بەئاراستەی کوردستان هەڵدەکات و خۆڵبارین لەگەڵ خۆی دەهێنێت.

دیاردەی خۆڵبارین لەبەهاری ئەمساڵدا بەرادەیەک درێژبووەوە، لەکوردستان نوکتەشی لەسەر دروستبوو، بەپێی نوکتەکە، ئەو تۆزو خۆڵەی لەعێراقەوە بۆ کوردستان دێت ئەویش 17%ی تۆز و خۆڵەکەیە.

بەڵام دانا حەسەن فەرەج، بەڕێوەبەری کەشناسی سلێمانی رەتیکردەوە، کە ئەو خۆڵەی ئاسمانی کوردستان داگیر دەکات، خۆڵی باشوری عێراق بێت "ئەو خۆڵە لەباکووری ئەفریقاوە دێتە نیمچە دوورگەی عەرەبی و لەوێشەوە بۆعێراق و پاشان بۆ کوردستان".

سەبارەت بەڕاست دەرچوونی پێشبینییەکانیان بەڕێوەبەری کەشناسی هەولێر دەڵێت "پێشبینی راست دەرچوون دەگەڕێتەوە بۆ پێشکەوتوویی ئامێرەکان، ئێمەش لەم رووەوە زۆر هەژارین".

کوردستان تاوەکو ئەمساڵ هیچ کات رووبەرووی تەوژمی بەو جۆرەی خۆلبارین نەبووەتەوە.

ئاماری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێریش ئەو راستییە دەردەخەن، کە ئەمساڵ زۆرترین دیاردەی خۆڵبارین روویداوە، بەپێی ئاماری 8 مانگی رابردووی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەولێر 3046 کەس بەهۆی نەخۆشی رەبوو و هەناسەسواری سەردانی نەخۆشخانەی ناوبراویان کردووە ( 1921 ژن و 1125 پیاو) . زۆربەشیان لەکاتی خۆڵبارین سەردانی نەخۆشخانەیان کردووە.

دکتۆر سەمیر قادر، سەرۆکی پزیشکانی نیشتەجێی لەنەخۆشخانەی فریاکەوتن دەڵێت "خۆڵبارین کاریگەری راستەوخۆی لەسەر مرۆڤ هەیە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی نەخۆشی رەبوویان هەیە، تەنانەت کار لەکەسانی ساخیش دەکات، چونکە زۆرجار ئەو خۆڵبارینە میکرۆب بەکتریای لەگەڵدایە و دەچێتە ناوسییەکانی مرۆڤ و زیان بە کۆئەندامی هەناسە دەگەیێنێت".

باشترین چارەسەر بۆ خۆپاراستن لەخۆڵبارین بە رای ئەو دکتۆرە نەهاتنە دەرەوەیە "ئەوانەی نەخۆشی رەبوویان هەیە نابێت لەکاتی خۆڵبارین بێنە دەرەوە، ئەگەر بێنە دەرەوەش پێویستە دەمامک ببەستن".

بەهۆی کەمی ناوچەی سەوزایی بەتایبەتی لەهەندێک شارورشارۆچکەی کوردستان، خۆڵبارین کاریگەری زیاترە، لەکاتێکدا بەپێی ستانداردی جیهانی دەبێتە 32%ی رووبەری شار سەوزایی بێت، بەڵام تەنیا 3%ی رووبەری شاری هەولێر سەوزاییە. هەورەها هیچ پشتێنەیەکی سەوزیش بەچوار دەروی شاردا نییە تاوەکو کاریگەرییەکانی خۆڵبارین کەمبکاتەوە. بۆیەش ئێستا پرۆژەیەک هەیە بۆ دروستکردنی پشتێنەیەکی سەوز و ئاوی بۆ هەولێر.

بەڕێوەبەری کەشناسی هەولێر دەڵێت "ناوچەی سەوزایی زەوی توند دەکات و هەڵکردنی با کاری تێناکات، جگە لەوەش کاریگەری خۆڵبارین کەمدەکاتەوە".



# دەزگای خۆژین بەبێ پشتیوانی حکومەت پارە بۆ گەنجان قازانج دەکات

**سەرهەنگ عارەب**
**ڕووداو-بەحرکە**

لەناحیەی بەحرکە کۆمەڵە گەنجێک پرۆژەیەکی ئابووری لەچوارچێوەی دەزگایەک بەناوی (دەزگای خۆژین) دادەمەزرێنن و لەقازانج و زیانی دەزگاکە بەشدارن، بەڕێوبەری دەزگاکەش گوتی تا ئێستا لە چەند پرۆژەیەک قازانجمان کردووە.

دەزگای خۆژین، لەمانگی 4 ی ئەمساڵ دامەزراوەو، دامەزراوەیەکی ئابووری و بازرگانی تایبەتە بە پاشەکەوتکردن و قازانج خوازی و دابینکردنی قەرز بۆ گشت بەشداربووانی. دەزگاکە پێشتر بریتی بوو لە گرووپێک بەناوی (گرووپی ملان)، بەڵام وەک بەڕێوەبەری دەزگاکە باسیکرد بەهۆی زۆربوونی ژمارەی ئەندامانی گرووپەکە، دواتر کردیانە دامەزراوەیەکی ئابووری. دەزگای خۆژین ئێستا 53 بەشداری هەیە و سەرمایەی دەزگاکەشیان مانگانە نزیکەی 6 هەزار دۆلار دەبێت.

بەپێی پەیڕەو پرۆگرامی دەزگاکە هەموو کەسێک مافی بەشداربوونی لەو دەزگایەدا هەیە و، هەر بەشداربووێک بۆ ماوەی یەک ساڵ مانگانە بڕی 125 هەزار دینار دەدات بە دەزگاکە، دواتر بۆ ماوەی 4 ساڵ مانگانە بڕی 75 هەزار دینار دەدات بە دەزگاکە، لەدوای ئەو ماوەیە هیچ پارەیەک نادات و دەبێتە خاوەن پشک لە دەزگاکە.

هەروەها بەپێی پەیڕەو و پرۆگرامی دەزگاکە، 6 مانگ جارێک، ڕەسیدی بەشداربوو لەو دەزگایە دیاریدەکرێت، واتە بەشداربوو دوای 6 مانگ دەتوانێت بەگوێرەی ڕەسیدی خۆی داوای قازانج لەدەزگاکە بکات، ئەگەر دەزگاکە لەو ماوەیەدا قازانجی کردبێت. جگە لەوە، بەشدارانی دەتوانن بەگوێرەی ڕەسیدەکەیان داوای قەرزیش لەدەزگاکە بکەن.

نزار محەممەد سەلیم، 27 ساڵ، دەرچووی کۆلیژی یاسا و رامیاری، کە بەڕێوەبەری دەزگای خۆژینە، بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە هەر کەسێک پەیوەندی بەو دەزگایە بکات، دەبێ بەڵێننامەیەک پڕبکاتەوە کە بەڵێنی پابەند بوون بە پەیڕەو و پرۆگرامی دەزگاکە دەدات.هەروەها دەبێ تەمەنی بەشدار بوو لە 18 ساڵ زیاتر بێ،بەڵام ئەگەر تەمەنی لە 18 ساڵ کەمتر بێ، دەبێ کەفیلێکی هەبێ.

بەپێی قسەی بەڕێوەبەری دەزگاکە ئافرەتان ڕێژەیەکی زۆری بەشداربووانی ئەو دەزگایە پێکدەهێنن،کە تا ئێستا مۆڵەتی کارکردنی لەحکومەت وەرنەگرتووە. بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە لەوبارەوە دەڵێت"هەموو کارەکانمان تەواوە تەنیا ماوەتەوە حکومەت مۆڵەتی کارکردنمان بداتێ، بە وەرگرتنی مۆڵەت هیچ کێشەیەکمان نامێنی".

سەبارەت بەوپڕۆژە ئابوورییانەی تاوەکو ئێستا ئەنجامیانداون، نزار گوتی "یەکەم پرۆژە کە دەستمان پێکردووە کڕین و فرۆشتنی زەوی بوو، قازانجێکی زۆرمان کرد، ماوەیەک پێش ئێستاش گرێبەستێکمان لەگەڵ کارگەیەکی ئێرانی ئێرانی مۆرکرد کە تایبەت بە دروستکردنی کەلوپەلی خانووبەرە".

بەشداربووانی دەزگاکە بە گەشبینییەوە دەڕواننە پرۆژەکە و لەو باوەڕەدان لەئاییندەدا قازانجێکی زۆر دەکەن، بۆیە تاوەکو ئێستا هیچ بەشداربوویەک لەپرۆژەکە پەشیمان نەبووەتەوەو ئامادەش نین دەستبەرداری پرۆژەکە بن.

سەرکەوت ماهیر، 31 ساڵ، فەرمانبەرە لەوەزارەتی پێشمەرگە، ماوەی 6 مانگە بەشداری پرۆژەکەی کردووە و ئێستاش چاوەڕێیە 6 مانگ بەسەر دامەزراندنی پرۆژەکە تێپەڕ ببێ بۆ ئەوەی بەشە قازانجی خۆی وەربگرێ.

لەبارەی پرۆژەکەوە سەرکەوت گوتی "پرۆژەکە بەلای منەوە زۆر گرنگە و بڕی پارەکەش زۆر گونجاوە، بۆیە قەت بیرم لە وازهێنان نەکردووەتەوە"، هەروەها گوتیشی "دەزگاکە هەر کارێکم پێ ڕاسپێرێت ئامادەم بیکەم".

بۆ مەهدی تەیب 31ساڵ، بەرپرسی سەنتەری ڕۆشنبیری بەحرکە، دەزگایەکە وەکو قاسەیەک وایە "ئەگەر قازانجیش نەکەم، دانانی پارەکە لەو دەزگایە بۆ من وەکو پاشەکەوتێکە، چونکە ئەگەر ئەو پارەیە لەلای خۆم بێت دڵنیام خەرجی دەکەم". مەهدی چەند پرۆژەیەکی قازانج بەخشی لەخەیاڵدایە، کە کە بەنیازە وەکو پێشنیازێک ئاراستەی دەستەی بەڕێوەبردنی دەزگاکەی بکات.

بەڕای مامۆستایانی ئایینی پرۆژەکە لەڕووی شەرعییەوە هیچ کەموکوڕییەکی نییە، بەمەرجێک پارەی پرۆژەکە لەکاری بێشەرعی بەکارنەهێندرێت.

مەلا ڕەشید گەردی، پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی عەبدولرەشید گەردی لە بەحرکە، لەبارەی حەڵاڵی و حەرامی پرۆژەکە گوتی گوتی "ئەگەر بەشداربووی ئەم دەزگایە لەپرۆژەو کارە بازرگانییەکان لەقازانج و زیان پشکی بەرکەوێ ئەوە حەڵاڵە، بەڵام ئەگەر تەنها لەقازانج یان زیان پشکی بەرکەوێ ئەوە حەرامەو دەبێتە جۆرێک لەجۆرەکانی ڕیبا".

ئەو مامۆستایە ئاینییە گوتیشی "لەڕووی شەرعییەوە دروست نییە ڕەسیدی دەزگاکە بازرگانی ناشەرعی پێوە بکرێ".

بە بڕوای پسپۆڕانی بواری ئابووری، بوونی ئەو جۆرە پرۆژانە وێڕای گرنگییەکەی، نیشانەی پێشکەوتووی عەقڵی ئابووری و بازرگانی گەنجانی دەزگایەکەشە.

هاوڕێ ڕەنجدەر، مامۆستای زانکۆ، کە بڕوانامەی ئابووری لەزانکۆی کلیزنک لەویلایەتی پەنسلڤانیای ئەمریکا بەدەستهێناوە لەبارەی تێڕوانینی بۆ ئەو دەگایە گوتی"لەڕوانگەی ئابوورییەوە بەو جۆرە دەزگایانە دەگوترێت بچووک و مام ناوەندی، لە ولاتانی وەکو بەحرێن و ئەمریکاش ئەو جۆرە دەزگایانە هەن، بەڵام پێشکەوتووترن".

ئەو ئابووریناسە ڕای وایە دەزگایەکی وەکو خۆژین کە لەلایەن کۆمەڵە گەنجێک دامەزراوە، سەرەتایێکە بۆ نوێکردنەوەی ژێرخانی ئابووری وڵات "دڵنیاشم ئەگەر حکومەت پشتیوانی ستراتیجی لەدەزگای خۆژین و هاوشێوەکانی بکات و ژینگەیێکی ئابوورییان بۆ دابین بکات، تا ڕادەیەک ئەم دەزگایانە ئەرک و باری حکومەت سوک دەکەن و، دەبنە بنەمایێک بۆ پەرەپێدانی ئابووری لەکوردستان".





بەهێزکردنی ئابووری ناوخۆ

دەزگای خۆژین، دامەزراوەیەکی ئابووری و بازرگانییە، تایبەتە بە پاشەکەوت و قازانج خوازی و دابینکردنی قەرز بۆ گشت بەشداربووانی دەزگاکە. هەر بەشداربوویەکی دەزگاکە، مانگانە بۆ ماوەی یەک ساڵ 125 هەزار دینار دەدات، دواتر بۆ ماوەی 4 ساڵ، مانگانە 75 هەزار دینار دەدات، لەدوای ئەو ماوەیە هیچ بڕە پارەیەک نادات و دەبێتە خاوەن پشک لەدەزگاکە. بەشداربوو دەتوانێت هەر 6 مانگ جارێک بەگوێرەی ڕەسیدەکەی داوای قازانجی بەدەستهاتووی پرۆژە بازرگانییەکانی دەزگاکە بکات، لەهەمانکاتیشدا بەشدارە لەهەر زەرەرێکی دەزگاکە.هەروەها دەتوانێ داوای قەرزیش لە دەزگاکە بکات. دەزگاکە تا ئێستا لە چەند پرۆژەیەکدا قازانجی کردووە.

# تاتۆکردن بەقاچاخیش بازاڕی گەرمە

**هەژان خالید**
**ڕووداو-سلێمانی**

پسپۆڕێکی تاتۆ :لەماوەی 3ساڵدا لەشاری سلێمانی تاتۆم بۆ 6412کەس کردووە"

نەجاح ئەڵماس، 31 ساڵ، کە بە نەجاحی تاتۆ ناسراوە دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگای هونەرە جوانەکانی سلێمانییەو ئێستا لەشاری سلێمانی بەتاتۆ کردنی لەشی گەنجانەوە سەرقاڵە، ئەو خۆی بە یەکەم کەس دادەنێ کە لە هەموو عێراقدا بەشێوەیەکی ئەکادیمی دەستی بەم کارە کردووە.

حەزی نەجاح بۆ ئیشەکە وایکردووە لە (سەنتەری لیواردن) لەوڵاتی هۆڵەندا بەشێوەیەکی زانستی و هونەری لەبواری تاتۆکردن بخوێنێت و بڕوانامە بەدەستبێنێت.

نەجاح لەساڵی2006 لەلایەن هۆبەی تەندروستی شاری سلێمانی مۆڵەتی کارکردنی بۆ ماوەی مانگێک وەردەگرێت، بەڵام دوای تەواوبوونی ماوەکەی وەزارەتی تەندروستی ئامادەنییە مۆڵەتەکەی بۆ تازە بکاتەوە،ئەو گوتی" ئێمە لەسەر بنەمای تەندروستی تاتۆ دەکەین، وەزارەتی تەندروستی دوکانەکەیان داخستین و ئێستا بەقاچاخ بەردەوامین".

لەبارەی شێوازی کارکردنیشیانەوە گوتی"ئامێر و دەرزی و دەرمانی پزیشکیمان هەیە و هەر دەرزیەکیش تەنها بۆ یەک کەس بەکاردەهێنین"، ئاماژەشی بەوەدا کە بۆردی نەخش و وێنەکانیان هەیە و تاتۆی جۆر بەجۆر دەکێشن و بەپێی خواست جۆرو شوێنی نەخشەکان دیاری دەکەن.

هەرچەندە ئێستا تاتۆ لە شاری سلێمانی بەنهێنی ئەنجامدەدرێ، لەدوارۆژ ژمارەی سەردانیکەرانی سەنتەر و ئارایشگەکانی جوانکاری بۆ تاتۆکردن ڕوو لە زیادبوونە، هەروەک نەجاح ئاماژەی پێدا لە ساڵی2006ەوە تاوەکو ئێستا تاتۆی بۆ 6412 کەس کردووە، کە لەناویاندا 83 ژن هەبووە، کە نرخی هەر تاتۆیەکیش لەنێوان 35 هەزار تا 600 هەزار دیناردا بووە.

تاتۆ ( کوتانی خاڵ) بریتییە لەدانانی نیشانەو نەخشی جێگیر لەسەر پێست بەهۆی دەرزی ئاژنکردن و بەکارهێنانی بۆیەی تایبەتی، ئەم کوتانە 2800 ساڵ پێش زانین لە لایەن میسرییەکانەوە سەریهەڵداوە و وەک ڕەمزی تایبەت لەسەر جەستەی هەندێک لەفیرعەونەکان کێشاویانە، پاشان گەیشتووەتە یۆنان و ژاپۆن لە سەدەی شانزەهەمیشدا وڵاتانی ئەورووپای گرتووەتەوە.

ئەگەر لەسەردەمە کۆنەکاندا تاتۆکردن هۆیەک بوو بێت بۆ ناسینەوەی کۆیلەکان و پیشاندانی هێما ئاینییەکان و خۆپاراستن لەچاوی پیس و کاریگەرییەکانی سیحر، بەڵام ئێستا هۆکارێکە بۆ خۆ جوانکردن و دەربڕینی هەستی مرۆڤی ئەم سەردەمە بەرامبەر بەو شتانەی خۆشیدەوێن و سەرسامە پێیان.

ڕۆما کەمال، 21 ساڵ، یەکێکە لەو گەنجانەی 7 تاتۆی لەسەر پشت و قۆڵی بۆ کێشراوە، ڕۆما گوتی کە تاتۆکردن لای ئەو حەزێکەو لەو ڕێگەیەوە هەستەکانی ناخی خۆی دەردەبڕێت، ئەو هەرچەندە دڵخۆشە بەنەخشاندنی لەشی بەتاتۆ، بێزاریشە لەتوانجی خەڵک و دەڵێت"خەڵک بەهەڵە لەتاتۆ تێگەشتوون و ڕۆژانە زۆر توانجم لێدەدرێت، بەڵام قەت دەستبەرداری نابم". ڕۆما سێ ساڵە تاتۆی لەلای کەسێکی شارەزا لەبوارەکەدا کردووە و ڕووبەڕووی هیچ مەترسییەکی تەندروستی نەبووەتەوە.

دکتۆر شێرکۆ عەبدوڵڵا، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی هۆکاری ڕێگەنەدان بە تاتۆکردن لەسەنتەر و ئارایشتگاکان داگەڕاندەوە بۆ پەیڕەونەکردنی مەرجی تەندروستی لەلایەن زۆربەی ئەو کەسانەی تاتۆ دەکەن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی "کارەکەمان قەدەخەکردووە، چونکە دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زۆر نەخۆشی وەک هەوکردنی جگەر"، هەروەها گوتیشی "بڕیار لای وەزارەتی تەندروستییەوە دەردەچێت، ئەوان سەرپشکن لەقەدەخەکردنی".

خەڵکانێکی زۆر بێ جیاوازی تەمەن و ڕەگەز بەدوای ئەو شوێنانەدا دەگەڕێن کە تاتۆیان تێدا ئەنجامدەدرێت، زۆر کەسیش هەن کە کارەکە بەزیادەڕۆیی و دەستکاریکردنی سروشتی مرۆڤ دەزانن.

سروە، 42 ساڵ، دەڵێت"مرۆڤ خۆی بەجوانی دروستبووە تاتۆکردن جوانییە سروشتیەکەی لێدەستێنێتەوە"، بەڵام نیان، 26ساڵ، کەتاتۆی لەسەر سێ شوێنی جیاوازی لەشی کوتاوە پێیوایە کە تاتۆ جۆرێکە لەهونەر و لەڕێگەیەوە مرۆڤ هەست و ئارەزووەکانی ناخی خۆی پێدەردەبڕێت"هەریەک لەم تاتۆیانە گوزارشت لەڕووداوێکی گرنگی ژیانم دەکەن و دەمەوێت هەمیشە لەبەرچاوم بن".

دەربارەی ڕێگەپێدانی ئایینی ئیسلامیش بەنەخش کێشان لەسەر لەش، مەلا عەبدوڵڵا مەلا محەمەد هەڵەبجەیی، ئەندامی یەدەگی ئەنجوومەنی تەنفیزی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان لەسلێمانی گوتی "هەر نەخشێک ماددەکەی ڕێگربێت لەچوونە ژوورەوەی ئاو بۆ لەش ئەوە لەئاینی ئیسلام دا حەرامە"، لەڕوانگەی ئاینییەوە کارەکە بۆ ئافرەتان ئەستەمترە، بەتایبەتی ئەگەر مەبەستدار بێت مەلا عەبدوڵڵا دەڵێ "ئەگەر ئافرەتان بۆ سەرنجڕاکێشانی پیاوان تاتۆ بکەن گوناهبارن".

ڕاوبۆچوونە پزیشکییەکان جیاوازن لەسەر ئەگەرە خراپەکانی تاتۆ لەسەر پێست، ئاشتی ئەحمەد سەعید، پزیشکی پسپۆر لەنەخۆشییەکانی پێست ئاماژەی بەوەدا کە کاردانەوەکان بەپێی جۆری پێستەکەیە گوتی"هەندێک پێست هەستیارە و ماددەکانی تاتۆ تووشی حەساسیەتیان دەکات و هەندێکیتر بە پێچەوانەوە".

ئەو پزیشکەی پێست گوتیشی زۆر جار مەرجی تەندروستی پشتگوێ دەخرێت و لەڕێگەی نەگۆڕینی دەرزییەکانەوە ئەو کەسانە تووشی نەخۆشی دەبن، دکتۆرە ئاشتی ئاماژەی بەوەشدا ئەو کەسانەی کە بەهۆی تاتۆوە پێستیان سەقەت بووە ئەوانەن کە لەئارایشتگەکان بەنەشارەزایی کارەکەیان بۆکراوە، سەبارەت بەلێکردنەوەی تاتۆش، گوتی "هەموو جۆرەکانی تاتۆ بەلێزەر لێدەکرێتەوە تەنها تاتۆی سوور نەبێت".

**زیانەکانی تاتۆ**

بەپێی قسەی پزیشکان، تاتۆ کردن بۆ پێستە هەستیارەکان زۆر مەترسیدارەو کەسەکە تووشی حەساسیە دەکات، هەروەها ئەگەر بەشێوەیەکی تەندروستی کارەکە ئەنجامنەدرێت، بەتایبەتی بەکارهێنانی یەک دەرزی تاتۆ کردن لەسەر جەستەی چەند کەسێک، دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زۆر نەخۆشی بەتایبەتی هەوکردنی جگەر. هەروەها زۆرجاریش دەبێتە هۆی سەقەتبوونی پێست.





**ئەم لاپەڕەیە تایبەتە بە بڵاوکردنەوەی بابەتی گەنجان و وەڵام و بە دواداچوونی خوێنەران**

rudaw@rudaw.net (ڕووداو)

# وەڵامێکی پەروەردەیی بۆ ئیحسان تاهیر

لە ژمارە 25ی دووشەممەی بەرواری 2008/9/22ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا کاک ئیحسان تاهیر، لە لاپەڕە 19دا ویستوویەتی لە شەش پەرەگرافدا نوشوستی و هەرەسی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن لە کوردستاندا ڕابگەیێنێت، هۆکاری نا ئومێدبوونی خۆی لە چاکسازی و گۆڕانەکە بۆ تەنها یەک هۆ گەڕاندۆتەوە کە ئەویش دابەشنەکردن و نەگەیشتنی کتێبەکانە بە قوتابیان و قوتابخانەکان سەرجەمی نووسینەکەو ئەو شەش پەرەگرافە پڕە لە لاقرتێ و مەزاق پێکردن کە نە لە ڕۆژنامەنووس و نە لە مامۆستایەک چاوەڕێ دەکرێت مادامەکێ ڕەخنەکەی لە وەزارەتی پەروەردەیەو وەکو خەمخۆرێکی پەروەردە خۆی دەنوێنێت، ڕاستتر وایە کە خۆی بە زمانێکی پەروەردەکارانە بنووسێت، خودی نووسینەکەی بێ داتاو ژمارەیە، چونکە کە دەنووسێت "ئەوە دوو هەفتەیە بەسەر ئەو وادەیەدا دەڕوات کتێب نەگەیشتوونەتە زۆربەی قوتابخانەکان" مەرجە بزانین زۆربەی قوتابخانەکان چەندن و لە کام ناوچەو گەڕەکدا، چونکە هەولێر سەدەها قوتابخانەی تێدایە و وشەی (زۆربە) بە گشتیگیر کردنە نەک دۆزینەوەو دەستنیشانکردن.

هەر لە ناو و نیشانەکەوە "وەزیری پەروەردە سوعبەتی کرد" دیارە کە ئەم دەستپێکە بۆ خۆی دوورە لە زمانی پەروەردەو لە پەرەگرافی یەکەمدا بە بیرمان دێنێتەوە کە لە ژمارە (19)ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا خودی وەزیر بەڵێنی داوە کە لە ڕۆژی یەکەمی خوێندندا هەموو خوێندکاران و قوتابیان ببنە خاوەنی کتێبی خۆیان لە هەموو هەرێمی کوردستاندا. پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئاخۆ ئیحسان تاهیر سۆراخی ئەوەی کردووە کە نەگەیشتنی کتێبەکان و هۆکاری دواکەوتنیان لە ئەستۆی کێدایە: بەرپرسەکانی گەنجینەکان، خودی بەڕێوەبەری قوتابخانە کەمتەرخەم بووە یان پەروەردەی ئەو شارو ناوچەیە؟ بەواتا گەڕان و ماندووبوونێکی کەم بەس بوو کە نووسەری ئەم بابەتەو ئەو سەرپەشتارەی کە ئەم پرسیارەی لێکردووە کە سەردانی قوتابخانەکەیانی کردووە و گوایە سەرپەشتیارەکەش هەر بە لاقرتێ و مەزاقەوە وتوویەتی "کاکە وەزیر سوعبەتی دەکرد .. هتد"، مامۆستایەک و سەرپەرشتیارێک لە دۆخێکی وا دا بکەونە ناو گاڵتە و گەپ ڕەوایە ڕەخنە لە خودی وەزیر بگرن یان بە هەردووکیان لەو هۆکارە تەکنیکیانە بکۆڵنەوە کە بوونەتە هۆی دابەشنەکردنی کتێبەکان، کە دیارە بۆ گەیاندنی کتێبەکان و دابەشکردن و نەکردنیان دەیەها فەرمانبەر و دەزگای دیکە لەو ئەرکە بەرپرسن.

خودی کاک ئیحسان کە لەتەک شاندێکدا ڕەوانەی کۆریا کراوە چەندین ڕاپۆرتی نووسیوەو وەزارەت پاداشتی کردووە لە پای چالاکییەکانی، خودی وەزارەت و پەروەردەکاران وایان چاوەڕێ دەکرد کە وردترو عەقڵانیتر دوای هۆکاری سەرەکی و ڕاستەقینەی ئەم دواکەوتنە بکەوتایەو خۆی وەک مامۆستایەک کە کادرێکە دەنێو دەزگاو وەزارەتی پەروەردە بەدەرو دوور لە مەزاق و پێ ڕابواردن خەمی نەگەیشتنی کتێبەکان و جوڵەی خستباو ڕەنگە لە تەنها ڕۆژێکدا ئەنجامێکی دیکەی وەدەست هاتبا کە باشتر دەبوو لەو نووسینە پڕ لە قۆشمەیە. هەمووومان بە منداڵی ئەو چیرۆکەمان لە یادە کە گاشە بەردێک لەسەر ڕێگایەکدا کەوتووە کەچی ڕێبوارو پیادەڕۆ پێی سەغڵەتن، بەڵام کەسیان بە ئەرکی خۆی نازانێت بەردەکە لەسەر ڕێگاکە لاببات، تا دواجار جوامێرێک پەیدا دەبێت و لابردنی بەردەکە بە ئەرکی خۆی دەزانێت نەک پرتەو بۆڵە و سەرزەنشتکردنی ئەو کەسەی بەردەکەی لەو ناوە فڕێداوە.

خەونی چاکسازی و ریفۆرم ساڵانێکی زۆری دەوێت کە دەنێو قوتابخانەکاندا نەوەیەک دروست بکات کە دروستکردنی ڕۆحی جوامێرانەو خۆشویستنی وڵات و خەڵکەکەی بە ئەرکی یەکەمی خۆی بزانێت.

میراتێکی دەیەها ساڵە لە بێباکی و حۆدزێنەوە لە کارو ئەرکەکان و تەمبەڵی و هەر هەموو ڕەفتارە خراپ و ناشیرینەکان لە ماوەی تەنها ساڵێکدا بنەبڕ ناکرێت، ڕۆتین و کەمتەرخەمی لەم وڵاتەدا تەمەنی چەندەها نەوەی خواردووە، هێنانەوەی کەسەکان بە مێ و نێرەوە بۆ ناو گەرمەی کارو ژیان هەوەنتە نییە، گەشتی هەزارەها میل بە هەنگاوێک دەست پێدەکات، وەزارەت ئەو هەنگاوەی ناوە، مەرجە کاک ئیحسان و مامۆستاو کادیرانی پەروەردە خۆیان بە ئەکتەرو کارەکتەری ئەو گۆڕەپانی گۆڕان و چاکسازییە بزانن نەک چاودێر بن و دوورە پەرێز بوەستن. کەی وا ئاسانە بڕیاری کۆتایی لەسەر هەرەسی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن بدرێت و چەند جار وشەی "فاشل" بخەیتە ڕستەوە، تەنها لەبەر ئەوەی کتێبەکان دواکەوتن، ئەمەیان دادگاییکردنێکی دادپەروەرانە نییە و سەرباری بنووسیت "ئەو هەموو گۆڕانەی وەزارەتی پەروەردە بانگەشەی بۆ دەکرد لە پرۆسەی خوێندندا بێ ناوەڕۆک دەرچوو..!".

لە هەمووی ناپەسندتر ڕوانینی ئیحسانە بۆ پێگەو پایەی قوتابی کە وەک مامۆستایەک هەرگیز ڕەوانییە وا بزانێت قوتابی لە ناو گەرمەی هەوڵ و پرۆژەی گۆڕان و چاکسازییەدا ڕۆڵی "کەڵەگا"ی وەرگرتووە وەک نووسیویەتی"بە چەند بڕیارێکی دیراسەت نەکراویش قوتابیتان لە قوتابێتی خستووە و لە نێو قوتابخانەدا کردووتانە بە کەڵەگاو دوژمنی مامۆستا".

لە فەلسەفەی پەروەردەی تازەدا، چ لە ڕۆژهەلات و چ لە ڕۆژئاوادا، هەموو ئەو وڵاتانەی لە خەمی ئەوەدان هاونیشتمانیەکی سڤیل و مرۆڤدۆست و ڕەخنەگرو ئازا و زانستپەروەر دروستبکەن، بیر لەوە دەکەنەوە دەنێو ئەو سیستمەدا قوتابی سەنتەری (ناوەند) و چەقی هەموو کارو بڕیارو چالاکییەکان بن، بەواتا ڕوانینی کلاسیکی لە پەروەردەدە مامۆستای دەکرد بە سەنتەرو چەق بۆ هەر هەموو بڕیارەکان، ئەم جۆرە ڕوانینە میراتێکی باوکسالاری بەرهەمی هێنا و لە ناو جیهانی مۆدێرن و شارستانیدا باوی نەماوە، خودی ئەو میراتە بووە کانگای زەبرو زەنگ و تۆراندنی هەزارەها قوتابی و دروستکردنی نەوەیەکی شەرمن و ترسنۆک و ملکەچ. بە سەنتەربوونی قوتابی گەڕاندنەوەی ڕێزە بۆ ئەو کچ و کوڕانەی کە دواجار ئەم وڵاتە دەکەوێتە دەست ئەوان، کەمترین توندوتیژی و لێدان و تف و جنێو کە سەدەیەک بەردەوام بوو وڵاتێکی پڕ لە جەنگ و دوژمنکاری و کاولی دروستکرد، گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ منداڵەکانمان بە کچ و کوڕەوە، لە باخچەی ساوایانەوە تا دوا قۆناغەکانی خوێندنی باڵا، بەواتایەکی دیکە دروستکردنی مرۆڤێکی ئازاد لە منداڵییەوە تاوەکو پیر دەبێت ئەرکێکی تازەیەو هەم قورسە، ئازادی بەوە دروست دەبێ کە قوتابی و مامۆستا هاوشان بن، نەک کەڵەگا وەک ئیحسان چاوی لێدەکات، ئەوەش بە خۆشەویستی دێتە بەرهەم، خودی مامۆستا گەر بیەوێت خاوەنی ئەو موعجیزەیە کە جیهانێک لە خۆشەویستی لە نێوان خۆی و قوتابیەکانی دروست دەکات، بۆچی دەبێت بە گەڕاندنەوەی شکۆ و ڕێز بۆ قوتابیەکان و بە (ناوەند ڕاگرتنی قوتابی) کە هەموومان لە بنەچەدا بۆ خزمەتی ئەوان هاتووین و کار دەکەین ناوی بنێین (کەڵەگایی و دوژمنکاری لە بەرامبەر مامۆستادا)، ڕاستە میراتێکی سەد ساڵە بە تەنها ساڵێک هەڵناتەکێت، بەڵام گەر بمانەوێت بەدەست ئەم نەوە تازەیە نەتلێینەوە تەنها یەک ڕێگەمان لە بەردەمدا دایە کە لەسەر ئازادی و خۆشەویستی و ئازایەتی پەروەردەیان بکەین.

دیسانەوە چاوەڕێ دەکرا لە ئیحسان کە سەر بەم نەوە تازەیەیە کە بەسەنتەربوونی قوتابی کۆتایی هێنانە بەزەبرو زەنگی سەدەیەک لەمەوبەرو ئاشتکردنەوەی قوتابی و قوتابخانەیە کە سەدەیەک لە تۆرانی بەدواوەیە.

لە جیهانی ئەمڕۆکەدا هەموو ئەو قوتابخانانەی سەرگەرمی مەشقی ئازادین هەتا لە ڕووی هەڵبژاردنی ڕشتەی خوێندنی وانەکاندا بوونەتە نموونە و مۆدێڵ بۆ پەروەردەوفێرکردن، قوتابی بۆتە چراو لە وەزیرەوە تا گزیر و هەر هەموو کارەکتەرکانی جیهانی پەروەردە وەکو پەروانە بەدەوری ئەو چرایەدا دەخولێنەوە کە قوتابییە، ڕاستە ئەم وێنەیە مەجازی و شاعیرانەیە، بەڵام حەقیقەتە.

بەداخەوە لە دوو پەرەگرافی بەر لە کۆتایی نووسینەکەیدا بەرۆحێکی ئاهەنگ سازی و بە نەغمەو هەوایەک کە کەیفی لێ دەبارێت بانگەشەی هەرەس و داتەپینی پرۆسەی پەروەردەو هەوڵی چاکسازی دەکات کە هەرگیز لە مامۆستایەک ناوەشێتەوە.

**ڕاگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە**

# شکستی فیدراڵی و چارەسەری سەربەخۆیی

**دڵشاد بەرزنجی**

گەلی کورد مێژوویێکی درێژی خەباتی هەیە بۆ گەیشتن بە ئازادی، چونکە داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە ویستوویانە نکۆڵی لە بوون و ناسنامە نیشتمانی و نەتەوەییەکەی بکەن، بۆیەش پێویست بووە شۆڕشی ژیانەوە دەست پێ بکات، ئەو قۆناخەی بەسەرکەوتوویی بڕی، بەتایبەتی لە باشووری کوردستان کە ماوەی 80 ساڵە خەبات بەردەوامە و توانی ناسنامەی کلتوری و نەتەوەیی خۆی بپارێزێ، بەڵام پێویست بوو کورد تێکۆشانی بگەیێنێتە قۆناغێکی نوێتر و تەواوی داخوازیەکانی بەسەر دوژمنانیدا بسەپێنێ . کورد چەند قۆناخێکی دەربازکرد و چەند دروشمێکی هەڵگرت، دوای وەلانانی سەربەخۆیی دروشمی ئۆتۆنۆمی بەرزکردەوە، ئەم چارەسەریە هەرچەندە مافەکانی گەلی کورد دەستەبەر ناکات، بۆیە هەر زوو ئەم چەمکە ئیفلاسی کرد، ئینجا فیدراڵی بە دواداهات، بەڵام ئەم چەمکەش سەرنەکەوت چونکە پێکەوە ژیانی گەلان بە خواستی هەردوولا دەبێت، بەڵام ئێمە بە زۆر بەم گەلانەوە لکێنراوین، هەرچەندە ئێمە خوازیاری پێکەوە ژیانیش بین، بەڵام ئەوان هەر بە پارچەیەک لە خۆیان تەماشامان و هەڵسوکەوتمان لەگەڵ دەکەن بۆیە ئەم چەمکەش ئیفلاسی کردووە.

ئێستا چارەسەری سەربەخۆیی خۆی دەسەپێنێ، پێشتر زەمینەی داواکردنی سەربەخۆیی لاواز بوو، کە چەند پێداویستییەکی گەرەکن وەک : دەزگابوونی ناوخۆیی، پیشتوانی نێونەتەوەیی، پاساوی یاسایی، پێگەیشتنی ئاستی فکری و داخوازی گەل. زەمینەی ناوخۆیی ئەمڕۆ لە هەموو کات گونجاوترە، ئەمڕۆ بە دەزگابوون کە بریتییە لە دەسەڵاتی حکومەت و پەرلەمان و هاوهەڵویستی لایەنە سیاسییەکان، وایکردووە لە ناوخۆ و دەرەوە سیاسەت و دیبلۆماسیەتێکی گونجاو بەرێوە بچێت، داخوازیەکانی گەلیش گەیشتوونەتە ئاستی سەربەخۆیی بەڵگەش ریفراندۆمی 2005ە کە 98%ی گەل داوای سەربەخۆیی دەکات، هەروەها ئەمڕۆ جیهان لە هەموو کات پشتیوانی لە کورد دەکات، پاساوی یاساییش هەن، بەتایبەتی کە بەندەکانی جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ، مافی چارەی خۆنووسین دەدەنە گەلی کوردستان، بەتایبەتی کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە عێراق دا بە دیاردەکەوێت کە چەمکی پێکەوە ژیان و دیموکراسی لە عێراقدا ناچەسپێ و تەنها گەلی کورد باسی دەکات، هەرکات زەمینەی خۆیان ببینن لە هەموو شت پاشگەز دەبنەوە و هێرش دەکەنەوە سەر کوردستان. کەواتە چەمکی چارەسەری فیدراڵی ئیفلاسی کردووە و چارەسەری تەنها ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە.

### ئەو تاکە ئەندام پەرلەمانەی دەنگی دژی پەسەندکردنی یاسای کاری ڕۆژنامەگەری دا:

# بۆ ئەوەی لەفەرمانی خواو پێغەمبەر دەرنەچم دژبووم

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

شێخ فەتاح عەبدوڵڵا نەقشبەندی، تاکە ئەندام پەرلەمانی کوردستان بوو کە لەدژی پەسەندکردنی یاسای ڕۆژنامەگەری لە کوردستان دەنگیدا، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دەنگدان بەیاسایەک کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دابونەریتی گشتی لێ لادرابێ " پێچەوانەی فەرمانی خوداو پێغەمبەرە"، گوتیشی "36 ئەندامی دیکەی پەرلەمان بە لێژنەی یاساییشەوە هەمان ڕای منیان هەبوو، کە ئاسایشی هەرێمی کوردستان و دابونەریتی گشتی لەناو یاساکەدا بمێنێتەوە".

ڕۆژی 2008/9/22، پەرلەمانی کوردستان بۆجاری دووەم دەنگی لە سەر یاسای کاری ڕۆژنامەگەری دا، شێخ فەتاح نەقشبەندی، تاکە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوو دەنگی دژی پەسەندکردنی یاساکەدا.

شێخ فەتاح نەقشبەندی،هۆی ئەو دژبوونەی خۆی بۆ (ڕووداو) ڕوونکردەوەو گوتی "ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی کارێکی زۆر باشەو هەموو میللەتێک پێویستی بە ڕۆشنبیرو ڕۆژنامەنووسە، زۆر دڵخۆشم کەیاسایان بۆ دەربکەین، بەمەرجێک نە خەڵکەکە و نە میللەتەکەمان تووشی نەکسە نەبێت و ڕۆژنامەنووسیش مافی نەخورێت".

پەرلەمانی کوردستان لە ڕۆژی 2007/12/11، یاسای کاری ڕۆژنامەگەری پەسەندکرد، دواتر لە 2008/12/31 سەرۆکی پەرلەمان واژۆی لەسەر کردو بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستانی نارد، بەڵام یاساکە ڕووبەڕووی نارەزایی ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان بووەوە و، ڕۆژی 2008/1/3 کاک مەسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، یاساکەی ڕەتکردەوەو گەڕاندیەوە بۆ پەرلەمان.

ئەو بڕگانەی لە یاساکەدا زۆرترین گازندەی ڕۆژنامەنووسانی لەسەربوو،گرتنی ڕۆژنامەنووسان، داخستنی ڕۆژنامە، بوونی دەستەواژەکانی : ئاداب و سیستەمی گشتی، ئاسایشی نەتەوەیی، زۆری ئەو سزا داراییانەی بۆ ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسان دانرابوو.

بەڵام ئەوانە لە گفتوگۆ و دەنگدانەکانی جاری دووەمدا جاری دووەمدا لابران و سزای دارایی ڕۆژنامە و ڕۆژنامەنووسانیش کەمکرایەوە.

بەشێکی پەرلەمانتاران دژی لابردنی دەستەواژە و بڕگەکانی تایبەت بە ئاداب و سیستەمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی بوون، بەتایبەتیش ئەندامانی لیژنەی یاسایی، بەڵام تاکە ئەندام کە دژی پەسەندکردنی هەموو یاسایەکە دەنگیدا شێخ فەتاح نەقشبەندی بوو . شێخ فەتاح دەڵێ ئەو دژی ڕۆژنامەنووس و یاساکە نییە " بەڵکو من دەنگم بە چەند مادەیەک نەداوە، من لەگەڵ مانەوەی داب ونەریت و سیستەمی گشتی و ئاسایشی هەرێمی کوردستاندا بووم، بەلای منەوە شتێکی پێویستە و دەبێت لەو پرۆژە یاسایەدا هەبێت".

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە بوونی ئەم چەمکانە لەبەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسدایە "ئەگەر ئەو چەمکانە لەیاساکەدا نەبن گەورەترین زیان بەڕۆژنامەنووس دەگات، چونکە ئەگەر ئادابی گشتی ڕەچاو نەکرا مافی ڕۆژنامەنووس دەخورێت ئەگەر داب ونەریتە گشتییەکە هەبوو خەڵک ناتوانێ تەعدا لەڕۆژنامەنووس بکات".

هەروەها زۆر بەتووندی دژی لابردنی ئاسایشی نەتەوەیی بووەو پێیوایە نەبوونی ئاسایشی نەتەوەیی لەیاساکەدا زیانی گەورە بەکورد دەگەیێنێت "لەگەڵ مانەوەی ئاسایشی هەرێمدا بووم، چونکە ئێمە لە وڵاتێکداین کە عێراقە، ڕۆژانە دەیان خەڵک دەکوژرێت و دەڕفێنرێ و ناموسی دەبرێت لەبەرئەوەیە ئاسایشێک نییە کۆنترۆڵی وڵات بکات". هەروەها گوتیشی " پاراستنی هەموو میللەتێک لەئاسایشدایە، ئەگەر ئاسایشی گشتی لە کوردستاندا نەبێت،ڕۆژانە لە هەموو ماڵێک تەقینەوە ڕوودەدات و خەڵک دەکوژرێت و ئیهانە دەکرێ".

لەگەڵ ئەوەی ئەو تەنها کەس بوو کە دژی یاساکە وەستایەوە، بەڵام لەو هەڵوێستەی پەشیمان نییە و پێیوایە ئەو دەنگنەدانەی هەڵوێستێکی نیشتیمانیوئاینیشی لەپشتەوەیە "ئەگەر دەنگ بۆ خاڵێک لەو خاڵانە بدەم بەرامبەر میللەتەکەم و خواکەم بەرپرسم و سوێندم خواردووەو بەخوا و بەقورئان خیانەت لەمیللەتەکەم ناکەم، ئەگەر دەنگیشم بۆ لادانی ئاسایشی هەرێم و داب و نەریتی گشتی بدابا، واتە موخالەفەی ئەمری خوداو پێغەمبەرم کردووە".

چەندین پەرلەمانتاری تر لەگەڵ مانەوەی چەمکی ئاداب و سیستەمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەییدا بوون، شێخ فەتاح، دەڵێت "ئەوەی من دەیڵێم، ڕای لیژنەی یاسایی پەرلەمانیش بوو کاک شیروان حەیدەری و خەلیل ئیراهیم و عەونی بەزاز و زۆری دیکەش پشتگیریان لەبۆچوونەکەی من کردووە،کە ژمارەیان 36 ئەندام دەبوو، بەڵام لەکۆتاییدا گوتیان کێ دژە، من دەستم بەرزکردەوە".

### هەندێک مزگەوت 45ی هەیە

# گەورەترین مزگەوتی کوردستان 1خزمەتگوزاری هەیە

**سۆران بەهائەددین**
**ڕووداو- هەولێر**

بەهۆی ئەوەی خزمەتگوزار (خادم)ی مزگەوتەکان دەوام ناکەن،بەڕێوبەری پشکنینی گشتی لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێت ئەگەر دامەزراندن بکرێتەوە پێویستمان بەخزمەتگوزارە بۆ مزگەوتەکان.

بەپێی ئامارێکی فەرمی وەزارەتی ئەوقاف کە لەبەشی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف تایبەت دراوەتە (ڕووداو) لەکۆی 13875 فەرمانبەری وەزارەتی ئەوقاف، 7813یان خزمەتگوزاری مزگەوت و تەکییە و کڵێسکانن، هەروەها 1520 یشیان لەیەککاتدا خزمەتگوزارو بانگبێژن. بەپێی هەمان ئامار 3686 مزگەوت و 157 تەکیە و 88 کڵێسا لەهەرێمی کوردستاندا هەن.

عەبدولسەمیع عومەر، بەڕێوەبەری پشکنینی گشتیی لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف، هۆکاری دامەزراندنی ئەو ڕێژەیە زۆرەی خزمەتگوزارانی گەڕاندەوە بۆ سەردەمی دوو ئیدارەیی و گوتی "کاتی خۆی حیزب ئەوانەی بۆ ململانێی سیاسی دامەزراندووە، بەبێ ئەوەی وەزارەت هەر ئاگای لێ بێت، هەردوو لایەن (پارتی و یەکێتی) ئەو کارەیان دەکرد لەولا یەکێتی و لێرەش پارتی بە لێشاو خەڵکیان دامەزراند".

مەریوان نەقشبەندی بەرپرسی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف دامەزراندنی ئەو ژمارە زۆرەی خزمەتگوزارانی بە "هەڵەیەکی حیزبی ناوبردو گوتی "هەر کاتێک بمانەوێت یەکێک فەسڵ بکەین، بەرپرسێکی حیزبی لەسەری بەوەڵامدێت، ئەو هەڵەیە پارتی و یەکێتی کردوویانە لەکاتی دوو ئیدارەییەکە، کە ئێستا خۆشیان گیریان پێوە خواردووە".

مام ئەنوەر، 58 ساڵ، ئاماژەی بەوەدا کە ساڵی 2004 دمەزرا حیزب تەزکییەی کرد " تەزکیەم لە ڕێکخراو هێنا تا ببمە خزمەتگوزار"، بەڵام ئەو دەڵێ بەردەوام دەوام دەکات لەو مزگەوتەی لێی دامەزراوە "بەردەوام لەمزگەوت نوێژدەکەم و کارەکانیشم ئەنجام دەدەم".

حاجی عەبدولسەمیع عومەر، کە 33 ساڵە فەرمانبەرە لە وەزارەتی ئەوقاف، ئاماژەی بەو ژمارە زۆرەی خزمەتگوزاران دا کە دامەزرانیان کاتی خۆی لەسەر فەرز کراوە، ئەو گوتی "ڕۆژ هەبوو لیستیان بۆ دەنارین ناوی 2000 کەسی تێدابوو، مووچەشیان بۆ دانابوو،تەنیا مابوو ئێمە مزگەوتەکەی بۆ دیاری بکەین تا کاری تێدابکا، کەچی زۆربەیان نازانن ئەو مزگەوتەی لێی دامەزراون لە کوێشە، 80%یان هەر دەوام ناکەن".

ئەگەرچی دوای یەکگرتنەوەی کابینەی حکومەت، وەزارەتی ئەوقاف هەوڵیداوە ژمارەی خزمەتگوزارانی مزگەوت کەمبکاتەوە، بەڵام هەوڵەکان خراونەتە قاڵبی سیاسییەوە بۆیە وازی لێهێناوە، بەتایبەتیش کە پلانی کەمکردنەوەی 50%ی فەرمانبەرانی حکومەت بەگشتی بێدەنگی لێکرا. بەڕێوەبەری پشکنینی گشتیی لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف دەڵێ "ویستمان ژمارەکە کەم بکەینەوە، بەڵام خستیانە قاڵبێکی سیاسی گوتیان وەزیر دەچێتە سەر ئەو مزگەوتانەی کە پارتی خەڵکی لێداناوە بۆیە وەزیر (لەسەر لیستی یەکێتییە) گوتی با کێشەکە نەچێتە قاڵبی سیاسی و وازمان لێهێنا".

مەلای مزگەوتەکانیش شایەتی زۆری ژمارەی خزمەتگوزارەکانی مزگەوتەکانن، مەلایەک کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بەسەر سوڕمانەوە باسێکی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "تازە لەمزگەوتێکی دەرەوەی شار دامەزرابووم، سەری مانگ کە موچەم وەرگرت مووچەی 21 خزمەتگوزاریان پێدام گوتیان ئەوە لەسەر میلاکی مزگەوتەکەتن، بەڵام مزگەوتەکە تەنیا یەک خزمەتگوزاری لێبوو، منیش ئەوەم بە وەزارەت ڕاگەیاند، ئەوانیش هەندێکیان گواستنەوەو، ئێستاش بەناو 12 خزمەتگوزارمان هەیە".

بەپێی قسەی بەرپرسانی وەزارەت، زۆربەی ئەو خزمەتگوزارانە وێڕای وەرگرتنی مووچەی مانگانە، پابەندنین بەدەوامکردن، بۆیە ئێستا لە وەزارەت پێیان دەڵێن "خزمەتگوزاری بن دیوار"، واتە کەسێک مووچە وەربگرێت و دەوام نەکات. عەبدولسەمیع گوتی "ئەوان بن دیوارن، نازانن مزگەوتەکانیشیان لەکوێیە، کە پێیاندەڵێن دەوام بکەن، موحاسەبەشمان دەکەن دەڵێن مامۆستا ئێمە بۆ دەوامکردن دانەمەزراوین".

وێڕای بوونی ئەو ژمارە زۆرەی خزمەتگوزارەکان، بەڵام هەندێک مزگەوت پاک نین و بەزەحمەت خەڵک دەتوانێ نوێژ لەسەر ڕایەخاکانیان بکات. جگە لەوەش بەپێی قسەی بەڕێوەبەری پشکنین، ئەو خزمەتگوزارانە بەشێوەیەکی نا یەکسان بەسەر مزگەوتەکاندا دابەشکراون "مزگەوتی سەواف کە گەورەترین مزگەوتی کوردستانە لەڕووی ڕووبەرەوە، یەک خزمەتگوزار هەیە، بەڵام مزگەوتی شەهید سەباح کە بەقەدەر میحرابەکەی مزگەوتی سەواف دەبێت 45 خزمەتگوزاری بۆ دانرابوو دواتر هەندێکیمان گواستەوە".

لەو کاتەی کە دەرفەتی دامەزراندن بۆ خەڵک وەک خزمەتگوزار ڕێکەوتبوو زۆر کەس ئەو هەلەی قۆستەوەو بەکۆمەڵ دادەمەزران، حاجی عەبدولسەمیع ئەوەی زیاتر ڕوونکردەوەو گوتی "هەر کەسەو خۆی بەلایکدا دادەبڕی و دادەمەزرا، وەک لەمزگەوتی شێخ حەسەن خەیلانی کە تەکیەشە، ئەو ماڵەی سەرپەرشتی مزگەوتەکە دەکەن 18 کەسیان لە کچ وکوڕی بنەماڵەکەیان وەک خزمەتگوزار دامەزراندووە".

هەرچەندە تا ئێستا کەس دەرنەکراوە لەسەر ئەوەی کە دەوام ناکات، بەڵام بەڕێوبەری پشکنینی گشتی لەدیوانی وەزارەتی ئەوقاف ئاماژەی بەوەدا کە تازە دەستیان پێکردووە "لێژنەمان پێکهێناوە لە بەڕێوبەرایەتییەکانی ئەوقاف بۆ بەدواداچونی ڕێژەی زیادی خزمەتگوزارەکان"،هەروەها ڕوونیکردەوە کە ئەو خزمەتگوزارانە دەبێ ڕۆژانە شەش کاژێر دەوام بکەن، لێژنەکە بەدواداچوون دەکات و ناوی خزمەتگوزارە زیادەکانیان بۆ ڕەوان دەکات، ئەوانیش زۆری لە خزمەتگوزارە زیادەکان دەکەن بچنە ئەو شوێنانەی کە پێویستیان پێ هەن " ئەگەر نەشچوون بە زیادەیان دادەنێن، دواجار سەرپشکیان دەکەین دەوام هەڵبژێرن یان فەسڵ دەکرێن".

لەگەڵ ئەو چارەسەرەی وەزارەتی ئەوقاف دایناوە بۆ ئەو ڕێژە زۆرەی خزمەتگوزارەکان، بەڵام حاجی عەبدولسەمیع باسی لەوە دەکرد ئەگەر دامەزراندن بکرێتەوە پێویستیان بە خزمەتگوزاری دیکەیە "ئەو خزمەتگوزارانەی پێشتر بۆ دەنگ کۆکردنەوە دامەزراون، ئامادەنین گسک لەمزگەوت بدەن، بۆیە ئەگەر دامەزراندن هەبێت پێویستمان بەدامەزراندنی خزمەتگوزار دیکەیە".

**ئەو خزمەتگوزارانەی پێشتر بۆ دەنگ کۆکردنەوە دامەزراون، ئامادەنین گسک لەمزگەوت بدەن**
بەڕێوەبەری پشکنین



مزگەوتی سەواف لە هەولێر (فۆتۆ: ڕووداو)

# هەمەجۆر

## نەزەند شیعری کوردی دەگەیێنێتە جیهان



قەیس قەرەداخی-پاریس

◆ ڕۆژی 2008/10/2 نووسەر و شاعیری کورد د.نەزەند بەگیخانی بەشداریی فیستیڤاڵی شیعریی دووەمی جیهان دەکات لە پاریس و،تێیدا ژمارەیەک لە شیعرەکانی بەزمانی کوردی و فەرەنسی لەسەر شانۆی لوروند پوا دەخوێنێتەوە، لە 9ی مانگیش بە پێشکێکردنی لێکۆڵینەوەیەک بە شداریی کۆنفرانسێکی ڕۆشنبیری جیهانی دەکات لە لەندەن.نەزەند کە بڕوانامەی لە ئەدەبی بەراوردکاری لە زانکۆی سۆربۆن وەرگرتووە، دیوانە شیعرێکی بە ئینگلیزی بڵاوبووەتەوەو لە گۆڤار و ڕۆژنامە نێودارەکانی جیهاندا لەسەر بەرهەمەکانی نووسراوە.



# کرماشان و ئەمریکا پێکەوە گۆرانی بۆ منداڵانی هەڵەبجە دەڵێن



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لەراپۆرتێکیدا بڵاویکردەوە، کە مۆسیقاژەنی نێوداری کوردستان و جیهانی کەیهانی کەلهوور لەگەڵ گرووپی مۆسیقای برۆکلین رایدری ئەمریکی، ئەلبوومێکی نوێی بۆ منداڵانی شاری هەڵەبجە تۆمار کردووەو بەمزوانە لە بازاڕەکانی کوردستان و جیهاندا بڵاودەکرێتەوە.

ئەو ئەلبوومە نێوی (شاری بێدەنگە)و دەبارەی منداڵانی شاری هەڵەبجەیە. وەکو نیۆیۆرک تایمز نووسیویەتی "لەئەلبوومی شاری بێدەنگ دا بەرهەمێکی ئەفسوناوی و کاریگەر لەبارەی شاری هەڵەبجە خولقێنراوەو ئامێری کەمانچە خەم و فرمێسکی منداڵانی ئەو شارە بۆ گوێگر دەگوازێتەوەو دەنگی کەمانچەی کەیهانی کەلهوور دەنگێکی گەرمەو زۆر نزیکی مرۆڤە".

گرووپی بروکلین رایدر بۆ یەکەمینجارە لەبواری مۆسیقا، مۆسیقای کوردستان و ڕۆژئاوا تێکەڵ بەیەکتری کرد و لەگەڵ کەیهانی کەلهوور ئەو ئەلبوومەی دروستکرد.

کەیهان کەلهوور خەڵکی شاری کرماشانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەو، لەتەمەنی لاوێتییەوە چووەتە ئیتالیاو لەزانکۆی کارلێتن ئۆتاوای کەنەدا خوێندنی مۆسیقایی تەواو کردووە.

# قورئان کەوتە LG

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کۆمپانیایLG کە تایبەتە بەدروستکردنی ئامێرە ئەلیکترۆنیو کارەباییەکان ڕایگەیاند ئامێرێکی تەلەڤزیۆنی نوێی بەچەند بەرنامەیەکی تازەوە خستووەتە بازاڕەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، کە یەکێکیان ئەوەیە 114 سورەتەکەی قورئانی تێدایە.

بارک جۆنگ، جێگری سەرۆکی بەشی ئامێرەکانی تەلەڤزیۆن لە کۆمپانیای نێوبراو، ڕوونکردنەوەی زیاتری لەبارەی ئەو داهێنانەوە دا و گوتی"ئەم داهێنانە لەبەر ئەوە کراوە چونکە زانیاری ئەوەمان هەیە، کە موسڵمانەکان هەموو ڕۆژێک قورئان دەخوێننەوە".





کۆمپانیای LG ساڵی ڕابردوو ئەوەی ئاشکراکردبوو کە بەنیازە بۆ گەیاندنی سەرمایەکەی بە 6 ملیار دۆلار، لەساڵی 2010 دا، چەند داهێنانێکی تازە لە ئامێرەکانیدا بکات بەپێی تایبەتمەندییەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو کیشوەری ئەفریقادا.

ساڵی ڕابردووش هەمان کۆمپانیا بۆ یەکەمجار بەرنامەی کوردی خستە نێو ئامێری مۆبایلەکانییەوە.

# دەیزانی دەردەچێ

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

کچە ئەکتەری ئەمریکی جۆسی ماران، تەمەن 19 ساڵ، لەلایەن سینەمای هۆلیوودەوە بەگەنجترین سینەماکاری سینەمای هۆلیوود هەڵبژێردرا.

جۆسی ماران کە تائێستا بەشداری لە 15 فیلمی سینەمایی، 12 کورتە فیلم و 5 فیلمی دیکۆمێنتاریدا کردووە، لەلایەن سینەمای هۆلیوود بە گەنجترین ئەکتەری ساڵی 2009 هەڵبژێردرا.

جۆسی لەبارەی ئەو هەڵبژاردنەیەوە بۆ ئاژانسەکان دواو گوتی "دەمزانی من دەردەچم، چونکە کەس هێندەی من لەو تەمەنەدا بەشداری فیلمی نەکردووە".





# نیکۆ دۆڕا و کارلا سەرکەوت

**ڕووداو- نیویۆرک**

نیکۆلاس سارکۆزی سەرۆکی فەرەنسا، دوای ئەوەی لە مانگی شوباتی ئەمساڵ زەماوەندی خۆی لە گۆرانیبێژ و نمایشکاری جلوبەرگ کارلا برۆنی ڕاگەیاند، زۆربەی جاران ڕۆژنامەنووسان لەبەر کارلا چاویان لە سارکۆزی نامێنێ.

لەکاتی بەشداریکردنی سارکۆزی، لە کۆبوونەوەی 63 ی کۆمەڵەی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکاندا لەشاری نیویۆرکی ئەمریکا، بەیانییەک لەگەڵ کارلای هاوسەریدا چوونە غاردان، بەڵام لە غاردانیشدا کارلا لە پێشەوەو سارکۆزیش لە دواوە بوو، لەنێو بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا هێندەی زوومی کامێرای ڕۆژنامەنووسان لە سەر کارلا بوو، نیو هێندەش لەسەر سارکۆزی نەبوو. کارلا کە ئێستاش زۆر خەریکی مۆسیقایە و دەڵێ "زۆرجاران سارکۆزی بە مۆسیقاکەی من لە خەو هەڵدەستێ".

# بە پلاستیک مەیخۆ

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لە لێکۆڵینەوەیەکی تازەی پزیشکیدا، دەرکەوت کە ئەو قاپانەی لە پلاستیک دروستکراون لەوانەش مەمەی شیری منداڵان زیان بەتەندروستی منداڵ دەگەیێنن، بەتایبەتی دەبنە هۆی تووشبوونیان بە نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە.

ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لەلایەن توێژەرانی بەریتانی لەسەر 1455 کەس ئەنجامدراوە ئەنجامەکانی لە گۆڤاری پزیشکی ئەمریکیدا بڵاوکراونەتەوە، ئاشکرابووە کە زۆری ئاستی مادەی BPA کە لەناو پلاستیکدا هەیە، منداڵ دەخاتە بەر مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیەکانی دڵ و شەکرە و خراپبوونی جگەر. مادەی BPA بە شێوەیەکی زۆر لە دروستکردنی قاپە پلاستیکیەکانی خواردنەوەی شیرو خواردندا بەکاردێت.

# ناشرینترین ڕووخساری جیهان



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

سیمۆ ژنێکی تەمەن 96 ساڵە، هەفتەی ڕابردوو بەهۆی ناشرینی ڕووخساری نێوی کەوتە نێو کتێبی گینس و، نازناوی نامۆترین دەموچاوی لەجیهاندا پێبەخشرا.

لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی نازناوەکەدا، سەبارەت بەدیاردەی جوانکاریو ئەو نەشتەرگەریانەی کە چەندین ژنو کچ ئەنجامیدەدەنو لەپێناو جوانکردنیاندا شێوازی دەموچاویان دەگۆڕن، سیمۆ گوتی "بڕوام بەو نەشتەرگەریانە نییەو خۆشحاڵم بەڕووخساری خۆم"، هەروەها گوتیشی "ئەگەر نەشتەرگەریم ئەنجامبدا ئێستا ئەو نازناوەم بەدەست نەدەهێنا".



# 4000 کتێبی خوێندووەتەوە

**ڕووداو- ئاژانسەکان**

لیلی کۆلی، کچێکی تەمەن 18 ساڵی بەریتانییە و تائێستا 4000 کتێبی خوێندووەتەوەو، بڕیارە لە هەفتەی داهاتوو لە ڕێورەسمێکدا نێوی لە کتێبی گینس دا تۆمار بکرێ، وەک گەنجێک کە زۆرترین کتێبی لە جیهاندا خوێندووەتەوە.

ئەو کچە لە تەمەنی 5 ساڵییەوە خەریکی خوێندنەوەیە، باوکی پزیشکە و دایکیشی مامۆستایە، دەڵێ "تائێستا 4000 کتێبم خوێندووەتەوەو کتێبخانەیەکم لەماڵەوە هەیە نزیکەی 6000 کتێبی تێدایە". باوکی لیلی لەبارەی کچەکەیەوە دەڵێ "لیلی هەر لەمنداڵییەوە حەزی لەخوێندنەوە بووە، بۆیە زۆرجار دەهاتەلام و ئەو ڕۆژنامەیەی پێمبوو لێی وەردەگرتم و دەیخوێندەوەو، تائێستا 4000 کتێبی خوێندووەتەوە".

## بەڕێوەبەری سینەما ئاگای لە سینەمای کوردی نییە

# بوودجەی ئەمساڵی سینەما 20 ملیار دینارە



**DIHA-هەولێر**

وەلید مەعروف بەڕێوەبەری گشتیی سینەما لەوەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو خەڵاتانەی کە فلیمەکانی دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادی بە دەستی هێناون نەیبینون و بانگەشەی ئەوەی کرد کە سینەمای کوردی نییە، گوتیشی "ئەمساڵ 20 میلیار دینار بۆ بواری سینەما تەرخانکراوە".

لەم ساڵانەی دواییدا سینەمای کوردی بە دەستهێنانی خەڵاتانی جیهان پێشدەکەوێت، بە تایبەتی کە فیلمەکانی دەرهێنەری کورد بەهمەنی قوبادی خەڵاتی زۆری وەرگرتوون، سینەمای کوردی لەناو سینەمای جیهاندا دەناسرێ. وەلید مەعروف، بەڕێوەبەری گشتیی بەشی سینەما لەوەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی کوردستان،لەقسەکانیدا بۆ DIHA واپێدەچوو کە هیچ ئاگای لەسینەمای کوردی نییە، گوتی سینەمای کوردی نییە و ئێستا هەرێمی کوردستان کار بۆ هێنانە کایەی سینەمای کوردی دەکات. مەعروف گوتی" کاتێک دەڵێین سینەمای کوردی نییە، ئەمە ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئێمە هۆڵی سینەمامان هەن، بەڵام دەرهێنەر و وێنەگری سینەمایمان نین، ئەگەر سینەماکارمان هەبن بۆچی سینەماکار لە نەرویج دەهێنین و پارەیان دەدەینێ". مەعروف پێیوایە دەرهێنەری کۆچکردوو یێڵماز گیونای و دەرهێنەری نێودرای ئێستای کورد بەهمەنی قوبادی دوو دەرهێنەری بەنێوبانگن، بەڵام پرۆفسیۆناڵ نین و دەڵێ" ئەوانە پیشەگەر نین، ئومێدەوارم ئەو خوێندکارانەی لەکۆلیژی هونەرە جوانەکان دەردەچن، ببنە کادیری سینەمای کوردی".

وەلید مەعروف گوتی ئەو سینەماکار و دەرهێنەرە کوردانەی کاری سینەمایی دەکەن، لەلایەن حکومەتەوە هاوکاری دەکرێن و نمونەی بە بەهمەنی قوبادی هێنیایەوەو گوتی " حکومەتی هەرێمی کوردستان هاوکاری دارایی داوەتە بەهمەنی قوبادی و هەندێ کەسی دیکە، ئەوانە بەهاوکاری ئێمە بەرهەمەکانی خۆیانیان دروستکردوون".

وەلید مەعروف، ڕوونیکردەوە کە بەڕێوەبەرایەتییەکەیان پێش دانانی بودجەی ساڵانەی حکومەت پرۆژەکانی پێشکێش دەکات، لەسەر ئەو بنچینەیەش ئەمساڵ 20 ملیار دینار وەک بودجەی بواری سینەما تەرخانکراوە.

# بەختی ڕووداو

## کاوڕ
Mar 21-Apr 19

تۆ کەسێکی تێکەڵی لەگەڵ خەڵک و زۆر بەئاسانی دەتوانی لەگەڵ هەموو جۆرە کەسایەتییەکاندا خۆت بگونجێنی، توڕەبوونت زۆر کەمەو بەزوویی هێور دەبیتەوە، دڵسۆزی بۆ خۆشەویستەکانیان، کەسێکی متمانە پێکراو و نهێنی پارێزی.

## تەرازوو
Sep 23-Oct 23

کەسێکی سەرنجراکێشنی و دەورووبەر بەهەڵسووکەوتەکانت سەرسام دەکەی، پێش هەر بڕیارێک بەوردی بیر بکەوە، کەس حەزی لێ نییە درۆ ببیستێت، هەر گرفتێکیشت هەبێ بەراوێژ چارەسەر دەبێ.

## گا
Apr 20-May 20

بۆ بڕیارە گرنگەکان زۆر بەهێواشی هەنگاو بنێ، ئەو هەفتەیە کاریگەری زۆر دەبێ بۆ دیاریکردنی جۆری کەسایەتیت، تازەترین لێکۆڵینەوەی دەروونناسیش کەسایەتی مرۆڤ بەپێی ئەو کارانەی دەیکات پۆلێن دەکرێ.

## دووپشک
Oct 24-Nov 21

بەزوویی دەستبەرداری مافەکانی خۆت نابی و هەوڵی زۆری بۆ دەدەی، هەروەها هەوڵ بۆ سەرخستنی ئەو پرۆژانە دەدەی کە لەخەیاڵتدان، گەشبینی بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی دەورووبەر و، کەسێکی زۆر کەم حەزت لەتێکەڵاوبوونە.

## جمک
May 21-Jun 21

بیرۆکەکانت کەسانی دەورووبەرتی سەرسام کردووە، بەردەوام شتی نوێ دادەهێنی، بەزوویی بڕیار دەدەی، هەر ئەوەش وادەکات زۆرجار بکەویە هەڵەوە، پێتخۆش نییە کەس دەست لەکارەکانت وەربدات و حەزت لەسەربەستییە.

## کەوان
Nov 22-Dec 21

کەسێکی حەز بەهونەر دەکەی و توانای داهێنانت هەیە، لەڕووی سۆزداریشەوە کەسێکی سەرکەوتوو نیت، حەز لەدەستکەوتی دارایی زۆرە و هەوڵی بەردەوامی بۆ دەدەی، لەزۆربەی هەنگاوەکانت بەخت یاوەرتە.

## قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

کەسێکی زیرەکی و زۆرگرنگی بەفێربوونی شتی نوێ دەدەی، زۆربەی کات بۆچوونەکانت لەجێگەی خۆیاندان، ئەوەش وایکردووە زۆر گوێت لێبگیرێت، کەسێکی ڕووخۆشو دەم بەپێکەنینی و، حەزت لەخۆدەرخستن نییە.

## کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

سووری لەسەر بۆچوونەکانی خۆت و زۆربەی کات تاکڕەوانە بڕیار دەدەی، حەز ناکەی کەس ڕێنماییت بکات، ئەوەش زۆرجار دەبێتە هۆی ئەوەی هەڵە بکەی، لەڕووی داراییەوە کەسێکی دەست بڵاوی.

## شێر
Jul 23-Aug 22

زوو درک بە گۆڕانەکانی دەورووبەرت دەکەی و بەئاسانی دەتوانی کەسانی دەورووبەرت بخوێنیتەوە، لەگەڵ خۆتدا ڕاستگۆی، بەئاسانی متمانە بەهەموو کەسێک ناکەی و بە وردی لەدەورووبەرت دەڕوانی.

## سەتڵ
Jan 20– Feb 18

کەسێکی لەخۆبووردی و زۆر بەزوویی ئەو ئەرکانە ڕادەپەڕێنی کە دەکەوێتە سەر شانت، شەرمنی و دوور دەکەویتەوە لەو جێگایانەی خەڵکانێکی زۆری تێدایە، لەپێناو هاوڕێکانت دەست لەزۆر مافی خۆت هەڵدەگری.

## گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

حەزت لە یارمەتیدانی کەسانی دیکەیە و بەسەرکەوتنی دۆستو خزمەکانت ئاسوودە دەبی، توانایەکی زۆری بیرکردنەوەت هەیە بۆ ڕاوێژپێکردن، بەڵام هەندێجار دوودڵی لەبڕیاردانو بەزوویی بۆچوونەکانت دەگۆڕیت.

## نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

هەمیشە حەزت لەقەرەباڵغیو تێکەڵبوونی کەسانی دیکەیە، زۆربەی کات خۆت بەفێربوونی شتی نوێیەوە خەریک دەکەی، بەختێکی باشت هەیە، توانایەکی زۆرت هەیە بۆ ڕازیکردنی دەورووبەرەکەت.



# پارە بۆ زمانی کوردی

کاوە ئەمین– سوێد
kawa@yahoo.com

تەنیا زمانی کوردییە کە کورد لە نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەگشتی و نەتەوە سەردەستە داگیرکەرەکانی کوردستان بە تایبەتی، جیا دەکاتەوە. هەر ئەوەیش وایکرد کە تورکیا هەر لەسەرەتای دامەزراندییەوە بیر لە قەدەخەکردنی زمانی کوردیی بکاتەوە. بەپێی هەموو یاسا نێونەتەوەییەکان و ئەو ڕێکخراوانەی کە پارێزگاری لە مافی مرۆڤ دەکەن، هەموو نەتەوەیەک مافی ئەوەی هەیە بە زمانی دایک، بخوێنێ و بنووسێ و بئاخڤێ، بەڵام مخابن کورد بە تایبەتی لە باکووری کوردستان ئەو مافەی لێ زەوتکراوە.

کوردانی باکوور، خۆشیان کەمتەرخەمییەکی زۆریان کردووە دەرهەق بە زمانەکەیان، ئاخر هەشتا ساڵی ویست تا بەخەبەر بێنەوە، هەر ئەو خەوەش وای لێکردن کە چەندین نەوەی کورد، ئەگەرچی خۆیان بە کوردیش دەزانن، بەڵام تورکی بووەتە زمانی یەکەمیان، هەم وەکو زمانی قسەکردن هەمیش وەکو زمانی نووسین و خوێندن و ڕۆشنبیرییان.

تەنانەت بەشێکی زۆری ئەو کوردانەی کە لە ئەورووپاش دەژین تا ئێستایش دەسبەرداری زمانی تورکی نەبوون، ڕێکخراوە سیاسی و کولتوورییەکانی کوردانی باکوور، ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە، لەو توانەوەیەیی کە تورکیا دەیان ملیارد دۆلاری بۆ لە ڕەگ و ریشە هەڵکێشانی زمانی کوردی خەرجکردووە. لە جەزائیر و هیندستان کە لەلایەن کۆلۆنیالیزمی فەرەنسی و بەریتانییەوە داگیرکرابوون، دەیان ساڵ هەمان سیاسەتی تورکیایان پیادە کرد لەو وڵاتانەدا، ئەو گەلانەش وەکو خەڵکی باکوور بە بیانووی ئەوەی کە دەبێت داگیرکەر لە وڵات دەربکرێت پاشان ئاوڕ لە زمان و کولتووری خۆیان بدەنەوە زمانی خۆیان لە بیر کرد، ئاخر دەیان ساڵ پارتی کرێکارانی کوردستانیش بانگاشەی ئەوەی کرد کە تا دەوڵەتی کوردی دانەمەزرێت، کات بۆ بووژانەوەی زمانی کوردی نییە، بەڵام زەمان دەریخست کە ئەو تێزە هەڵەیە، دەوڵەتی کوردی دانەمەزرا، بەڵام کوردانی باکوور کەتوونەتە خۆیان بۆ بووژاندنەوەی زمانی کوردی.

ماوەیەکە لە هەموو شار و شارۆچکەکانی باکووری کوردستان و ئەو شارانەی تورکیا کە کوردی لێ دەژین، هەڵمەتی: زمانی کوردی ناسنامە و شەرەفی ئێمەیە، دەستپێکردووە و بەشێوەیەکی بەرفراوان ناوەندە سیاسی و کولتوورییە کوردییەکانیش خۆیان بۆ ئەو پرسە گرنگە تەرخان کردووە. کەسایەتییەکی وەکو لەیلا زانا لەوەیش زیاتر هەنگاوی ناوە و داوا دەکات کە چیتر کورد ڕۆژنامە تورکییەکان نەخوێنێتەوە و تەلەفزیۆنە تورکییەکان تەماشا نەکات و دەبێت لەمەودوا شارەدارە کوردییەکان و سیاسییەکان بە کوردی سیاسەت بکەن.

غاندی مەزن بۆ شکستپێهێنانی بەریتانییەکان داوی لەگەلی هیندستان کرد کە بەنیووە ڕووتی بسوڕێنەوە و جلوبەرگی بەریتانی لەبەر نەکەن، هەر واشیان کردو بوونە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان و تەنانەت بوونە خاوەنی چەکی ناوکیش.

بۆ ئەوەی ئەم هەڵمەتە شارستانییەی کوردانی باکوور سەرکەوێ، دەبێت پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی پارتی کرێکاران و پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتی کە پێگەیەکی جاماوەری گەورەیان هەیە، پێش هەموو کەس واز لە بەکارهێنانی زمانی تورکی بێنن، کە تا ئێستاش دەیان گۆڤار و ڕۆژنامەی ئەو پارتانە بە تورکی دەردەچن و تەنها ناوەکانیان کوردییە، تەنها ڕۆژنامەیەک کە هەمووی بە کوردی بێت (ئازادیا وڵات)ە کە لە ئامەد دەردەچێت. بەڵام بۆ نموونە ڕۆژنامەی (ئۆزگور پۆلیتیکا) نزیکە لە PKK، ڕۆژانە لە هەموو ئەورووپادا بڵاو دەبێتەوە، تەنیا دوو لاپەڕەی بە کوردییە، چواردە لاپەڕەی بە تورکییە، ڕۆژنامەی (ئۆزگور گوندەم) لە تورکیا هەمووی بە تورکییە لەگەڵ دەیان سایتی کوردی، بەڵام بە زمانی تورکی تۆڕی ئینتەرنێتیان داگیر کردووە، ئەگەر بڕیارە وەکو بانگاشەی بۆ دەکرێت: "زمانی کوردی هەبوونا مەیە"، با زمانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤار و سایتانەی ئینتەرنێت کە لە لایەن کوردەوە بە زمانی تورکی بڵاو دەکرێنەوە، بکرێنە کوردی، دەنا ئەم هەڵمەتی خۆ بە خاوەنکردنە لە زمانی کوردی، پاش ماوەیەک دەپوکێتەوە، گوناهە ئەو ڕەنج و ئەو گەنجینەیە، ئەو سکەیەی کە تازە کوردی باکوور کەوتوونەتە سەری، بەخەسار بچێت.

هاوڕێیەکەم باسی ئەوەی کرد کە ڕەوانشاد ئازاد مستەفا وتویەتی" کاشکی تورکیا ڕێگای دەدا چەند ڕۆژنامەیەک بە زمانی کوردی دەربچێت، چش با هەمووی بەسەر و سەکووتی ئەتاتورکدا هەڵیبدایە، خۆ زمانەکەیان لە فەوتان ڕزگاری دەکرد و گەشەی دەکرد". منیش دەڵێم کاشکی ئەو هەموو پارەیەیی کورد لە زمانی تورکیدا خەرجیدەکات لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیاندا، لە زمانی کوردیدا خەرجیان بکردایە، ئاخر کوردایەتی تەنها بە کوردی دەکرێت و هەر بە کوردیش خۆشە، دەکەواتە هیممەتێک، مادام بڕیارتان داوە زمانی کوردی بکەنەوە زمانی دایک، بەیەکجاری دەستەبەرداری زمانی تورکی ببن. پانزدە ساڵ لە مەوپێش مامۆستا ئارام تیگران بە گۆرانی بە منداڵانی کوردی وت" شیرین و خۆشە زمانێ کوردی"، پێدەچێت کوردی باکوور، تازە لەو کەلامەی مامۆستا گەیشتبن! کوردیش دەمێکە وتویەتی: زەرەر لە نیوەیشی بگەڕێتەوە هەر قازانجە.



# سندوقێکی وێران

دسەپان
sapanov@hotmail.com

زۆربەی حکومەتەکان بەلای کەم خاوەن کەناڵێکی تەلەڤزیۆن و ئێزگەی ڕادیۆ، یەک ڕۆژنامە یان زیاترە. حکومەتی یەکگرتووی کوردستانیش خاوەن تەلەڤزیۆن و ئێزگەیەکە بەناوی نەوڕۆز، لەجیاتی ڕۆژنامەش گۆڤاری (هەرێمی کوردستان)ی هەیە.

حکومەتی کوردستان لە تەلەڤزیۆنی نەوڕۆزەوە بە هیچ شێوەیەک نەیتوانیوە بەرنامە و پلانەکانی بۆ خەڵک ڕوونبکاتەوە. لەبەر کۆمەڵێک هۆکار: پێدەچێت حکومەت زۆر بایەخ بە تەلەڤزیۆنەکەی نەدات بەهۆی تەلەڤزیۆنە حیزبییەکانیان، یانیش لەبەر پێکنەهاتنی حیزبەکان لەسەر بەڕێوەبەرەکەی و ئایا مێدیای حکومی چ پارتێکی سیاسی بەڕێوەی ببات.

تەلەڤزیۆنی نەوڕۆز، لە دروستبوونییەوە بەدەست نەبوونی بەرنامەی چۆنییێتی بەڕێوەبردنی دەناڵێنێ، هەروەها نەبوونی کادری باش و کەم دەسەڵاتی بەڕێوەبەرەکەی.

بەڕێوەبردنی کەناڵی تەلەڤزیۆنی حکومەت لە کوردستان، وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان، لە ئەستۆی وەزارەتی ڕۆشنبیرییە و وەزارەتیش بەنوێژی نیوەڕۆ، دەست دەخاتە ناوکاروباری ئەو کەناڵە، بۆیە زۆرجار لەجیاتی ئەو دەست تێوەردانە یارمەتی بێت، بووەتە بەربەستی باشترکردنی.

ئێستا لەتەک بەڕێوەبەرەکەی، چاودێرێک دانراوە، کە دەسەڵاتی زۆر لە بەڕێوەبەر زیاترە.

وەزارەتی ڕۆشنبیری زۆرجار، بێ ئاگاداری بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنەکە، یارمەتی هەندێک هونەرمەند دەدات و بەرهەم و کلیپەکانیان بە دەیان ملیۆن دینار لەسەر بودجەی تەلەڤزیۆن لێدەکڕێ و بۆ هەندێک بەرنامەش، خەرجی خۆی ناداتەوە.

کەناڵی تەلەڤزیۆنی نەوڕۆز، بەبەراورد لەگەڵ کەناڵە حیزبییەکان، بودجەی کەمترەو ئەو بودجەی بۆشی دادەندرێ لەبەر دەستتێوەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ناتوانن وەک پێویست سوودی لێوەربگرن. لە کاتێکدا کاری بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی نەوڕۆز پڕ کۆسپ کراوە، بەڕێوەبەرانی کەناڵە حیزبییەکان، جگە لەوەی کادری زۆر باشتریان هەیە، دەسەڵاتیشیان زۆر زیاترە. بۆنموونە بەڕێوەبەری کەناڵی حیزبی بەیەک دانیشتن بڕیار دەدات، بەرهەمێک بکڕێ یان نا، ئەگەر بیکڕێ خاوەن بەرهەم لەماوەی چەند خولەکێک پارەی لەدەستە، بەڵام بەڕێوەبەری تەلەڤزیۆنی نەوڕۆز، بۆ کڕینی یەک کلیپ یان یەک کورتە فیلم، خاوەنەکەی دەبێ بەلای کەم دوو مانگ لەڕاکەڕاکەی نێوان، کەناڵ و وەزارەت و دارایی دابێت.

لە کەناڵی تەلەڤزیۆنی نەوڕۆز، یەک لەشکر لە خەڵکی کەم شارەزا کۆکراوەتەوە، کە زۆربەی هەرەزۆریان پێویستیان بە یارمەتی و پەروەردەکردنە. بەگوێرەی قسەی کارمەندانی هەمان کەناڵ، زۆربەیان پێشتر لە کەناڵی دیکە کاریان کردووەو ئێستا لەوێ گیرساونەتەوە.

یەک لەبەرنامە هەرە گرنگەکانی کەناڵی تەلەڤزیۆنی هەموو حکومەتێک، هەبوونی دەنگوباسە، کە تەلەڤزیۆنی نەوڕۆز هێشتا نییەتی. ڕیپۆرتاژەکانی زۆربەی جاران هی دوو ڕۆژ پێشترن.

تەلەڤزیۆنێک کە هی حکومەت بێ دەبێ، کارمەندی سەر بە حیزبەکانی تێدابن و بەرنامەکانی ڕەنگدانەوەی سیاسەتی یەک حیزب نەبن، پێویستە ئەو تایبەتمەندییە لە تەلەڤزیۆنی نەوڕۆزدا جێی بکرێتەوە ئەگەر بەناوی تەلەڤزیۆنی حکومەتەوەیە.

لە هیچ وڵاتێکی جیهان، تەلەڤزیۆنی حکومی وەک کوردستان بەخراپی و ناپسپۆڕی بەڕێوە ناچێ. نەبوونی متمانە بەخەڵک و هەبوونی گەندەڵی زۆر لە کوردستان، بووەتە دروستکردنی بیروکراتی زۆر و ئەوەندەی دیکە نەوڕۆزی ئیفلیج کردووە.

نەبوونی ئەم دەستەڵاتە، کەمی کادری باش و پێویست، دەستێوەردانی وەزارەت لەکاروباری تەلەڤزیۆن و دامەزراندنی چاودێرێک بۆ بەڕێوەبەر، کەناڵی حکومەتی کوردستانی نەک سەقەت کردووە، بەڵکو تەواو وێرانی کردووە.

تەلەڤزیۆنی نەوڕۆز لەسەرەتاوە بە ئیفلیجی لەدایکبوو. بە یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارە، دەبوایە کەناڵێک بە هەموو پێویستییەکانییەوە دابمەزرابا. بۆ ئەوەی هەموو حیزبە سیاسییەکانیش نەوڕۆز بە تەلەڤزیۆنی خۆیان بزانن، هەنگاوی یەکەم دەبووایە ئەنجوومەنێک لە کەسانی پسپۆڕ پێکهاتبا، بۆ ئەوەی دوور لە حیزبایەتی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی کەناڵەکەی کردبا، نەک ئەو چاودێرییە بە کارمەندێکی یاسایی وەزارەت بسپێردرێ، هەرچەندە بوونی ڕاوێژکاری یاسایی بۆ هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن زۆر پێویستە، بەڵام کاری ئەم ڕاوێژکارە نابێ چاودێری خەرجکردنی پارە و بەرهەم کڕین بێ.

کە ئەوەش نەکراوە، سەیر نییە، کە بینەرانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، یان حیزبەکانی دیکەی کوردستان، نەوڕۆز بە کەناڵی خۆیان دانەنێن. حکومەتی کوردستان ئەگەر کەناڵەکە بەپێویست بزانێ، دەبێ بایەخی پێبدات، ئەگەرنا نەبوونی لەو هەبوونەی باشترە.

لە تەلەڤزیۆنی حکومەتی کوردستان، گرنگە بەڕێکو پێکی و پسپۆڕانە، بەرنامە و پلانەکانی حکومەت، بۆ خەڵک ڕوونبکرێتەوە، باس لە ئاوەدانکردنەوە و گەندەڵی و گرفتەکانی کۆمەڵگای کوردستان بکرێ. بەڵام هیچ لەوانە وەک پێویست لەو تەلەڤزیۆنە باسناکرێن.

لە کەناڵی حکومی، دەبێ ئازادی ڕادەربڕین بەبەراورد لەگەڵ کەناڵە حیزبییەکان، زۆر زیاتربێ و بەهیچ شێوەیەک نابێ حیزبایەتی بکرێ، بەڵکو بەردەوام بیر لە باشترکردنی بەرنامەکان بکرێتەوە.

لە کەنالی حکومی، بەهیچ شێوەیەک نابێ ڕێکلام بەمەبەستی ساخکردنەوەی کاڵاکان لە بازاڕ بڵاوبکرێتەوە، یان لەلایەن کۆمپانیای جیا جیای کوردی یان بیانی بەرنامە سپۆنسەر بکرێ. پیشاندانی ڕێکلام دەبێتە بێزارکردنی جەماوەر، بۆیە لەو کەناڵە حکومییە دەبێ ڕێز زۆر زیاتر بۆ بینەر دابنرێ نەک بۆ پەیداکردنی پارە.

حکومەتی کوردستان دەبێ بزانێ، کەمبایەخدان بە کەناڵی خۆی، ڕاستەوخۆ دەکاتە کەمبایەخدان بە جەماوەر، بۆیە بەزووترین کات دەبێ ئەوکەناڵە باشتر بکات.

ئەگەر حکومەتی یەکگرتووی کوردستان بەڕاستی دەیەوێ ببێتە خاوەن کەناڵی خۆی، دەبێ هەنگاو بۆ باشترکردنی بهاوێژێ و بەرنامەی بۆ دابڕێژێ، ئەگەر نا زۆرباشترە دایبخات.

ئەگەر ئەو هەنگاوانەی سەرەوە نران، دیارە لەماوەیەکی کەم، حکومەتی کوردستان، دەبێتە خاوەن کەناڵێکی زۆر باشی خۆی، نەک وەک ئێستا، نەوڕۆز زیاتر لە سندوقێکی وێران دەچێت نەک تەلەڤزیۆنێکی سەردەمیانە.



# ماندیلا و موجاهیدین

## مافی سیاسی و بەندو باوی تیرۆر

تاریق کارێزی
zerevan@nefel.com

زۆر هێزو گرووپ هەن لە لیستی تیرۆری ئەمریکاو ئەورووپادان، ئێمە لەنزیکەوە دەیانناسین، لەڕاستیدا هێز و گرووپی ئازادیخوازن، نە لە دوورو نە لە نزیکەوە هیچ پەیوەندییەکیان بە تیرۆرەوە نییە، بەڵکو باجی ئەو سازشە دەدەن کە وڵاتانی جۆربەجۆر بۆ ڕاییکردن و دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەیکەن.

کاتێ ئەمریکای زلهێز لە دەیان ساڵی بەر لەئێستاوە دۆست و پشتیوانی ڕژێمی باشووری ئەفریقا بوو، ئازادیخوازێکی مەزنی وەک نیلسۆن ماندیلا، لە لایەن حکومەتی ئەمریکاوە مۆری تیرۆری لێدرا بوو. لەم ئان و ساتەشدا کە لەجیهاندا دەستی ڕێز لە ئاستی ماندێلا بە سینگەوە دەگیرێت، بەوەی لە پاش 27 ساڵ زیندانی، توانیی گەلی ڕەش پێستی باشووری ئەفریقا بە ئازادی بگەیێنێت و، داد و یەکسانی لە نێوان سپی پێست و ڕەش پێستانی وڵاتەکەی بچەسپێنێ، کەچی تا ئێستا ئەمریکا ئەوی لە لیستی تیرۆر دەرنەهێناوە.

موجاهیدینی خەلق کە ڕێکخراوێکی ئازادیخوازی سەرتاسەری ئێرانە و گەورەترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئەو وڵاتەیە، کاروانی خەباتەکەی چل ساڵی تێپەڕاندووە. بە هەزاران ئەندامی شەهیدکراون و هەزارانی دیکەشی ئەشکەنجەی سەختیان لە نێو زیندانەکاندا، لە هەردوو سەردەمی کۆماری و شاهنشاهیدا دیوە. ئەمڕۆ بە چەندین شێوە خراوەتە بەر گوشارەوە. کۆمەڵگای نێودەوڵەتی ئەگەر بە ئاراستەی ئەوە کار بکات کە حکوومەت و دەوڵەتان ناچار بکات ڕێز لە ماف و ئازادیی گەلانیان بگرن، بوار بدەن پرەنسیپی دیموکراسی گەشە بکات، بێگومان ئەوسا گرفت و کێشەی سیاسی لە جیهاندا کەمتر دەبێتەوە. لەوەش گرنگتر، کێرڤی توندوتیژی پاشەکشە دەکات. لە بری پەنا بردن بۆ چەک و ڕووبەڕوو بوونەوە، هێزگەل و گرووپی جیاجیا هەوڵ دەدەن بەسندووقی دەنگدان دەسەڵات بگرنە دەست و پاشان کار بۆ پیادەکردنی پرۆگرامی خۆیان بکەن.

موجاهیدینی خەڵق لەو کاتەدا خاکی ئێرانی جێهێشت، کە هیچ بوارو دەرفەتێکی لەبەردەمدا نەما بۆ درێژەدان بە خەباتی دیموکراسییانە و ئاشتییانەی خۆی. ئاشکراشە کە چ هەلومەرجێکی سەخت ئەو ڕێکخراوەی هێنایە نێو خاکی عێراقەوە. لەم هاتنەشدا ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە وەک پەنابەری سیاسی لە لایەن حکوومەتی عێراق و کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران و خاچی سووری نێودەوڵەتییەوە، قبووڵکراون. ئەوان نزیکەی یەک چارەکە سەدەیە بە شێوەیەکی فەرمی لە عێراقدان. ئەمڕۆ باڵی سەر بە ئێران لە حکوومەتی عێراقدا، لە چەندین لاوە گوشاری خستووەتە سەر ئەو ڕێکخراوە. لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیشدا موجاهیدین چەند جارێک بووەتە بابەتی باس، کە برێ لە ئەندامانی ئەنجومەنەکە لەوانەی خۆیان بە دۆست و لایەنگری ئێران دەزانن، کار بۆ ئەوە دەکەن تەنیا مۆڵگەی موجاهیدین کە لە باکووری ڕۆژاوای بەغدادایە، دابخرێت و ئەندامانی ڕێکخراوەکەش لە عێراق دەربکرێن.

پێنج ساڵە موجاهیدینی خەلق لە ئەشرەفدا ئابڵووقە دراون. سەرەتا لە 2003 دا بە ڕێککەوتن هەموو چەک و تەقەمەنیی خۆیان ڕادەستی هێزەکانی ئەمریکا کرد. ئێستاش ئەو هێزانە لە پەلاماری ئەم و ئەو دەیانپارێزێ. هاوکات هەندێ هێزو لایەنی عێراقی هەن لەبەر خاتری دۆستایەتیی خۆیان لەگەڵ ئێران، بە هەموو شێوەیەک دژ بە موجاهیدینی خەلق کار دەکەن. تەنانەت هەندێ جار پێشنیاری سەیریش دەخەنە ڕوو. بۆ نموونە داوا دەکەن ئەو چەند هەزار ئەندامەی ڕێکخراوەکە، کە لە سەر خاکی عێراقدان، ڕادەستی حکوومەتی ئێران بکرێنەوە.

بەر لەوی هەر بڕیارێک دەربارەی بوون و مانەوەی بنکەی ئەشرف وەک تاکە مۆڵگەی موجاهیدین لە عێراقدا بدرێت، پێویستە ئەمریکا و هاوپەیمانانی، هەروەها کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەران و خاچی سوور، مافی ژیان و سەلامەتیی ئەندامانی ئەو ڕێکخراوە بگرنە ئەستۆ، بە تایبەتی تا ئێستا بە بەڵگە دیارە، کە ڕێکخراوەکە پابەندی هەموو بنەمایەکی پەنابەرایەتی سیاسی بووە، واش پێویست دەکات کۆمەڵگای نێودەوڵەتی پشتیوانی لەم ڕێکخراوە و هێزی دیکەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بکات، بەو جۆرەی لە وڵاتی خۆیاندا ڕێوشوێنی خەباتی ئاشتییانەیان بۆ دەستەبەر بێت.

هەروەها حکوومەتی عێراقیش دەبێ لە هەستەوەریی پەیوەندیی نێوان عێراق و ئێران و گەلانی هەردوو وڵات بگات. ئەو پەیوەندییە بە درێژایی سەدان ساڵ هەردەم مۆلەق و ناجێگیر بووە، زیانی بە بەرژەوەندیی هەر دوو وڵات گەیاندووە. هەر هەڵەیەکی سیاسی کە دەرهەق بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بکرێت، لام وایە گرژییەکی زیاتر دەخاتە سەر دۆسێی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات. زیان گەیاندن بەم ڕێکخراوە، واتە بەگژدا چوونەوەی حەزو ویستی بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئێران. ئیدی لە تووڕە کردنی خەڵکی ئێران و لێدانی پڕۆژە خەونێکی ئایندەی ئەوان، عێراق نەک هەر قازانج ناکات، بەڵکو زیانێکی گەورەشی بەر دەکەوێت.

گۆران محەممەد



goransalih@hotmail.com

# دوای جەژن وەرنەوە

ئیدیۆمێکی باوە، لە نێو دۆست و برادەردا، یان ئەگەر کەسێک داواکارییەکی هەبێت و نەتەوێ بۆی بکەیت، پێیدەڵێی:"دوای جەژن وەرەوە بۆت دەکەم، دوای جەژن". ئەم ئیدیۆمەم لە کاتی خوێندنەوەی ئەو هەواڵەدا بیرکەوتەوە کە سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان بەڵێنی داوە دوای جەژن بەدواداچوون بۆ کێشە و داواکارییەکانی مامۆستایانی مانگرتووی سلێمانی بکرێت.

سەردەمی ڕاپەڕین، کە بۆ پارتە سیاسییەکان وەک یانەسیب و بۆ خەڵکیش وەک قومار وابوو، مامۆستا، یەکێک بوو لەو توێژانەی کۆمەڵگە، کە بە فرۆشتنی کەلوپەلی ناوماڵی خۆیان، درێژەیان بە وانە وتنەوە دەدا، بە درێژایی ئەم ساڵانەی دوای ڕاپەڕینیش، چ لە کاتی تەنگژەدا بوایە، یان لە بۆنە و ئاهەنگدا، مامۆستایان درێغییان لە بەرووداانەوەی ئەم هەڵوێستە نەکردووە و ناهەقیشیان نەبووە، ئاخر دەسەڵاتداری کورد نەک هەڵوێست، خۆپیشاندانیشیان بە ڕوودا بدەی، هەستی پێناکات. بەرپرس و مەرپەرسەکانیش بۆ پڕکردنەوەی وتارە بێتام و بێزانیارییە ڤالیۆم ئاساکانیان، منەتی ئەم هەڵوێستە مێژی و مێژووییەی مامۆستایانیان باسکردووە، ئیدی ئەوە پتری دەرزەنێک ساڵە، مامۆستایان گۆرانی بۆ حکوومەت دەڵێن و حکوومەتیش گوڵ بۆ مامۆستا فڕێدەدات، ئیبراهیم خەیات وتەنی، لە گیانێک دەچوون، لە دوو جەستەدا، تا دەرکەوت وا نییە و مامۆستایان هێندە لە حکوومەت پڕن، لە بری ئەوەی سەلاجەی ماڵەکانیان بۆ درێژەدان بە خوێندن بفرۆشن، ئامادەن لە پێناو بەدەستهێنانی داواکارییەکانیان، دەرگای قوتابخانەکانیش دابخەن.

سێزدە هەزار مامۆستا ئیمزای ناڕەزایی کردووە، نزیکەی چوارسەد قوتابخانەش داخراوە، کەچی وەزیری پەروەردە هەڕەشەی دەرکردنی بەڕێوەبەر دەکات و سەرۆکی پەرلەمانیش دەڵێ دوای جەژن وەرنەوە. بە ڕاست بۆ ئاسایشیان بۆ نانێرن سێزدە هەزار شەقی مزریان لێبدات بۆ ئەوەی جورئەت نەکەن بەم وەزارەتە نازدارەیان نەڵێن لەل، بەڕاستی مامۆستایانی کوردستان، لەوەی ڕۆژێک زووتر وەک دوبەیمان لێبێت، ڕێگرن.

جارێ لەوە نەگەیشتووم ئاخۆ بۆچی تەنیا مامۆستایانی سلێمانی توند توند مانیان گرتووە ئەوانەی هەولێر و دهۆک بەڕەڵایان کردووە، بەڵام لەوە دڵنیا بووم کە نە یەکێتی مامۆستایان ئەو ڕێکخراوەیە لە سەر مافی ئەندامەکانی هەڵوێستی دلێرانە بنوێنێ، نە وەزارتی پەروەردەش ئەوەندە حەکیمە کەمێک بە هێمنی لە گەڵ ئەو هەڵوێستە تووڕەیەی مامۆستایاندا بجووڵێتەوە، بە کاردانەوەی توندی وەزیری پەروەردەدا دیارە، کە بەڕێزیان لە بری ئەوەی هەوڵبدات لە خەم و ئازاری مامۆستایانی مانگرتوو بگات، جارێ خەمی ئەوەیەتی مانگرتنی وان، لە شکۆمەندی وەزارەتخانە و دەسەڵاتەکانی ئەم کەم دەکاتەوە، لە بیری چووە، ئەگەر خوازیاری شکۆمەندییە، دەبێ ڕووی لە مامۆستایان بێت نەک پشت، دەبێ گوێ بگرێ، نەک هەڕەشە بکات، دەبێ دان بە هەڵە و کەموکوڕی وەزارەتەکەیدا بنێت، نەک خۆی هەڵبخەڵەتێنی و بەهار لە کن وی لە چۆکان بێت.

پەیامی ڕووداو

# مۆدێلی فیدرالی بە عەقلیەتی مەرکەزی

د.نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراق لە وتارێکیدا بۆ کەناڵە ئاسمانییە عەرەبییەکانی عێراق، باسی لە پرۆگرام و کاری خۆی کرد بۆ بوونی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندی، بەڵام بەنێوی فیدرالییەوە. ئەو وتارە جگە لەوەی هێرشێکی خەست و هۆشدارییەک بوو بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان، دووبارەش ئەو ڕاستییەی سەلماندوە کە ناکرێ فیدرالی دیموکراسی دروست بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوە فیدرالی بەرهەمی دیموکراسییە، بۆیەش لەو چەند ساڵەی ڕابردوودا دەرکەوت فیدرالی لەعێراق دا، هەر دەستەواژەیەکە بێ زەمینە و بنچینە و گیان کەوتووەتە نێو دەستوور و ڕێککەوتنە تەوافوقییە سیاسییەکانەوە.

عێراق وەک دەوڵەتێکی دروستکراوی کۆلۆنیالیزم، دەوڵەتێک کە بەدرێژایی مێژووی خۆی هەر بە کودەتا و شەڕ دەسەڵاتی تێدا گۆڕاوە، زەمینەیەکی گونجاو نییە بۆ فیدرالی، بەتایبەتیش کە مەبەست لەو فیدرالییە چارەسەری کێشەی نەتەوەیی بێت، نەک تەنیا بۆ ڕێکخستنی سیستەمی کارگێڕییەکەی.

فیدرالی لە وڵاتێکی وەک کەنەدا، کە خەڵکەکەی لە کیشوەری دیکەوە چەند سەت ساڵێکە بۆی چوون، ڕۆژانە پڕ لە کێشە و کێشمەکێشمە و، هاکە زانیت هەرێمی کیبێک جیابووەوە، لە بەلجیکای پێتەختی یەکێتی ئەوروپا، فەرەنسی زمان و هۆڵەندی زمانەکان بە ڕاحەتی پێکەوە ناژین و هاکە زانیت بوونە دوو دەوڵەت، چۆن لە عێراقدا سەرکەوتوو دەبێ بۆ ڕاگرتنی کێشمەکێشمی نەتەوەیی و کارگێڕی لەکاتێکدا عەرەب کە زۆرینەی ئەو دەوڵەتەن هێشتا خۆیان بەنەتەوەی خاوەن پەیامی نەمر (ذات رسالة خالدة) دادەنێن و نەتەوەکانی دیکەش بە (موالي).

هەرچەندە فیدرالی لەعێراقدا قەت کەم کێشە نابێ، ئەوە ئەگەر دوای کەمبوونەوەی دەسەڵاتی ئەمریکا لەعێراقدا هەر بەتەواوی نەمرێندرێ، بەڵام لەگەڵ هەموو شتێکیشدا تاکە ڕێگەی کەم کێشەیی کورد لەو نێوەدا ئەوەیە، بەگوێی پرۆفیسۆری یاسازانی کێبکی ئاندرێ پۆیار بکەین، کە لەساڵی 2002 لە تەجرەبەی خۆیانەوە گوتی، هەوڵبدەن هێندەی زیاتر هەرێمی فیدرالی لە عێراقدا دروست بین. بۆ ئەوەش زۆر پێویستە هەرێمی کوردستان پشتیوانی لە ڕەوتی هەرێم ویستی بەسرای نەوتدار، ئەنجوومەنی باڵا بەسەرۆکایەتی عەبدولعەزیز حەکیم بۆ دروستکردنی هەرێمی یان دوو هەرێمی نێوەڕاست و باشوور بکات، بەتایبەتیش کە کوێت لەولاوە لەگەڵ بوونی دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندیی عێراق دا نییە و ئارەزوویەکی بەوشێوەیە لە ئێرانیش دەبینرێ.

ئاکۆ محەممەد






# ستراتیژی تورک و کوردستان هێندەی عەرد و ئاسمان لە یەکەوە دوورە

عارف زێرەڤان ـ سوێد
zerevan@nefel.com

ستراتیژیستی سیاسەتی دەرەوەی دەوڵەتی تورکیا ئەحمەد داود ئۆغلۆ، ڕاوێژکاری سەرۆک وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆغان، لە 19ی ئەم مانگەدا لە لێدوانێکیدا بۆ کۆنسەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمریکا گوتی ئەگەری ئەوە هەیە ناکۆکی نێوان گرووپە ئێتنیکییە جیاجیاکان لە عێراقدا هێشتا زۆر توندە و، پێویست ناکا ئەمریکا ئەمریکا خۆی زۆر بۆ ڕەوشی عیراق دڵخۆشبکات و گەشبین بێ.

ئەحمەد داودئۆغلۆ دەستووری عێراقی وەک مەزنترین مەترسی لەسەر یەکێتیی سیاسی و نیشتیمانیی عیراق لەقەڵەم دا و گوتی دەستووری عێراق بە گوێرەی واقیعی عێراق نییە، بەڵکوو لەسەر داخوازیی هەندێ کەسی ئەکادیمی لەسەر مێزێک ئامادە کراوە و گوتیشی هەموو هەوڵی تورکیا و دەوڵەتانی دراوسێ لە پێناوی ئەوەدایە، ئەم دەستوورە، کە وەک بۆمبێک وایە، بەلاوە بنێن و پووچەڵ بکەنەوە تاوەکو هەموو دانیشتووانی عێراق بتوانن وەک "هاووڵاتیی عیراقی" پێکەوە بژین و گرووپێکی ئەتنیکی دەسەڵاتێکی سیاسی و ئیداریی زیاتری نەبێت.

بە بۆچوونی ئەحمەد داودئۆغلۆ، دەستووری عێراق باسی "عێراقییان" ناکات و زیاتر باسی کورد، عەرەبی شیعە، عەرەبی سوننە، تورکمان و گرووپی دیکە دەکات، ئەمەش بە بڕوای ئەو و تورکیا، کە 400 ساڵ عێراقی بەڕێوەبردووە، لە بناخەوە نادروستە. ئەحمەد داودئۆغلۆ گوتی، هەر بۆیە دەبێ دەوڵەتانی دراوسێی عێراق، ئەمریکا، ئەورووپا و هەموو دنیا هاریکاریی تورکیا بکات، تا پێکەوە نەهێڵن عێراق پارچە پارچە ببێت و وەک یوگسلاڤیای جارانی لێ نەیێت و گوتی:.

" ئێمە زۆر چالاکانە هەوڵدەدەین هەموو گرووپە ئێتنکییەکانی عێراق بگەیێنینە یەکدی و، هەوڵدەدەین کە بە هاریکاریی دەوڵەتانی دراوسێ گرفتەکان ئابڵووقە بدەین. دەبێ پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتی بۆ یەکێتی و ئارامیی عێراق هەبێت. دەبێ پەیماننامەیەکی دەوڵەتانی دراوسێش بۆ ئەم مەسەلەیە هەبێت و، لە لایەن گرووپەکانی عیراقیشەوە پەیماننامەیەک بۆ هاووڵاتێتیی عێراق و سیستەمی سیاسیی ئایندە هەبێت. بێ ئەم سێ پەیماننامەیە زۆر زەحمەتە عێراق سەقامگیر وستابیلیزە ببێت، ئەوکاتیش نەک تەنیا بۆ ئەمریکا، بەڵکوو بۆ تورکیا و بۆ هەموومان دەبێتە سەرئێشە. هەر بۆیەش ئێمە هەردەم لایەنگری ڕاوێژێکی هاوبەشی بەرفراوانی نێوان تورکیا و ئەمریکاین، دەربارەی پرسی عێراق ئەو ڕاوێژکردنە زۆر باش بەڕێوە دەچێت".

لە هەمان لێدواندا ئەحمەد داودئۆغلۆ گوتی، بە هەوڵ و هیمەتی تورکیا ڕێ لە ریفراندۆمی کەرکووک گیرا و، هەر بە خێری تورکیا عەرەبە سوننەکانیش بەشدارییان لە پرۆسەی سیاسیی عێراقدا کرد و، ئاماژەشی کرد کە تاریق هاشمیش بە هەوڵ و هیمەتی تورکیا بووە جێگری سەرکۆماری عێراق.

ئەگەر ئەحمەد داود ئۆغلۆ و تورکیا لە سترتیژی خۆیاندا سەرکەون، ئەوکات کورد دەبێ کەرکووک لە بیر بکات، هاوبەشایەتیی حکوومەتی کوردستان لە کۆنترۆڵکردنی نەوت و سەرچاوەکانی وزە لە بیربکەن، هەبوونی هێزێکی سەربازیی کوردستانی بۆ پاراستنی کوردستان لە بیر بکەن، سەربەخۆبوونێکی ئابوورییانەی کوردستان لە هەمبەر بە حکوومەتی عێراق و بەغدا لە بیر بکەن و، تەنیا داوای مافی کولتووری و هاووڵاتێتیی عێراق بکەن و بەوەش بەختەوەر بن.

مرۆڤ لە زاری سەرۆک ئەرکانی تورکیا ئیلکەر باشبوغ، هەمان قسە دەبیستێ، مرۆڤ لە سەرۆک کۆماری تورکیا عەبدوڵلا گولیش هەمان پەیام دەبیستێ و، کاتێک ئەو باسی برایەتی تورک و کورد دەکەن، تەنیا لە چوارچێوەی مافی مرۆڤدا باسی دەکەن نەک لە چوارچێوەی مافی سیاسیدا. سەرۆک وەزیرانی تورکان ڕەجەب تەیب ئەردۆغانیش لە هەردووکیان باشتر قسەی نەکرد کاتێک سەردانی عێراقی کرد و، ڕێی خۆی بە هەولێریش نەخست و دانی بە حکوومەتی کوردستاندا نەنا.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لە 22ی ئەم مانگەدا، لە نووسینێکی (ناسوهی گونگۆر) لە ڕۆژنامەی (ستار)دا خوێندمەوە، کە پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی بەوی گوتووە: "ئێمە هیچ هەنگاوێکی ستراتیژی نانێین کە تورکیای تێدا نەبێت، دەبێ ئەوە زۆر روون بێت".

ستراتیژی تورکیا ئەوەیە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق نووری مالیکی لە بەغداوە فەرمان بداتە پارێزگاری هەولێر نەوزاد هادی و پارێزگاری کەرکووک عەبدولڕەحمان مستەفا و، ڕێ نەدات سەرۆک وەزیرانی کوردستان نێچیرڤان بارزانی هیچ دەسەڵاتێکی بەسەر ئەوانەوە هەبێت.

مرۆڤ مەراق دەبێت، ئایا لە کەیەوە پارێزگاری هەولێر بووەتە هاوستراتیژی تورکیا، کە داود ئۆغلۆ ئەو ستراتیژەی زۆر بە ڕوونی ڕوونکردووەتەوە.



# ریش کورتەکان تاکڕەوترن

بەدر ئیسماعیل شێرۆکی
Bader_sheroki@yahoo.com

وێچوواندن نییە، بەڵکو وێچوونێکی سیستەماتیک لە ڕووی کۆنتترۆڵکردنی دەسەڵات لە نێوان حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران و حکومەتەکەی نوری مالیکیدا هەیە. لەوێ ئەو حیزب و کەسایەتییەکاریزمایانەی ڕۆڵی سەرەکیان هەبوو لە زەمینەسازی و ئەنجامدانی شۆڕشی ئیسلامی لەدژی ڕژێمی حەمەڕەزا شا، لە ماوەی کەمتر لە دوو ساڵدا کەسیان لە سیاسەت و دەسەڵاتدا نەمانەوەو بزاڤە پێشکەوتنخوازو دیموکراسییەکانیش گشتیان هەڵوەشێندرانەوەو چالاکی وکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت مانەوەشیان لە ئێران لێ قەدەخەکرا.

هەرچەندە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش ئازادییە سیاسی و مەدەنییەکان لە دەستووردا بەشێوەیەکی یاسایی ڕێگایان پێدراوەو مافی کەمینەکانیش لە دەستووری بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی ئێراندا، بەشێوەیەکی ڕوون دانیان پێدانراوە و سەلمێنراوە، بەڵام بەکردەوە تەنانەت لە پەرلەمانیش باسکردنی ئەو مادانە تابوویەکی گەورەیەو بۆ ساتێکیش ئەو بەندو برگە دەستوریانە نەخراونەتە واری جێبەجێکردنەوە، لەوێ هەموو بزاڤێک لە ژێر چاودێری و هەژموونی مەعنەوی گەورە مەرجەعەکانی بەڕێوە دەچێ کە بە مێزەرو ریشە درێژەکانیانەوە شێوەو نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ڕەهای ویلایەتی فەقیە دەکەن، کە پارێزەرو بەڕێوەبەرو ڕاگری ئایینی ئاسمانی و خوداوەند لەسەر زەوی وێنا دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ریش کورتەکان دەوڵەت و سیاسەت بەڕێوە دەبەن. پاش کۆتایی هاتنی دەسەڵاتی خاتەمی سەرۆک کۆمار، ریش کورتەکان سەلماندیان کە ئەوان لە دەسەڵاتدا تاکڕەوتر عەسکەرتاریانەتر و پاوانخوازترن، لە ڕێبەرە ڕووحانیەکانیان.

لە عێراقیشدا هەرچەندە شێوەو سەرچاوەی هاتنە سەر دەسەڵات جیاوازبوو، بەڵام هەموو بزاڤ و پەرەسەندنە سیاسی ئابووری و سوپاییەکان ئاماژە بەو ڕاستییە دەکەن کە هێدی هێدی و لەسەرەخۆ خەریکە چارت و هەیکەلی گردبوونەوەی دەسەڵات لە دەست ریش کورتەکان دووبارە دەبێتەوە.

لێرەش دەستوورو یاسا نەیتوانیوە ئەو ماف و دەستهاتانە گرەنتی بکات کە کورد و نەتەوەکانی دیکە لە عێراق بەدەستیان هێناون، هەروەها ئەوپیلانانەش بە ڕوونی دیارن کە دژی دیموکراسی و دەستوور و ڕزگاریخوازەکانی دوێنێی سەرگۆڕەپانی سیاسی عێراق بەڕێوە دەبردرێن.

ریش کورتەکانی ئێرە کە تاکە جیاوازیان لەگەڵ ریش کورتەکانی ئێران بۆیمباخەکانیانن، دەیانەوێ لە ڕێگەی هێرشکردنە سەر کورد و دەستهاتەکانی بنیاتی دیموکراسیخوازی لە عێراق لاواز بکەن، چونکە کورد تاکە بەرگریکاری مافی مرۆڤ و دیموکراسییە، ئەگەر چەند مادە و بڕگەی شارستانیش لەناو دەستووردا هەبن، ئەوە بەهۆی پێداگیری کوردەوە چەسپێندراون. لەپێناو نەهێشتنی ئەو ترسکایەی دیموکراسی وبۆ کۆنترۆڵکردنی دەسەڵات، مالیکیش لێدانی دەسەڵاتی کوردی کردووەتە ئامانج، چونکە کورد ئەگەر لاوازیش بێ تاکە لایەنی دژی دیکتاتۆر دروستکردنەوەی بەغدا، خۆی دەنوێنێ.

مالیکی بەوشێوەیە دەیەوێ کۆپی مێژووی پێکهێنان و چەسپاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق جێبەجێبکات، بەڵام دڵنیا نیم لەوەی ئەو هاوکێشەیەی بە وردی لیکداوەتەوە کە ئەو هێزە سێیەمەی لە گۆڕەپانی زۆرانبازی ئێران نەبوو، لێرە ئامادەیە کە ئەوانیش مارێنزەکانن.

باوەڕ ناکرێ، ڕێگە بدرێ ڕێگە بە مالیکی بدرێ نازینی بە باشبوونی باری ئەمنی عێراق، بگاتە ڕادەی پشتکردنە ئەمریکا و ڕووکردنە مۆدیلی ئێرانی کە ئەگەر جێبەجێ ببێ، ئەوا دەبێ شاهێدی دووبارەبوونەوەی مێژوو بین بە بارمتەگرتنی بالیۆز کرۆکەرو هاوکارەکانی لەلایەن "الگلاب الاسلامی" یەکانی عێراق و تێکشکاندنی هەژموون و نەهێشتنی بوونی ئەمریکا لەعێراق و فاتیحا خوێندن لە سەر گیانی دیموکراسی لە عێراق و ناوچەکەدا جارێکیتر.



# حکومەتی پلە تایبەتەکان

عادل قەرەداخی
adilqeredaxi@yahoo.com

لەشێوەی ئەم حکومەتەی ئێمە لەهیچ شوێنێکی ئەم گەردوونە گەورەیەدا دەست ناکەوێت، تۆ تەماشا بکە هەر یاسا و بڕیارێک لەبەرژەوەندی خەڵکە ڕەشوڕووتەکە بێت جێبەجێی ناکات و ئەوەی لەدژیان بێت بەهەفتەیەک تێیدەپەڕێنێت. لەساڵانی ڕابردوودا بەبڕیارێکی حکومەت ئەوانەی خانەنشین بوونایە 80%ی مووچەکەیان دەدرایێ و ماوەیەکی زۆر خەڵکانێک بەو بڕیارە خۆیان خانەنشین کردو سەدا هەشتای مووچەکەیان وەردەگرت. کەچی پاش دەرچوونی یاسای نوێی خانەنشینی لە عێراق مووچەی هەموو ئەوانەیان کەمکردەوە کەپێشتر بێ گوێدانە ساڵی خزمەت و تەمەن و ناونیشانی فەرمانبەری بەپێی بڕیارەکەی حکومەت خۆیان خانەنشین کردبوو. ئاخر لەکوێی جیهاندا یاسا بۆ ڕابردوو دەرکراوەو ئەم فرت و فێڵە چییە لەخەڵکی دەکەن، هەموومان دەزانین یاسا لەو ڕۆژەوە کاری پێدەکرێت کە لەڕۆژنامەی فەرمی دەوڵەتدا بڵاودەکرێتەوە یان ئەو ڕۆژەی پەرلەمان بۆی دیاری دەکات ئەگەر دواکەوت و کێشەی هەبوو، نەک هەموو بڕیارو یاساکانی چەند ساڵی پێشووی پێ پوچەڵ بکرێتەوە. کە حکومەتی عێراق مووچە و ئیمتیازی تایبەت بۆ زیندانییە سیاسیەکانی عێراق دەبڕێتەوە ئەم حکومەتەی ئێمە وەک ئەوەی لە هەسارەیەکی دیکە بێت بەخەیاڵیدا نایێت چونکە لەبەرژەوەندی خەڵکانێکی ستەمدیدەو زوڵملێکراوە، بەڵام هەر ڕۆژەو بڕیارێک لەبارەی مووچەی پلە تایبەتەکان دەردەکات وەک ئەوەی نان نەبێت بیخۆن و هیچ خێروبێرێکی دیکەی ئەم وڵاتەیان لەبەردەستدا نەبێت. باشە ئەوانەی حکومەت ناوی ناون پلەی تایبەت کێن، ئەوانەن کە شێریان بەگوێ بۆ کورد گرتووە یان ئەوانەن بەسەر داهاتی ئەم میللەتەوە بوونەتە بازرگان. خۆ باوەڕیش ناکەم لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە فەزڵیان بەسەر خەڵکە ڕەشوڕووتەکەوە هەبێت. یان کە یاسا دەردەکرێت بۆچارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون لەکوردستاندا لەبەرئەوەی کاریگەری لەسەر خاوەن پلە تایبەتەکان دەکات و کرێچییەکانیان لەدەست دەچێت سەرەڕای دواخستنی، مەرجی وای بۆ دادەنێن مەگەر هەر بەخۆیان بتوانن خانوو شوقەی دیکە بکەن و بکڕن، ئاخر فەرمانبەرو کرێکارێکی قوڕبەسەر دوو سێ دەفتەر دۆلاری لەکوێ بوو خانووی لەکۆمپانیاکانی خاوەن پلەی تایبەت پێبکرێت، بۆیە هەتا ماوین هەردەبێت کرێچی ئەوان بین. سەدان لێکۆڵینەوەو ئامار بڵاوکراوەتەوە کە ڕێژەیەکی زۆری ئەم میللەتە نەخوێندەوارەو ئەوانەشی خوێندوویانەو دەخوێنن بەبەراورد لەگەڵ خوێندەواری ئەم سەردەمەی جیهاندا بەنەخوێندەوار یان کۆڵکە خوێندەوار حسابن، کەچی بەر لەهەموو کەس دەرماڵەی مامۆستایانیان بڕی کە تەنها تروسکاییەکی زانست و زانیاری لەم وڵاتەدا مابێت ئەوانن. تا قوتابخانە نەکرابووەوە گوێ لەداخوازیەکانیشیان نەدەگیرا کە هاتە کاتی دەوام بەڵێنیاندا کێشەکانیان چارەسەر بکرێت کەچی دەرچوو ئەوەش لە بەڵێنی بێبنەما زیاتر هیچی دیکە نییە، شەو و ڕۆژ بەرپرسانی عێراق قسە لەبارەی سەدا حەڤدەی هەرێمی کوردستان دەکەن گوایە لەڕێژی ڕاستەقینەی کورد زیاترە، ئەمساڵ نزیکەی هەشت ملیار دۆلار بودجەی هەرێمی کوردستان بووە پێم ناڵێن لەچیدا سەرفدەکرێت؟ لەئاو و کارەبادا یان کێشەی نیشتەجێبوون یان بواری زانست و داهێنان یان کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی یان ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان یان لەدروستکردنی باڵەخانەو ڤێلا و کۆمپانیای پلە تایبەتەکان؟. دڵنیام کەس وەڵامی ڕاستمان ناداتەوە، بەڵام دڵنیام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ چەند کەسێکی ناشارەزا و پلە تایبەت ئەم ئەزموونە ناشیرینتر دەکەن و ئاستی نارەزایی خەڵک بەرەو بەرزبوونەوە دەبەن و ساڵ لەدوای ساڵ نیگەرانیمان زیاتر دەکەن ئەوەش باشترین بەڵگەیە کە ڕۆژانە مانگرتن و خۆپیشاندان دەبینین و لەسەدا پازدەی خەڵکیش لەپەرلەمان ڕازی نییە کەچی مێشێک میوانیان نییە. زۆر دەترسم ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ژێر بەژێر ڕاپرسییەک بکەن و دەستی دەسەڵات ئاشکرابێ کە خەڵکی لەگەڵ نەماوەو تەنها پلە تایبەتەکان نەبێت، ئەمەش بۆ ئایندەی سیاسی و ماددەی 140 زۆر مەترسیدار دەبێت.

# ئەز نەک هەر جوانم دەنگیشم خۆشە



**رووداو-ئەڵمانیا**

نازدار، تەمەن 20 ساڵ، دوای بڵاوکردنەوەی یەکەمین ئەلبوومی خۆی بەنێوی (هەی دنیایێ) لەباشووری کوردستان، گەڕایەوە ئەڵمانیا.

نازدار، دوای گەڕانەوەی بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەباشوور پێشوازیەکی گەرم لە ئەلبوومەکەی کرا، بەڵام زۆر دڵتەنگ بووە بە رەوشی ژنان لە کوردستان و گوتی لەلای خۆمەوە دەمگوت باشە کە ئەوانە هێندە دڵخۆشن بەدەرکەوتنی من لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن ئەی بۆچی "رێ لە پێشکەوتنی کچەکانی خۆیان دەگرن". هەرچەندە نازدار زۆر جوانیش بێ، بەڵام زۆر بە توندی ئەوە رەتدەکاتەوە کە جوانییەکەی هۆی سەرەکی سەرکەوتنی بێت " کەس ناتوانێ بڵێ من تەنیا جوانم، بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەنگیشم هەیە و دەنگم خۆشە".

**لاپەڕەی هونەر**

# پەرلەمانی کوردستان مافوری ناوێ

**رووداو- رۆژهەڵاتی کوردستان**

وڵاتی نیجیریا، داوای لە کوردانی مافوورچنی سەردەشت کردووە مافورێکی نموونەیی و هونەری بۆ پەرلەمانی ئەو وڵاتە بچنن.

ئەم مافوورە لەلایەن مافوورچنەکانی شاری سەردەشت لە کارگەی مافوری شاری رەبەت دەچنرێ کە 116 مەترە (8،12درێژ و 10/9مەتر پان)، بریارە لە ماوەی 8 مانگدا کاری چنینی تەواوبکرێ، کە ئیستا 30 فەرشچنی سەردەشتی پێیەوە خەریکن.پێدەچی پێوەندی لەنێوان نێجیریا وکوردستانیش دروستببێ، بەتایبەتی کە یانەی هەولێریش بەنیازە گرێبەستێک لەگەڵ یاریزانێکی نێجیری ببەستێ.



# کوڕی نییە و لەسەری درایە دادگا



**رووداو- ئاژانسەکان**

بلێند ئەرسۆی، گۆرانیبێژی ناسراوی تورکیا، شەوی 2008/2/15 لە بەرنامەیەکی راستەوخۆی تەلەڤزیۆنیدا گوتی "ئەگەر کوڕێکم هەبووایە نەمدەنارده سەربازی، مندالی خەلکی هەژار دەنێرنە شەڕ و کوڕی بەرپرسانیش لە ئیستەنبوول سەربازی دەکەن و ئەوە شەڕێکی بێ مانایە"، ئەو قسانەی ئەرسۆی هاوکاتبوون لەگەڵ هێرشی سوپای تورکیا بۆناو خاکی هەرێمی کوردستان بۆ شەڕی PKK.

لەبەر ئەو قسانە، داواکاری گشتیی کۆماری تورکیا ئەرسۆی بەتۆمەتی" پڕوپاگەندەی ترسناک دژی تورکیا و سارکردنەوەی خەڵک لە سەربازی" دا بە دادگا. ئەرسۆی رۆژی 2008/9/24 بەشداریی یەکەم دانیشتنی دادگاییکردنەکەی کرد و گوتی " من هیچ تاوانێکم نەکردووە، ئەگەر لەسێدارەشم بدەن لەو قسەیەی خۆم پاشگەز نابمەوە". لەکاتی دادگاییکردنەکەدا ژمارەیەک کورد بۆ پشتیوانی لە بلێند ئەرسۆی لەبەردەمی دادگا کۆبوونەوەو پانکارتی بەکوردی نووسراویان بەرزکردنەوە.


# Rûdaw

Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز**: کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن**: نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@yahoo.com

**سەرنووسەر**: ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

**جێگری سەرنووسەر**: سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

**نوێنەری ئەورووپا**: هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی**: شەقامی کانیسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات ناونیشان: هەولێر-بەرامبەر نیوستی

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net


## چیکییەکان لەبەر گەرمای هەولێر هەڵاتن

# لاربوونەوەی منارەی چۆلی دەستی دوژمنی لەپشتە



**زیاد ئیسماعیل**

**رووداو- هەولێر**

دوای ئاشکرابوونی لاربوونەوەی منارەی چۆلی هەولێر و پەیدابوونی مەترسی رووخانی، وەزارەتی گەشتوگوزار بەمەبەستی دیاریکردنی هۆکارەکە و نۆژەنکردنەوەی منارەکە، دوو گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیایەکی چیکی بەست، بەڵام ئێستا کارەکەیان وەستاوە، بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر دەڵێت "ئەم پرۆژەیە لەبەر بەرزی پلەی گەرما وەستاوە، نەوەک هەبوونی کێشە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتووە گرێبەستی یەکەم لەگەڵ کۆمپانیای (گامائارت)ی چیکی لەساڵی 2006 بەبڕی 72 هەزار دۆلار بەمەبەستی دیاریکردنی هۆکارەکانی لاربوونەی منارەکە و گرێبەستی دووەم لەمانگی 3ی ئەمساڵ بەبڕی (1،372،800) دۆلار لەگەڵ هەمان کۆمپانیا بەستراوە بەمەبەستی نۆژەنکردنەوەی منارەکە.

حەیدەر حەسەن، بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر، لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند "دوای شەش مانگ لەلێکۆلینەوە و بردنی کەرپووچی منارەی چۆلی بۆ تاقیگەکانی ئەورووپا، لەئەنجامدا دەرکەوت سێ هۆکاری سەرەکی بوونەتە هۆی لاربوونەوەی منارە: نزیکی منارەکە لەشەقامی 30 مەتری و دروستبوونی لەرزە بەهۆی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگرەوە، دروستبوونی شێ بەهۆی چڵپا و، بوومەلەرزەی وڵاتانی دراوسێ".

لەبارەی وەستانی پرۆژەی نۆژەنکردنەوەی منارەی چۆلی، کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 800 ساڵ بەر لەئێستا، بەڕێوەبەری شوێنەوار گوتی"نۆژەنکردنەوەی منارە لەبەر بەرزبونەوەی پلەی گەرما وەستاوە و هیچ کێشەیەکمان نییە، چونکە لەلای چیکەکان پلەی گەرما لە 35 پلە تێناپەڕێ، بەڵام لەهەولێر تا50پلەش دەڕوات، ئەم جیاوازییە وایکردووە تاماوەیەک کارەکانیان بوەستێنن".

هەمزە حامد، بەڕێوەبەری راگەیاندنی پارێزگای هەولێریش،گوتی سەرەتا دەستدەکرێت بە بەهێزکردنی زەوی ژێرەوەی منارە کۆنکریتی تێدەکرێ تاوەکو ئاو و شێ نەچێتە ژێرییەوە، پاشان هەنگاوەکانی دیکە ئەنجامدەدرێن.

# بۆئەوەی خەڵک نەکوژرێ دەنگی دژی یاسای رۆژنامەگەری دا



**رووداو- هەولێر**

لەکۆی 111 ئەندامەکەی پەرلەمانی کوردستان، شێخ فەتاح عەبدوڵڵا نەقشبەندی تاکە پەرلەمانتار بوو دژی یاسای کاری رۆژنامەگەری کوردستان دەنگیدا و گوتی "دەنگدانم بە یاسایەک کە ئاسایشی هەرێم و دابونەریتی گشتی تێدا نەبێ، واتە موخالەفەی ئەمری خواو پێغەمبەرم کردووە".

رۆژی 2008/9/22، پەرلەمانی کوردستان بۆجاری دووەم دەنگی لەسەر یاسای کاری رۆژنامەگەری دا، شێخ فەتاح نەقشبەندی، تاکە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بوو دژی پەسەندکردنی یاساکە دەنگیدا. ناوبراو هۆکاری دژ وەستانەوەکەی بۆ ئەو گۆڕانکارییانە گەڕاندەوە کە بەمدواییە لەیاساکەدا کران، لەوانەش لادانی دەستەواژەی ئادابی گشتی و سیستمی گشتی و ئاسایشی نەتەوەیی.

شێخ فەتاح لەلێدوانێکدا بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەو دژی رۆژنامەنووسان و یاساکە نییە بەڵکو "دەنگم نەداوە بەچەند مادەیەک، لەگەڵ مانەوەی داب ونەریت و سیستەمی گشتی و ئاسایشی هەرێمدا بووم، بەلای منەوە شتێکی پێویستەو دەبێت لەو پرۆژە یاسایەدا هەبێت".

ئەو پەرلەمانتارە پێیوایە بوونی ئەم چەمکانە لەناو یاساکەدا لەبەرژەوەندی رۆژنامەنووسدایە "چونکە ئەگەر ئادابی گشتی رەچاو نەکرا مافی رۆژنامەنووس دەخورێت ئەگەر داب ونەریتە گشتییەکە هەبوو خەڵک ناتوانێ تەعدا لەرۆژنامەنووس بکات".

هەرچەندە تەنیا کەس بوو کە دژی یاساکە وەستایەوە، بەڵام پێیوایە ئەو هەڵوێستەی هەڵوێستێکی نیشتمانی بوو و جێی رەزامەندی خواو پێغەمبەرە و گوتیشی " پاراستنی هەموو میللەتێک لەئاسایشدایە، ئەگەرئاسایشی گشتی لەکوردستاندا نەبێت، رۆژانە لەهەموو ماڵێک تەقینەوە روودەدات و خەڵک دەکوژرێ".


**راپۆرتێک لە لاپەڕە ( 16 ) بخوێنەوە**


# کوردێک بنێرن و بڕایەوە

**رووداو-بەغدا**

دوای ساڵێک لە کێشمەکێشمی نێوان شیعە و سوونەی عێراق لەسەر دیارکردنی باڵیۆزی عێراق بۆ کوێت، عەلی حەسەن کەرەم، وتارێکی بەنێونیشانی " چارەسەرەکە دانانی کوردێکە" لە رۆژنامەی (وەتەن)ی کوێتیدا بڵاوکردەوە.

ئەو نووسەرە کوێتییە دەنووسێ تا ئێستا سێ کەسایەتیی شیعە بۆ ئەو پۆستە کاندید کراون، بەڵام سوننە قبووڵیان نییە شیعەیەک ببێتە باڵیۆزی وڵاتەکەیان لە کوێت، شیعەش ئامادەنین لەسەر سوننەیەک رازیبن،هاوکات لە بەسراشەوە داوا دەکرێت باڵیۆزەکە خەڵکی بەسرا بێت چونکە بەسراو کوێت دراوسێن، عەلی حەسەن دەنووسێ"لەبەر ئەوە پێناچێت وا زوو لەسەر دیاریکردنی باڵیۆزەکە رێکبکەون، بۆیە باشترین چارەسەر ئەوەیە کەسێکی کورد یان تورکمانی یاخود کەمە نەتەوەیەکی ناعەرەب دابنێن "، دەڵێ بەوشێوەیەش کوێت لەو ئیحراجییە و سوننە و شیعەش لەو کێشمە کێشمە یەک ساڵەیە رزگاریان دەبێت و بڕایەوە.

# شەڕە جنێو گەرمبوو





**رووداو- ئاژانسەکان**

فرانکۆ فراتینی وەزیری دەرەوەی ئیتالیا رایگەیاند کە وڵاتەکەی بەنیاز نییە داوای لێبوردن لەسەرۆک کۆماری ئێران بکات بەهۆی لێدوانەکانی سلڤیۆ برلسکۆنی سەرۆک وەزیران کە تێیدا ئەحمەدی نەژادی بە"شێت" ناوبردبوو.

فراتینی لەلێدوانێکدابۆرۆژنامەی (کۆرێری دیلاسێرا)ی ئیتالی رایگەیاند، کە وڵاتەکەی دژی گەلانی ئێران نییە، بەڵام وەک ئەو گوتی "نەژاد هەموو دیالۆگێک رەتدەکاتەوەو دوژمنکاریی خۆی دەردەخات".

برلسکۆنی لەوەڵامی هەڕەشە بەردەوامەکانی سەرۆک کۆماری ئێراندا دەربارەی سڕینەوەی ئیسرائیل لەسەر نەخشە، گوتبووی نەژاد "وەک شێت رەفتار دەکات".

وەزارەتی دەرەوەی ئێران قسەکانی برلسکۆنی بە "سەخیف" ناوبردن و رایگەیاند کە دوورە لەبەهاو کەلتووری گەلی ئیتالیا.

# دینداریش چاوەڕوانی مالیکییە

**رووداو-نیوزماتیک**

سامی ئەتروشی ئەندامی لیستی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق ڕایگەیاند، کە ئەوان چاوەڕوانی وەڵامی نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی عێراقن سەبارەت بە کاندیدی خۆیان بۆ پۆستی وەزارەتی دادی عێراق.

ئەتروشی ڕوونیکردەوە کە سەرۆک وەزیرانی عێراق داوای لە یەکگرتووی ئیسلامی کردبوو کەسێک بۆ پۆستی وەزارەتی دادی عێراق کاندید بکات، ئەوانیش دوای ڕاوێژ لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی کوردستان، بڕیاریاندا دیندار نەجوان بۆ ئەو پۆستە کاندید بکەن و بۆ ئەوەش چاوەڕوانی وەڵامی سەرۆک وەزیرانی عێراقن، تا دواتر ناوەکە بۆ پەرلەمان بەرز بکرێتەوە.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە تەممووزی ڕابردوودا لیستێکی کاندیدانی پەسند کرد کە بۆ پڕ کردنەوەی پۆستە بەتاڵەکانی کابینەی حکوومەت دەستنیشان کرابوون، لەوانە جێگری سەرۆک وەزیران رافع عیساوی و، پێنج وەزیری بەرەی تەوافق و، چوار وەزیری ئیئتیلافی عێراقی و، وەزیرێکی هاوپەیمانیی کوردستان، کە بڕیاردرا بدرێتە یەکگرتوو.

# ئەندام ب دزی چۆن

**رووداو-دهۆک**

چار هونەرمەندێن گەنجێن باژێرێ دهۆکێ ب رێکێن نەیاسایی بەر ب وەلاتێ یۆنان ڤە چۆن، ل وی وەلاتی هاتنەگرتن و ڤەگەراندنە کوردستانێ و لقێ دهۆکێ رێکخراوا هونەرمەنداش بێ ئاگاهداریا خۆ بەرامبەر چۆنا وان دیارکر.

هونەرمەندەکێ دهوکێ یێ ئاگەهدار ژ چۆنا وان سترانبێژان دیارکر "د ڤان سێ هەیڤێن بوریدا بێنج ستران بێژێن دهۆکێ ب رێکا پاسپورتان و ڤیزێن ترکیا گەهشتینە ستەنبول، هەولدان ب رێکێن قاچاغ بەر ب وەلاتێ یۆنان ڤەبچن، بەلێ ب رێکێ ڤە چار ژ وان هاتنە سنورداشکرن و، سترانبێژ مێڤان ئەلکیشکی گەهشتە ئەسینا پایتەختێ یۆنان".

د پەیوەندیەکێدا بو رووداو هونەرمەند نزار محەممەد مراد کو ئێک ژوان هونەرمەندێن هاتییە سنوورداشکرن، د داخویانییەکێدا بۆ (رووداو) گۆت " من دڤیا بۆ هندەک کارێن خوە یێن تایبەت بچمە ئەورووپا".

ل دۆر ڤێ چەندێ،عومەر عەلی تەها سەروکێ رێکخراوا هونەرمەندێن کوردستانێ لقێ دهوک بو "رووداو" دیارکر و گۆت " مە ئاگەه ژ چۆنا ڤان هونەرمەندان نییە، هەرچەندە،سێ ژوان هونەرمەندان : نزار محەممەد و سالحعەبدولواحید و هشیار کۆچەر ئەندامێن رێکخراوا مەنە، موافق بامەرنی ژی داخازا ئەندامەتیێ کردبوو ".

# مەلا عوزێر پەنا دەباتە بەر باپیری وەزیری پەروەردە



**رووداو-سلێمانی**

مەلا عوزێر حافز هەورامی، لەوتاری هەینی رۆژی 2008/9/19، دژی بڕیاری تێکەڵکردنی قوتابیانی کچ و کوڕ وەستایەوەو گوتی "وەزیری پەروەردە کە لەبنەماڵەیەکی بەناوبانگی ئاینی و خواداناسەو باپیری مەلایەکی گەورەیە، چۆن دەبێت بڕیاری تێکەڵکردنی کوڕان و کچان بدات". بە (رووداو)یشی راگەیاند "بڕیاری تێکەڵکردنی کوڕان و کچان بڕیارێکی دکتاتۆرانەیە".

مەلا عوزێر، وتارخوێنی مزگەوتی حاجی حەسەن عەلاف لەسلێمانی، تێکەڵکردنی کوڕان و کچانی بە"کارەساتێکی گەورە" لێکدایەوەو رایگەیاند "ئەو بڕیارە کارەساتی گەورەی لێدەکەوێتەوە، زانست پێش ناکەوێت، دواییش هەر خۆمان و حکومەت و وەزارەتیش گیر پێدەخۆین". هەروەها گوتیشی "لەمەکسیک بڕیاردراوە، پاسی نێرو مێ لەیەک جیابکرێنەوە".

هەرچەندە لەدەرەوەی مزگەوت وا بڵاو کرایەوە کە مەلا عوزێر لەوتارەکەیدا هێرشی کردبێتە سەر باوکی وەزیری پەروەردە، وەزیری پەروەردەش لە پەیوەندییەکدا بە وەزیری ئەوقافی راگەیاندبوو کە مەلا عوزێر دەداتە دادگا، بەڵام مەلا عوزێر لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەوەی رەتکردەوەو گوتی"وتارەکەم لەچوارکەناڵ بڵاوکراوەتەوە، من بەناوی رۆحی موبارەکی باپیرییەوە، داوام لێکردووە ئەم بڕیارە پیادە نەکرێت"، گوتیشی، ئەگەر بدرێتە دادگاش ئامادەیە بچێتە دادگا " بەڵام پێدەچێت ئەوەی من گوتوومە بەهەڵە گەیێندراوەتە ئەو". هەروەها گوتی وەزیری پەروەردە وەک ئامۆزای ئەو وایە، بەهۆی تێکەڵاوی و پەیوەندی بەهێزی لەگەڵ بنەماڵەی وەزیری پەروەردە.

هەرلەوبارەوە دڵشاد عەبدولرەحمان رایگەیاند کە ئەو شکایەت لە مەلا عوزێر ناکات، گوتیشی "وەزارەتی ئەوقاف ئارەزووی خۆیەتی چی لەگەڵ دەکات، بەڵام ئێمە کۆمەڵگا بەرەو شارستانییەت دەبەین، پێویست ناکات مەلاکان خەڵک لە سیستەمی نوێی پەروەردە هان بدەن و رای خۆیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن".

# هەر سەرخۆشبوون تەقە لەپۆلیس دەکەن

**رووداو-کۆیە**

شەوی 26 لەسەر 2008/8/27 سێ برا بەسەرخۆشی لەفولکەی حاجی قادر تەقە لەهێزەکانی پۆلیس و ئاسایشی کۆیە دەکەن و لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی پۆلیس و ئاسایش، گوللەیەک بەر قۆڵی یەکێکیان دەکەوێ و یەکێکیشیان رایکرد.

عەقید رەشاد رەفیق، بەڕێوەبەری پۆلیسی کۆیە، هەواڵەکەی بۆ (رووداو) پشتڕاستکردەوەو رایگەیاند "ئەو 3 برایە سەرخۆش بوونە لەفولکەی حاجی قادر بەشێوەیەکی هەڕەمەکی تەقەیان کردووە، دواتر یەکێک لەو سێ برایانە گوللەیەکی بەر قۆڵی کەوت و دوانیشان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر کران و ئەوی دیکەش رایکرد، بەڵام بەڵێنی داوە خۆی تەسلیمی پۆلیس بکات". ناوبراو گوتیشی "لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەو دوو کەسە لەلایەن دادوەری لێکۆڵینەوە بەردەوامە".

# بە زیندوویی ناخۆش نییە

**رووداو-سلێمانی**

گەنجێکی تەمەن 20ساڵی دەڤەری شارەزوور، لەسەر 10 هەزار دیناری ئێستا گرەوی لەگەڵ هاوڕێکانی کرد، کە مارمیلکەیەک بەزیندوویی دەخوات، دوای ئەوەی گرەوەکەی بردەوە، تەواوی هاوڕێکانی رشانەوە.

(خ.م)ی تەمەن 20ساڵ، لەیەکێک لەگوندەکانی شارەزوور، گرەوی ئەوەی کردبوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی خۆی، کەدەتوانێ مارمێلکەیەکی زیندوو بخوات .جەبار محەممەد کە مارمێلکەخواردنەکەی بەچاوی خۆی بینیوە گوتی"هەرگیز باوەڕمان نەدەکرد ئەو برادەرە ئەو کارە بکات، بۆیە گرەومان لەگەڵ کرد"، جەبار گوتی ئەو برادەرەیان یەکسەر مارمێلکەکەی گرت و خستییە ناو دەمی و خواردی " ئێمەش هەموومان تێکچووین و رشاینەوە". ئەو مارمێلکەخۆرە، کە ئێستا گەیشتووەتە وڵاتی بەریتانیا و لەوێ دەژی گوتی"لەپێناوی بردنەوەی گرەوەکە مارمیلکەکەم خوارد، پێش ئەوەش گرەوم لەسەر خواردنی یەک تەبەق هێلکە کرد بەکاڵی بیخۆم، ئەویشم خوارد".

